
که ریم کاکه
رومان
ماچی یه که م


kerim kake
Machi yekem
2010

رۆمان

ماچی یەکەم

کەریم کاکە

هەولێر ٢٠١٠

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما
زنجیرەی(٩١)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب
ئیسماعیل کورده، ڕێبین ڕەسوڵ

ناوی کتێب: ماچی یەکەم
نوسینی : کەریم کاکە
ژانر: ڕۆمان
هەڵەبڕ: وەلید عەبدلخالق
پیتچنین: نوسەر
دیزایین: نما
بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠
چاپ: چاپخانەی شەهاب
چاپی یەکەم: کوردستان/ هەولێر ٢٠١٠

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

خوشکترین:

هێندەی پەلکی دارپرتەقاڵەکە، هێندەی دنکی یەك وەرزە هەناری دارهەنارەکە، هێندەی رۆژانی منی بە دیار پەنجەرەوە دانیشتوو، ئەو پەنجەرەیەی بە سەر مالّی دار هەنار و پرتەقاڵەکەدا دەڕوانێ، بە بەژنی بڵندترین داربیدا دەڕوانێ، بە سەر مالّی پەریدا، بە سەر بابی ماچ، بە سەر مالّی کوڕی پیاوە مەستەکەدا دەڕوانێ، بە رووی پەنجەرەی دنیادا دەڕوانێ، هێندە و پتریش سالاّنێك پەری تیژهاتووە و هەلوەستەیەکی کردووە و تیچاوێکی داوەتە پەنجەرەی دنیا و تیژتر رۆیشتووە، من لەبەر دلّی وی دەڵێم پەنجەرەی دنیا..پەنجەرەی دنیا بەو پایزەوە کێ دەزانێ چەند پایزە بە هەمیشەیی بە رووی گشت وەرزەکاندا والاّیە، دەمدیت لەگەڵ یەکەم پەلە هەوری پاییزی دەمدیت لە پەنجەرەی دنیاوە گۆلمی بۆ باران دەگرتەوە، هەستمدەکرد کوڕی پیاوە مەستەکە لەگەڵ هەور قسەدەکات بەلاّم تێبینەدەگەیشتم چی دەگوت، هەر لەو پەنجەرەیەوە دەستەکانی بە دوا رێژنەبارانی بەهارانیش دەشووشت، شووشتنێك هەر دەتگوت دەزنوێژ دەشوات، چرای پەنجەرەی دنیا رێك پێچەوانەی پەنجەرەی من هەمیشە چراخانە، رووناکایی لە دنیا بەرێ، چرای ئەوێ ناکوژێتەوە، پەنجەرەی دنیا ئەودەمانێ لە ئێستا رووناکتر ئێستا لەو دەمانێ رووناکتر..

ئەو چرایەی کوڕی پیاوە مەستەکە بۆ پەریی هەڵکرد ، رەنگە چرای نەمری بێ، بای هەموو وەرزەکان رووەو پەنجەرەی دنیا هەڵدەکەن و چرا ناکوژێتەوە و ناکوژێتەوە، رۆژی هەڵکردنی چرام لە بیرە، ئەو هەموو پایزە لەمەوپێش، درەنگانی پایز، دەمەو ئێوارەیەکی هەوری، پەلە هەورەکانی ئەو ئێوارەیە ئێستاش وا لە بیناییم قژیان تێکدی دەئاڵوزکێ، ئەها چەند نمە بارانێ کەوتنە سەر قژی خاوی پەری، لە ئێوارەیەکی ئەوها هەر لەو کۆلاّنە و لەو پێش دەرگایە و بەرانبەر ئەو پەنجەرەیە، پەری نازانم نە بە لێو بوو نە بە چاو گوتی(کوڕی ئەو مالّە ماچی هاویشت)، وێستم بپرسم گرتتەوە؟! پەنجەرەکە رووناکبۆوە، هەر ئەو رووناکبوونەوە بوو، ئیدی نەکوژایەوە.. ئەو ئێوارەیە چەند لە پڕ زستان هات، زستان ئەو هەموو بەفرەی لە کوێ هێنا، چ زوو دنیای سپی کرد، ئەو ئێوارەیە تۆ، پەری، نە لە خۆت نە لە کەس نەدەچوویت، ئێوارەش لە چ ئێوارانی نەدەکرد، کۆلاّنیش کۆلاّنی ئێوارەکانی پێشتر نەبوو، دەمدیت لە چاوەکانتەوە و لە بن پرووشەی بەفرێ دەمدیت، تیشك تیشك عەشق دەڕژایە کۆلاّن، کۆلاّن پڕ دەبوو لە عەشق، ئەوەتە دەرگای مالاّن کرانەوە، ژنان، کچان بە سینەی نیوە والاّوە ئامێزیان کردۆتەوە، بۆ بەفرە؟ یان لەو عەشقەوە کە لە پرووشەی بەفرەوە دێ.. ئەو ئێوارەیە چ ئێوارەیەك بوو، بەفر دەتگوت بالّی سپیی پەپوولەیە بە سەر دار و دیواردا دەنیشتەوە، کۆلاّن سپی دەچۆوە، پەنجەرەی دنیا سپی دەچۆوە، دار پرتەقاڵ و هەنارەکە سپی دەچوونەوە، جا چی سپی نەبوو، منیش وەك تۆ سپی سپی، تۆ پەری، تۆ بە جلکی سپیەوە، بە پێکەنینی شیرینەوە، مەستانە باوەشت بە من دا دەکرد، رەنگە لە پەنجەرەکەشەوە تەماشامانکرابێ! رووەمەتەکانت دەتگوت سێوی بن بەفرن، دەستەکانت دەتگوت بە سێبەری ئاگردا هاتوون، لە بیرتە! گوتم:

تات لێیە؟

لە بیرمە گوتت:

تا،تا، بەلێ، تا

لە بیرتە! گوتم:

دەترسم، تای عەشق بێ..

لە بیرمە گوتت:

بترسە، رەنگە..

کاتێ دەموبست لە ساتی چوونت بۆ بەر بەفرێ چەترت بدەمێ،گوتت:

ئەمڕۆ هەرچی بەفرە بۆ من دەباری، دەبێ کلوو کلوو بەفر بگرمەوە

گوتم:

کچێ، سەرمات دەبێ.

گوتت:

کچێ، هەرچی بەفرە لە من دەتوێتەوە، من ئەورۆ رەنگە ئاگر بم..

نازانم ئاگر بوویت یان نا، بەلآم دەمدیت بلێسەم دەدیت، لە تۆوە لە بن بەفرەوە بلێسە لێوەکانی بۆ بەفر دەکردەوە، بەفر و بلێسە ئاوێزانی یەکتر دەبوون و بە بەفر و بلێسەش دەمانەوە، لە بیرتە! گوتم:

ئۆی! تۆ بوویتە بلێسە!

لە بیرمە گوتت:

تۆ بلێی عەشق بلێسە بێت؟

بەو دوو چاوەی خۆم دیتم عەشق بلێسە بوو، لە تۆوە بلێسە بلێسە عەشق بلێسەی دەدا، چەندێ ئیرەییم پێبردی کچە عاشقەکە، جاری یەکەمت بوو عاشق بوویت، جاری یەکەمم بوو وا لە نزیکەوە عاشقێك ببینم و ببینم بلێسە دەدا، شەو داهات و شەو هەر بە سپێتی مایەوە، چ شەوێکی بەفراویی بلێسەدار بوو چ شەوێکی عەشقاویی دیار بوو، دواتر ناوت لەو شەوە نا شەوە دیارەکەی تەمەن..ئەو شەوە پەری لەم ژوورە و و لەبەر ئەم پەنجەرەیە و بە دیار پەنجەرەی دنیای رووناکەوە شەوی کردەوە، چەند جارێ هاتن بە دوایدا نەڕۆیشتەوە، باوکی گوتبووی: ((لە پەری گەڕێن، من کچی خۆم باش دەناسم کە گوتی نایەمەوە نایەتەوە لە سەریشی بدەن نایەتەوە،لێیگەڕێن ئەو شەو شەوێکی ئاسایی نیە..)).

ئەو ئێوارەیەی ئەو شەوەی پەری تیایدا عاشق بوو چ شەوێکی نائاسایی بوو ، شەوێکی پڕ لە سەرسوڕمان پرسیاری بێ وەلآم، بابی پەری گوتبووی: ((لەوەتەی دنیا هەیە، لەوەتەی ئەو شارە هەیە لەو کاتەی سالآ بەفر نەکەوتووە..)) نا نەکەوتبوو، کەس لە بیری نەبوو، هیچ کتێبێك نەدەهاتەوە بیری بەفرێکی وا و لە کاتێکی وا لەو شارە کەوتبێت، ئەو شەوە چ بەفرێك باری خودایە! پێش ئەوەی قەلآت سپێدە بدا بەفر گەیشتە تەنوورە کورتەکەی پەری بتاندیتبا چۆن ناوە ناوە بەو شەوە دەچووە کۆلآن، دەگەیشتە نزیك دار پرتەقالآ و هەنارەکە و بە پرتاو دەهاتەوە، سەردەکەوتەوە و چاوی دەبڕیەوە پەنجەرەی دنیا، ئەو شەوە پەری دەتگوت شەرابی دنیای خواردۆتەوە، مەست مەست، خودا هیچ بەندەیەکی بەو مەستیە نەدیوە، ئەو شەوە پەری حالآگرتنێك حالآی گرتبوو خودا هیچ شێخێکی تەریقەتی بەو حالآوە نەدیوە، ئەو شەوە پەری دەتگوت کچە پەیامبەرە راستەوخۆ لەگەلآ خودا قسەدەکات، ئەو شەوە، ئەو شەوەی پەری تێیدا عاشق بوو، پێنەدەچوو شار چاوی چووبێتە خەوێ، دەمدیت گەورە و گچکە لە ناو حەوشە و سەربانەکان رژابوونە ناو بەفرێ و تێکەڵی رووناکیی شەو دەبوون ، ئەو رووناکیەی لە گیانی پەریەوە تیشك تیشك دەڕژایە بەفرەوەو کۆلآن کۆلآن، سەربان سەربان، درەخت درەخت بەفری رووناکتر دەکردەوە، بە پەریم گوت:

دەڵێی پەیوەندیەك لە نێوان بەفر و عەشقدا هەیە؟

پەری دەیگوت:

نازانم نە بەفر عەشقی بە سەرمدا باراند، نە عاشقبوونم بەفری باراند!

هەر ئەو شەوە باوکی پەری گوتبووی:

هاتنی بەفر و نەهاتنەوەی پەری گرێیەکی ئاڵۆزە بە من ناکرێتەوە..

دواتر کوڕی پیاوە مەستەکە گوتبووی:

عاشقبوونی پەری ئاسایی نەبوو، هەر بۆیە ئاسمان بەفرێکی نائاسایی تێکرد..

ئاسایی نەبوو چەند گەڕەك کوڕ بە دوای پەریەوە بوون، کوڕی قۆز، بازرگان، نووسەر و شاعیر، چەقۆکێش، پێشمەرگە، ئەفسەر، جاش، تەڕەفڕۆش، دارلاستیقهاوێژ، دکتۆر، مامۆستا، خوێندکاری زانکۆ کچ نیە لە دنیایێ هێندەی پەری داخوازیی هەبووبێ، نامەی هەمەرەنگی بۆ هاتبێ، پەری کەسی نەدەویست، خۆشەویستیشی نەبوو، کوڕی پیاوە مەستەکەش یەکێك بوو لەوانەی چەند جارێ خۆشەویستیی خۆی بۆی لە نامەدا پێچابوو، پەری گوێی پێنەدابوو، چۆن بوو ئەوجارە گرتی! کوڕی پیاوە مەستەکە دڵی پەریی گرت، ئەو شەوەی پەری عاشقی کوڕی پیاوە مەستەکە بوو هێشتا منداڵ بوو وەك من منداڵ، بەڵام هەری دابوو، جوان هەری دابوو، لە هەموو شت هەری دابوو، بە تایبەتی لە ژیری، پەری چەند ژیر بوو خودایە، مامۆستای بیرکاری پێیدەگوت: تۆ ئەگەر لە وانەی بیرکاری زیرەك بایت هی ئەوەی شارێك بەرێوە ببەیت.. من و پەری لە یەك ڕۆژی گەلاڕێزانی هاتووینەتە دنیا، هەموو ساڵێ لە ڕۆژێکدا و پێکەوە یادی لە دایکبوونی خۆمان دەکەینەوە، دەبێ بڵێم پەری هێندە لە من جوانتر نیە، بەڵام پێکەنینەکەی! خودایە ئەگەر حەزت لە خودایەتیە پێکەنینێکی وەك ئەوەی پەری بە من ببەخشە، لە ناو گەڕەکێك پێکەنین پێکەنینی پەری دەناسرێتەوە، پێکەنینی پەری لەو پێکەنینانەیە پیر جوان دەکاتەوە، پەککەوتە سەرپێ دەخاتەوە، گیان بە مردوو دەداتەوە، لە ساتی پێکەنینێ کەس نە پیاو نە ژن بەرگەی تەماشاکردنی ڕووخساری پەریی نەدەگرت، من زۆر جار لە ساتی پێکەنینێ ماچێکی تونڈی ناو دەمیم کردووە، زۆر جار لە ساتەکانی پێکەنینی پەری لە میێینەیی خۆم بێزار بوومە بە دڵ حەزمکردووە کوڕ بام بە هەموو هێزی بازووی نێرینەییم پەریم گوشیبا، ئەدی خاڵەکەی گەردنی!! من ماوەیەکی زۆر ئیرەییم بە کوڕی پیاوە مەستەکە دەبرد، خۆزگە ئەو دەبووم..

شەوەکەی عەشق لە پەریی دا، پیاوە مەستەکە (لە گەڕەکیش بە پیاوە مەستەکە ناوی ڕۆیشتبوو) لە سەر پەنجەرەی دنیاوە بە سەرخۆشی و بە دەم بەفرمانێنەوە، تێیهەڵکردبووە گۆرانی، گۆرانیەك گەڕەك ئێستاش ناوە ناوە دەیڵێتەوە:

منیش لە شەوێکی وادا

شەوی هەڵبژاردەی خوادا

شەوی سپی وەک دڵی یار

شەوی کپی وەک ئێستای شار

کە بەفر دنیای گرتەوە

گوڵی من ماچی گرتەوە..

ئەو شەوە پیاوە مەستەکە بوتڵێك عەرەقی بە دەستەوە بوو، چەند مەستانە دەهات و دەچوو، هەتا درەنگانی شەو ئەو گۆرانیەی دەگوتەوە، دەتگوت شتێکی لە پەری و کوڕەکەی زانیوە،گۆتمە پەری:

+گوێت لێیە پیاوە مەستەکە چ گۆرانیەك دەڵێ؟

- من تەنها گوێم لە گۆرانیی باوکی نیە، گوێم لە گۆرانیی ئەویشە گوێبگرە کوڕی پیاوە مەستەکە چ گۆرانیەك دەڵێ؟

من گوێم لە دەنگی کوڕی پیاوە مەستەکە نەبوو، گوتم:

+ جگە لە پیاوە مەستەکە کەس گۆرانی نالێ.

- من گوێم لێیە، جوان گوێم لێیە، کوڕی پیاوە مەستەکە گۆرانیەکی ناسك دەڵێتەوە، گۆرانیەك، ئای چ گۆرانیەکە خودایە!

گۆتمە پەری:

+ دە بۆم بڵێوە، بزانم..

- ناگۆترێتەوە، ئەو گۆرانیە بە کەس ناگوترێتەوە، بە کەس ناگوترێتەوە..

+ هەر بە قسە کۆپلەیەکی بڵێوە.

- ناگوترێتەوە، لێمگەڕێ، ناگوترێتەوە، جگە لە کوڕی پیاوە مەستەکە کەس توانای گوتنەوەی نیە...

ئەرێ پەریی من لە بیرتە کە گوتم:

+ ئەگەر پەیامبەر توانای گوتنەوەی گوتەی خوداوەندی هەبێ، تۆ توانای گوتنەوەی دێرێکی کوڕی پیاوە مەستەکەت نیە!

- نا، نا،نا، لێمگەڕێ، ناتوانم..

لێتدەگەڕێم، پەریی لە عەشق مەستبوو، لێتدەگەڕێم، لە بیرمە گوتم لێتدەگەڕێم، لە بیرمە لەبەرخۆزمەوە گوتم، من تا ئێستا لە شەرابی عەشقم نەخواردۆتەوە، بەڵام شتم لێی بیستووە، شتم لێی خوێندۆتەوە، رەنگە ئەوەی تۆ دەیڵێیت وابێ، من هەلەق و مەلەق بکەم.. لەو شەوەوە پەڕ پەڕ، کتێب، کتێب کتێبی عەشق هەڵدەدەمەوە، گەڕەك گەڕەك پەیوەندیم بە عاشقانەوە کردووە و چەندانیان هاتوونەتە لام لە روخساریان وردبوومەتەوە، قسەیان بۆم کردووە، هاوشێوەیەکی پەریم نەدیتەوە.. پەری بە ئاگر ئاگری گرتبوو، شەو درەنگان لە رووخساری پەری هەستم بە گەرمایيەك دەکرد، پتر لە گەرمایی شێتی دەچوو، من گەرمایی شێتبوون دەناسمەوە، ئەو شەوەی خوشکی گەورەم شێت بوو، رێك ئەو گەرمایيەی دەدا، گەرمایی شێتبوون لە هیچ گەرمایيەك ناچێ، گەرمایی عەشق نالێم، چونکێ دەستم نەداوەتێ، پارامەوە بە دل پارامەوە، پەری بە دەردی خوشکەکەم نەچووبێ، ئەرێ خوشکم بۆچی شێت بوو؟ لە تاوی عەشق نەبوو؟ حەیف ئەو دەم من مندال بووم و هیچم لێی نەزانی،(هێشتا نامەکەی خوشکی گەورەم نەدیتبووەوە) خودایە شێتبوونی خوشکی گەورەم سەروکاری بە عەشقەوە نەبووبێ، من لە پەری دەترسم.. ئەو شەوەی کوڕی پیاوە مەستەکە دڵی بۆ پەری هاویشت، ئەو شەوەی پەری عەشق لێیدا، ئەو شەوەی بەفر شاری سپی سپی کرد، ئەو شەوەی گەڕەك رژانە بەفرەوە، ئەو شەوەی پەری لە ژوورەکەی من و کۆلان بەر دەرگای مالێ کوڕی پیاوە مەستەکە مایەوە، ئەو شەوەی باوکی پەری گوتی لە پەری گەڕێن، ئەو شەوەی پیاوە مەستەکە هەتا رۆژ بۆوە عەرەقی خواردەوە و گۆرانیی گوت، ئەو شەوە گۆتمە پەری:

+ پێمبڵێ، تۆ شێتی یان عاشقی؟

- بۆ، جیاوازیان هەیە

+ نازانم، نیانە؟

- نازانم، بە چاوی تۆ نازانم..

باوەشم پێیدا کرد، تایەکی گەرمی لێبوو، نەمزانی تای شێتبوونە یان عەشق، ترسام نەخۆش بێت، وا بزانم لە دەمم دەرچوو، گوتم:

+ تۆ نەخۆش نیت؟

- رەنگە، نازانم، هیچ نازانم..

رایکردەوە کۆلان، لە پەنجەرەوە تەماشامکرد، گەیشتە بەر دەرگای مالّی کوڕی پیاوە مەستەکەو گەڕایەوە، هاتەوە دانیشت و چاوی بڕیە پەنجەرەی دنیا، لە بەر خۆیەوە کەوتە دوعا: خودایە، خودای من ئەو پەنجەرەیە بە رووناکی بهێڵەوە، با قەت نەکوژێتەوە..، لەو شەوەی پەری دوعای کرد وخودا لێیبوەرگرت، گۆتمە پەری:

+ زۆرت خۆشدەوێ؟

- زۆر چەندە؟ تا بڵێیم ئا، یان نا..

+ هێندەی ئاسمان، هێندەی بەفر

- زۆرتری بکە، ئەو زۆرە کەمە..

+ باشە پەری،خۆ پێشتر هیچت لەگەڵی نەبوو، چیت پێوە دیار نەبوو..

- نا، تا ئەو ئێوارەیە هیچ هیچ، هیچ لە گۆڕێ نەبوو

+ تێناگەم ئەو هەموو خۆشەویستیە، چۆن لە ئێوارەیەکدا لە دڵتدا هەڵچنرا؟

- لە من مەپرسە،منیش تێناگەم، با لە بەفر بپرسین، ئەها چۆن دادەکات، ئەها بە بێدەنگی قسەدەکات، رەنگە باسی من و کوڕی پیاوە مەستەکە بکات، وا نیە، ئەدی!

پەری لە پەنجەرەوە دەستی بۆ بەفر گرتەوە، چاوی لە پەنجەرەی دنیا بڕی، پێدەچوو ئاگای لە خۆی بڕابێت، بانگم کرد، قسەم لەگەڵی کرد، دەستم خستە سەر شانیشی بە ئاگانەهاتەوە، پەری، لە بیرتە لەبەرخۆتەوە قسەتدەکرد، قسەت لەگەڵ پەنجەرەی دنیا دەکرد، پەری من ئێستاش هەندێ لە قسەکانتم لە گوێدایە: ((تا دەرنەکەویت من لێرە دەمێنمەوە، دەرکەوە، لە پەنجەرەوە دەرکەوە، لەو پەنجەرەیەی رووناکت کردەوە، دەرکەوە، حەزدەکەم لە پەنجەرەوە بتبینم، ئای، چەندێ تینووی دیدەنیتم، ئۆی من چەند هوڕوکاسم، چەند گێژووێژم، ئەدی ئەوە تۆ نیت وا بوویتە رووناکی و لە پەنجەرەی دنیاوە رووناکم دەکەیتەوە...)) پەری تۆ نایەتەوە بیرت بەڵێ من لە یادمناچێتەوە، چەند گریام، فرمێسکە گەشەکانی منت نەدیت پەری، مەگەر ئاسمانی ئەو شەوە هێندەی من فرمێسکی داوەراندبێ، ئەو شەوە ئاسمان کلوو کلوو فرمێسکی باراند و دنیای سپی کرد، منیش هۆن هۆن فرمێسکی سوورم هەڵدەوەراند، هەموو بۆ تۆ بوو پەریی من، من ترسام تۆم لە دەسبچێ، وەك خوشکی گەورەم بە کۆڵانان بکەویت، پەریەکەم چەند بۆت گریام، چەند..

ئەو شەوە چ شەوێك بوو! پەری

چەند پایز هاتە سەر ئەو شەوە؟ پەری

چ بەفری وەك ئەو بەفرە کەوت؟ پەری

حەزمنەکرد پتر بڵێم، پەری

تا چلەی ئەو بەفرە نەچوو، من پەریم لەو کۆڵانەو بەردەم پەنجەرەی دنیا نەدیتەوە..

خوشکترین خوشکی پەریم من ،پەری..

پەری ناوی لە من نا خوشکترین خوشك.

پەری:

ئەو شەوە بە لەبیرچووەوەکانی لە بیرناچێتەوە، لەو شەوەدا من یەك تنۆك فرمێسك نابینمەوە، کلووە بەفرێك نابینم، بینایی ئەو شەوەم جگە لە پەنجەرەی دنیا چی تێدا نیە، لەو شەوەدا جگە لە گۆرانیی پیاوە مەستەکە هیچم نەبیستووە، ئەو پیاوە سەرخۆشەی شایەدە بە سەر یەکەم ماچەوە، ئەها لە بن ئەو دارپرتەقاڵە بە تەمەنە، ئای چەند چۆتە تەمەنەوە، رووبەرووی ئەو دارهەنارەی حەیف ئێستا چ هەناری پێوە نیە، بە بەر چاوی پەنجەرەی دنیاوە، پیاوە مەستەکە دیتی، ماچی یەکەمی دیت، ئێستادەمێ دەڵێم خۆزیا نەیدیتبا، دەمێ دەڵێم باش بوو دیتی دەنا گۆرانیەکەی وا جوان نەدەگوتەوە، دیتی پیاوە مەستەکە ماچی یەکەمی دیت، ئەو ماچەی لە ساتەکانی خەوتنیش لە بیرناچێتەوە، لە ساتەکانی نەشتەرگەریش ئەو ساتانەی سڕ سڕ لە مردووش سڕتری لەبیر نەچۆوە، ماچی بن دارپرتەقاڵەکە چ ماچێ بوو، خودای من، خودای ماچان، من تاگەیشتمە ئێرە بە ناو درەختێك ماچدا هاتووم، هێندەی گەلاّی پرتەقاڵ و هەنارەکە ماچم گرتۆتەوە، هێندەی چۆلەکەکانی ناو داربیەکە ماچم گرتۆتەوە، یەکیان نەبێ هیچیان تامی ئەو ماچەیان نەداوە، ماچی یەکەم، ماچی یەکەم، چ تامێکی هەیە ماچی یەکەم، جگە لە ماچ تامی چیدی نادا..

چی منی گەیاندە بن دارپرتەقاڵەکە، رەنگە کتێبێك، لەوانەیە بردنەوە یان هێنانەوەی شتێك، دوور نیە خوشکەکەی بانگمی کردبێ، یان هاوکێشەیەکی ئالۆزی بیرکاری منی گەیاندبێتە بن دارپرتەقاڵەکە، یان دارشتنی عەرەبی، زۆر جار کورِی پیاوە مەستەکە بیرکاری ئەو بیرکاریەی بە کەس ئاسان نەدەبۆوە، بۆمی ئاساندەکردەوە، ئاسان، ئاسان لە خواردنەوەی ئاوی لێو ئاسانتر.. روو لە دەرگای حەوشە، روو لە من، شانی راستی دابووە دارپرتەقاڵەکە لە دەرگاوە تا دارپرتەقاڵەکە چی رووبدا، تا شانی چەپی منیش گەیشتە دارپرتەقاڵەکە چەندی پێچوو، لێممەپرسن، بە چاوەکانی چۆنی راکێشام، ئەو چاوانەی لە چاوی خۆی نەدەچوو، لە هیچ چاوێك نەدەچوو، لێممەپرسن، پێشتر بیستبووم، چاو توانای راکێشانی هەیە، بەلاّم ئەوها نا، وەك ئەو راکێشانە نا کە منی راکێشایە بن دارپرتەقاڵەکە، ئەو ساتانەی چاوەکان کێشیانکردم ئەو چاوانەی پێشتر چاوی زۆر ئاسایی بوون، لە چاوی مامۆستای بیرکاریش ئاساییتر، ئەو مامۆستایەی سالێك چاوی لە سەرم هەلّنەگرت کەچی چی لە سەرم بەجێنەهێشت، ئاسایی وەك هەموو چاوەکانیدی، ئەو ساتانەی چاوەکان کێشیانکردم، کێشی پووشکەیەکم نەمابوو، بۆ؟ لێممەپرسن، ئێستا شانی چەپم داوەتە دار پرتەقاڵەکە،دارپرتەقاڵێك حەوشەیەك پرتەقاڵی گرتووە، بەهارێك گەلاّی پێوەیە، لە تەنیشتمانەوە دار هەنارەکە رووت رووت لە قۆڵ و باسکی هاوینیانەی من رووتتر، بەلاّم چەند هەنارێك وەك بلّێی لە دابی وەرزەکان یاخی بووبن، توند خۆیان بە لقەوە هەلّواسیبوو.. هێندەم لە بیرە هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، دەتگوت گەڕەك راویان ناوە، بای هەناسەی چ بایەك بوو خودایە، هەرگیز رووم بەر بای وا نەکەوتبوو، ئەو بایە لە دڵێکەوە هەلّیکردبوو هەر من دەزانم چ دڵێك بوو، دواتریش جاروبار پرچم بەو بایە دەشنایەوە، رۆحم بەو بایە دەشنایەوە، لە هەلّکردنی بای دڵەوە تا دەستی خستە سەر شانم چەندی پێچوو، لێممەپرسن، شەرمنانەگوتی:

ئەو هەنارانەت دیوە؟

سەرم هەلّبڕی..

شەرمنانەترگوتی:

هەنارەکانی سەرەوە نالێم، خوارەوە کەمێك سەر دانوێنە..

دواتر بە بیرمی دەهێنایەوە کە ئەو رۆژە کراسێکی پرتەقاڵیم لە بەر بووە، هەنارەکانیشم.. خەریکبوو خۆم لە خۆم راپسکێنم، ئاخر تا ئەو دەمە تەنها دەستی لە سەر شانم بوو، نەیگرتبووم،نا، هەڵنەهاتم، هەستمکرد دڵم لە قەدی دارپرتەقاڵەکە دەدا، لە سینەم بەرزەفت نابێ، دەیەوێت بچێتە ناو درەختەکە، هێشتا لێو هەر لەوێ بوو، هەستمدەکرد دارپرتەقاڵەکە لە لێدانی دڵی دەهەژێ، ئا هەژا وەك ئەوەی رەشەبای تووندی زستانە لە حەوشە هەڵیکردبێ دارپرتەقاڵ دەهەژا، لە دەست خستنە سەر شانەوە تا گەیشتنی لێو چەندی پێچوو، لێممەپرسن..دیتم لێو نەرم نەرم دەهات، ئاگام لێبوو نەرم نەرم، ناسك ناسك، لە سەر لێو نیشتەوە، نیشتنەوەی بەفریش لە سەر گەلاّی دارپرتەقاڵ هێندە نەرم و ناسك نیە، نیشتنەوەی پەپوولەش لە سەرگوڵی هەنار هێندە نەرم و ناسك نیە، بەڵاّم دوای نیشتنەوە گوێم لە شەقەی باڵی ماچ بوو،گوێم لە توانەوەی ماچ بوو، دەنگی ماچ، ئای لە دەنگی ماچ، هات، دەنگێك لە چ دەنگان نەدەچوو، چاوم داخست، لێو جارێکیدی لە سەر لێو نیشتەوە، ئەوجارە هەڵنەفڕی، وەك چۆن بەفری رێبەندان زەوی دەگرێ، وەك چۆن کەسکایی نەورۆز زەوی دەگرێ، وەك چۆن گەلاّ درەختی پرتەقاڵ دەگرێ، لێو ئەوها لێوی گرت، من یەکەم جارم بوو ئاوی لێو بخۆمەوە، من چیم خواردەوە خودایە! خودایە، ئەوەی کچە لەو ئاوە بێ بەشی مەکە، رەنگە ئەو لە من تینووتر بووبێ، نا لە من تینووتر نەبووە، مژی بە هەموو هێزی نێرایەتی خۆی دەیمژی، ئەرێ دەستەکانمان لە کوێ بوون؟ نایانبینمەوە، چەندی چاو دەگێڕم نایانبینمەوە، لە بن دارپرتەقاڵەکە ماینەوە، نا من لەوێ نەمامەوە، ئەوەتا دەستم لە دەستی بایە و هەڵیگرتم، من لەگەڵ یەکەم ماچدا رەدووی با کەوتم، بردمی، بردمی، هەر بردمی، ئەوەتا لە سەر پشتی پەلە هەورێکی سپی پاڵکەوتووم، بە سەر چیاکان، بە سەر دەریاکان، بە سەر پێدەشت و دارستانەکاندا دەفڕم، ئاسمانەکان دەگەڕێم، ئۆی من باڵم لێڕوا، ماچی یەکەم دوو باڵی بۆ فڕین دامێ، ئیدی ناگەڕێمەوە زەوی،ناگەڕێمەوە ئاگایی..خشپەیەك بە ئاگای هێنامەوە، ئەوە پێی پیاوە مەستەکە بوو، شووشەیەکی مل باریکی بە دەستەوە بوو، لە ئێمە پتر تەریقبۆوە، شەرم دایگرت، رووی خۆی وەرگێرا و هەلاّت، دەتگوت منداڵە کەتنێکی کردووە لە ترسی تەمبێکردن هەلاّت، منیش هەلاّتم، تا پێم تێدا بوو هەلاّتم و هاتمە لای تۆ، هاتمە ئەو شەوەی تۆ دەیگێڕیتەوە، پیاوە مەستەکە شووشەیەك عەرەقی خواردبووەوە، بەڵاّم ئەو ئێوارەیە ئەو شەوە من رەنگە هەورێك عەرەقم خواردبێتەوە، لەو مەستیە ئاسمانیە دەبێ چی زەویم بیربکەوێتەوە،ئەو شەو هەر دەبێ تۆ بمنووسیتەوە، تۆ خوشکترین خوشکی..

تا چل رۆژ پێم بە حەوشەی مالّی پیاوە مەستەکە نەکەوتەوە ،ئەو حەوشەیەی بە خەتی پرتەقاڵی یەکەم ماچی لە خۆیدا نووسیەوە، ماچێکی قوولّ،رەنگە دوا ماچییشی نووسیبێتەوە، لەو چل رۆژە، پەری بووە پەرێیك هەندێك دەیانگوت:

پەری گەڕەك ناناسێتەوە..

هەندێك دەڵێن:

پەری گەڕەك ناناسێتەوە..

من چ لەو هاوکێشەیەی ناناسێتەوە و ناناسێتەوە نەدەگەیشتم، لە هاوکێشە بیرکاریەکان ئالّۆزتر و قورستر بوو، بە خۆم دەگوت، دەبێت هەبێت بۆم ئاسان بکاتەوە.. ئەو چل رۆژە بە مالّ نەدەکەوتمەوە، بۆ هێندە بە عەرد دەکەوتمەوە! کۆلاّن کۆلاّن، شەقام شەقام بە ئاسماندا دەفڕیم بەلاّم رێم بە ئاسمانی مالّی پیاوە مەستەکە

نەکەوتەوە، چل رۆژ بە دوای هەموو ئەو کوڕانەدا دەگەڕام کە چاویان لێمداگرتبوو، ماچیان هاویشتبوو، هاتبوونە سەر ڕێم، نامەیان ناردبوو، داوایانکردبووم، بە دوایاندا دەگەڕام و بۆوەی پێیانبڵێم بە هەر یەکە لەکوڕەکان بڵێم، تۆ جوانی، قۆزی، بەڕێزی، شایەنی ئەوەی جوانترین کچ ژیرترین کچ خۆشی بوێیت و ببێتە هاوسەرت، وامکرد یەکە یەکە سەردانمکردن، سەردانی زۆریانم کرد، لە ناو تەڕەفرۆشانی سەر پردەکە، تەڕەفرۆشەکەم دیتەوە، ئەو تەڕەفرۆشەی لە سەر تەڕە نامەی بۆم دەنووسی، جارێك لە سەر ئاروۆێکی گەورە نووسیبووی پێدەچوو بە ددان نووسیبێتی: ((ئاخ پەری ئاخ)) بە دەم کڕینی پیازەوە گۆتمە تەڕەفرۆشەکە:

دەمەوێت لە ناو تەڕەفرۆشان برایەکی جوانم هەبێت، تۆ لە هەموو تەڕەفرۆشان جوانتری، دەی تۆ برام بە، برایەکی جوان، حەزدەکەم پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دکتۆرەیەکی جوان ببەستیت، دڵنیابە یارمەتیت دەدەم، بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدم رازی بێت، باشە برای خۆم..

+ دەی، بڵێ، دەبیە برام؟

-خوشکێ..

کوڕە تەڕەفرۆشەکە ڕەنگی وەك پەلکە پیازی لێهاتبوو..

چوومە خەستەخانەی کۆماری، دکتۆرەکە خەریکی پشکنینی نەخۆشێك بوو، بە دیتنی من نەخۆشەکەی لە بیرنەما، گوتم، قسەیەکم هەیە بەڵام جارێ پشکنینەکەت تەواوکە، ئەو دکتۆرە جارێك لە کاتی پشکنینی پشتم هەستمکرد شتێکی لە سەر پشتم نووسی، کە چوومەوە ماڵێ و بە ڕووتی چوومە نێوان دوو ئاوێنەوە بە خەتێکی ناسکی جوان ئەو ڕستەیە نووسرابوو((پەری، دکتۆرێك تۆی خۆشدەوێ)) دواتریش ئەو دکتۆرە چەند جارێ هاتە سەر ڕێم، دکتۆر کە لە پشکنینی نەخۆشەکە بۆوە هات، پێیمگوت:

من حەزدەکەم برایەکی دکتۆرم هەبێت، لە ناو دکتۆران گەڕام، جگە لە تۆ کەسم نەدیتەوە لە تۆ شایانتر بێت بۆ برا، حەزدەکەم ژنێکی جوان بهێنیت و لە منیش بگێڕیتەوە، مەرج بێت وەك خوشکێك جوانترین سەرچۆپی بگرم ..

+ دەی، بڵێ، دەبیە برام؟

- هەوڵدەدم

ڕەنگی گۆڕا، دکتۆر دەتگوت تووشی خوێنبەربوون هاتووە..

لەگەڵ قومری چوومە باخی گڵکەند و لە بن درەختە گوڵاویەکە چاوم بە باخدا گێڕا، دیتم چەقۆکێشەکە خەریکی هەڵکۆڵینی درەختێکە، لە دوورەوە زانیم چی دەنووسێت، درەختێك لە باخ نەمابوو، (پەری)ی لێهەڵنەکەنرابێ، کوڕە چەقۆکێشەکە چەند گەنجێکی بریندار کردبوو، درەنگ تێگەیشتم بە هۆی منەوەیە، لە ناو باخ کە زۆر کەمیش دەچووم، هەر کوڕێك بە دیار چەقۆکێشەکەوە تیچاوێکی مەبەستداری دابێتە من، نووکە چەقۆیەکی کوڕە چەقۆکێشەکەی گرتۆتەوە، دەستم خستە سەر شانی، گوتم:

من دوو برام هەیە، بەڵام هیچیان توانای چەقۆ هەڵگرتنیان نیە و لێی دەترسن، دەمەوێت برایەکی ئازای چەقۆکێشم هەبێ و لە لای خەڵك خۆمی پێهەڵکێشم، لە تۆش ئازاتر کەسم شکنەبرد، حەزدەکەم تۆ برام بیت، هەر کاتێکیش چوویتە داخوازی کچێك لە منیش بگێڕەوە هەرچی دەستەخوشکی خۆم هەیە وەك خۆم دەیانکەمە خوشکت، دێینە ماڵی بووکێ تا بڵێن، زاوا خوشکی چەند ڕێکی هەیە.

+ دەی، برا ئازاکەم، دەبیە برام؟

- له ئێستاوه من برای تۆم..

کوڕه چەقۆکێشەکە وەك قەدی درەختە پیرەکە رەقهەڵاتبوو..

له سەر دەرگای قەلاّت چیرۆك نووسەکەم گرت، کۆمەڵێك کتیبّی له بن هەنگڵ بوو، وا بزانم نیازی چوونە چایخانەی هەبوو، ئەو چیرۆکنووسە چیرۆکێکی بڵاوکردبۆوە بە ناونیشانی (پەری) هەر کەسێك منی ناسیبێت و چیرۆکی پەریی خوێندبێتەوە، پەری له پەری دەبینێتەوە، خاوەن چیرۆکی پەری له نامەیەکیدا بۆمی نووسیبوو: ((ئەگەر خۆشت بوێ، دەتکەمە رۆمانێك دنیا بتخوێنێتەوە)، گۆتمە چیرۆکنووسەکە:

+ ناکرێ وەك خوشکێك بمخەیتە رۆمانێکەوە؟

- بۆچی؟

+ حەزدەکەم تۆ برام بیت

- ئەها

+ راستی من وەك برایەك تۆم خۆشدەوێت، بۆ نابیتە برام..

- ببمە براشت برایەکی بیژی دەبم، سوپاس تێگەیشتم، هیوادارم خۆشبەخت بیت..

+ تۆ برایەکی جوانمی.

نازانم نە له خەونێ بوو نە بە راستی هەموو ئەوانەم دیتەوە و داوای بەبرابوونم لێکردن کە رۆژێك له رۆژان نامەیەك یان هێمایەکی عاشقانەیان بۆم ناردووە، هەتا خۆم گەیاندە پێشمەرگە گیان له سەر دەستەکەش ئەوەی دواتر بە پاکانەنووس ناوی رۆیشت، ئەو پێشمەرگەیەی خۆی گوتەنی لەبەر خاتری من بە ناو دەوی شێر و گورگدا دەهات و پارچە کاخەزێکی پێچراوی بۆم هەڵدەدا و منیش هەر بۆ خۆشی، هەر بۆ گاڵتە دەمخوێندەوە بێئەوەی جارێك وەلاّمی بدەمەوە، پێشمەرگەکە له بن درەختێکی رووتەلە شانی دابووە بەردێك کەمنی دیت وا بزانم وا تێگەیشت بووکی بۆ هات، هێند گەشبۆوە هێند گەشبۆوە مەگەر کوڕی پیاوە مەستەکە بە دیتنی من وەها گەشبووبێتەوە، گۆتمە پێشمەرگە بە هەلە تێگەیشتووەکە:

براکانم هی ئەوە نین ببنە پێشمەرگە، منیش هێندەی دنیایەك ئارەزووی ئەوەدەکەم کە برایەکی پێشمەرگەم هەبێت و لای برادەرەکانم شانازیی پێوەبکەم، تکات لێدەکەم تۆ ببە برام و رێمبدە بە کاکە بانگتبکەم..

+ دەی، بڵێ تۆ خوشکمی

- تۆ نازدارترین خوشکی منی..

پێشمەرگە وەها شێوا، دەتگوت بە بریندارێ دەست دوژمن کەوتووە..

ئەو چل رۆژەی تەمەن رۆژانێ بوون ناگێڕدرێنەوە، ناخوێندرێنەوە، ناگوترێنەوە،نانووسرێنەوە، ئەو چل رۆژە من له کوێ بووم؟ ئەو ماچە قوولّەی بن دارپرتەقاڵەکە بۆ کوێی بردم، چی نیشان دام؟ ماچی قوولّ خەون و ئاگایی تێکەڵاو دەکات، سنوورێك له نێوان زەوی و ئاسمان ناهێڵێتەوە، ماچی قوولّ ژیانی سادە کردەوە، ئاسانی خستەوە، هەموو شتی ساکار و جوانکردەوە، جگە له وانەی بیرکاری، ئەگەر ماچی بن دارپرتەقاڵەکە نەبا، دنیا ئەوها جوان خۆی نیشاندەدا!، چل رۆژ من دەستەخوشکێکمم ماچ نەکرد، قومریشم ماچ نەدەکرد، نەمدەهێشت، ماچم بکەن، پێشتر رۆژانە ماچماچانێمان دەکرد، دەیانگوت:

پەری، تۆ چیت بە سەرهاتووە، بۆ ماچمان نادەیتێ؟

بە پێکەنینەوە دەمگوت:

لێمگەڕێن، با دەسنوێژی عەشق نەشکێ..

دەشکا، دڵنیابووم کە دەشکێ، دەسنوێژی عەشق دەشکێ، ئەو دەسنوێژەی لە بن داڕپرتەقاڵەکە هەڵمگرت و پیاوە مەستەکەش دیتی، پرتەقاڵەکان دیتیان، هەنارەکان دیتیان، داربیەکە دیتی، پەنجەرەی دنیا دیتی، من نەدەبوو لێوەکانم بەر هیچ لێوێك بکەون، بەر هیچ گۆنایەك بکەون، پێمواببوو ئەگەر وا بکەم تامی تەڕی ماچی بن دار پرتەقاڵەکە وشکدەکات، دەسڕێتەوە، هەڵدەوەرێ، دەمرێت، نەمزانی ئەو تامە هەمیشەییە وهیچ ماچێك کاری لێناکات و نەمرە، ماچی یەکەم نەمرە، نەمر وەك پایز نەمرە، جگە لە ماچی یەکەم دەبێ هەبێ لە پایز نەمرتر، پایزی لە هەموو وەرزان نەمرتر، چەند جوان بوو مرۆڤ وەك پایز نەمر بێ، ماچی یەکەمی من تێکەڵی پایزە، تا پایز مابێ تا پایز لە چاوم بێ ماچە پایزیەکەی بن داڕپرتەقاڵەکەش هەیە و لە دڵە،ماچی یەکەم وەك گۆرانیی پیاوە مەستەکە نەمرە، وەك مەستیی پیاوە مەستەکە نەمرە، تا ماچی یەکەم نەهاتە دنیا، مەستی هێندە جێی بایەخی من نەبوو، مەستبوونی پیاوە مەستەکەم هێندە جێی مەبەست نەبوو، ئەو ناوە ناوە بە عەرەق مەست دەبوو، من چل رۆژ بە ماچێکی قوواڵ مەست بووم، مەستبوونێك مەگەر کوڕە چیرۆکنووسەکە بتوانێ کەمێکی بخاتە چیرۆکەوە، مەستبوونێ مەگەر پیاوە مەستەکە لە توانایدا بێ کەمێکی بخاتە گۆرانیەکەوە، ئای پیاوە مەستەکە چۆن لە رێی هەڵەوە لە ماچی نەمریت پساندمەوە، خۆزگە هیچ نەبا هێندەی تەمەنی پرتەقاڵێك بە درەختی داڕپرتەقاڵە ماچیەکەوە دەمامەوە، خۆزگە کوڕی پیاوە مەستەکە شەرمی لە باوکی نەکردبا تا قیامەت لێوی لە سەر لێوم هەڵنەدەگرت و دەریایەك ئاوی لێوم دەخواردەوە، بەس عاشقەکان دەزانن ماچی یەکەم چەند تەڕە، چەند بە ئاوە، مەلایەکی گەڕەك کە جارێك خوازبێنی منی لە بابم کردبوو، بابیشم هێندە رقی لێیهەستابوو پێیگوتبوو: کچم بدەمە سەگ نایدەمە هیچ مەلایەك، دەیانگوت لە دانیشتنێك مەلا گوتبووی:

نە بۆ کوڕ نە بۆ کچ ماچی یەکەم حەرام نیە، جا ماچەکە لە هەر کێ بێ..

هەر لە بارەی ماچی یەکەمەوە، دایکم بۆ ژنێکی دەگێڕایەوە:

پیاوەکەم دەڵێ: هەر کەسێ چ ژن چ پیاو ئەگەر ماچی یەکەمی لە بیرنەبێ، دەبێت نیشانی دکتۆری دەروونی بدرێ..

بابی ماچیش زۆر جار بە ماچی دەگوت:

ماچی یەکەم رێك دایکتە..

پیاوە مەستەکەش گوتبووی:

ماچی یەکەم زێدی یەکەمە، نزیك گۆڕی خدری زندەیە، چەندی پیرتر بیت گەنجتر ئاودارتر دەبێتەوە

کوڕەکەشی دواتر گوتبووی:

ماچی یەکەم داڕپرتەقاڵی حەوشەیەکە، هەزار ساڵ دەژی..

ژنە بە تەمەنەکەی سەری کۆڵان کە دەڵێی خودا بە بێوەژنی درووستیکردووە، ئەو ژنەی دەڵێی کوڵان بە ئێشککگری داناوە ئێشککگریی بە سەر منەوە، ئەو ژنەی دەڵێی پنچکە گیایەکی گەورەیە لە سەر کۆسپی دەرگاکە رواوە چوار وەرزەی ساڵ جلکی کەسکباوی پۆشیوە، من بە زۆر شت قەرداری ئەو ژنەم، ئەو ژنە کەسکپۆشە بە ئاشکرا دەڵێت:

کچینە، لە ماچی یەکەم وریابن، بە هەڵە نەچن، بە فێڕۆی نەدەن، دنیا پڕە لە گەجەر و گوجەر، بزانن دەیدەنە کێ..

من نابێت به هەڵە چووم، ماچم به فڕۆ نەدا، ماچێکی وام لە حەوشەی مالّی پیاوە مەستەکە چاند، تا ئێستاش دارپرتەقالّەکە پرتەقالّ ماچ دەگرێ، ماچی تەڕ تەڕ لە هەوری ئاسمانی حەوشەکەش تەڕتر، ئاودارتر..

چل شەو بڕواناکەم بایی چوار شەو خەو چووبێتە چاوم، ئەگەر خەون نەبا دەمگوت ئەو چل شەوە هەر لە بنی نەخەوتووم، خولەکێکیش نەخەوتووم، دایکم هەر بۆڵەبۆڵی بوو، جوێنی پێمدەدا: ((بخەوە، کچێ، لۆ ناخەویت، ئەگەر مێردت دەوێ، دە بیکە بە ئەفسەرەکە بکە، بە قەت ئاسمانێك ئەستێرەی بە شان و سینگیەوەیە))، ئۆی دایکێکی چەند خراپم هەیە، ئێستاش هەر خراپە، بۆ جارێکیش گوێی لە من رانەگرتووە، بۆ جارێکیش بە حەزی منی نەکردووە، بۆ، قەت قسەیەکی خۆشی بۆم کردووە، تۆ بڵێی لە دنیایێ چەند دایکی وەك دایکی من هەبێت، خودایە نەبێت، هیچ دایکێکی وەك هی من نەبێت و پەیدا نەبێت، بە نەخەوتنی من دایکم پتر بە رقدا دەچوو دەیویست دەست لە تیتکم بنێ، لە ترسی بابم نەبا وایدەکرد، دایکم رەنگە وا تێگەیشتبێ خەو لە دەستی خۆمە و ناخەوم، رکەی لەگەڵ دەکەم و لە رقی وی ناخەوم، ئۆی بابم، چ بابێکم هەبوو، خودایە دنیا پڕبکەیت لە باوکی وەك بابی من، دەهات، سەرمی دەخستە سەر سینەی خۆی، سەرمی بۆندەکرد، دەستی بە پرچمدا دەهێنا، چەند خۆشە باوەشی باوك چەند خۆشە، بە گەورەیی لە منداڵی خۆشترە، من زۆر جار بە دەستەخوشکەکانم گوتووە: ((ئەگەر دەتانەوێ ماندوێتیتان بحەسێتەوە، دەتانەوێ خەونی خۆش ببینن، دەتانەوێ ئاسوودە بن، برۆنە باوەشی باوکتان، ئەگەر باوکێکی وەك باوکی منتان هەیە))، باوکی کێ وەك باوکی منە! باوکم بە ئەسپایی، نەیدەهێشت کەس ببیستێ، دەیگوت: ((کچە جوانەکەم، کچی گەورەم، چیتە، شەرمەکە، بە من بڵێ، گرفتت چیە؟ بۆ ناخەویت؟ جێیەکت ئازاری هەیە؟ باشترە بتبەم بۆ لای دکتۆر..

+ نا، ناچم ، هیچم نیە، نازانم، نازانم خەوم نایە و تەواو..

- من کچی خۆم بناسم، شەرمدەکات و شتێك لە باوکی خۆی دەشارێتەوە..

چۆن نەیشارمەوە، دەبوو بیشارمەوە، دەزانن چەند شەرمدەکرد، بابم بە زۆر نیشانی دکتۆری دام، دکتۆر هیچی لێنەزانی، لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێك داو و دەرمانی نووسی، هەموویم رژاندە ئاودەستەوە، بابم باوەڕی بە شێخ و پیاو چاك و نووشتە و کشتەك نەبوو، لەگەڵ ئەوەش ناردمیە سەر سولتان مزەفەر، خۆی بردمیە سەر (ئۆمەر مەندان)، دایکمی نارده لای سەیدێك و بە نووشتیەکی کەسکەوە هاتەوە، نووشتەکەم خستە کەلێنی دیوارێکەوە، ئەگەر مشك نەیخواردبێت ئێستاش لەوێیە، شەو درەنگان ئەو دەمەی جگە لە من گەڕەك هەمووی لە خەوێ بوون، ئەگەر تەلەفۆنمان هەبا، دوور نەبوو بە زەنگێك ئەویش بە ئاگا بێنمەوە، نەبوو تەلەفۆن نەبوو.. دواتر بیستمەوە، باوکم کێشەی نەخەوتنی منی لە لای پیاوە مەستەکەش باسکردبوو، ئەو دووە زۆر برادەر بوون، بابم لە تەمەنی نەیخواردبۆوە، بە بۆنەکەشی پیس تێکدەچوو، بەڵام لەگەڵ پیاوە مەستەکە زۆر برادەر بوو یەکتریان زۆر خۆشدەویست، پرس و رایان بە یەکتردەکرد، دەردەدڵی خۆیان بۆ یەکتردەکرد، بابم زۆر جار دەیگوت: ((ئەگەر هەموو دیندار و خواپەرستێك وەك پیاوە مەستەکە بن، دنیا گرفتی نابێ)).. پیاوە مەستەکە گۆتبوویە باوکم: خەمی پەریی کچت نەبێ، لەگەڵی نەرم بن و تەواو، کوڕ و کچ لە تەمەنی وا ئاساییە تووشی بێ خەوی بن، مەترسێ لە پەری مەترسێ..

ئەو چل رۆژە رۆژی چل جار پتریش دەچووم دەچووم، هێندەی نەداما بگەمە سەری کۆڵان و مالّی دارپرتەقاڵ و هەنارەکە بەدیاربکەوێت، دوو هەنگاویترم هاویشتبا پەنجەرەی دنیا دەردەکەوت، دەگەڕامەوە، هەموو

جارێ دەگەڕامەوە، نەمدەویست ببینم، کۆلانی ماچی یەکەم ببینم، پێموابوو بە بینینی ئەوێ ماچ کالدەبێتەوە، جادووی ماچ بەتاڵدەبێتەوە، من بیستبووم، خوێندبوومەوەش کە ئەگەر شتێکی جوانت لە جێگەیەك چاند جا ئەو شتە نەمامێك بێت، قسەیەکی نەوازە بێت، ماچ بێت، درەنگ تا پێت دەکرێت درەنگ سەر لەو جێگەیە بدەوە،تا درەنگتر ببینیەوە نەمرتر دەبێت، لە تام و بۆ، لە ڕەنگ و ڕوو خۆشتر و جوانتر خۆشتر خۆ دەردەخات، من وامکرد، رکەم لەگەڵ خۆم دەکرد و بە خۆمم دەگوت: ((نا، ماچ بەتاڵناکەمەوە، ماچ نەمرتر دەکەم، درەنگ زۆر درەنگ دەچمەوە کۆلانی ماچ، دەچمەوە بن دارپرتەقاڵی ماچ))، من چل ڕۆژ دەتگوت پاسی شەقامی خڕی شەستمەتریم، بازنەیی دەخولامەوە پاسەکان بە دەوری قەڵات دەسووڕانەوە،من بە دەوری داربیە بەرزەکە، ئەو بیەی دەتگوت منارەی چۆلیە و ئەودەمانێ لە هەموو جێیەکی شارەوە دیاربوو، ئەو بیەی مااڵی ئەوانی نیشانی دۆستان دەدا، دەگەیشتمەوە هەموو ئەو سەرە کۆلانانەی دەیاندامەوە کۆلانێکیتر، کۆلانێك بازنەی دەوری داربیە بەرزەکەی تەواودەکرد، لە خولانەوەی دەوری داربیەکە کەم کەمە قومریش بەگەڵم دەکەوت، قومری بە زمانگرتنەوە، ئای قومری چەند جوان زمانگرتنی لێدەهات، کەس نەبوو خۆزگەی پێنەخوازێت، زۆر کەس ئامادەبوون ئەگەر نەشتەرگەیەك هەبێت زمان وەك زمانی قومری لێبکات، زمانی خۆیان نەشتەرگەری دەکەن، قومری دەیگوت:

+ پەری ئەو جارە بە بێ من چوویە مااڵیان، قەوماندت، بیرکاری ئەوەی لە چاو بوو..

- خۆشم نازانم چۆن گەیشتمە ئەوێ

+ ئەرێ خۆش بوو؟ ماچ و ڕاموسان خۆش بوو!

- وەی وەی! ناگێڕدرێتەوە، تا خۆت تامی نەکەیت.. ئەدی ئەتوش تامت نەکرد!

+ هەی لەو تامە!

ماوەیەك پێشتر قومری نەخۆش دەکەوێت لەگەڵ بابی دەچێتە خەستەخانە، دکتۆرەکە دەرفەت وەردەگرێت بە کەیفی خۆی دەست لە سینگ و مەمکی قومری دەگێڕێت و ناو دەمیشی ماچ دەکات،پێیدەڵێت هەر قسە بکەیت دەرزی ژەهرت لێدەدەم، قومریش لە ترسان خۆی کڕ دەکات..

دووریش نیە نەچوونەوەم بۆ ئەوێ پەیوەندی بە خەونەکانمەوە هەبێ پەیوەندی بە پژمینەوە هەبێ، هەر جارێ نزیکدەکەوتمەوە لە سەری کۆلانێ، هێواشی دێنا، ئیدی سارد دەبوومەوە، لەو چل ڕۆژە ئەویش زۆر سۆراخی منی کردبوو، هاتبووە مااڵ، لە سەر ڕێی قوتابخانەش ڕاوەستابوو، یەکدی گیر نەبووین، من باوەڕی زۆرم بە لۆژیکی پژمین هەیە، لەگەڵ ئەوەش سەری چلە لە پژمین هەڵگەڕامەوە، لە بیرمە هێواشی هێنا، بەاڵم گوتم: ئارامم نەما، ئەگەر دنیاش کاوڵ بێ هەر دەچم..

پیاوە مەستەکە:

بێئەوەی مەبەستم بووبێ، بێئەوەی بە دوایدا گەڕابم یان خۆم لێگرتبێ، کەس هێندەی من بەسەر ماچاندا نەچووە، هێندەی من ماچی کوڕ و کچانی نەدیتووە، هەرگیزیش باسمنەکردووە لە ساتەکانی مەستیش بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە، من باوەڕم وایە ماچ ئەگەر لە سەر شەقام و لە بەر چاوانیش بکرێ، نهێنییەکی گەورەیە و ناکرێ بۆ کەسی بگێڕیەوە، نهێنیی ماچ لە کن ئەو کەسەیە کە تۆماری دەکات هەر ئەو دووە دەتوانن قسەیەکی لێوە بکەن، کەس ماچی کەسیتری بۆ ناگوترێتەوە، بەڵام ماچی بن دارپرتەقاڵێك جیایە، ناتوانم خۆم لە گێڕانەوەی بپارێزم هەر جارێ بەفر ببارێ، هەر بەفر نا، هەر جارێ سەیری دارپرتەقاڵێك دەکەم، بە تایبەتی ئەو ساتانەی مەستم، حەز بە گێڕانەوەی ماچە ئێوارەییەکە دەکەم، ئەو ماچەم لە ماچی یەکەمی خۆم جوانتر لەبیرە، ئەو ماچەی بەفرێکی بە دواوە بوو، لە هیچ بەفرێك نەدەچوو، بەفرێك تایبەت زۆر تایبەت بۆ ئەو ماچە باری و بە پاکێتی خۆی دابپۆشی، جوانی داپۆشی تا گەردنەگرێ تا هەر بە سپێتی بمێنێتەوە.. ئەو ماچە چ ماچێ بوو، بۆچی هێندە سەرنجراکێش، چی منی بە دیاریانەوە چەقاند، وەك درەخت چەقاندمی، ئەگەر نەیاندیتبام ئێستاش درەختێك دەبووم لەوێ، خۆزگە نەیاندیتبام، قەت لە خۆم نابوورم ئەو ئێوارەیە گوناهێکی گەورەم لە تەمەنی خۆم تۆمارکرد، من نایەتە بیرم گوناهێکم کردبێ، من پیاوێکی هەمیشە سەرخۆشم، هەمیشە بێ گوناه بووم، لە تەمەنی خۆم پێکێکم لە دوای خۆم بەجێنەهێشتووە، شووشەیەکم نەشکاندووە، جگە لە شووشەیەك، دەستم لە ژنەکەم بەرزنەکردۆتەوە، رووم لە منداڵەکانم گرژنەکردووە، هەمیشە سەرخۆشێکی ناسك بوومە، جگە لە گۆرانی چیم گوتووە، لە بیرمبێ گوناهێکم لە بیربێ، پێشتر گوناهێکی مانگەشەویم کردووە، ئای ئەو ئێوارەیە چ گوناهێکی گەورەم کرد، ماچم پساندەوە، خۆزگە ئەو ماچە قەت نەدەپسایەوە، درێژ درێژ هێندەی تەمەن درێژ دەبۆوە، ئەو دووە وەها لێك گرێدرابوون، من پساندمەوە دەنا دڵنیام قەت نەدەپسانەوە، خۆزگە نەیاندیتبام هەر بە دیاریانەوە دەبووم، چ گوناهێکم کرد خودایە، خودای ماچان بە بەخشندەیی خۆت ببەخشە.. ئەو دەمەی منیان دیت ئای تەریقبوومەوە، تەریقبوونەوەیەك مەگەر ئەو جارەی منداڵێك بە رووتی باوکی لە سەر دایکی دیت هێندە تەریقبووبێتەوە، ئەو منداڵەی خۆزگە دەخوازێت قەت چاوی بە سەر بانی شەوە مانگەشەویەکە هەڵنەدەهات، هەڵهاتنێك هەتا سااڵنێکی زۆر رووی نەدەهات بچێتە بەر دەمی دایك و باوکی، لە رووبان چاوی هەڵنەدەهات، من هەمیشە پەشیمانم، پەشیمانی هەمیشەییم لە دیتنی شەوە مانگەشەویەکە، زۆر جار دەیگوت بریا ئەو شەوە لە خەو هەرنەدەستامەوە خەوی یەکجارەکیم دەبوو، بەڵام بابم لە سەر دایکم نەدەدیت، ئەو منداڵە ئێستاش پێوە نازانێت شەیتان بۆچی رێگەی بردە سەربانەکەی ئەوان، رێی ئەو نەدەچۆوە ئەوێ، کێ گەیاندیە ئەوێ، رەنگە خەونێك، بەئاگاهاتنەوە لە خەونێك، دەستی بۆ لای دایك و باوکی رووتی بەر مانگەشەو راکێشابێ، دوور نیە میز بە ئاگایهێنابێ، ئەو شەوە منداڵێك تازە شەیتانی دەبوو، شەیتان دەستی گرت و بردیە دیار دایك و باوکی، لەو دەمەی منداڵەکە گەیشتە سەریان، دایکە رووت رووت بوو، باوکەش نیوە رووت، لە یەکتر ئاڵا بوون، لە ناو تریفەدا لە یەکتر ئاڵابوون، منداڵەکە پتر چاوی کەوتە سەر دەمیان کە بە جۆرێك یەکتریان دەمژی مەگەر ئەوانەی بن دارپرتەقاڵەکە ئەوها مژیان لە لێوی یەکتر دابێت، لەو شەوەوە، منداڵ رقی لە مانگەشەو هەستا، بەو با شەوەکان هەر هەموشەوەکان، تاریکە شەو بان، ئەنگوستە چاوبان، کەس تارمایی دایك و باوکەکانی نەدەدیت، لەو شەوەوە منداڵی مانگەشەوەکە میزکردنی تەرککرد، چەندان جار بەخۆیدا کردووە، لەو شەوەوە منداڵە ترساوەکە سەری خۆی هەڵنەدەدایەوە، بشخنکایە هەڵینەدەدایەوە، منداڵە گوناهەکە

تا ئەو شەوە نەیزانیبوو دایك باوکی لەو تەمەنەیان دەچنە باوەشی یەکترو ماچ و راموسان و شتی وا دەکەن، ئەو پێیوابوو، سەرجێیکردن تایبەتە بە ژن و پیاوی جاحێل، ئەوانەی وەك دایك و باوکی دەچنە تەمەنەوە لەو شتانە بوونەتەوە و بۆی ناگەڕێنەوە.. منداڵی بەر مانگە شەوەکە گەورە بوو گەیشتە تەمەنی باوکی و لە بن دارپرتەقاڵەکە کوڕەکەی خۆی بینی.. چ بەدبەختیەکە، بۆ دەبێت من بە سەر ساتە ناسکەکانی باوکمدا بچم، بە سەر ساتە ناسکەکانی کوڕەکەمدا بچم، تۆ بڵێی ئەوانیش بە سەر منداا هاتبن! من رووم نایە خۆم نیشانی کوڕەکەم بدەمەوە، خۆم نیشانی بووکەکەم بدەمەوە، خودایە من هێندە باوەڕم بە پاڕانەوە نیە، خۆ لە بیرتە لە چ رۆژێکەوە باوەڕم بە پاڕانەوە نەماوە، خودای شەڕ و ئاشتی و بەرمااڵ و مەی و من و ئەفسەر و پشیلە و ئاو، نەڵێی مەستە و تێکەڵدەکات، خودا دێتە بیرت ئەو رۆژەی ئەفسەرە عەرەبەکە هات و دەستی بە سەر ماڵ و خانووەکەم داگرت و تێیهەڵدامە کۆڵانێ، هەمووی داگیرکرد هێندەی نەمابوو ژنەکەشم داگیربکات، لە بیرتە چەندت لێپاڕامەوە کە لەو غەدرە بێدەنگ نەبیت و شتێك بکەیت، کوا هیچت کرد! لەو رۆژەوە گوتم، ئیدی بۆ هیچ شتێك ناپاڕێمەوە، نەشپاڕامەوە، ئەو هەموو دەردەسەریەی دنیا رووبان تێمکرد، خۆت شایەدی پەنام بۆت نەهێناو لێت نەپاڕامەوە.. بەاڵم ئەوجارە بە دڵ لێت دەپاڕێمەوە ئەو کچەی کوڕەکەمی خەنی کرد، کوڕەکەمی ئاودا، ئەو کچەی بەفری لەگەڵ خۆی هێنا، من دەڵێم ئەو بەفری هێنا، بەفری عەشقی بە سەر ماڵەکەمدا باراند، لێت دەپاڕێمەوە ئەو کچە بکەیت بە بووکم.. دوای شەوە مانگەشەویەکە چەند شەرمم لە دایکم و باوکم دەکرد، دوای ئێوارە پرتەقاڵیەکەش هێندە و پتریش لە بەرانبەر کوڕەکەم شەرم دایدەگرتم، سااڵ وەرسووڕاوەش من هێشتا چاوم لە ئاست چاویدا هەڵنەدەهات، رەنگە چاوی ئەویش هەڵنەهاتبێ، چاویم نەدیت..

من هەمیشە پەشیمانم لە دیتنی دیمەنی مانگەشەویەکە، لەوتەی هەم لە هەوڵی سڕینەوەی کالبوونەوەی ئەو دیمەنەم لە چاوم، نەسڕاوە،کالنەبۆوە، شارەو شار لێی دوورکەوتمەوە کالنەبۆوە، هەرچی عەرەقی عەنکاوەیە بە سەرمدا کرد نەسڕایەوە.. کالبوونەوەی دیمەنی بن دارپرتەقاڵەکەم ناوێ، با کالنەبێتەوە، حەزدەکەم لە پرتەقاڵەکان گەشتر خۆ نیشانداتەوە، لەو ئێوارەوەی ماچە قوولّە پرتەقاڵەکە تەریقیکردمەوە، زۆر جار کە ئێواران چوومەتە سەر میز بە ناوی رووبتر نیشاندانەوەی ماچە ئێوارەییەکە پێکم هەڵداوە، ئەرێ من بۆچی هێندەی تامەزرۆی بینینەوەی ماچی ئەو ئێوارەیە ئەو دوو عاشقە و ماشووقەم، هەر دەڵێی ماچی یەکەمی خۆمە، هەر دەڵێی من لە جێی کوڕەکەمم، ببوورە، رەنگە پێکێکم پتر لێدابێ بۆیە وا بەو رەنگە قسە دەکەم، راوەستە با پێکێکیتر تێکەم بۆوەی جوانتر، رووبتر، ئاڵۆزتر سەرهاتی حەوشەکە، درەختەکان، پرتەقاڵەکان بگێڕمەوە، بەربوونەوەی لە سەر داربیەکە بووە قسەی سەر زاری گەڕەك، هەر گەڕەك، گەڕەك گەڕەك بەربوونەوەی پیاوە سەرمەستەکە لە سەر داربی دەڕۆیشت، گەیشتە یانەکانیش بە تایبەتیش (یانەی مامۆستایان) گەیشتە مامۆستا، مامۆستا، گەیشتە هەاڵتوو هەاڵتوو، هەاڵتوو لە سەربازی، ئەو هەاڵتووانەی هەتا مڕ دەبوون دەیانخواردەوە عەرەقی قاچاخی عەنکاوەیان دەخواردەوە، دەیانخواردەوە بۆ ئەوەی کەمێك ترسی گوللەبارانکردن لە خۆیان دوورخەنەوە، ئەودەمانێ، ئەودەمەی بەربوونەوەی سەر داربیەکە بووە قسەی سەرمێزان، هەر هەاڵتوویك دەستگیرکرابا لە گۆڕەپانی یاری گوللەباران دەکرا، من لەو رۆژەوەی گۆڕەپانی یاری بووە گۆڕەپانی مەرگ، سەیری تۆپانێم لە خۆم حەرامکرد، لە تەلەفزیۆنیش تەماشای یاری ناکەم، سەردانی ئەو برادەرانەشم ناکەم کە ماڵیان کەوتۆتە نزیك گۆڕەپانی یاربی شار، بەربوونەوەکەی سەر داربی دکتۆرێکی پێناساندم، لەگەڵ بەردانی بەنج پێیناساندم، هێشتا کەس نەهاتبووە سەرم، هێشتا هەر نیوە هۆش بووم، ئەو دکتۆرە گەنجە منی دابووە بەر پرسیار: ((خاڵە، تۆ چیت دەکرد لە سەر ئەو دارە

بەرزە؟ ترست نەبێ، نەشتەرگەریەکەت سەرکەوتووە، زوو سەر پێ دەکەویتەوە، تۆ بە من بڵێ ئەو کچە چی ئێوەیە، خزمتانە؟ چەند جارێ دیومە چۆتە مانگی ئێوە ، چی دەکات لەوێ؟ پەری دەڵێم، پەری..)) سەرەتا وام زانی خەون دەبینم، دوایی هاتەوە چەند جارێ هاتەوە لە پرسیاری خۆی نەدەکەوت:

+ ئەو کچە چی ئێوەیە؟

- برازامە، دەبێتە بووکیشم، چیدی باسی مەکە..

دکتۆر نەهاتەوە، نەمدیتەوە، دواتر زۆر دواتر شەوێك لە یانە هاتە سەرمێزەکەم، خۆی پێمناساندەوە، خواردیەوە، لە من پتر خواردیەوە، لەو شەوەوە زۆر شەوان دەبووە هاومێزم، لە هەموو دکتۆران پتری دەخواردەوە، مەست مەست دەبوو، چ دکتۆرێکی دڵشکاوبوو، دکتۆر.. مەستیی دکتۆر بەربوونەوەی سەر داربی لە بیربردەوە! لە دوای بەربوونەوەکەم هەر دکتۆر نا زۆر کەسیدی شەوان بە ئەدەبەوە دەهاتنە تەنیشت مێزەکەم و شەرمنانە خۆیان دەناساند، منیش دامدەنیشاندن و قسە گەرم دەبوو، قسە قسەی رادەکێشا، شەوێك کوڕێك هات گوتی:

+ رەنگە، بمناسیتەوە، زۆر جار ئاروت لێم کڕیوە

- باش دەتناسم، تۆ جوانترین تەڕەفرۆشی..

+ سوپاس، بەڵام چ جوانیەك لە تەڕە فرۆشیدا هەیە؟

- وا مەڵێ دوو پیشە لە دیدی منەوە جوانترین پیشەن، عەرەقفرۆش، ئاروفرۆش..

کوڕە ئاروفرۆشەکە رستەکانی پچڕپچڕ بوون، شەرمی دەکرد، لە تەماتە سوورتر هەڵگەڕابوو، نەمدەزانی چی دەڵێ، لە پێکی سێیەمم شتێکی لێتێگەیشتم، زوو بڕیمانەوە.. شەوێك گەیشتبوومەوە نزیك مانگی، چەقۆکێشێك هاتە سەر ڕێم، چاوەڕێی چەقۆکەیم دەکرد، دوعام دەکرد لە سەرم، لە دەموچاومی لادەی، کوێ دەگرێتەوە با بگرێتەوە، کەچی هێند بەرێزەوە هاتە قسە هیچ مەستێك وا بەرێزەوە قسەی نەکردووە:

+ راستە کوڕەکەت ژن دێنێ

- بەڵێ، لەو رۆژانە، ئەوە لە تۆشم گێڕاوە، بەڵام چەقۆکەت لەگەڵ خۆت مەهێنە

+ پیرۆزە، دێم، ئەگەر ڕێمبدەی سبەی شەو دێمە سەر مێزەکەت..

- ئاساییە

دوای بەربوونەوە لە سەر داری بی، زۆری کەسی وەك دکتۆر، زۆر کەسی ڕەنگ زەرد هاتنە سەر مێزەکەم و هێند مەست دەبوون هێند مەست، کەمێك سوورایی دەگەڕایەوە بۆ ڕووخساریان...

ئەو رۆژەی من بەربوومەوە ڕێك حەفت پایز وەرسووڕابۆوە بە سەر پایزە بەفراوییەکە، ڕەنگە سەرەتای پایز بووبێ، هێشتا با دەستی بە رنینەوەی درەختە وەرزیەکان نەکردبوو، پایزێکی خۆڵاوی بوو، پەلە هەورەکانی ئاسمانیش دەتگوت ڕێیان بە ناو خۆڵەپۆك کەوتووە، من هیچ چارم نەبوو دەبوو بە داربیەکەدا هەڵگەڕێم و جێگەیەکی باش لە ناو لق و گەلاکانیدا بۆ خۆشاردنەوە ببینمەوە..

دیمەنی ماچە پرتەقاڵیە ئێوارە پایزیە بەفراویەکە دیمەنێك بوو،دەمویست هەمیشە لە چاومدا بیپارێزم، رۆژانە چەندان جار نیشانی خۆم دەدایەوە چێژم لە نیشاندانەوەی وەردەگرت، چێژێ نیازی نوێکردنەوەی دەخستە دڵمەوە، دەبوو ماچ ببینمەوە، دەبوو لە پەنایان خۆم بگرم و چاوەڕێیان بکەم، چاوەڕێی هاتنە ژوان و ماچ، حەوشە گەورەکەی ئێمە حەوشە گوڵزاری و پڕ لە درەختەکەی ئێمە، دەتگوت خودای خۆشەویستی بۆ ژوانی لەو گەڕەکە دروستکردووە، من لەو حەوشە ژوانیە بوومە سیخور، سیخوری هەڵوەدای دوای چێژی ماچ، پیاوێکی چەند منداڵ

بووم، له مانگه شەویەکەی سەر بان هەڵدەهاتم یەکێ تەمەنێك لە باوکم و دایکمی مانگەشەویەکە هەڵاتم، کەچی دەکەوتمە دوای ئێوارە پرتەقاڵیەکە سالاّنێك بە دوای کوڕ و بووکەکەمەوە بووم، حەزمدەکرد هەر ئێوارەو هەر رۆژەی لە بن درەختێکی حەوشە ماچاویەکە ماچی نوێی ئەو دوو عاشقە ببینم، هەر گوێم لە خشپەیەك با، دەچووم لە پەنایەك خۆم دەشاردەوە، ئێ ئەوە خودایە بە یەك بگەن و لە بن درەختێك ماچێك بچێنن، ماچێك بنووسنەوە، زۆر جار لە ناوەخت دەگەڕامەوە ماڵ، فەرمانگەم بەجێدەهێشت، ئێ بەڵکو بە سەر ماچێکی ناسك، ماچێکی قوولّدا بچم و ئاسوودە بم، ئاسوودەیی خۆمم لە دیتنی ماچی ئەو دوانە دەدیتەوە، هێندە لە ناوەخت دەهاتمەوە ژنەکەم لێم زیز بوو، سالێکی رێك نەیهێشت بچمە سەر جێی، ئەو وا تێگەیشتبوو من دڵم لێی پیسە، چەندی دەمگوت من هەرچی بم دڵپیس نیم، لە دایکم دڵپیس بم لە تۆ دڵپیس نابم، بە گوێیدا نەدەچوو، هەزار سوێندم بۆی دەخوارد هاتنەوەی من پەیوەندی بە تۆوە نیە، دەیگوت: پێشتر باوەڕم بە سوێندی عەرەقخۆران هەبوو، بەلاّم ئێستا، نا... هەرچیم کرد نەمتوانی، نەموێرا ژنەکەم تێبگەیەنم هاتنەوەی من و چوونە پەنایان پەیوەندی بە تۆوە نیە.. زۆری برد، ژنە هەستی بە شتێکی نزیك لە راستیەکە کردبوو، رەنگە شتێکی زانیبێت، شەوێك، دەرەنگانی شەو بوو، هاتە سەر جێیەکەم و دەستی خستە سەر نێوچەوانم:

+ پیاوەکە، تووڕە مەبە، تۆ دەبێت سەرێك لە دکتۆری دەرروونی بدەیەت..

- تۆ چی دەڵێیت! من شێتم

+ تۆ لەو بن دارانە خۆ لە چ دەگریت؟

- رەنگە تۆ پێویستت بە دکتۆر هەبێ، دەزانی من هیچ لە تۆ تێناگەم..

باشی تێگەیشتم، بەلاّم خۆ وا بە سانایی خۆ بە دەستەوە نادەم، لەگەڵ ئەوە بیریشم لە دکتۆری دەرروونی کردەوە، ئەو شەوە نەخەوتم، هەندێك لە شێتبوونی خۆم وردبوومەوە، لە خۆم رادەمام و دەمگوت: باشە ئەگەر شێت بووم دەبێت وەك کام لەو شێتانەی شار رەفتار بکەم؟ شێتەکان دیمەنی خۆیان بە رووڕی نیشانم دەدایەوە بە شێوەیەك وەك ئەوەی من ناچار بە شێتبوون کرابم و دەبێت یەکێك لەوانە هەڵبژێرم و ببمە هاوشێوەی، لە ناو شێتەکان هەیاس و دارا وازیان لێمنەدەهێنا، هەریەکە و پیلێکیان گرتبووم و رایاندەکێشام، قسەیان لەگەڵم کرد، هەر بەراستی من لەگەڵ ئەوان بووم، هەیاس کە بەردێکی گەورە لە دەستی راستی و خوترمەیەکیش بە دەستی چەپیەوە بە دەنگی بەرز دەیگوت: ((وەرە لەگەڵ من، وەك من ئازابە، شێتێکی ئازاو دەستوەشێن بە، لەو شارەدا شێت دەبێت پاڵەوان بێت، شێت دەبێت توانای راوەشاندنی کوچکە بەردی هێندەی سەری خۆی هەبێت و لە منارەوە هەڵێدا دەبێت بە دیواری قەڵات بکەوێت، شێت دەبێت ئەوها بێت ئەگەر کەسێك گاڵتەی پێکرد وەك مریشك بیگرێ و بە عەردی دادا، ئەگەر ماشێنێك خێرایی کەم نەکردەوەو لە تۆزو خۆڵی هاوینەی وەردای یان قوڕوچڵپاوی زستانەی پێدا کردی، مەترسە بە خوترمەیەك جامی بێنە خوارەوە تا تەمبێ بێت و جارێکیدی گووی ئەوها نەخوات، دەی شێتە تازەکە وەرە لەگەڵ من وەرە، وەك هەیاسی پاڵەوان پاڵەوان بە)) داراش کە بە هەردوو دەستی شووشەیکی مل باریکی بە دەستەوە بوو، ناوە ناوە و زۆر ناسکانە لێوێ پێوە دەنا، دەتگوت لێو بە لێوی کچێکی منداڵکارەوە دەنێ، بە ئەسپایی دەڵێ: ((نا، بە قسەی مەکە، ئەوەی هەیاس کەی شێتبوونە، تۆ ئەوها مەبە، ئەوە زەبرو زەنگە، شێت دەبێت نەرم بێت لە منیش نەرمتر،من خۆم قوربانیی زەبرم، کوڕی زەبرم، بەلاّم من شێتێکی بە زەبر نیم، لاشەڕم، لەو پەڕی تووڕەبوونیش ئەوپەڕەکەی موسێك لە خۆم دەدەم، وەرە لەگەڵ من بە، پێویستم بە

دارایەکی وەك خۆم هەیە، وەرە ئەو شووشەیە پێکەوە بخۆینەوە..)) ئەو جارەش لە خودا پارامەوە کە ئەگەر شێت دەبم بەگەڵ دارام بدە و لە هەیاسم دوور بخەوە..

قسەی ژنەکەم و دیتنی شێتەکان و قسەکانی هەیاس و دارا تەواو ترساندمیان، سەردانی دکتۆرێکی دەروونیم کرد، دوای ئەوەی بەڵێنم لێیوەرگرت کە لای کەس نەیگێڕێتەوە، چیرۆکی خۆمم بۆی گێڕایەوە، دکتۆر تەواوێك داما، دەیویست هیچ نەڵێ و بەڕێمبکات، نەدەبوو هیچ نەڵێ:

+ ئەگەر کوڕەکەت لەگەڵ تۆ وای کردبا، ئامۆژگاریم بۆی دەبوو، من بیستوومە منداڵ هەیە بەرانبەر دایك و باوکی شتی وا دەکات، بەڵام باوك بەرانبەر!!!!

- من پێچەوانەم

+ کە دەزانی پێچەوانەی دکتۆرت ناوێ، سەردانی چاك و شێخان بکە..

- قسەت خۆشە، حەزدەکەم سبەی شەو لە یانەی مامۆستایان داوەتی من بیت

+ ئەستەغفیروللا، گوتم بۆنێکی ناخۆشت لێدەهات

- بۆنی قسەکانی تۆش هێندە خۆش نیە

لەگەڵ دکتۆر تێکمدا بەڵام ژنەکەم بایی ئەوە ئاشتبۆوە کە جارجارە سەرجێیم لەگەڵ بکات، منیش کەمێ ژیرانەتر و نهێنیتر لە حەوشەکەدا خۆم دەگرت و چاوەڕێی نوێبوونەوەی دیمەنی بن دارپرتەقاڵەکەم دەکرد، ئای چاوەڕێمکرد، من لە چاوەڕێی دیتنەوەی ماچی کوڕەکەم و پەریم..

پەری:

ماچی یەکەم چلەی چوو، لە قوتابخانە دەهاتەوە دەمەونیوەڕۆیەکی باراناوی بوو، نم نم بە سەر من و قومریی هاوڕێمدا دەباری دەتگوت بۆ ئێمە دەباڕێ، دڵنیابووم ژنی پیاوە مەستەکە لە ماڵ نیە، حەزمنەدەکرد لە ماڵ بێ،گەیشتینە سەری کۆڵانی مەبەست، پژمین باشی نەهێنا، قومری کە زۆر باوەڕی بە خێر و شەڕی پژمینی من بوو، بە چاو ئاماژەی گەڕانەوەی پێدام، من گوتم، چ نیە سەرمام بووە.. لە دوورەوە دیتم پەنجەرەی دنیا لە سەر پشتە، رووناکە، دەبێت ئێستا ئەو جوان منی دیتبێت، من کەم جار بە تەنیاو بێ قومری چوومەتە ئەو ماڵە، لە سەر دەرگا شەرم پێیەکانمی بەست، ترس وا بزانم ترس بوو لە پشتەوە باوەشمی پێداکرد و توند گرتمی، دەستی لە دەرگا دان بڵند نەبوو، دەمویست بگەڕێمەوە، هێزی ئەو دیوی دەرگا رایدەکێشام، توند رایکێشام، بە منداڵی کە بۆ یەکەم جار دەچووینە ماڵێك، ماڵێکی نەناسراو لە لای من، دایکم ئەوهای رادەکێشام، بە من با بۆ دۆزەخ رۆیشتبام نەك بۆ ماڵێکی تازە، ئای دەترسام، ئای شەرمەدەکرد،خۆم رادەپسکاند، پێم لە کۆسپی سەر دەرگا دەچەقاند، چرنووکم لە دیوار گیردەکرد، بەڵام لە ئاست هێزی دەستەکانی دایکم چ کێشم نەدەما، نازانم بۆ لەو کاتە من منداڵە شەرمنە ترساوەکەی پێش دەرگای ماڵێکی بۆ من نەناسراو بووم و هێزەی ئەو دیوی دەرگاش دایکم، خوشکەکەی دەرگای کردەوە، چاوێکم دایە دارپرتەقاڵەکە، گۆڕابوو، چ بەوەی پێشتر نەدەچوو، گەڵاکان سەوزترن، پرتەقاڵەکان پرتەقاڵترن ، خوشکێکی ناسکی قسە خۆشی کەمێك سەرشێتی هەبوو، زانی بۆ ئاسانکردنەوەی بیرکاری هاتووین، قومریش زانی هاتنی ئەو جارە پەیوەندی بە بیرکاریەوە نیە، ئێمەی نارده سەرەوە، لە سەر پێبلکەکان هەستمکرد دەلەرزم، ترس دایگرتمەوە ترسی پیرۆزی، دەتگوت بە پێبلکەکانی سوڵتان مزەفەردا سەردەکەوم، ئەو سولتانە لای من زۆر پیرۆز بوو کە لەگەڵ نەنکمدا زۆر رۆژانی چوارشەمان سەردانیمان دەکرد، هەستمدەکرد هەرچی پیرۆزیی دنیا هەیە لە ناو ئەو مەزارەیە، چاکی بن عەردیش وابوو، پێبلکەکانی ماڵی کوڕی پیاوە مەستەکە دەبووە پێبلکەکانی چاکی بن عەردی، کاتێ دەچووینە سەر ئەو چاکانە، نەنکم دەیگوت: ((کچم، نەرم پێت لە عەرد دانێ، دەنگت لێوە نێت، ئێرە زۆر پیرۆزە لە شوێنی پیرۆز، دەبێت هەناسەش بە نەرمی بدەیت)) ماڵی پیاوە مەستەکە ئەو رۆژە لە من ببووە سوڵتان مزەفەر و چاکی بن عەردی، لەوانیش پیرۆزتر، ماڵی پیاوە مەستەکە چ پەرستگایەکی موچڕکاوی بوو، موچڕکەی پەرستن بە سەراپای لەشمدا دەهات و دەچوو، بۆنی بخوری پەرستن گیانمی گرت، مەست بووم، لە سەر پەیژەکانی ماڵی پیاوە مەستەکە من بە بۆنی پەرستن مەست بووم، دەنگی هات، لە ژوورەکەی دانیشتین بە بێدەنگی دانیشتین، هەستمدەکرد لە ماڵی تاقانەی خوداوەندا دانیشتووم، چ ماڵێکی نوورانی بوو، نوور نوور من لە ژووری کوڕی پیاوە مەستەکە نوورم دیت، نووری پەرستگام دیت، نووری ماچم دیتەوە.. چ جوان تەماشای دەکردم!دواتر قومری دەیگێڕایەوە ((بە جۆرێك چاوی تێتبڕیبوو هیچ پڵنگێك وا چاو نابڕێتە نێچیرەکەی، دەترسام بەجێتبهێڵم، نەوەکو بە خواردن بتخوات، ئۆی! کوڕی برسی چما ئەوهایە!)) قومری یەك دوو جار دەیویست بە تەنیا جێمانبێڵێ دەستیم گرت و دامنیشاندەوە، ئای تەماشایمکرد، وەك ئەوەی مرۆڤێك، فریشتەیەك لە ئەستێرەیەکیدیەوە هاتبێ و سەراپای جێی تێڕامان بێ وای تێڕامابووم، دەمویست خۆم بە باوەشی دادەم، نەدەوێرام، من پشتم لە پەنجەرەی دنیا و ئەو رووی لە پەنجەرەی دنیا، چ دانیشتنێکی گەرموگوڕ

بوو، دانیشتنێك رستەیەکی لێ نەگوترا، بێدەنگ بێدەنگ،جگە لە گۆرانیەکە چ دەنگ نایە، گۆرانیە هەمە رەنگەکەش زۆر شتی گوت، کۆپلەیەك لە وەی دەڵێت:

..یان بمکە پیری مەیخانە

یان موریدی خانەقات بم..

کۆپلەیەك:

ئەی ئاوێنەی دولبەری، روو دەم گوڵ زولف زەری

با هەناسەم نەتگری رووی خۆت بێنە بەو لاوە..

لەو دانیشتنە بە چاو زۆر رستەی دریژ گوترا، ، دەستی قومریم گرت و هەستاین، بێ مالّئاوایی، لەو ساتە گۆرانیەکە بووە:

...

هەر دەڕواو بەجێمدێلێ...

لە هاتنەوە خوارەودا گوێم لێبوو گوتی:

((پەری،بە هەمیشەیی لەو پەنجەرەوە چاوەڕێی دەرکەوتنی تۆ دەکەم))

لە هاتنە دەرێ لە سەری کۆلانێ پیاوە مەستەکە بەرەو مالّ دەهاتەوە، بە دیتنی من، مندالانە پێچی کردەوە و پشتی کردە مالّێ، بەو بارانە رووی لە کوێ کرد.. قومری گوتی:

+ سەرنجت دا لە هەر گۆرانیەك کۆپلەیەکی مەبەستدار، وا دیارە ئەو کاسێتەی بە دەستی خۆی وا رێکخستووە و هەڵبژاردەیەکی لە کۆپلەی گۆرانیەکان کردووە..

- ئەوە لێدەزانێت

ئەو کوڕە بە هەمیشەیی لە پەنجەرەوە چاوەڕێی منە، لە پەنجەرەی دنیاوە چاوەڕێی هەڵاتنی من دەکات، ناکرێ دەرنەکەوم، بە خۆم دەگوت، رۆژ و مانگ لە هەڵهاتن بکەون من هەر دەبێ هەڵبێم، لە پەنجەرەکەوە بۆ کوڕی پیاوە مەستەکە هەڵبێم، دەبوو هەڵبێم جێی هەڵهاتنی من ئەوێ بوو، ئەوێ و بەس، جگە لەوێ لە هەر جێیەك بام هەستم بە ئاوابوونی خۆم دەکرد، لە هەر شوێنێکی شار بام چاوم لە داربیە بەرزەکە دەگێڕا، ئەو داربیەی سالانێك بۆ من رووگەنما بوو، نوێژەکانم رووەو ئەوێ بوون، ئەو داربیەی دانی ئێوارانی سێبەری خۆی بە سەر پەنجەرەی دنیادا هەڵدەخست، ئەو داربیەی چۆلەکەی شار، چۆلەکەی گوندەکان لە ترسی دارلاستیکەکان پەنایان بۆی دێنا، درەختی وا چۆلەکدار نەبووە و نابێتەوە، بە قەت گەلا بەهاریەکانی چۆلەکەی گرتبوو، داربیەکە بەردی نەدەگرتەوە،بە پێی رێککەوتنێکی نێوان پیاوە مەستەکە و مندالانی گەڕەك دارلاستێك داربیە چۆلەکەدارەکەی نەدەگرتەوە، پیاوە مەستەکە کاریگەرییەکی جادوویانەی بە سەر منداڵەوە هەبوو، لە قسەی دەرنەدەچوون، پێیگوتبوون بەرد مەهاوێژنە داربیەکە، هەر کاتێ نیازی هاویشتنی دارلاستیکتان کەوتە سەرێ، وەرنە لای من پارەی بلیتی سینەماتان دەدەمێ، دەیانگوت، هەموو کەس دەیانگوت، بە شێوەیەکی هێندە بەرێز و جوانیش پارەی سینەمای داوەتە مندالان، شەرمگرتنێك دایگرتوون بە شێوەیەك کە بۆ یەکجاری دارلاستیکیان فڕێداوە و جارێکیدیش پارەیان لە پیاوە مەستەکە وەرنەگرتووە، پیاوە مەستەکە بۆ پاراستنی گیانی چۆلەکەکان و رووخساری شووشەی پەنجەرەکان، کوڕەکەیشی فێری بەخشینی پارەی سینەما بە منداڵان کردبوو، منیش ویستم فێربم، رۆژێك دیتم میێردمندالێك، دارلاستیکی لە دەستە و خۆی تیواوتی کردۆتەوە، سێرەی لە لقێکی داربیەکە گرتووە، گوتم:

+ راوەستە گچکەڵ، بەرد لە کێشکە مەگرە، ها پارەت بدەمێ، بۆ خۆت بڕۆ سینەما

- پارەم لۆ چیە، لە باتی پارە ماچێکم لەو خاڵەی گەردنێ بدێ..

+ ئەی رووڕەش ئەوە چ دەڵێی!

- ئەتو هەر جون بدە، من جونت پێنادەم، لەبەر خاتری تۆ بەرد ناهاوێم و پارەشم ناوێ..

ئەو منداڵە هێندە گفت و لفتی شیرین بوو،هێندەی نەمابوو بڵێم، ماچێکی گەردن قەردارتم، ئای خاڵی گەردن، چەند سەر بە گۆبەندی، هەر یەکە و لای خۆیەوە ناوێکی لەو خاڵەی گەردنم نابوو، کوڕی پیاوە مەستەکە دەڵێت:

خاڵی گەردنی یارم بەردە ڕەشەکەی کابەیە، بەڵام جگە لە من کەس مافی تەوافکردنی نیە..

بابی ماچ لە نامەیەکدا بە چەندان شێوە لەو خاڵە دوا بوو، گوتبووی:

لە ئاسمانێکی سپی سپی، ئەستێرەیەکی ڕەش ڕەش هەیە، دەزانی ئەوە چیە؟ نەڵێی بەختی تۆیە..

جارێك مەلایەك لە نوێژی هەینی دەگەڕایەوەماڵ، لە سەری کۆڵانێ تووشم بوو:

سوبحانەلا لە جوانی، ئەو خاڵە دەڵێی گلێنەی چاوی فریشتەی خودایە..

ئەو کوڕەی لە بناری قەندیلەوە هاتبوو، ئەنفال ڕاوی نابوو، هاوڕێیەکەم گوێی لێببوو، وەها قسەی لە خاڵی گەردنی من کردبوو: لە بناری قەندیلێ ئەوە دەمەی بەفر دنیا سپی سپی دەکات و بۆ ماوەیەك لێدەکاتەوە، وەرە ڕەشماڵێك لەو سپێتیەی قەندیل هەڵدە، ڕێك خاڵی ئەو کچە وەك ئەو ڕەشماڵەیە..

کوڕە کەڕوڵاڵەکەش ئەوەی بە کوڕە کەشخەکە ناوی ڕۆیشتبوو، ئەو کوڕەی کێژی گەڕەك بۆی شێت ببوون و زۆریان لەبەر خاتری وی خۆیان فێری زمانی کەڕوڵاڵان کردبوو، کەچی کوڕەکەشخەکە قسەی لەگەڵ کەسیان نەدەکرد ئاوڕیشی لێنەدەدانەوە، قومری لە هەموو کچان جوانتر و شیرینتر بە زمانی کەڕوڵاڵان دەدوا، کوڕەکەشخەکە لە ناو کچان تەنها قومری برادەری بوو، قومری دەیگوت:

کوڕەکەشخەکە دەڵێ لە دنیایێ یەك خوشکم هەیە، ناوی قومریە

قومری دەیگوت: بەڵام من بە برای خۆمی نازانم، من ئاگرم بۆی گرتووە..

لە بارەی خاڵی گەردنەوە قومری دەیگوت، کوڕی کەشخە سەرهاتێك دەگێڕێتەوە: فریشتەیەکی ئاسمانێ بە دزیی خوداوە عەشقی پەریی زەوی دەبێت، نازانێت چۆن بیگاتێ، شەوێك بۆ یەکەم جار و دوا جار خودا سەر خەوێك دەشکێنێت، فریشتەی عاشق هەڵ لە دەستنادات، لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە زەوی و دێتە سەر جێی پەری و بەوە ڕادەگات کە ماچێك لە گەردنی بکات، جێگەی ماچەکە دەبێتە خاڵ، ئەو خاڵەی دنیای سەرگەردان کردووە..

خاڵی گەردن ناوی زۆر بوو، خوشکترین خوشك دەیگوت: مەگەر خودا هێندەی خاڵی گەردنی تۆ ناوی هەبێ..

وا بوو ناوی زۆر بوو، منیش ناوێکم هەبوو بۆ خاڵی گەردنی خۆم(خاڵی گۆبەند).. زۆر جار دەچوومە بەر ئاوێنە و لە گەردن و خاڵی گەردن ڕادەمام، ئەو کچانە ئەو ژنانەشم دەهێنانە ناو بینابیمەوە، لە بەرانبەر خۆم ڕامدەگرتن، ، یان وێنەی هەندێك لەوانەی خاڵیان لەگەردن بووە پەیدام کردووە، لە تەنیشت وێنەی خۆمم داناون لێیانڕادەمام، بەراوردی گەردن و خاڵی خۆمم لەگەڵیان دەکرد، کەم جار هەبووە هی من لەوان جوانتر و شیرینتر دەرچووبێت، ئەدی بۆچی هی من گۆبەند دەنێتەوە، بۆچی ئەو هەموو خەڵکەی سەراسیمە و حەیران کردووە، جارێك لە مێژ نەبوو عەشق لێیدابووم، بە کچێکی خاڵ لە گەردنی جوانی زۆر لە خۆم جوانترم گوت، تازە ببووە هاوڕێم:

+ بە من بڵێ ئەو خاڵەی گەردنت گرفتی بۆت نەناوەتەوە؟

-نا، گرفتی وەك ئەوەی تۆ نا..

+ ئێ، خۆ خاڵ و گەردنی تۆ لە هی من جوانترە..

- کێ دەڵێ وایە! هی کەس ناگاتە تۆ

+ گاڵتە مەکە..

- گاڵتە ناکەم، هی تۆ زۆر شیرینە..

+ وا نیە، من بەدبەختم و تەواو..

- ئەوجا ئەوە بەدبەختیە یان بەختەوەری؟ خۆزگە خاڵەکەی من شارێکی شێت دەکرد..

+ من ئەوەم ناوێ، نامەوێ خاڵەکەی من کەس شێت بکات..

- ئێ، دە بڕۆ نەشتەرگەریی بکە، شێتە..

ئەو بە گاڵتە رێی نەشتەرگەریی نیشاندام، بەڵام من بە راستی بیرم لێیکردەوە و دەمویست خۆمی لێدەم، دەمویست لە گرفتی خاڵی گەردن رزگاربم، دەمویست لە گلێنەی چاوی فریشتە و رەشمالی ناو بەفرێ و ئەو شتانە رزگارم بێت، نیازی نەشتەرگەریی خاڵی گەردن، بەرینەدەدام وەك خاڵەکە گرتبوومی لێمنەدەبۆوە، رۆژێك بۆ خوشکترین خوشکم باسکرد، هەر بە شێتبوون شێت بوو، بە سەرمدا قیژاندی:

+ تۆ شێتی، کچێکی شێتی، شێتی، بەراستی شێتی..

- تۆ نازانی بە هۆی ئەو خاڵەوە من تووشی چی دەبم..

+ بۆ نازانم، ئەوانە کەی گرفتن، شێتە چێژ لەو گرفتانە وەربگرە، ئەو گرفتانە گرفتی چێژن، بە دەست کێ دەکەون..

- من چێژیان لێوەرناگرم..

+ باشە، بڕۆ نەشتەرگەریی بکە، هەی شێتە، باشە خەڵك نالێن خاڵەکەی چی لێهات، بۆ نەشتەرگەریی کرد، گرفت دوای نەشتەرگەری سەرهەڵدەدا، باشە ئەو خاڵەکەت نەشتەرگەری کرد، ئەدی پێکەنینەکەت، ئەویش نەشتەرگەری دەکەیت، ئەدی رۆیشتنەکەت چی لێدەکەیت، ئەویش نەشتەرگەریی! ئەدی نیگاکانت، ئەوانیش نەشتەرگەری؟ کچێ شێتە خۆ هەر خاڵی گەردن نیە!!

- با خاڵەکە نەشتەرگەری بکەم، بیرێك لەوانیدیش دەکەمەوە..

رۆژێك لە ژوورە هەمیشە رووناکەکەی ،گرفتی خاڵی گەردنم و نیازی نەشتەرگەرییم بۆ کوڕی پیاوە مەستەکە باسکرد، بە گاڵتەیەکی شیرینی وەرگرت، من چەندی هیدلّی قسەمدەکرد، ئەو بە گاڵتەتری وەردەگرت، گوتی:

+ بەردە رەشە پیرۆزەکەی من دەشکێنی! پەرستگام دەڕووخێنیت؟

- لە جێگەیتر بەردی جوانتر و پیرۆزترم بۆت داناوە، چەند بەردێك..

+ ئەگەر وایە، مەڕۆ لای دکتۆر، بێنە من بۆت نەشتەرگەری بکەم..

روو لە پەنجەرەی دنیا،بە بەر چاوی هەنار و پرتەقاڵەکانەوە، داربیەکەش چاوی لێبوو، بە پێوە، نەرم زۆر نەرم لێوی نا بە خاڵی گەردنەوە،مژی، نەرم مژی، مژی کەمێك توند مژی، توندتر مژی، تۆندتر تۆندتر تۆندیەکی نەرم، دێتەبیرم لەو دەمە کاسێتەکە گەیشتە گۆرانیی شەکرە سێو:

شەکرە سێوە شەکرە سێو

ئەو دەم و لێوە شەکرە سێو

لێوی ئاڵت

لیمۆی کاڵت

گەردن و خاڵت شەکرە سێو..

مژین دەرزیی پێش نەشتەرگەریی هی بێهۆشکردن بوو، شل شل بووم لە ئاو شلتر، خاوبوومەوە، خۆم بە پێوە رانەگرت، کەوتمە سەر رایەخە گوڵگوڵێیە خاڵدارەکە، توامەوە لێوی لە سەر خاڵەکە هەڵنەدەگرت، لە سەرم پاڵکەوت، خاڵی گەردنی بەرنەدەدا، بێهۆش بووم، لە جاری بن داڕپرتەقاڵەکە بێهۆشتر، بابم بەهۆشی هێنامەوە، ئا، دەنگی بابم بوو، بانگی کردم، بە شێتم تێمەگەن دەنگی بابم بوو، بەڵام لە کوێرە هات، چۆن گەیشتە ژووری نەشتەرگەری، لێممەپرسن، کە بە هۆش هاتمەوە، خاڵ هەر لە ناو لێوی بوو، پاڵێکی قایم پێوەنا، ترسام لە خوارەوەش نەشتەرگەریی بۆم کردبێ، دەستم بۆ دامەنم برد، هیچ نیشانەی نەشتەرگەریم بەردەست نەکەوت، جلك وەك خۆی بوو، لەشم بەدەرەوە نەبوو، دوگمەیەکی کراسەکەشم نەترازابوو، زانی بە هۆش هاتوومەتەوە، بەریدام، گوتی:

+ تەواو، نەشتەرگەریەکت سەد لە سەد سەرکەوتوو بوو،بەڵام خۆزیا بەنجەکە هێندە زوو بەرینەدەدا..

- نەمزانی دکتۆرێکی هێند شارەزای..

+ بڕۆ لەو ئاوێنە تەماشای خاڵەکەت بکە..

ئاوێنەیەکی ناسکی باریکی درێژ، لە لای دەرگاوە ڕوو لە پەنجەرەی دنیا بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، لە هیچ مالێك ئاوێنەی وام نەدیتبوو ، گوتی:

+ تەواو لێی نزیکبکەوە، بزانە ڕێك هێندەی بەژنی تۆ نیە..

-ئۆی تۆ چیت لە من کردووە، چۆن بڕۆمەوە!

چەماوەیەکی بچووك، چەماوەیەکی لێوی، بچووك هێندەی دەمی ئەو، چەماوەیەکی سوور سوور، سووری خوێناوی بە دەوری خاڵی ڕەشدا خاڵێکی سووری لە گەردنم نەخشاندبوو، خاڵێك لە دوورەوە زۆر لە دوورەوە دڵنیام خۆی نیشانی بینایی ڕێبوارانی ڕێی خاڵ دەدا، لە ئاوێنەوە تەواوێك لە خاڵی سوور ڕامام، لە خاڵی ڕەشی ناو خاڵی سوور ڕامام، هەندێك جار خاڵی ڕەش لە بیناییم دیار نەدەما، دەگەیشتمە ئەوەی هەر بە ڕاستی نەشتەرگەریی کردبێ، لێیکردبێتەوە، من بە دیار ئاوێنەوە و بە شەرمەوە ڕاوەستا بووم، ئەویش لە دواوە لە ئاوێنەوە تەماشای دەکردم، هات لە دواوە باوەشی پێمدا کرد، خۆم ڕاپسکاند، ترسام لە ڕووخسارمدا خاڵێکیتریش بنەخشێنێ، ترسام بە دوای خاڵەکانیتریشدا بگەڕێ:

+ بەردە ڕەشێکی ترم نیشاندە، تا کرنووشی بۆ ببەم

- ئەو کرنووشە هەڵگرە بۆ دوایی بۆ شەوی..

+ دەزانی ئێستا خاڵی گەردنت لە بەردە ڕەشی کابەیەکی سوور دەچێ

- نەدەبوو وابکەیت، دیارە دەزانن..

+ نا ئێستا دوعایەکی بە سەردا دەخوێنم و دیار نامێنێ، ڕاوەستە دەستی من موتفەڕکە..

به نەرمی سەری پەنجەی شایەدمانی پێدا دەهێنا،نەرم دەتگوت بە باڵی پەپوولەیدا دێنێ، نەرم ئەوە کەی پەنجەیە، باڵی پەپوولەیە خاڵی گەردنی من دەشێلێ، لێوی بە لێومەوە نا، دەنگی باپم هاتەوە، خۆم راپسکاند و هەڵاتم، لە هەڵاتنێ گۆرانیەکە نازانم بە چ هونەرێك بووە:

ئەوە تۆ دەڕۆی من جێگەم کوێ بێ

کێ بگرم بە یار شێوەی لە تۆ بێ...

لەو رۆژەوە لە سەرمدا خولیای نەشتەرگەریی خاڵی گۆبەند نەما..

ماوەیەکی باش حەفتەی دوو جار کوڕی پیاوە مەستەکەم دەدیت، جارێکیان ژوان، جارێکیان دیدار، ژوانەکە لە مالّی ئەوان، دیدارەکەش لە مالّی ئێمە، هەردووکیشیان کورت بوون، ژوانەکان هەر زۆر کورت بوون، کوڕی پیاوە مەستەکە گۆتەنی((بەشی ماچێکی قوولّ ناکات))، ئیدی مالّی ژوان وەها بوو، دیدارەکەش هەر بەشی نامە گۆڕینەوەیەك، هەر بەشی چەند چاوبڕکێیەك، هەر بەشی ئاو لە دەست وەرگرتنێکی دەکرد، ئەوە بوو مالّی دیدار،دەستگوشینێکیشی بە خۆیەوە نەدیت.. لە مالّی ژوان کەم زۆر کەم قسە دەکرا، جگە لە دوو سێ رستەی هەنگوینیی کوڕی پیاوە مەستەکە چ نەدەگوترا، لە مالّی دیداریش هەر چاك و چۆنی بوو، یان پرسیارێکی وەڵام کورتی بیرکاری، هەرچی قسە هەیە لە نامەکان بوو، نامەکان ئای نامەکان، چەند بە قسە بوون، ئەو هەموو سالّە حەفتانە نامەی درێژ زۆر درێژ، کوڕی پیاوە مەستەکە گۆتەنی: ((نامەی درێژ، درێژ هێندەی قژی خاوت، خۆزگە ماچەکانیش هێندە درێژ دەبوون)) نامەکان درێژ بوون، نامەکان زۆر بوون، حەیف بۆ نامەکان! هەموویان ژمارەم لە سەر دانابوون، با هەر من بزانم دوا نامە ژمارە چەندی بەسەرەوەیە، نامەکان، چ هەبوو لە نامەکاندا جێی نەبێتەوە، لە دەستگوشینەوە تا دەگاتە پۆستەر لە دیوار دان، لە ماچی لێوەوە تا چوونە سەر جادەو خۆپیشاندان، لە بیرمە جوان لەبیرمە هەر دەڵێی نامەکەم لەبەردەستە و دەیخوێنمەوە، لە نامەی ژمارە رەنگە ژمارە سەرەتاییەکان بووبێت،لە وەڵامی نامەیەکی منداا نووسیبووی:

((من حەزناکەم، تۆ خۆت لە کاری ئەوها بدەیت، تکات لێدەکەم وازبێنە و خۆت تووشی گرفت مەکە، بچۆ ئەگەر هەر سووری لە سەری لەبەر خاتری چاوەکانت لەبەر خاتری خاڵی گەردن دێم لەگەڵت بەڵام تووڕە مەبە دواجارم دەبێ.. باشە گوڵی من، سبەی شەو لەوێم))

لەکاتی خۆی گەیشت، شان بە شانی یەکتر رۆیشتین، لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

+ چەند خۆش بووئەو رێیە رێی ژوانمان با نەك..

- وا بزانە بۆ ژوان دەچین

+هەی لەو ژوانە! کەمێك بیر لە خۆمان بکەوە..

- دەستتپێکردەوە! ئەگەر دەترسیت بگەڕێوە، من بە تەنێ دەچم..

+ کچێ من لەبەر تۆمە، تێمبگە..

- تێدەگەم، تۆ لە من ناگەیت..

+ باشە تێگەیشتم

گەیشتین، جێگەی ئەوم دیاریکرد، سەری کۆڵان، دەیویست خۆی کارەکەی من بکات،نەمهێشت، دوو پۆستەرم هەڵواسی و گەڕامەوە لای، بە هەناسبڕکێوە گوتی:

+ تەواو، بچینەوە؟

- دوو جێگەیتر ماوە

+ ئۆف، لە تۆ!

- ئۆفی ناوێ، دەی

هەرچی پۆستەری ناو جانتاکەم هەبوو ئەو شەوە هەموویم لەوێ لە سەر ڕێی قوتابخانە، دوو دانەش لە تەنیشت دەرگای سەرەکیی قوتابخانە یەك لای ڕاست، یەك لای چەپ هەڵواسی، دوور بە دووری هەتا نزیك مالێ لەگەڵم هاتەوە، پێش جیابوونەوە، لێم نزیککەوتەوە، بە پێکەنینێکی شیرینەوە:

+ وا دەزانی من بە خۆرایی لەگەڵت هاتووم!

- سبەی چاوەڕێم بە، ماچێکت قەردارم

+ ماچی قوولّ..

ئەو ڕۆژەی کە دەبوو من قەردی کوڕی پیاوە مەستەکە بدەمەوە، ڕۆژێکی درەوشاوە بوو، بەیانیەکی نەوازە بوو لە ژیانی من، کە دەمدیت قوتابیان لە پۆستەرەکە وردەبوونەوە، بست بست بالاّم دەکرد، هێشتا وانە دەستپێنەکردبوو، هەوالّی پۆستەرەکان بە هەموو قوتابخانەدا بلاّوبۆوە، دەمویست بە هاوڕێکانم بلێم: جوان تەماشای بکەن، ورد بیخوێننەوە، ئەوە من هەڵمواسیوە.. پەشیماندەبوومەوە.. بەڕێوەبەرەکە کە کچێکی قەیرە بوو، ئێستاش هەر کچە، زراوی چوو بوو، بە لە خۆدان لە خۆی دەدا، چاوەڕوانیی کارەساتێکی گەورەی دەکرد، شێوا بوو، خراپ شێوابوو، دەست و پێی خۆی نەدەدیتەوە، ئەو سەر و ئەو سەری دەکرد، ئەو بەیانیە من و بەڕێوەبەری قوتابخانە چەند دژ بەیەك بووین، من لە دڵخۆشیدا بالّم لێرسکابوو، ئەو لە دڵتەنگیدا خەریك بوو برژێتە زەویەوە، زۆربەی قوتابیان دڵیان بە پۆستەرەکان خۆش بوو، هەشبوو لێو و لچی هەڵدەهێنا، هەشبوو بە هەندی وەرنەگرتبوو، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت، قومری وچەند هاوڕێیەکم تێگەیاند کە بە دەنگی بەرز دڕووشم بلێینەوە، پێیانخۆش بوو، لەگەڵ لێدانی زەنگ، دەنگمان هەڵبڕی، زۆری نەبرد قۆتابخانە بووە گەروویك لە دەنگ، زەنگ زەنگی هەڵبڕینی دەنگی قوتابخانە بوو، قوتابخانە یەك بە دەنگی خۆی ئەو دڕووشمەی دەگۆتەوە کە لە پۆسترەکەوە پەڕیەوە زاری قوتابخانە، قوتابخانە دەنگی هەڵبڕێ لە پەنجەرەکانیەوە دەنگ دەگەیشتە هەموو مالێکی شار، من هەستمدەکرد دەگاتێ، زۆری نەبرد، بە قەد ژمارەی کچانی قوتابی پیاوی جلك زەیتوونیی چەك بە دەست و داربەدەست رژانە گۆڕەپانی قوتابخانەوە، کەم کەم قوتابخانە دەنگی هێواش دەکردەوە، هێواش، هێواشتر، دەنگ نەما، جلکزەیتوونیەکان بە ناو وەربوون، باش بوو ئەو جارە کەسیان لەگەڵ خۆیان نەبرد، من دامنابوو بیانەوێت هەر قوتابیەك ببەن خۆم ئاشکرابکەم و نەهێڵم کەس لە جیاتی من بسووتێ، هەر بە ڕاستی وام دانابوو، بەلاّم نازانم وامدەکرد یان نا..

ئەو ڕۆژەی پۆستەرەکان قۆتابخانەیان هێنایە دەنگ و هەموو شار گوێی بۆ هەڵخست، من بە فڕین بە سەر شاردا لە شەقەی بالّم دەدا، دەمویست بە گوێی شاردا بە دەنگی بەرز بخوێنم و بلێم: خەڵکینە پۆستەرەکان من هەڵم واسین و کوڕی پیاوە مەستەکەش یارمەتیمی دا، چاودێریمی دەکرد.. ئای بۆ ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی نوێ بوو، ڕۆژێك بوو هیچ پەیوەندیەکی بە ڕۆژانی پێشترەوە نەما،ڕۆژێك دابڕاو لە ڕۆژان! بەلاّم قەردەکەم لەبیرنەکرد، کاتێ لە قوتابخانەوە دەچوومەوە مالێ دەبینم کوڕی پیاوە مەستەکە بە دوامەوەیەوە،

دوور بە دووری بە دوامەوەیە، بۆ سۆراخی من هاتبوو، لە سەرە کۆلانەکان خەڵك چاوەڕێی هاتنەوەی منداڵەکانیان دەکرد، باوکم بە دیتنی من وەگ گوڵ گەشایەوە، بابم کوڕی پیاوە مەستەکەی خۆشدەویست، بە زۆر هێنایەوە ماڵ، نیوەڕۆیەکی چێژاوی بوو، نیوەڕۆیەکی سەررێژ لە مێوان بوو، خواردن تامێکی وای دەدا قەت نەیداوە، تامی لە ئەنجامی هەڵواسینی پۆستەرەکانەوە وەرگرتبوو، تامی لە دانیشتنی کوڕی پیاوە مەستەکە وەرگرتبوو، ئەو نێوەڕۆیە باس هەر باسی دەنگهەڵبڕینی قوتابخانەکەی ئێمە بوو، هەموو چاویان لە دەمی من بوو، چەند بە دڵ و داو بۆم دەگێڕانەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە چاوی لە سەرم هەڵنەدەگرت، بە چاو ئاگادارمی دەکردەوە، هەڵە نەکەم، ، هەر بە چاو دڵنیام دەکردەوە، کەخەمی نەبێت هەڵواسینی پۆستەرەکان بە نهێنی دەهێڵمەوە، مێوانێك پرسی:

باشە خۆ ئەوە یەکەم جارنیە پۆستەر بە دیوارەوە هەڵواسرێ، بۆچی ئەو جارە ئەوەی لێکەوتەوە؟

بابم لە وەڵامدا گوتی:

- تەقینەوەش کاتی خۆی هەیە، جگە لەوە رەنگە چەند کەسێك دەسپێشخەریان کردبێ

میوانێکیتر هەڵیدایێ:

+ وایە، شار لە سەر پێیە بەڵام پێویستی بە...

نیوەڕۆیەکی پڕ لە قسەوباس بوو، قسە لە بارەی هەستانەوەی قوتابخانەکەی ئێمە.. لە سیمای کوڕی پیاوە مەستەکە کەمێك بێزاریم خوێندەوە، بە چاو تێمگەیاند کە برۆوە بۆتەوەی قەردەکەت وەربگریتەوە، پێمسەیر بوو بە نابەدڵی هەستا، بەڵام من دوای کەمێك بە دڵ بە دوایدا چووم..

کاتێ گەیشتمە ژوورەکەی، سەری بە سەر کتێبێکەوە بوو، کتێبی قوتابخانە،عاجز عاجز، بە ساردی وەڵامی دەدامەوە، سەری بەرزنەدەکردەوە، دیار بوو لێم دڵگرانە، تێگەیشتم خەمی منیەتی، نایەوێت بەڵایەکم بە سەربێت، لە تەنیشتیەوە دانیشتم، سەری هەڵنەبڕی، سەیرە، چەند جارە رەنگ نەبوو لێینزیك ببمەوە، بێ بسمیلا لێوی بۆ لێوم دێنا، دەستەکانی بۆ گوشینی مەمکەکانم هێڕشیان دێنا، کەچی ئەو جارە وا هەناسەم خەریکە مووی سەر سینگی دەڵەرێنێتەوە، ئەو سینگە مەواویەی حەزمدەکرد لە سەری بخەوم، لە منداڵێکی ساوا پتر بخەوم، ئەو هەر بێ هەست و خوستە، من ناچار بووم بۆ یەکەم جار دەسپێشخەری بکەم، دەستم برد، کەمێك چەنەگەیم بەرزکردەوە و لێوم بە لێویەوە نا، باوەشی پێمدا کرد گوتی ((ئەوە خۆت هاتی، بزانە چیت لێدەکەم)) مژی، لێومی مژی، ئەو لێوانەی بێ سووراو سوور سوورخۆی گوتەنی((کەوی کوێستان سووراییان لە لێوی تۆوە خواردۆتەوە بۆیە دەندووکیان وا سوورهەڵگەڕاوە))، دوگمەی سینەمی ترازاند و لێوی گواستەوە سەر مەمکەکانم،ئەو مەمکانەی کە رێك پڕ بە چنگی ئەو بوون، لەو ساتە گۆرانیەکە:

با وا بێ با وا بێ

دەستم لە مەمکی دابێ

ئەگەر مەمکان ئەزیەت دەم

پێنج پەنجەم هەڵوەرا بێ..

توند توند، ئەو مەمکانەی جگە لەو دەستی کەسیان نەگەیشتبووێ، ئەومەمکانەی خۆی گوتەنی((ئەو دوو مەمکە دوو هەناری خودایین بە درەختێکی خودایییەوە)) دوعای دەکرد((خودایە،ببیە دایکی حەفت منداڵان و هەر ئەوها بمێننەوە، خودایە گوناهت دەگاتێ ئەگەر شلیان بکەیتەوە)) ئۆی چۆنی دەمژی، هیچ منداڵێك مەمکی

دایکی وا نامژێت، ئەو ساوایانە مەمکی دەمژی و من نزیك لە دایکانە چاویم ماچ دەکرد، ئەو چاوانەی خۆی گوتەنی ((هەمیشە لە سەر تۆن و ناچنە سەر کەس، تۆ دەبینن و بەس)) لەو وەختە ناسکە بابم بانگمی کرد، ئا دەنگی بابم بوو، کچ دەنگی بابی خۆی ناناسێتەوە! پالێکی توندم پێوەنا، تووڕە بوو، پێکەنی.. ئەگەر دەنگی بابم نەهاتایە دوور نەبوو بە تەواوی خۆمی بۆ شل بکەم، دوور نەبوو رێی بدەم نەشتەرگەریە گەورەکەم بۆ بکات، دەزانن ئەو رۆژە چەند دڵخۆش بووم، چەند چێژم لە ژیان وەرگرتبوو، دەمویست چێژێکی واش بدەمە کوڕی پیاوە مەستەکە هەتا تەمەنێك لێی نەبێتەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە چەند جار بە منی گوتبوو: ((بە چاوی تۆ جگە لە تۆ تامی هیچ مێیینەیەکم نەکردووە))

لە هەستاندا نامەیەکی خستە دەستم، لە هاتنە خوارەوەدا، پیاوە مەستەکەم دیت، لە پەنای دارزەیتوونەکە نازانم خەریکی چی بوو، رەنگە منی نەدیتبێ، هەر لە کۆڵانێ نامەکەیم کردەوە، رەنگە کورتترین نامەی ئەو بووبێت:

((تکا دەکەم وازبێنە، تۆ شتێکت لێبێت من ناژیم))

-٥-

كوڕی پیاوه مەستەكە:

تا لە سەر دەرگاكەوە گەیشتە بن دارپرتەقالّەكە چەند سالّی ویست! كەسێك پەری باش بناسێ دەزانێ لەو نێوانە چەند كێوی بە ئاسماندا چوو، چەند رووباری سەرشێتی لە چیا تووڕە هەیە، هەر كەسێ پەری بناسێ دەزانێ نێوان سەر دەرگاو بن دارپرتەقالّەكەی حەوشەی مالّی پیاوە مەستەكە رێگەیەكی چەند دوورە، كەس نیە وەك من پەری بناسێت.. لە بیرمە لە سێی سەرەتایی بووم، بوومە برادەری منداڵێك لە خۆم گچكەتر لە پۆلی یەك بوو، لە كاتی پشوو پێكەوە گەماناں دەكرد، باوكی منداڵەكە باخەوان بوو لە باخچەیەكی نزیك قوتابخانەكە، هاوڕێی مامۆستایەكان بوو زوو زوو دەهاتە قوتابخانە، كە زانی من و كچەكەی برادەرین، دەهات دەستی بە سەرمدا دەهێناو چوكلێتی دەدامێ، خۆشیویستم، من لەو تەمەنەوە پەری دەناسم، مالّیشمان چەند كۆلّانێكمان نێوان بوو، هێشتا خۆم نەناسیبوو عاشقی بووم، دەمویست ماچی بكەم، گەورەتر بوو تامەزرۆتر بووم، بەلاّم ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو، وەك هاوڕێیەك تەماشای دەكردم و تەواو، گەورەتر بووین، عاشقتر بووم، هەرچی ئاماژەی عەشق هەیە بۆیم دەكرد بەلاش بوو، چەند جار راستورەوان پێیم دەگوت(خۆشتم دەوێ) هەر گوێی لێنەبوو، جارێك نامەیكی دوور و درێژم بۆی نووسی و دامێ، وەلاّم بووە بەردی بن گۆم، تووڕە بوو، چەند مانگ هەر خۆی نیشانم نەدا..

گەیشتن بە بن دارپرتەقالّەكە هەر وا ئاسانە! ئەو دار پرتەقالّە بە دەستی خۆم لەگەڵ دار هەنارەكە لە رۆژێكدا چاندمن و گەورەم كردن،گەیشتن بەوێ وا ئاسانە! لێكردنەوەی پرتەقالّێكە یان هەنارێكە لە دار! گەیشتن بەوێ سەخت بوو، سەختتر لە سەرخستنی رووبار بە چیایەكی سەخت، هاتنی پەری بۆ بن دارپرتەقالّەكە، سەختتر بوو لە هاتنی میللەتێك بۆ سەر ئاییینی پەیامبەرێك، كوڕی پیاوە مەستەكە هێندەی پەیامبەرێك رەنجی كێشا تا پەریی لە سەر كۆسپی دەرگاوە راكێشایە بن دار پرتەقالّەكە، ئەو ئێوارەیەی كوڕی پیاوە مەستەكە بە مرازی پەیامبەرانەی خۆی گەیشت، پەریی بەژن رێكی كەمەر باریك هێشتا هەر لە قۆناخی ناوەندی بوو، مەمكەكانی دوو هەناری بچووك، بچووك هەر هێندەی هێلكەی بارۆكە بوون، ئەو ئێوارەیە پەری لێوەكانی هەر دەتگوت گوڵە هەنارن، قژە خاوە زەردەپەڕیەكەی ئەو قژەی هی ئەوەیە منی پێهەڵواسن! چاوەكانی ئای لە چاوەكانی، كێ رەنگی چاوەكانی هەڵدێنێ! خۆزگەم بەو ساتەی خۆم كە پەریم راكێشایە بن دارپرتەقالّەكە..

من لە مەستی نەچووبوومەوە سەر پیاوە مەستەكە، هەرگیز پێكێكم هەڵنەدابوو، بە منداڵی لە كۆڵان لە ناو ژنان كەگوێم لە دەستەواژەی(عەرەقخۆری سەرسەری) دەبوو، نیگەرانی دایدەگرتم، زۆر جار دەهاتە سەر زمانم بە بابم بڵێم: ((بابە، واز لە عەرەق بێنە، دەنا پێتدەڵێن سەرسەری)) دەمگێڕاوە، شەرمەدەكرد، ئێستاش ئەگەر لە دەست من با لە چیرۆكی پەری، من ناوم دەبووە (كوڕە مەستەكە) نەك بە كوڕی پیاوە مەستەكەناوم بچێتە چیرۆكەوە، من تا لەبن دار پرتەقالّەكە لە لێوی پەری ماچە خودابیەكەم لە ژیانم تۆمار نەكرد، نەمدەزانی مەستی چیە، لەو رۆژەوە من مەستم، بابم هەرچی عەرەقی دنیا هەیە بە سەر لێویەوە بكات وەك من مەست نابێت، من كوڕە مەستەكەم، بەلاّم كوڕی پیاوە مەستەكەشم لێدێ، ئیدی كوڕی پیاوە مەستەكە منم، من ئەو كوڕەی بە هۆی پەریەوە شا كوڕی گەڕەك بووم..

من و پەری هەر لە سەرەتاوە لە زۆر شت جیاواز بووین، ئەو لە سیاسەت نەدەبۆوە، دەیگوت:

سیاسەتیش جۆرێكە لە ماچ، لە زۆر ساتەوەخت تامی تایبەتی خۆی هەیە..

من له سیاسەت هەڵدەهاتم و دەمگوت:

بە چاوی تۆ چ تامی لێوەرناگرم..

ئەو دەیگوت:

چاوی من بە هەند وەرگرە، تۆ خۆ تامت نەکردووە چووزانی تامی چی دەدات!

ماچێکی چاویم دەکرد ئەو هەتا چیرۆکێك رۆمانێك هەبا چاوێکی بە کتێبی قوتابخانەدا نەدەگرت و دەیگوت:

جوانیەکان لەو کتێبانەن،ئەو کتێبانە بە جوولەت دێخن، هی قوتابخانە دەتکەن بە بلۆك..

من سەیری رۆژنامەشم نەدەکرد، وابزانم ئەودەم تەنها کتێبێکم خوێندەوە ئەویش پەری بە دیاریی پێیدابووم، دەمگوت:

دە وەرە باوەشم، بزانە بلۆکم یان.. کچێ، کتێبەکانی قوتابخانە ئایندە دیاری دەکەن،..

پەری دەیگوت:

هی من دیاری ناکەن..

ئەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بوو، دەیگوت:

خۆشە لە هەر کۆڵانێك هاوڕێیەك، ناسیارێکت هەبێت، من پێویستم بە شارێك هاوڕێ هەیە..

من هەمووی چەند برادەرێکم هەبوو،دەمگوت:

چەندی برادەر کەمتر بێ، گرفت کەمترە..

بەڵام ئەو جیاوازیانە، ئەو دژانە بە چی دەچن، چ دژێك توانای دژایەتی عەشقی هەیە! خۆزگە هەموو دژەکان لە دژایەتی عەشق ماندوو دەبوون، دەبەزین، من بۆ گەیشتن بە دڵی پەری هەموو شتێکم کرد، چاوم لە جیاوازیەکان دەپۆشی،دەمویست بۆ هەمیشە لە دڵی وی بمێنمەوە، دوای ئەوەی وەك جوگرافیاناسێك زۆر جێگەی لەشی پەریم پشکنی، ناسی، بوومە لەشناس، نەمدەتوانی دەستبەرداری ئەو دیاریە بم دیاریەك لە خوداوە بۆ من هاتبوو، لە دنیایێ هیچ لەشولاری وەك پەری هەیە!! مەمکەکان، ئای مەمکەکان، من شایەدم بە سەر پێگەیشتنی مەمکە فەریکەکانی پەریەوە، چەند فەریك بوون، شایەدی حەفتانەم بە سەر مەمکەکانیەوە، من باخەوانی سینە و مەمکان بووم، من ناوم لە دەستەکانی خۆم نابوو مەمکپێو، مانگ بە مانگ دەمزانی ستیانەکەی چ قەبارەیەکی بۆ دەبێ، هەرچەند کەم مەمکەکانی دەخستە زیندانەوە، مەمکی پەری پێویستیان بە ستیان نەبوو، مەمکی پەریان ستیانیان بۆ چیە! حەفت پایز چەند حەفتەی تێدایە، هەموو حەفتەکانی حەفت پایزەکە نا، بەڵام زۆرینەیان من دەستێکم لە مەمکی پەری داوە، جا لە سەر کراس بێ یان بە رووتی، زۆرجار لە نامە بۆیم دەنووسی:

حەفتەیەك دەبێت نەمدیوی، زوو وەرە بزانم، هەنارەکانت چەند گەورەتر بوونە، توندترن یان نەرمتر..

جارێك وای وەڵام دابوومەوە:

هەستدەکەم پەنجەکانت بە هەنارەکانمەوە بەجێماون، تۆ لە پەنجەی خۆت دەپرسیەوە یان لە هەنارەکانی من..

ئەوهام وەڵام دایەوە:

با تا قیامەت پەنجەکانم بە هەنارەکانتەوە بن..

جارێك رەنگە بە مەستی بووبێت بۆ تازە برادەرێکمم گێڕایەوە:

من کچێکی تەمەن پازدە ساڵیم خۆشویست حەفت پایزی خشت مەمکەکانیم لە ناو دەستی خۆم پەروەردە کرد..

برادەرەکە هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و گوتی:

تۆ بەختەوەرترین کوڕی، خۆزگەم بە خۆت، ئەوەی خوا بە تۆی داوە بە پەیامبەریشی نادا..

پایزی حەفتەم بوو لە نامەیەکدا ئەوهام بۆ پەری نووسیبوو:

پەریەکەم، لە بیرتە حەفت پایزە لە ناو دەستی خۆم مەمکەکانت گەورە دەکەم، با هەر لە ناو دەستم بمێننەوە بەاڵم پێیانبڵێ گەورەتر نەبن..

پەری ئەوهای نووسیبوو:

باشترە کەمێك گەورەتر بن، چونکە کاتی ئەوە هاتووە، بەشی منداڵیشی پێوەبێت، وا نیە؟..

وایە کاتی هاتووە، من دەبێ پەری بە یەکجاری بێنمە ماڵەکەم، بیهێنمە ئەو ژوورەی حەفت پایزە جێژوانە، ژوانی کورت کورت..بەاڵم پێش ئەوەی بیگوازمەوە وا باشە بە هەرشێوەیەك بێت لەو مەترسیەی دوورخەمەوە کە قەستی سەریەتی و بە دواوەیەتی و خۆیشی لێی بێ ئاگایە، ئەو کچە دەبێت بێتەوە سەرخۆی، دەڵێی ژیانی خۆی دۆزیوەتەوە، ئەدی هی من! ئەوەی ساڵی پێشوو رووبدا گاڵتە نەبوو:

لە پەنجەرەوە دیتم رایدەکرد، قەت بەو حاڵەوە نەمدیتبوو، کە پەری هاتە ژووری ڕەنگی پەڕیبوو، ئەو ڕەنگە قەت ڕەنگی پەری نەبووە، وەك ئەوەی بە حەفت پیاو دەسدرێژیان کردبێتە سەری، پرسیم:

چیتە، بڵێ، بۆچی وا پەشۆکاوی؟

بە هەناسەبڕکێوە:

ها، جارێ ئەوانە لە جێگەیکی قایم بشارەوە..

کۆمەڵێك بڵاوکراوەی لە جانتاکەی دەرهێنا، ئەو بڵاوکراوانەی بە من با، بوونیان نەبا، من لەو پتر پەشۆکام، بە ترسەوە هاوارم کرد:

دووریان بخەوە، لە منیان دوور بخەوە، بۆچی قوڕ بە سەرخۆت و مندا دەکەیت، بۆ، بۆ؟؟

بە شێنەیی گوتی:

باشە، تووڕە مەبە، ئەوجارە پەنام بۆ تۆ هێناوە، تۆش ئەوها دەمەوێنیەوە، کێ دەبێتە مێردم!

منیش کەمێك هێورببوومەوە و خەمبارانە گوتم:

کچێ، بۆتۆمە خۆت لەو ئاگرە دوورخەوە، بۆ دەتەوێ هەردووکمان بسووتێنی، دەبێت من بڵێم کێ دەبێتە ژنم!

پەری تووڕە بوو:

خۆ خۆم بە سەرتا نەبڕیوە،ژنێك بێنە بە دڵی خۆت..

دەستم بە قژیدا هێنا:

پەریەکەم، تووڕە مەبە، بێنە بچم بیانسووتێنم..

دەستمی هێنایە خوارێ، تووڕە نابم، بەاڵم ئەو بڵاوکراوانە بۆ سووتان نەهاتوونەتە ئێرە..

یەکپێ هەستا و ڕۆیشت، کەوتمە دوای نەمگرت، دوور بە دووری لە دووی ڕۆیشتم، دیتمی، وەستا، گەیشتمێ

+ به دوامدا مەیە

- دەترسم، خەمی تۆمە

+ مەترسە، جێگەی تر هەیە، بگەڕێوە، دەڵێم بگەڕێوە

گەڕامەوە، ئەو کچە نابێت وا کەلله رەق بێت، ژنی من نابێت بە دەستی خۆی من و خۆی بخاتە ناو ئاگرەوە، وا چاکە چارەی بکەم، رێگەیەك ببینمەوە رێگەی دەستەمۆکردنی بێ و لە قسەم دەرنەچێ، هەر ئەو رێگەیەی کە برادەرێك دەیگوت: هەموو کچێکی ئەو ولاتەی پێدەگیرێ، تەنها ئەوە چارەیە..

کاتێکی باشە بۆ دەستەمۆکردنی پەری بۆ دوورخستنەوەی لە ئاگری سیاسەت، هەردووکمان رێککەوتووین کە وادەی داخوازی هاتووە و دەبێت بێمە پێش، قسە لە ناوی یەکەم منداڵیش کرا، من دەبوو پێش ئەوەی بنێرمە داخوازی کاری خۆم بکەم، ئەگەر بە زۆرەملێش بێت ئەو نەخشەیەی لە سەرمە هەر لەو ژوورە بینەخشێنم و وا بکەم پەری بە مەرجی من رازی بێت، مەرجی دوورکەوتنەوە لە ئاگر، ماوەیەکی باشیشە لە نامەکانم ئامۆژگاریی لە ئاگر دوورکەوتنەوەی ناکەم، لە سیاسەت، لە برادەر دوورکەوتنەوەی ناکەم..

پەری هات، لە تەنیشت یەك دانیشتووین، دەستم خستە سەر شانی ماچێکی چاویم کرد، بە دەم باسکردنی ناردنی دایکم بۆ لای دایکی ماچێکی لێوی دەکەم و دوگمەی سینەی دەترازێنم، زەردەپەڕ کەوتبوو، پەری پرچی کردبۆوەهەر رێك لە زەردەپەڕی بەهاران دەچوو، بەم دواییانە پەری کەمتر زەردەپەڕی هەڵدەدا، ئەوە یەکەم جارە پەلەی نەبێ، بۆ پەلەی بێت هەر چەند رۆژێکیترە ئێمە ژن و مێردین، هیچ قسەیەکی نایەتە سەری، هیچ گرفتێك لە گەیشتنمان بە یەکتر نیە، باوکی منی زۆر خۆشدەوێ، دڵنیام زۆری پێخۆشە ببمە زاوای، ئەوەی هەتا ئێستا ئێمەی نەکردۆتە ژن و مێرد، ئاگرەکەیە، من دەمەوێ لێیدوورکەوێتەوەو ئەویش رۆژ دوای رۆژ لێی نزیکتر دەبێتەوە، هاوڕێیەتیشی لەگەڵ کوڕان هێندە فراوانە، دڵم پێوەی بوو حەزمنەدەکرد لە کەس نزیکبکەوێتەوە، هەمیشە لە بن باڵی من بێت، من دەبێ هەر ئێستا چارەی ئەو گرفتە بکەم، ئێستا سینەی تەواو رووتە، قەت ئەوها رووت نەبووە، من ئێستا لە ناو قژە زەردە پەڕیەکەی پەریم، داپێوشیوم، پاڵم خست، لەو ساتە کاسێتەکەم گەیاندە گۆرانی:

یار بەرەو رووی مالآن هات دوگمەی کردەوە

شەو لە سەر سینەو مەمی رۆژم کردەوە

دەم لە ناو دەمە

دەست لە سەر مەمە...

لالۆ بم...

قەت پەری ئەوها شل نەبووە، ئاخر منیش قەت بەو شێوازە قسەم نەکردووە((ژنە جوانەکەم، قوربانی ژنە جوانەکەم دەبم، وای دانێ ئێستا شەوی بووك و زاواییمانە، دەی بۆم راکشێ با هەموو جێگەیەکی لەشت ببینم، بخۆم) لە سەری راکشام،لە ناوکی بۆ سەرەوە جێی پەنجەیەك نەما مژمژ نەیمژم، چاوی داخستبوو، وەها راکشابوو وەها خۆی شل کردبوو، کاتی بوو، نەدەبوو، لە دەستی خۆمی بدەم،دەبێ بڵێم لەو کاتە بۆ چەند چرکەیەك جۆرێك هەستکردن بە ناپاکی دایگرتم، بەڵام زوو رەویەوە ، من بێجامەم لەبەر بوو، تەنوورە رەشەکەیم هەڵداوە، مایۆکەی پرتەقاڵی بوو، ئێستاش رەنگەکەی لە چاومە، یەکەم جارم بوو ئەو جێیەی ژن ببینم، بە رووتی نەمدیت بەڵام وەك

رووت وابوو، وەك ئەوەی ئەوەی بکەوی بە سەر کانی نەمریدا وا کەوتمە سەری، رانەکانی توند دەکات، لێکیان ناکاتەوە، گوتم:

ژنە جوانەکەی خۆم، رانەکانت لێك بکەوە، من بەرگەم نەما، تو جوانیی خۆت رانەکانت لێبکەوە، تو نەرمونیانیی خۆت رانەکانت لێکبکەوە، دەی، گیانەکەم ئاگرم گرت، بکوژێنەوە، کچێ بەرگەم نەما، نە..

بە شەرمەوە گوتی:

منیش بەرگەم نەما، بەڵام..

وێستم بە زۆر بچمە ناو رانیەوە، پاڵێکی توندی پێوەنام، قەت نەمدەزانی هێندە بە هێزە، ئەو کچەی تازە هێند نەرم و شل بوو، دەتگوت هێز لە گیانی نیە، ئەو هەموو هێزەی لە کوێ کۆکردبۆوە، بە سەر خۆم نەهێنا داوای لێبووردنم لێبکرد، هەستایەوە ماچێکی چاومی کرد و گوتی:

هەڵیگرە بۆ شەوی..

لە دڵی خۆم گوتم، نا، بۆ ئەو دەم نا، بۆ هەلێکیتر..

پەری:

ئەگەر دەنگی باپم نەدەبوو، چۆن دڵم دەهات ئەو پاڵە تونده به کوڕی پیاوه مەستەکەوه بنێم، ئەو پاڵەی هەستمکرد له گوللەیەك قوولتر بریني خسته گیانیەوه،به چاوی خۆم بریندەکەیم دیت، ئەو نەیویست به سەرخۆی بێنێ، شاردیەوه، بەڵام من دیتم، گۆرانیەکەشم تاساند، له رێیێ سەرکۆنەی خۆمم دەکرد بۆچی به بریندارى و به تەنێ له ژووره‌کەیم بەجێهێشت، چ دەبوو ئەوجاره گوێم به دەنگی باپم نەدابا، ئەرێ من رەنگ نیە لێوم له لێوی ئەو کوڕه نزیکبکەمەوه، باپم دەنگمدەدا! دەستم بشکێ، بۆچی به دڵشکاوی به جێمهێشت، بۆچی پاڵمپێوەناو نەمهێشت، ئای چەند پارایەوه، به پارانەوەی وی وەك شەکری ناو ئاو دەتوامەوه، کەچی رەقیم نواند، باشه خۆ هەر چەند رۆژێکیتره من شەوێك به بووکی دەچمه ئەو ماڵه، بۆچی بۆ ئەو شەوەم هەڵگرت، خۆ ئەو دەمیش هەر ئەو تامه دەدا، رەنگه کەمتریش، خۆ لەو شەوه هێنده ناپارێتەوه، چەند خۆش بوو له ساتەکانی پارانەوه بمهێشتبا، خوا دەزانێت چ چێژێکم لێدەبینی، نا ئەو جاره ئەگەر پارایەوه بۆی رادەکشێم، با ئەوەی نەبووه ببێت، خۆ من هەر ژنی ویم، دەبمە ژنی..

له تەنیایەکی دڵشکاویدا به جێمهێشت، له کۆڵانێ دیتم له پەنجەره رووناکەکەوه تەماشام دەکات، وەخت بوو بۆی ئاگر بگرم، بانگمی کردبا دەگەڕامەوه.. چوومه لای خوشکترین خوشك، باسی دەنگی غەیبیانەی باپم بۆی کرد، ئەو دەنگەی سالانێکه هەر کاتێك جێگەیەکم بەر لێوی کوڕی پیاوه مەستەکه دەکەوێت، هێنده نابا دەگات و لێکمان دەکاتەوه، ئەو دەنگه جگه له راموسانی بن دارپرتەقاڵەکه، ماچی یەکەم، هاواری له هەموو راموسانەکان کردووه، ئای له دەنگی باپم، ئەو بابەی بەقەت دنیایەك خۆشمدەوێ،زۆر له کوڕی پیاوه مەستەکەشم خۆشتردەوێ، ئەو بابەی هەرگیز بۆ جارێکیش بێدڵی منی نەکردووه، هەر داخوازیەکم لێی هەبووبێ، لێی هەبێ، بێ سێودوو بۆمی هێناوەته دی، دڵنیام، هەرکاتێك بڵێم:

+ بابه دەمەوێ شوو بەو کوڕه بکەم..

دەڵێ، بێ دوودڵی دەڵێ:

برۆن به باوکی بڵێن مەلایەك لەگەڵ خۆی بێنێ..

ئەوه جاری یەکەمم بوو، دەنگی له نادیارەوه هاتووی باپم بۆ خوشکترین خوشك باسبکەم، خوشکترین خوشك تەواوێك راما، پێنەدەچوو چ سەرەدەریەك لەو دەنگه بکات، گوتی:

+ به من بڵێ لەو کاتەی ئەودەنگەت دێته گوێ هیچ قسەیەکی باوکتت بیرناکەوێتەوه؟

- نا، قسەی باوکم! نازانم، نا..

مێشکی خۆم گوشی چ قسەیەکی باوکمم بیرناکەوێتەوه، دەستی خسته سەر شانم:

+ بەڵام من زۆر جار گوێم له باوکت بووه که گوتوویەتی: کەس قسه له سەر کچی من نەکات، من کچی خۆم باش دەناسم، له ناو ئۆردووێك عەسکەریش بێت لێی ناترسم، کچی من هەڵە ناکات..

- ئێ، وایه، بەڵام....

ئەو رۆژه هەتا دره‌نگ لای خوشکترین خوشك مامەوه، دیار بوو له چاویدا خوێندمەوه هەواڵێك، قسەیەکی گرنگی له سەر زاره، بەڵام نایڵێ و دەیگێرێتەوه، چەندی هەوڵم لەگەڵی دا هەواڵ نەگوترا و قسەی دەهێنایەوه سەر من، لەو رۆژه دنیایەك رسته گوترا، هەره زۆریشی له بارەی شووکردنی منەوه بوو، له بارەی من و

کورِی پیاوە مەستەکە بوو، لە بارەی ئێوارە بەفراویەکە ئێوارە پرتەقاڵیەکە، ئێوارەی یەکەم ماچەوە بوو، لە بارەی گرفتی ئاگرەوە بوو، من بە درێژی بۆ خوشکترین خوشکم دەگێڕایەوە کە گرفتی کورِی پیاوە مەستەکە چی بوو، ئەوەتە بەرانبەر پەنجەرەی دنیا دانیشتووین، بە خوشکترین خوشکم دەگوت:

+گرفتی ئەو ئاگرە، ئاگری سیاسەت و ئاگری برادەری کورِ

- ئێ، ئەوە پێشتر بوو، نالێی ئێستا نەماون و باسیان ناکات..

- وایە هەر لەبەرئەوەیە لەو رۆژانە عەشقەکەمان دەچێتە قۆناخێکی نوێوە، قۆناخی هاوسەرگیری..

+ تۆ دڵنیای، چیدی گرفتی ئاگر سەرهەڵناداتەوە

- نزیکەی شەش مانگێك دەبێت بە یەك وشەش، بە ئاماژەیەکیش، ئەو گرفتە نەهاتۆتە گۆڕێ

وابوو، ئەو ماوەیە ئەوەی لێی نەدەدوا ئەو دوو ئاگرە بوو، نامەکانی هەر هەمووی لە بارەی خوازبێنی و مالّ و مالّداری بوون، لە بارەی عەشقی هەمیشەیی بوون، ماوەیەك هیچ نامەیەکی نەبوو گرفتی هەردوو ئاگرەکە هیچ نەبێ نەخاتە رستەیەکەوە، منیش هەمیشە پێداگریم لە مانەوەی ئەو دوو ئاگرە دەکرد، زۆری نەمابوو بە تەواوی لێی تووڕە بم و دەستبەرداری ئەو عەشقەبم کە ئێوارەیەکی پایزی لە بن دارپرتەقاڵێك چاندم و بەفر کلوو کلوو سپی کرد، ناخۆشی کردبوو، گرفتی کورِی پیاوە مەستەکە بریا هەر ئاگری سیاسەت با، کورِی برادەر لە لای من گرفتی گەورە بوو، گرفتی دڵپیسی، ئا من گەیشتمە ئەوەی کورِی پیاوە مەستەکە دڵپیسیم لێدەکات..جارێك لە نامەیەکدا بە تووڕەیی چەند رەستەیەکی تووڕەم بۆ نووسی:

((تۆ دەڵێی دڵپیسیم لێدەکەیت، گوێبگرِە لە لای من پیسترین پیاو ئەوەیە کە دڵپیس بێ، دڵنیابە ئەگەر هەر کاتێ دڵنیابم تۆ پیاوێکی دڵپیسی، پەیوەندیمان بە تەواوی دەپسێ و چیدی ناتناسم..))

ناهەقم نەبوو، دەبوو توندتریشی بۆ بنووسم، رۆژێك پرسی:

+ ئەوانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەکەیت، کورِن یان کچ؟

- کورِن هەموویان کورِن..

+ چۆن دەبێت کچێك لە ناو ئەو هەموو کورِانە..

- ئەگەر تۆ لە ناو حەفتا کچیش بیت، من ئەو پرسیارەت لێناکەم، بەڵام تۆ گوناهی، تۆ چەند لە ئاگری سیاسەت دەترسی دە هێندە زراوت لە ئاگری برادەری کورِ چووە، وانیە؟

+ تۆ بە هەڵە لە من مەگە.

ئەوانەی من کۆبوونەوەم لەگەڵیان دەکرد کچیشیان لەگەڵ بوو، بەڵام لە رقی پرسیارەکەی ئەو کچم نەخستە وەڵامەکەی خۆمەوە، ناهەقم بوو رستەی وا توندی بۆ بنووسم؟ لە وەڵامدا نووسیبووی:

((ئەوەی دڵپیسی لە پەریی ئاسمانێ بکات! خودا چی بە سەر دێنێ؟ کچێ، تۆ پەریی ئاسمانی، کچێ من دڵپیس نیم ئیرەیی دەبەم، حەزدەکەم ئەو پەریە ئاسمانیە هەمیشە لە سەر زەویی سینەم بێت و بە هیچ لایەکدا نەفڕێ، مەفڕە پەریەکەم مەفڕە)) نامەکەی نەبا دوور نەبوو نەنیشمەوە، من فڕیبووم، بە نامەکەی وەك زۆر جاریتر نیشتمەوە لە ژوورەکەی نیشتمەوە، ئەو کورِە چ جادوویەکی لە من کردووە، لەو دنیا کورِە بۆچی کورِی پیاوە مەستەکە منی حەیران کردووە؟

لە هەستاندا، خوشکترین خوشك دەستمی گرت و داینیشاندمەوە، بە قورگی پر گریانەوە:

+ ناتوانم لێت بشارمەوە

- دەمزانی ناتوانی، من هیچ شتێکم لە تۆ نەشاردۆتەوە، تۆش هەر ئەوها..

+ نامەیەکی گوڵنارم بینیوەتەوە

- گوڵناری بەهەشتیی خوشکت!

+ ئا، ها، بۆ منی نووسیوە..

بە نابەدڵی دایە دەستم،نامەکە سێ لاپەڕەی خەتداری گەورەی خەت کەمێك درشتە،ڕەنگی کاغەزەکە زەردباوە..

- ئەوە بە ئینگلیزی نووسراوە

+ نا پیتەکەی لاتینیە..

بۆ من خوێندنەوەی ئاسان نەبوو، وەك منداڵێك تازە فێری پیت لێکدان بێت، وا دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

((bo xuski temen heft saley xo…))

دەتگوت پێیخۆش بوو نازانم بیخوێنمەوە،لە دەستمی وەرگرتەوە و گوتی:

+ ئەوها بیخوێنیتەوە هەر لاپەڕەی ڕۆژێکی دەوێت

- تۆ بۆم بخوێنەوە

+ باشە، پوختەی نامەکە ئەوەیە کە مێردەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە، ئەویش جگە لە شێتبوون ڕێگەیەکیتری نەبووە هەڵیبژێرێ.

- مەگەر شێتبوون هەڵبژاردنە!

+ وەك لە نامەکە دەردەکەوێت خوشکی گەورەم بۆ خۆی شێتبوونی هەڵبژاردووە

-مەبەست ئەوەیە بە ئەنقەست خۆی شێتکردووە

+ نەخێر، ئەو شێتی بە ڕاستی بووە، شێتترین شێتی ناو شێتان بووە، لە هەموو پیاو وژنەکانی شار شێتتر..

- من لەوە تێناگەم

+ منیش تێناگەم، پەری، منیش تێناگەم، وازی لێبێنە

- باشە لە کوێت دیتەوە؟

+ لە ناو بەڕکی داخراوی ئەو جانتایە، ئەها تۆ چەند جار نەتدەگوت ئەو جانتایە چیە، منیش دەمگوت دیاریی خوشکی گەورەمە هەر دەبێت بمێنێت، ئۆی پەری هەر ئەوەتە لە بیرمە ڕۆژێك ئەو جانتایەی بۆم کڕی و گوتی: بۆ تۆ، بەڵام نایبەیتە قوتابخانە، نایبەیتە دەرێ، با هەر لە ماڵەوە بێت، با دەستی کەسی پێنەکەوێت، بۆ خۆت وردەواڵەی تایبەتی خۆتی لێهەڵگرە، باشە تەڕیشی نەکەیت..منیش بە قسەم کرد ئەو جانتایە تەمەنی چواردە ساڵە..

- باشە زانیت نامەی تێدایە، کێ پێیگوتی؟

+ خەون، پەری، خەون، لەو شەوانە خەونم بە جانتاکەمەوە دیت، لە بیرتە پێش چەند ساڵێك تۆش خەونت بە جانتاکەمەوە، دیت؟

- من خەونم پێیەوە دیت!

دەمویست خەونەکە بیرخۆم بێنمەوە، بە بیری هێنامەوە:

+ ئا، لە خەونەکەی تۆ جانتاکەی من لە هەموو جانتاکانی دنیا جوانترە، بە بەهاتریشە، بەڵام جارێ کەس بەهاکەی نازانێت..

وابوو، خەونەکەی من ئەوها بوو، پێیمگوت:

- ئەدی خەونەکەی تۆ؟

+ هی من! دیتم خوشکی گەورەم لای جانتاکە راوەستاوە،گوتی: ((ئەوە هەتا ئێستا جانتاکەت داخراوە!!))

هەر لە خەوەکە قیتبوومەوە غارم دایە جانتاکەم، بەڕك بەڕك کردمەوە، دەگەڕام نەمدەزانی بە دوای چیدا دەگەڕێم، وێنەی ئەو وێنەی خۆم هی تۆ، هی هاوڕێکانم سەراو بن دەکرد، چی ببینمەوە، بۆ دەزانم بە دوای چیدا دەگەڕێم، ئەو جانتایە شەش بەڕکی تێدایە زنجیری هەریەکەیانم شەش جار پتر دەکردەوە و دادەخستەوە، پەری ئەها وەرە تەماشاکە، ئەوەتە لێرە ئەو جێ دروومانەم دیت، یەکسەر هەڵمەوەشاندەوە، دیتمەوە نامەکەم دیتەوە، پەری ئەونامەیەم، نامەی خوشکی گەورەم لە بەڕکی حەفتەم دیتەوە، نامەی شێتبوونم دیتەوە..

دەستم بۆ نامەکە برد- هەر لە ناو دەستی بوو-ویستم بە چاوی خۆم بیخوێنمەوە، دەستی کێشایەوە:

+ لێگەڕێ، خوێندنەوەی ماندووت دەکات، خۆ فێرە خوێندنەوەی لاتینی بکە هەینێ بیخوێنەوە

- باشە، وا دەکەم

خودایە ئەو نامەیە هیچ کێشەیەك بۆ کەس نەنێتەوە، هەستامەوە، تاوێ رووەو پەنجەرەی دنیای رووناك راوەستام و خوشکترین خوشکم لای نامەکەی خوشکی بە جێهێشت، ئێستا وا لە کۆڵانم بە پێش دەرگای مااڵی پیاوە مەستەکەدا بەرەو ماڵ دەبمەوە،هێشتا نەگەیشتبوومە سەری کۆڵانێ، دوو تورمبێل بە شێوەیەك ئیستۆپیان گرت و وەرسووڕانەوە پێشیان گەیشتەوە پشتیان، سێ چوار قات زەیتوونی پەالماریان دام، ئەو رۆژەی لێیدەترسام هات، کەوتمە ناو دەوی گورگان، کەوتمە تەنیاییەکی کوشندەوە، ئەو نەهات من بە پێی خۆم بۆی چووم ، دەزانن هاوارمنەکرد، نازانم نە هێندە نەترسام، نە حەپەسام و دەنگم گیرا،دیتم جانتاکەم دەپشکنن،بە عەرەبی گوتیان:

+ ناسنامەکەت بێنە

- هەڵمنەگرتووە، لە ماڵەوەیە

+ ماڵتان لە کوێیە؟

- لێرەوە دەڕۆی پێنجەمین کۆڵان

+ با بچینە ماڵتان

- دەچین

لە نێوان خۆیان کەوتنە ورتە ورت، هیچیان تێنەگەیشتم، خەڵك لە سەر دەرگاکانەوە وا بزانم تەماشایان دەکردم، ئای لەو تەنیاییە ترسناکەی دەوری داوم، لەو تەنیاییە ترسناکەدا پیاوە مەستەکە هەر ئەو و بەس پەیدابوو، رووی لە یەکێ لە قاتزەیتوونیەکان کرد:

+ ئەبو جاسم، چۆنی، ئەوە چیت داوە لە کچی من؟

- ئەوە کچی تۆیە؟

+ کەس کچی خەڵکی کردۆتە هی خۆی؟

- بە راست کچتە؟ ئەو دەڵێ مااڵمان لەو الیە

+ من و تۆ گاڵتەمان هەیە؟ ئەو دوو مااڵی هەیە،کچمە، وەك کچمە، هەر هەڵەیەکی بەرانبەرتان کردووە، من لێی بەرپرسم، وەرن من بپشکنن، من بگرن..

- نا، هیچی نەکردووە رەنگە هەڵەیەك هەبێت..

ئۆخەیش، چا نەبوو ئەوجارە جانتاکەم جگە لە کلێنس و چەند دینارێك و بۆنێك چیدی تێدا نەبوو، من بەختم هەیە، دەنا جانتای من کەی بێ پەڕە کاغەزی قاچاغ بووە..

لەو کاتەی ئیزرائیلەکان وازیان لێمهێنا، کوڕی پیاوە مەستەکەش پەیدا بوو بە هاتنی کوڕ، باوك بزر بوو، چ زوو دیار نەما.

+ چ بوو؟ هەناسەم گیرا..

- چ نیە،بە هەڵە دەوریان دام..

+ بەاڵم جارێکیدی بە راستی دەورت دەدەن

- مەترسە دەوری تۆ نادەن

+کچێ، شێتە، حەفتەیەکیدی ژنی منی، ئاخر..

- ناو کۆاڵنە جێی قسە نیە

ئەوە یەکەم جار بوو چەند کەسێکی کۆاڵن من و کوڕی پیاوە مەستەکە بە یەکەوە ببینن، بەاڵم رەنگە هیچ گومانێکی دروستنەکردبێ،قاتزەیتوونیەکان وەهایان پێنەکردم کەس هیچ گومانێکیترم لێبکات، لە رێیێ لەبەر خۆمەوە دەمگوت چ دەبوو، ئەگەر کەسێکم خۆشویستبا لە زۆر شت بە تایبەتیش لە سیاسەت کەمێك لێم نزیکبا، زوو ئەو ئارەزووە رەویەوە، ئەوجارە گوتمەوە، عەشق لە سیاسەت گەورەترە، دژەکان هەر هەموو دژەکان لە ناو عەشق جێگەیان دەبێتەوە، عەشق بە هیچ ناگۆڕمەوە، بۆ دەگۆڕێتەوە!

من دواتر بیستم، لە چەند کۆاڵنێك لەو الوە نزیك مااڵی موختار، پۆستەر هەڵواسراوە، گوایە پۆستەرهەڵواسەکە کچ بووە..

لە رێگەی گەڕانەوەم بۆ مااڵ چەند جارێ ئاوڕم دایەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە بە دوامەوە بوو... باش نەبوو، نەهاتن و مااڵیان نەپشکنی، خۆ زەحمەتە هیچ ببینننەوە، وەهام نەشاردوونەتەوە کەس بیانبینێتەوە مااڵ سەرو بن بکەن، جێی نامیلکە و پەڕە کاغەزە قاچاغەکان نابیننەوە، لە گەرماوێ لە بن مەنجەڵی ئاوی سارد، لە گەرماوی مااڵی ئێمە دوو مەنجەڵی گەورە هەیە یەکیان ئاگری لە بنە ئەویدی بۆ ئاوی سارد هەردووکیان لە سەر سێکوچکەی چیمەنتۆیین، سارەدەکەیان کەس ئەو بۆشاییە نابینێ کە کەوتۆتە بن مەنجەڵەکەوە، بۆشاییەك جێگەی نیو تەنەکە پەڕە کاغەزی لێدەبێتەوە، ئەو جێگەیە جگە لە من و بابم و خودا و نەخشەسازی گەرماو کەس پێنازانێت، بابم نەیدەتوانی دەسبەرداری ئاگری سیاسەت بێت، کاتێ زانی، منیش خۆم بەو ئاگرە گەرمدەکەمەوە یان دەسووتێنم، نیگەران بوو، بەاڵم رێگەی

لێمنەگرت و یارمەتیشمی دا، بابم پێشتر بەشداریی شەڕی چیای هەندرێنی کردبوو، دواتریش لە شار درێژەی پێدا، ئەو ئێوارەیە هاتنی ئیزارائیلەکانم بۆ باوکم گێڕایەوە:

+ چ نیە مەترسێ، ئەگەر مەبەستیان تۆ با رزگارت نەدەبوو، بەڵام دەبێت زۆر زۆر ئاگاداری خۆت بیت، بارو دۆخەکە ترسناکە زۆر ترسناکە، ئەو ماوەیە، دووركەوە لە پەڕەکاغەزەکان دوورکەوە

- بە قسەت دەکەم..

+ دەزانی دوێنێ شەو کوڕی نەفتفرۆشەکەیان لە ماڵ بردووە، تا ئێستا بێ سەرو شوێنە و سۆراخی نیە

- کوڕی نەفتفرۆشەکەی نزیك منارەی..

+ ئا، ئەو..

باش نەبوو ئەو دەمەی ئیزرائیلە قاتزەیتوونیەکان دەوریان دابووم هەواڵی دەسگیرکردنی کوڕی نەفتفرۆشەکم پێنەگیشتبوو، خۆ هەر لەوێ دەمردم، ئەگەر بابم دەزانێ کوڕی نەفتفرۆش یەکێکە لەوانەی لە هێڵی من ئیش دەکات، پێڕێ بلاۆکراوەی لە من وەرگرتووە، هەر ئێستا دەستم دەگرێ و هەتا قەندیلی بەفراوی ناوەستێ، ئەو قەندیلەی زۆر جار خەونم پێوەی دیوە، لە هەموو خەونەکان منیش رێبوارێك بوومە لە رێزی رێبواره هەمیشە ماندووەکانی.. بابم هەستی بە شلەژانی من کرد، تێگەیشت، شتێك هەیە، گوتی:

+ شتێکت لەگەڵ ئەو کوڕە هەیە؟

- نا، هیچ..

+ نە شەرم بکە و نە بشترسێ، چ هەیە بیڵێ

- شتی شەرمم لەگەڵی نیە، بەڵام ترس ئا..

+ مەترسێ، من ئەو کوڕە بناسم پەل پەلیشی بکەن سەری کەس بە قوڕدا راناکات، بەڵام وا باشترە، جێگۆڕکێیەك بکەین..

((ئۆی کوڕی نەفتفرۆشەکە بۆ گیرای؟ کەسێك زمانی لێدای؟ ئەو خواگیرە کێیە؟ دوور نیە بە هەڵە تۆیان بردبێ، تۆ من بتناسم وەك بابیشم دەتناسێت، خۆراگر دەبیت، بەرد بێتە قسە تۆ ورتەت لێوە نایە، هیچت لێهەڵناکرێنن، تۆ پیاوە ئازاکەی، دڵنیام پیاوە ئازاکەی..ناـ رەنگە، دەبێت، زیندان، ئەشکەنجە، ئەشکەنجە خوا دەزانێت چی لێدەکەن، تۆ بڵێی نەرووخێت، بەرگەگرتنیش سنووری هەیە، خودایە، هەرچی خۆراگری هەیە بیبەخشە کوڕی نەفتفرۆشەکە، باشە ئەوەی ئەوڕۆ پەیوەندی بەوەوە نەبوو؟ نا، بڕواناکەم))

+ چیتە؟ کچم دەڵێی وڕێنە دەکەیت، نەمگوت مەترسە، نا، مەترسە متمانەت بە من بێت هەر ئەو شەو، دەتبەمە جێگەیەك هەرچی سەگ و سواری حکوموت هەیە بە دواتەوە بن، بۆنت ناکەن، دەستیان ناتگاتێ، هیچ مەترسێ، لەو کوڕە مەترسێ..

- نا، ناترسم، تۆم لە پشت بیت شتێك نیە بمترسێنێ

ئەو شەوە میوان لە سەر میوان دەهاتن، مالی ئێمە قەت بێ میوان نەبووە، بەڵام ئەو شەوە رەنگی چ شەوان نەبوو، هەر میوان بوو سەلامی لە میوان وەردەگرتەوە، ژووری میوانان پەنجا کەسی دەگرت، میوان، میوان، میوانی ئازیزیش، کوڕی پیاوە مەستەکە لە ناو میوانان کز کز دانیشتبوو، لە

نێوان مێوانان ئەو کوڕەش کە بە کوڕە دەستگێڕەکە ناسرابوو، بە کۆمەڵێك قسەی نەگوتراوەوە لە سووچێك لە سەر چیچکان دانیشتبوو،کوڕە دەستگێڕەکە لە هێڵی من و کوڕی نەفتفرۆشەکە خۆی تووش کردبوو، لە چاویم خوێندەوە کە قسەی بۆم هەیە، بەلام کوا دەرفەت! من جار جارە دەچوومە ناومێوانان بەڵام پتر لە پەنجەرەکەوە تەماشام دەکردن، دیوی حەوشە دیوی من رووناك نەبوو، منیان نەدەدیت، لە ناو مێوانان من پتر چاوم لە سەر کوڕی پیاوە مەستەکە و کوڕە دەستگێڕەکە بوو، دیتم کوڕە دەستگێڕەکە هەستا، هەستانێك کەس لە بەری هەڵنەستا، دیار بوو هەستانەکەی هەستانی ئیشی سەر ئاوییە، بەڵام من تێگەیشتم، مەبەستی منە، چوومە ناو حەوشە، کە گەیشتە تەنیشتم، بە چرپە گوتی:

+ وا چاکە لە مااڵ نەمێنیتەوە، هەر ئەو نا چەند کەسێکیدیش دەزگیرکراون

- کێ و کێ ؟

+ ئێمە نایانناسین..

- باشە،وا دەکەم، بە باوکمم گوتووە، تۆش جێگەیەکی باش ببینەوە

+ خەمی منت نەبێ، جێم هەیە

کوڕی پیاوە مەستەکە لە دوای هەموو مێوانان هەستا، قەت نەبوو ئەو هێندە درەنگ هەستێ، لە هەستاندا لە نزیك دەرگای حەوشە دوور لە چاوان نامەیەکی هەڵدا و گرتمەوە..

بابی ماچ:

ئەو حەفتەیەی ماچ هاتە دنیایێ، خولیای خانوو لە سەرم گەڕا، بەڵام با هەر بگەڕێ، گەڕانێکی بێهوودە، ئەو دەمە بەتاڵترین بەڕك لە شار بە دەرۆزەکەرەکانیشەوە، جگە لە بەڕکی شێتەکان بەڕکی من بوو، بەڵام نەیانهێشت هەژاریم پێوە دیار بێت، شێتێك کە جاروبار شەوان بە مااڵ دەکەوتەوە، دیوار بە دیوارەوە بووین، مااڵمان رێك بەرانبەر پەرژینە لە چەند جێ رووخاوەکەی باخی گڵکەند بوو، سەر لە سبەینان سێبەری درەختە گوڵاوییەکەی ناو باخ دەگەیشتە سەر دەرگای حەوشەمان، شێتێك بوو زۆر جار بە شێت نەدەچوو، ئەو شێتە بە منی دەگوت:

((هەرکێ داوام لێبکات با بەڕکمان بگۆڕینەوە رازیم بەڵام لەگەڵ تۆ نایگۆڕمەوە)) هەر ئەو شێتە کە شەوانی گەرمی هاوین وا رێککەوتووە لەو دیوی پەرژینی باخەوە بە نزیك یەکەوە دانیشین، شەوێك لەو شەوانە لە بارەی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان لەبەر خۆیەوە قسەیدەکرد، لێیمپرسی، دوو سێ جار پرسیارەکەم دووبارەکردەوە:

+ جیاوازی من و تۆ لە چیدایە؟ من و تۆ وەکو یەکین؟ جیاوازیمان هەیە؟

- هەیە، جیاوازی هەیە، یەك جیاوازی هەیە

+ چیە، جیاوازیەکە چیە؟

- تۆ کرێچی من کرێچی نیم، هەر ئەوە و تەواو

من لە باریکی وادا خولیای خانوو کەوتبووە سەرم، قسەی شێتە گڵکەندیەکەش هانیدام کە بۆ گەیشتن بە پلەی شێتەکەو نەهێشتنی جیاوازیی نێوانمان، لەو رۆژەوە خۆم بە دار و بەرد دادەدا، پەنجا کار و جێی کارم گۆڕی، بەڵام خۆم لە هیچ کارێکی وا نەدا، گلەیم بێتە سەر نە گلەیی وێژدان نە هی کەس.. ماچ هەتا گەیشتە حەفت سااڵنیش من و شێتەکە هەر دیوار بە دیوارەوە بووین، ئەو رۆژەی کلیلی خانووەکەم وەرگرت، بە شێتەکەم گوت:

+ ئێستا من و تۆ جیاوازیمان نیە..

- نا، ئێستاش جیاوازین

+ لە کرێچێتی دەرچووم!

- دەزانم، بەڵام من بوومەتە کرێچی..

+ جیاوازیی پێشوومان لە هی ئێستامان خۆشترە

- نا، من جێگەم هەیە، باخی گڵکەند گەورەیە لە مااڵی خوا گەورەترە.

خانوو بە دڵی خۆمە، لە خانووە بڵندەکانی گەڕەکە، حەوشەیەکی گەورەی پڕ لە دار و بار هەر دەڵێی بە شێکە لە باخی گڵکەند، لە قاتی سەرێوە زوورگەکان، چیاکان جوان دیارن، لەوەتەی هەم حەزمکردووە لە خانوێك بم لە پەنجەرەکەیەوە چیا ببینم، ئەگەر کورێکم ببێ ناوی دەنێم سەفین، ئەو سەفینەی لە پەنجەرەوە لێم دیارە، ئەو پەنجەرەیەی لە یەکەم دیتنیەوە، بە عەشق عەشقی بووم حەزمکرد لێیەوە تەماشای شار بکەم تەماشای چیا بکەم، لێیەوە چاوەڕێی هەور و هەوری بەفراوی بکەم، لێیەوە با بگرمەوە، تالەکانی گزنگ لە دیدەم بنەخشێنم و بە سەردەرهێنانەوەش زەردەپەڕ بچنمەوە، ئۆخەیەش گەیشتمە ژوور و پەنجەرەی خۆم، گەیشتمە حەوشە و دار و درەخت و گوڵ و گوڵزاری خۆم، هەر زوو بەچاندنی چەند نەمامێك باخەکەمم ئاوەدانتر کرد، نەمامێك پرتەقاڵ، نەمامێك هەنار، نەمامێك..دیمەنێکی چەند ناسکە لقێك لە دار پرتەقاڵ لقێك لە دار هەنار، لقێك لە .. هەر یەکە

بە چەند پرتەقاڵێك بە چەند هەناریٚكەوە لە پەنجەرەی سەرێوە سەر بە ژوورێدا بكەن، ئەوەتا وا خەریكە ئەو دیمەنە دەبینم.. خۆزگە لە سەردەمی هەرزەكاریم ژوورێكی وام دەبوو، ژوورێك پەنجەرەكەی بە سەر كۆڵاٚندا بە سەر مالاٚندا بڕوانیٚ، چەند خۆش بوو ئەو دەم پەنجەرەیەكی وەك ئەو پەنجەرەیە هەبا بە سەر سینگی كراوەو رانی هەڵكراوی ئەو ژن و كچانەیدا روانیبا كە لە گڕ شووشتن و ماڵینی حەوشە و بەردەرگاكانیان بوون، بە سەر ئەو پەنجەرەو ئەو جێگە نەدیوانەی سەر بانەكانیدا ڕوانیبا كە جێگەی مەبەستداری كچان بوو، خۆزگە پێش ماچ ئەو ژووڕە دەبووە ماڵی من، حەیف ئەو دەم من پەنجەرەیەكم نەبوو بۆ تەماشاكردنی دیمەنە بەهەشتیەكان، ئێستاش دەڵێم خودایە وەك چۆن پاراستوومت هەر ئاوا بمپارێزە لە پەنجەرە كراوەكان..

تا سۆندەم دەستنەدایێ و دەستم بە شووشتنی ئەو ژووڕە نەكرد لە سەر دیوارەكانی هیچم نەدیت، پێشتر چەند جارێ سەرم بێرەدا كردبوو، دیواری ئەو ژووڕە وەك دیواری ژووڕەكانیتر خۆیان نیشان دابوو، هەر دەڵێی لە گەڵ پرووشەی ئاوی سۆندە ئەو هەموو نەخش و نیگارە نەخشان، ئەگەر سۆندەی ئاوەكەم نەبردایەتە ژووڕەكانیدی گومانم لە پرووشەی ئاوەكە پەیدا دەكرد، ئەو هەموو نەخش و نیگارە لە كوێوە هاتن، تۆ بڵێی چاوم ڕێشكەوپێشكە نەكات؟ چاوم هەڵدەگلۆفت، دەتگوت ناوە ناوە نەخشەكان نەدەمان، دەهاتنەوە، نەدەمان، دەهاتنەوە، ئا، نەدەمان و دەهاتنەوە، ئەو دیوارە دەڵێی دیواری جادووە، بۆ وا دەكات، ئەو نەخشانە چیان لە چاوی من دەوێ! دەڵێی كۆمەڵێك گلۆپی كزی نارنجین، هەڵدەبن و دەكوژێنەوە، چاوی من بۆ وا دەكات! دەبینێ و نابینێ، نا چەند ڕۆژە ئەو نەخشانە لێرە نەبوون، ئەگەر لێرە بان جارێك خۆیان نیشاندەدا، وەك ئێستا وا خۆ نیشاندەدەن، من حەفتەیەكە لەو مانگەم چەند جارێ سەرم بەو ژووڕەدا گرتووە، لەو پەنجەرەیەوە تەماشای دنیام كردووە، ئەو نیگارانەم نەدیتووە، نا هەبێ نەبێ چاوم تووشی نەخۆشی ڕەنگ بووە، تووشی نەخۆشیی نەخش بووە، لە خۆیدا نەخش دەنەخشێنێ و دەیسڕێتەوە، باشە بۆ لە ژووڕەكانیدی ئەو نەخۆشیەی نیە، سەیرە، ها..ڕەنگە لە سەر تێكچوون بووم:

چیتە؟ بۆچی وا شێتانە لەو دیوارە ڕاماوی و وڕێنان دەكەیت..

بە ئاگای هێنامەوە، نازانم گەیشتبوومە كوێ:

تۆ لە سەر دیوار هیچ نەخش ونیگارێك دەبینی؟

بە حەپەساویەوە:

بۆ نابینم، هێشتا بینابیم كز نەبووە

گوتم: لە كەیەوە لێرەن؟

بە شلەژانەوە:

ڕوونتر قسەبكە تێتناگەم

هەستمكرد سەرم گێژدەخوا، دانیشتم:

لەوە ڕوونتر، چەند ڕۆژە لێرە بوون، من ئەوڕۆ دەیانبینم، تۆ پێشتر بینیوتن؟

بە نا بەدڵی:

من تاقەتی ئەو پرسیارانەم نیە، لەوەتەی هاتووینەتە ئەو خانووە ئەو وێنانەش لەوێن..

هەستامەوە و دەستم خستە سەر شانی:

بە گاڵتەی وەرمەگرە من ئەوڕۆ دیومن بۆیە جێی پرسیارە..

گوتی:

سەرسوڕمانەکەت لەوەیە ئەو چەند رۆژە نەتدیون تازە دەیانبینی؟

گوتم:

ئەدی چی؟ کێشەی من لەوەیە، باشە تۆ بۆچی بە منت نەگوت؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

تۆ دەڵێی تێکچووی، یەکەم رۆژ کەهاتینە ئەو ژوورە نەمگوت دەلێی ئەو دیوارە نەخش و نیگاری پێوەیە، تۆ هەر گوێشت نەدامێ، ئێ خۆ تۆش تەماشات دەکردن، بۆ خۆت نەتدیتن؟

نا، بڕواناکەم من ئەو وێنانەم دیتبێ، قسەکەی ئەویشم نایەتەوە بیر، پێکەوە وێنە وێنە لا دیوار لا دیوار تەماشای وێنەکانمان دەکرد، دیاربوو زۆر کالبوونەوە، دیار نەبوون تابلۆن یان... جوان نەدەبینران، وێنەکان پێدەچوو وێنەکێشێکی کارامە کێشابنی، پرسیم:

+ تۆ هیچ لەو تابلۆیانە تێدەگەیت؟

- نا، دیار نین، دەبێت تۆ تێیانبگەیت، ئەدی ئەو هەموو چوونەت بۆ پێشانگاکان بەلاشە..

بەلاش بوو، وێنەکان کالبوونەوە، هێلەکان نەدەخوێنرانەوە، ڕەنگەکان چووبوونەوە، تێکەڵیەکی ئاڵۆز تێکەڵی ڕوانین دەبوو، بە خۆمم دەگوت دەبێت شتێکیان تێبگەم، دەبێت شتێك لە هۆی نەخشاندنی ئەو ژوورە بەو شێوەیە بزانم، ڕەنگە وێنەکێشەکە بدۆزمەوە، جارێك وێنەکێشێکی برادەرمم هێنایە سەر وێنەکان،هیچی تێنەگەیشت، بە چاویلکەی ورد تەماشای کردن، بە هۆی کالبوونەوە هیچی لێهەڵنەکراندن، هەندێك شتی گوت، بەڵام من لێیم وەرنەگرت، بەڵام دەیگوت((جێپەنجەی وێنەکێشێکی زۆر بە توانای پێوەیە)).. گوتم واباشە بە دوای خاوەن خانووەکە ئەوەی لێیم کڕی بگەڕێم، لە ڕێی دەڵاڵەکەوە دیتمەوە، حەیف ئەو هیچی لێنەزانی، کە بە منی فرۆشتبوو تازە کڕیبووی، نەچووبووە ناوی، سۆراخم کرد، لە ڕێی کوڕێکی دراوسێەوە کە چەند جارێ لە یانەیەك یەکترمان دیت بووینە برادەر، پێکەوتم کە خاون خانووەکە مالێك بووە ئێستا پەرتەوازە هەر یەکەیان لە شارێکن لە دوای ئەو مالەش جگە لە ئێمە کەسی نەهاتۆتێ، ، لێیم پرسی:

+ هیچیان وێنەکیش نەبوون

- نەخێر ئەوەی نەیانزانیبێ وێنەکێشی بووە، نەکچیان نە کوڕیان فڕیان بە سەر وێنەکێشیەوە نەبووە، بەوە دەزانم زۆر جار منداڵە گچکەکەیان کە مامۆستای وێنە داوای وێنەی لێدەکرد دەهاتە لای من وێنەیەکم بۆی دەکێشا..

حەفتە حەفتە مانگ دەهات و دەچوو، ساڵ هات و ڕۆیشت، وێنەکان وەك چۆن لە دیوارەکە نەدەبوونەوە، ئاواش لە ئەندێشەی من نەدەسڕانەوە، هەر لە هەفتەی دووەمەوە ژوورە جادوویەکەم کردە ژووری نووستن، هەر چەندە ئەو کەمێك نارەزایی دەربڕی، بەڵام رکەی نەکرد، دیوارەکە هەر بە ڕاستی بووە جادوو دەمدیت ڕوونتر خۆ نیشاندەدەن، وەك ئەوەی لە پشتەوە پەنجەیەك هەبێ هێلەکان تۆختر بکاتەوە، ڕەنگ بە ڕەنگەکان بداتەوە، وێنەکان لە شەواندا و بە تایبەتیش لە ساتەکانی سەرجێییدا لە بن تیشکی گلۆپەکە جوانتر دەدرەوشانەوە، بە تایبەتیش بە دەستپێدا هێنان، تێبینیم کرد چەندی پتر و نەرمتر پەنجەت بە دیوارەکەدا هێنابا، وێنەکان ڕوونتر دەبوون، شتێکیان لێ دەخوێندرایەوە، من قەت باوەڕم بە جادوو مادوو نەبوو، بەڵام لە ئاست ئەو دیوارە، چەند جار گوتوومە: تۆ بڵێی ئەو وێنانە وێنەی جادوویی نەبن! من دەمگوت:

+ لە چاوی من وێنەکان ڕوونترن، شەو دوای شەو ڕوونترن، دیارترن..

- منیش وایان دەبینم، بەلآم هێندە چاوتیان پێوە ماندوو مەکە، لە جیاتی ئەوان تەماشای منیان پێبکە..

+ لە چاوم نابنەوە

- وا چاکە دیوارەکە بۆیاخ بکەین و تەواو..

+ نا، وا مەڵێ ئەو دەستەی ئەو وێنانەی نەخشاندووە، زۆر رەنجی کێشاوە..

- ئۆی! ئەگەربە قسەی منت بکردایە ئەو خانووەت نەکڕیایە، ئێستا تووشی ئەو گرفتە نەدەبوویت..

+ بە راست، لە بیرمنەمایە تۆ بۆچی دڵت لە سەر ئەو خانووە نەبوو؟

- خۆ گوتم، من حەز بە خانوێك دەکەم رووە لە رۆژ...

خۆ منیش ئەگەر چیا دوورەکان نەبا،ئەگەر سپێتیی چیاکان نەبا منیش حەزمنەدەکرد پشتم لە رۆژ با، دەزانی چ رووناکیەك دەڕژێتەوە چاوەوە لە پەنجەرەوە تەماشای چیا تەماشای هەوریی بەفراویی سەر چیا، تەماشای بەفری چیا، ئەو بەفرەی لە چیاوە نەرم نەرم دێ و دەگاتە نزیك شار، تەماشای ئەو هەورە مێگەلیانەی با سەرەو چیا رایاندەدا، چ خۆشە پەنجەرەکەت رووە لە چیا بێت، پەنجەرەکەی من بە رووی چیادا کراوەیە، چیا لە پەنجەرەکەمەوە دێتە ژوورێ، من لەگەڵ جوانیەکانی چیا تێکەڵ دەبم، لە وەرزەکانی هەوردا تێکەڵی لووتکەکان دەبم، زۆر جار هەوری سپی من و چیا بە یەکتر دەگەیەنێ.. چ جوانە لە نێوان پەنجەرەو چیا چ دیوارێك هەڵنەچنرێ، من ترسم لێنیشتووە، رۆژێ بێ بالەخانەیەك قیتبێتەوە و ئیدی چیا نەیەتە ناو پەنجەرەوە، دەترسم دانە دانە بالەخانە لە نێوان چیاو پەنجەرە بەرزبنەوە و ئیدی گزنگ لە هیچ وەرزێ رێی بەو ژوورە نەکەوێت، من لە خودام داوایە،خانووەکان هەر نەوی بن، هیچ پەنجەرەیەك جێگەیەکی بڵندتر لە پەنجەرەکەی من نەگرێ، لەو شارەدا و لە نێوان من وچیادا دیوارێك هەڵنەچنرێ..

دەستپێکی خوێندنەوەی وێنەکان بۆشاییەکان بوو، ئەو بۆشاییەی وێنەیەك لە وێنەکەی تەنیشت خۆی جیادەکاتەوە یان دەیخاتەوە سەری، وێنەکان دەخاتەوە سەر یەکتر، بۆشاییەکان زۆر بوون، هێند زۆر ژمارەنی وێنەکان ئاسان نەبوو، بۆشاییەکانیش لە هەندێ جێگە روون نەبوون، بۆیە ژمارەنی وێنەکانی زەحمەتتر دەخست، ناوە ناوە، شەوان درەنگ ئەو دەمەی تەنها من بە ئاگا بووم، دیوار دیوار دەگەڕام، دیوارەکانی بە بەتاڵی بە وێنەداری هێشتبووەوە جگە لە ئاوێنەیەك چیدی پێوە هەڵنەواسیبوو، چاوم لە سەر وێنە وێنە رادەگرت، راگرتنێك وەك ئەوەی لە سەر درزی مەمکان رابگریت، پەنجەم نەرم نەرم بە بۆشایی وێنەکاندا دەهێناو دەبرد وەك ئەوەی ختووکەی لێوێکی ناسك بدەیت، من دەبوو بە رێکی ژمارەی وێنەکان بزانم، تا ئەودەمە خوێندنەوەی وێنەکان هەر رێی خوێندنەوەی ژمارەی تێدەچوو، وام دانابوو ئەگەر بزانم ئەو چوار لا دیوارە چەند وێنەیان لە خۆیان نەخشاندووە، نیوەی خوێندنەوەم بۆیان کردووە، گفتم بە خۆم دابوو هەموو بۆشاییەکان ببینمەوە، بەلآم نەمدیتەوە، نەگەیشتمە گشت بۆشاییەکان...

وێنەکان وەرز وەرز رووتر دەبوونەوە، لە سەر چەند وێنەیەك ژمارە درەوشانەوە، یەکەم ژمارە ژمارەی(7) بوو لای سەرەوەی وێنەیەکی نزیك دەرگا کە دەچیە ژوورێ بە لای چەپ، دووەم ژمارە کە خۆی درەوشاندەوە ژمار(1) بوو ئەوەشیان هەر لای چەپی دەرگا، ژمارە (71) ئیدی من بە چاوێك بە دوای بۆشاییە ونەکان دەگەڕام و چاوێکیشم تەرخانکرد بۆ دیتنەوەی ژمارەی نوێ، حەفتەی وا بوو ژمارەیەکم دەدیتەوە، یان چەند ژمارەیەك واش بووە بە درێژایی وەرزێك ژمارەیەکی نوێ نەهاتۆتە ناو ژمارانەوە، وەرز هات وەرز چوو، نەگەیشتمە

دوا ژمارە، بۆشاییەکانیش هەندێکیان بە نادیاری مانەوە، دیار بوو بۆشایی ژمارەی دەخوێندەوە، ژمارەش بۆشایی دیاریدەکرد، من شەوان لە بن تیشکی گلۆپیدا بۆشایی بۆشایی بە دوای ژمارەدا رادەکەم و لە ژمارەشەدا پەنجە بۆ بۆشایی دەگێڕم..

نیوە شەوێك، دوای لێبوونەوە لە سەر جێیی ماندووانە گوتم:

+ تۆ هیچ لەو بۆشایی و ژمارانە تێنەگەیشتی؟

عارەقەی نێوچەوان و گەردنی سڕیەوە:

- خۆزگە شتێکیان تێدەگەیشتم، باشترە چیدی لەو ژوورە نەخەوین، من هەست بە ئالۆزی دەکەم

+ بەڵام من هەستدەکەم کەوتوومەتە دوای نهێنییەکی ناسك، ئەگەر حەزیش دەکەیت دەیگۆڕین..

- نا، با بە دڵی تۆ بێت

ژوورە پێشەنگاییەکە ژوورە جادووییەکە بە ژووری خەوتن مایەوە،خەوتنێکی پڕ لە خەونی وێنەیی پڕ لە خەونی ژمارەیی و بۆشایی، چەندان شەو خەونم بە دیوارەوە بینیوە، دیواری وێنەیی، وێنەی رەنگاورەنگی درەوشاوە، وێنەکانی ناو خەون رووتر خۆیان نیشاندەدا، خەون خەون، شەو هەبووە خەون لە دوای خەونم بە دیوارەوە دیوە، بەڵام نەدەوێرام خەونەکانم بگێڕمەوە، دەترسام لەوەی رەنگە لێم بترسێ، دەترسام لەوەی رەنگە خەفەتم لێبخوا، دەترسام، لە گێڕانەوەی خەون دەترسام، بە وردی نەمدەزانی لە چی دەترسێم و بۆ دەترسێم، هەر جارێك دەمویست خەونی بۆ بگێڕمەوە، جارێك دەپژمی و هێواشی دەهێنا، من ماوەیەك بوو بە شێوەیەك کەوتبوومە ژێر کاریگەری پژمینەکانی ئەو، ئەزموونم هەبوو، هەر کاتێك هێواشی بهێنایە منیش لەو ئیشەی لە پێشم بوو، لەو قسەی لە زارم بوو هێواشم دەکردەوەو نەمدەکرد..

وێنەکان وەرز وەرز پتر دەدرەوشانەوە، وێنەی ژمارە (1) لە پێش هەموو وێنان کەمێك خۆی نیشانمدا، دیتم، دوو بەژن بە دیارکەوتن، نەمزانی نە بەژنی مرۆڤن نە دوو درەختی لێکدی ئاڵاوی ناو تەمێکی سپی، نەرم نەرم پەنجەم بە بەژنەکاندا دێنا، شەو هات شەو رۆیشت، دەستێکی پیاوانە لە سەر شانێکی ژنانە، دەستێکی ژنانی لە ناو قەدێکی پیاوانە، بەژنەکان بوونە بەژنی ژن و پیاوێك، لە ئامێزی یەکتر بوون، لە وێنەی ژمارە (1) لێوێکم دیت پێدەچێت نیازی ماچێکی قوواڵی هەبێت.. شەو شەو وێنەیەك خۆی دەخوێندەوە، وێنە رووتر دەبۆوە، کچەکە وێنە وێنە رووتر دەبۆوە، وێنە وێنە لەگەڵی چووم، لە هیچ کام لە وێنەکان دەموچاوەکان روون نەبوون، تەمێك داپۆشیبوون، لە نێوان وێنەکان هەندێکیان خۆیان نیشانم نەدەدا، شەوێك لێیمپرسی:

+ تۆ بە من بڵێ ئەو وێنانە تۆش دەیانبینی یان هەر خۆ نیشانی من دەدەن!

- لە تۆ جوانتر دەیانبینم

+ دەبێت کێ ئەو وێنانەی نەخشاندبێت!

- خۆزگە دەمزانی..

شەوێك لەو شەوانە لەلای راستی دەرگا وێنەیەك خۆی رووتکردەوە، لە هەموو وێنەکان رووتترن رووتر، درەوشاوەتر، بەڵام ژمارەکەی نەخوێندرایەوە، دیتمەوە ئەوەی قەت بۆی نەگەڕاوم دیتمەوە، لە وێنەکان بۆ هەموشتێك گەڕاوم بۆ ئەوە نەبێت، ئەو وێنەیە دەڵێی بە هەڵە لێرە نەخشاوە، دیتمەوە سێ خاڵ کە سێگۆشەیی هەڵکەوتبوون، خۆیان بوون، ئەوەتا لە سەر پشت راکشاوە، لە ناوکیەوە هەتا سەرەوەی چۆکی دیارە، بەشەکانیتری جەستەی نەخراونەتە جغزی وێنەکەوە، ئەها خاڵێك لە خوار ناوکیەوە، رێك لەو جێگەیەی پاوانی بەهەشت، پاوانە

تەنکەکە دەستپێدەکات، دوو خاڵەکەیتریش بە دووڕایی بستێکی ژنانە لە خاڵی یەکەم یەکیان بە سەر ڕانی چەپەوە ئەویدی بە ڕانی ڕاستەوە، خاڵەکان ڕەش ڕەش دەڵێی میێوژی ڕەشن، سێ میێوژ سێگۆشەیەکی دوو لا یەکسانن، هەون ڕێك سێگۆشەکەن، پێش سێگۆشەی خاڵان، خاڵەکانی دەوری گۆی مەمکانم دیتبۆوە، بینینەوەی ئەو سێگۆشەیە سێ هەفتە دوای شەڕەکەی یانە بوو ئەو شەڕەی نهێنیی ترسناکی تێدا گوترا، بەر لەوەی نهێنیم بۆ بگێڕێتەوەگوتم:

+ ئەوەی من دەیبینم تۆش دەیبنی؟

- نامەوێت بیانبینم

+ ئەو سێگۆشەیە، بڕوانە ئەو سێگۆشە میێوژیە..

- باشترە تەماشاینەکەین..

+ با بە دڵی تۆ بێت..

پەری:

پێش مانّنووستنان دوای سووتاندنی پەڕە کاغەزەکانی بن مەنجەڵی گەرماوی مانّێ، دەستمی گرت و ڕۆیشتین، خۆزی لە خۆزیداران نەدەڕۆیشتین، هێشتا هەر لە سەری کۆڵانێ بووین، لە ڕۆیشتن پەشیمانبوومەوە، پژمین پەشیمانیکردمەوە، هێواشی هێنا، باوك دەستی کچە تاقانەکەی گرت و مانّی بە سەر ژن و کوڕەکانیدا بەجێهێشت، نەمدەزانی ئەوشەو مانّی کێ دەبێتە مانّمان، یەك دوو جاریش لێیمپرسی، بەڵام خۆی لە وەڵامدانەوە لادا، گەیشتینە سەری ئەو کۆڵانە درێژەی لە گردی دەکردەوە، گردی قالینجاغا، ئەو شەوە زەوی تەڕوتووش بوو، بەڵام ئاسمان ڕوون ڕوون، مانگ نەوی نەوی، کەمێکیتر دابەزیبا ڕوومەتە گەشەکانی لە منارەی چۆلی دەخشا، کزەبایەکی سارد سارد پێدەچوو لە سەفینەوە هەڵیکردبێت، بە گەستن سەری لووتی دەگەزتم، شان بە شانی یەکتر دەڕۆیشتین، ئەو شەوە جانتاکەم تەنها یەك پەڕە کاغەزی تێدابووە، ئەویش نامە کورتەکەی کوڕی پیاوە مەستەکە بوو، لە بیرم نیە بۆچی تا ئەو کاتەش نەمخوێندبۆوە، قەت نەبوو نامەی بگات و یەکسەر نەخوێنمەوە، ڕەنگە دۆخەکە بە شێوەیەك بووبێت فریای خوێندنەوەی نەکەوتبم، لە بیرمە لە ڕێیێ، خولیای خوێندنەوە کەوتە سەرم، ئەگەر شەرمم لە باپم نەدەکرد، لە کۆڵانێ لە بن گلۆپی سەر دەرگای حەوشەی مانّێك دەوەستام و دەمخوێندەوە.. بە خۆم نەوەستام:

+ بابە، دەچینە مانّی کێ؟ دووڕە

- مانّی برادەرێکم، خۆش بڕۆ، ئەوە گەیشتینێ..

ئەو شەوە ئەگەر چەند هەناسەیەك زووتر گەیشتباینە مانّی برادەرەکەی باپم هیچ ڕووینەدەدا، دەستی چەپم لە ناو گیرفانی ساقۆ تووکنەکەی خۆم و دەستی ڕاستم لە گیرفانی ساقۆ درێژەکەی باپم، جاری یەکەمم نەبوو لە ڕۆیشتنێ دەست بخەمە گیرفانی باپمەوە، زۆر شەوان شەوانی ساردی پایز و زستان،کە دەچووینە سەردانی مانّە دۆست و خزمان، وام دەکرد، دەزانن چەند خۆشە دەستی تەزیو بە گیرفانی گەرمبکەیتەوە! خودایە، باپم لێنەستێنی، باپم بپارێزە لە بەڵا، خودایە، باپم لە ڕۆیشتن مەیەخە، با هەتا من هەم ئەو لە من خۆشتر بڕوا، من بڵێم: بابە، هێواش، هەناسەم سواربوو، پێم لە دووم نایە، دەستم لە گیرفانت بەردەبێ..

+ بابە، بۆ هێندە خێرا دەڕۆیت؟ من ناتگەمێ

- با.....

(با) ی بابە بووە (ئای ی..) ئایەکی وا قەت لە باپم نەبیستووە، خۆزگە قەت نەمدەبیست، ئای و بەربوونەوە و تەقەیەك هەر سێك پێکەوە، کە باپم بە دەمدا کەوت، ڕێك لە سەر دەرگای مانّێکدا بە دەمدا کەوت، دەستی من لە گیرفانیدا بوو، کە باپم کەوت جگە لە من و ئەو کەس نە لە سەری کۆڵان و نە لە هیچ جێگەیەك دیار نەبوو، ئەو گوللەیە لە کوێوە هات؟ بۆچی هات؟ بۆ بە باپم کەوت و لە خوێنی هەڵکێشا، ئەوەتا خوێن لە شانی باپمەوە دێ و هەردووکمانی سوورکرد، ڕەنگە لەو دەمە قیژەیەکی تووندم لێدابێت، قیژەیەك گەڕەکێکی بە کۆڵان ئێخستبێت، ڕەنگە، بەڵام کەسم نەدیت، کەس بە هاوارمەوە نەهات، لە چەند لایەکەوە بووە تەقوتۆق، دەمێك بوو شار کپ بوو، کەس گوێی لە تەقوتۆق نەدەبوو، لە ناو گرموهۆڕدا باپم دەیگوت: ((چ نیە کچم چ نیە، مەترسێ، بڕینەکە سووکە)) خودایە سووك بێت، خودایە هەر هێندەی سەر شکانێکی سووك، هێندەی دەستبڕینێك لە کاتی پیاز وردکردن، هێندەی زمان گەستنێك لە کاتی جوینی پارروو، ئەو گوللەیەش هەر هێندە کاریگەری لە

شانی بابم کردبێت..شێتانە کەوتمە کوتانی دەرگاکە، بێتەوەی بزانم مالّی باشە یان جاشە، دەرگا کرایەوە، ئاهێکم هاتەوە بەر ئەو دەمەی پیاوێك تەماشای رووخساری بابمی کرد و گوتی:

ئەوە تۆی؟ چیت بەسەر هاتووە!...

ئەو پیاوە برادەری بابم هەر ئەو برادەرەی بابم منی هێنا تا لە مالّەکەی بمشارێتەوە، چەند باش هاتەوە،کچەکەی پزیشکە ، بە دەستە فریشتییەکەی بریندی شانی بابمی دەرمان کردو پێچای، گوتیشی:

پێناچێت، گوللەکە جێی خراپی گرتبێت، مەترسن جێی مەترسی نیە، دەرهێنانی گوللەکەش رەنگە ئاسان بێت..

لە رۆژی سێیەم باوکم تەواو هاتەوە سەرخۆی، من پێشتر ئەو مالّەم نەدەناسی، لەو شەوەوە مالّێکم ناسی شایەنی ناسین بوو، شایەنی ئەوە بوون برادەری بابم بن، من لەوێ پێکەوتم برادەرەکەی بابم لە رووی بیروباوەڕی سیاسی نەك هەر لە من لە هی بابیشم جیاوازە، من و بابم و برادەرەکەی هەر یەکەمان لە ئاشی سیاسەتێکمان لێدەکرد، ئەو شەوانە بابم بە بریندای هەر دەتگوت رەنگی پرچی منی گرتووە، ئەو شەوانە برادەرەکەی بابیشم دەتگوت لە گەلاّی دارپرتەقالّەکەی حەوشەی مالّی پیاوە مەستەکەوە هاتووە، منیش لەو خوێنەوە هاتبووم کە لە پێش دەرگا لە شانی بابمەوە رژاو من و شەوی سوورکرد.. لە مالّی برادەرەکەی بابم خۆی گوتەنی بە منی دەگوت:

((کچی خۆم مەترسێ، بۆ کاتی لێقەومان و بە سەردادان جێگەی وەها بۆ خۆشاردنەوە هەیە مەگەر لە قەندیل پەنای وەها دوورەدەست دەستبکەوێ))

لەو مالّە دڕەنگ نامەی کوڕی پیاوە مەستەکەم بیرکەوتەوە، خوێنی باب چی لە بیرناباتەوە، بە تایبەتیش بابێك لە شەوێکی ترسناك، شەوێك لە ترسی گورگەکان ئەو گورگانەی بە دوای کچەکەیەوەن، دەستی کچەکەی دەگرێت و کۆلاّن کۆلاّن ترس و دلەڕاوکێ دەبڕێت تا دەگاتە پێش دەرگای مالّێکی دلّنیایی، لەوێ پێڕاناگا لە دەرگا بدا گوللەیەك دێ و شانی دەسمێ، لەوێ خوێنی باوك شەو سووردەکات، لەوێ خوێنی گەرمی باوك بە ناو پەنجەکانی کچەکەیدا دەچۆڕێتەوە ،ترسناکە بینینی خوێنی باوك ترسناکە، من دێرە شیعرێکم لەبەر بوو، نازانم شاعیرەکە مەبەستی چی بوو بەلاّم من دوای رژانی خوێنی باوکم بۆ مەبەستی خۆم زۆرم دەگوتەوە:

خوێنی باب جودایە

لە هی دایک لە هی مرۆڤ لە هی فریشتە ناچێ

خوێنی باب لە رەنگ و گەرمی ڕێک خوێنی خودایە..

نامەکەم خوێندەوە((دلّم دەلّێ ترس هەیە، کون بە کون بە دواتەوەیە، تۆ نابێت لە مالّی خۆتان بیت، حەزیش ناکەم بچیە مالّی کەس، من جێگەیەکی باش شك دەبەم، ئەگەر مالّەوەتان رازی بن خۆت و دایکت وەرن، خەمت نەبێت جێگاکە مەترسی نیە، چەندی زووش زەماوەند بکەین باشە))

زەماوەند زەماوەند، چەند خۆشە هەوالّی زەماوەند، زەماوەندی بێ مەرج، کوڕی پیاوە مەستەکە وا دیارە بە تەواوی وازی لە مەرجی لە ئاگردووڕکەوتنەوە هێناوە، ئەگەر وایە هەرچی زووە هەر بابم تەواو چاکبێتەوە، کوڕی نەفتفرۆشەکە سۆراخێکی ببێ و مەترسی نەمێنێ من شوو بە کوڕی پیاوە مەستەکە ئەو کوڕەی وا سالاّنێکە دلّی منی لە ژوورەکەی بە دیار پەنجەرەی دنیاوە داناوە، ئای ئەو کوڕە چی لە من کردووە، ئەوەی وەك من عاشق نەبێ چ لەوە تێدەگات! کورێك چەندی لە ئاگرەکە دوورتر دەکەوێتەوە من پتر خۆشمدەوێ، ئەو ئاگرەی من ناتوانم لێی دووربکەومەوە، ئەو ئاگرەی خەریکە ئەویش لێی نزیکدەبێتەوە، ئەوە نیە ماوەیەکی زۆرە باسی دووڕکەوتنەوە

ناکات، ئەوە نیە لەو نامەیەی دەیەوێت لێشی نزیکبکەوێتەوە، من دەبێت چەندی زووە ببمە ژنی کوڕی پیاوە مەستەکە چیدی بەرگەی ئەو هەموو کوڕە ناگرم، دەڵێی کچ بڕاوە هەموو هەر بە دواوەی منن، من دەمەوێ بابیشم رزگاربکەم لەو هەموو داخوازیکارە دوور و نزیکە هەتا ئێستا بابم سێ جار بە خۆمی گوتووە: ((کچەکەم من حەزدەکەم هەمیشە لە پێش چاوم بیت بۆ شەوێکیش لێم دوورنەکەویتەوە، بەڵام ئەوە هەتا سەر نابێت، راستە هێشتا منداڵی لە چاوی من هەر زۆر منداڵی، بەڵام ناکرێ من مانگی کەسێك بەرێکەم و بڵێم کچەکەم جارێ شوو ناکات، دەی کچی خۆم چ کوڕێکت دەوێ چ لە ئێستا زووتر نیە، ئەوە خوێندنیشت تەواوکرد..))

چ کوڕێکم دەوێ جگە لە کوڕی پیاوە مەستەکە بۆ شووپێکردن کوڕێکیدی هەیە لەو شارە، ئای کوڕی بن دار پرتەقاڵەکە چۆن منت بە کەزیی خۆم لە دارپرتەقاڵەکەی حەوشەتان بەستۆتەوە، جگە لەوێ، لە مااڵی تۆ ناتوانم بیر لە هیچ جێگەیەکیدی بکەمەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە کوڕی باش بە بە تەواوی واز لە مەرجی ئاگر بێنە هەر دوو ئاگرەکە، تا بە هەمیشەیی بێمە ئامێزتەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە منی سەرمابردەلە هەرلە ئامێزی تۆی لە ئاگر ترساو گەرمدەبمەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە، کوڕی ماچی یەکەم، من جگە لە تۆ ماچم نەداوە بە کەس، کەسم ماچ نەکردووە هەر تۆ و بەس..

دوو هەفتە من و بابم لە مااڵی برادەرەکەی بابم ماینەوە، لەو ماوەیە چ هەواڵێك لە کوڕی پیاوە مەستەکە نەبوو، لە خەم و ترسی کوڕی نەفتفرۆشەکە شەو و رۆژم دەکردەوە و لە چاوەڕێی هەواڵێکی خۆش بووم، خودا بە دڵی منی کرد، هەواڵ گەیشت، هەواڵی بەربوونی کوڕی نەفتفرۆشەکە، هەواڵی خۆراگری و هیچ لە سەر ساخنەبوونەوەی کوڕی نەفتفرۆشەکەی نزیك منارە، هەر ئەو شەوە چووینەوە مااڵێ، کەس بە بریندارببوونی بابمی نەزانی، بەیانیەکەی کوڕی پیاوە مەستەکە گەیشت بە دیتنی شاگەشکە بووم، ئەگەر ئەو دیدارە لە ژوورەکەی ئەو دەبوو، خۆم دەخستە باوەشیەوە و لێی نەدەبوومەوە، چاوەکانی پڕ تامەزرۆیی بوون، لە چاوەکانیدا مێردێکی جوان دەدرەوشایەوە، مێردێکی راستگۆی بێ مەرجی ئاگر، پێش ئەوەی بڕوا خێرا دوو خەتێکم بۆی نووسی، تێیدا گوتبووم سبەی دێم، لە هەستاندا و لە نزیك دەرگای حەوشە کە باشترین جێگە بوو بۆ نامە گۆڕینەوە، نامەیەکم بە نامەیەك گۆڕیەوە، زوو دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

((ئەوە دوو هەفتەیە لە سەر ئاو و ئاگر بووم، هەرچەندە پێکەوتم سەلامەتی بەاڵم دڵم ئۆقرەی نەدەگرت، ئەگەر دەمزانی لە کوێی لە رێی هەوریشدا با دڵۆپەیەك دیدارم لەگەاڵ دەکردی، کە زانیم هاتیەوە باڵم گرت..کەی بێمە داخوازیت؟ وەرە با قسەیەکی لێبکەین...))

وەخت بوو باڵ بگرم و بفرم و لە ژوورەکەی بنیشمەوە، کەی سبەینێ دێت، بۆ نەمگوت ئەورۆ دێمە الت، دەڵێم ئێستا بچم، خۆم گرت نەچووم، تا سبەی خۆم گرت..

بەر لەوەی بچمە مااڵی کوڕی پیاوە مەستەکە لەگەاڵ قومری سەرمان لە مااڵی نەفتفرۆشەکە دا، کز دانیشتبوو، دیار بوو ئەشکەنجەی زۆر دراوە، هەموو گیانی هەنجن هەنجن بووە، من خۆم پێنەگیرا باوەشم پێیدا کرد، باوەشی برایانە ئەوە یەکەم جارمە باوەش بە کوڕێکدا(کوڕی پیاوە مەستەکە لەوێ) بکەم، داوای لێبووردنم لێیکرد ئەگەر تووشبوونەکەی بە هۆی منەوە بووبێت، کوڕی نەفتفرۆشەکە پارچەیەك بوو لە خۆ راگری، رەنگە لەبەر خۆمەوە گوتبێتم:

((خۆزگە کوڕی پیاوە مەستەکەش وەك کوڕی نەفتفرۆشەکە دەبوو)) بۆیە لە رێێ لە بیرمە دەمگوت: ((نا، نا،نا کوڕی پیاوە مەستەکە با وەك کەس نەبێت وخۆی بێت، من وەك خۆی خۆشمویستووە، تەنها واز لە

ئاگرەکان بێنێت ئەوە وازیشی هێنا، ئای کوڕی پیاوە مەستەکە دەڵێی جادووت لە من کردووە، جگە لە تۆ نابمە ژنی کەس، جگە لە تۆ کەس نیە ببێتە مێردی من..))

ئۆی پەنجەرەی دنیا رووناکە، هەناوم رووناکبۆوە، لە کۆڵانێ هێواشی هێنا، بەڵام من هێواشم نەکردەوە و رۆیشتم، خەونەکەشم بیرکەوتەوە بەڵام ئەویشم بە ئیرەیی خەڵك لێکدایەوە، قومری خواحافیزی لێمکرد، دڵنیام ئێستا گۆرانیی (هاتەوە) دەڵێتەوە، وەك ئەوەی پێ بخەیتە سەر تاتی نوێژ ئاوا پێم خستە سەر کۆسپی دەرگای حەوشەکەیان، بە دەستنوێژەوە چوومە ژوورێ، دیتم، لا شانێکی پیاوە مەستەکەم دیت، لە ناو درەختەکانی ئەو سەری حەوشەکەوە دیتم و بزر بوو، هیشتا هەر لە سەر دەرگای ژووری کوڕی پیاوە مەستەکەم، باوەشم پێدا دەکات، بوار نادات تەماشای چاوە رەشەکانی بکەم ئەو چاوانەی لە چاوی منەوە جوانترین چاو بوون و دەموبست هەمیشە لە دیدەنیاندا بم، دەموبست هەمیشە ماچیان بکەم و برژانگە تیژەکانی کە دەتگوت گوڵی رەژگوڵن لە لێوەکانم بچەقن، بواری نەدا، گۆرانیەکە:

خودا هەڵکەی بای شەماڵی

با دەرکەوێت خەت و خاڵی..

وا بزانم دوگمەی کراس لە خۆشیدا هەر بۆ خۆیان دەترازان و سینگ و مەمك رووتبوونەوە، سەرەتا هەر بە پێوە بەرانبەر پەنجەرەی دنیا پشتمی بە دیوار دابوو، پەردەی پەنجەرەکە کەمێك لادرابوو، دار بیە بەرزەکەی حەوشە جوان دیار بوو، دراپرتەقاڵەکەش دیار بوو، ماچ ماچ ئەگەر بڵێم هێندەی گەلاێ پرتەقاڵەکە ماچی لە کوڵم و لێو و گەردن و سینە و مەمکم کردووە بە زێدەرۆیی عاشقانەی تێمەگەن، جارێ گۆی مەمکەکانمی هەر بە خواردن خواردن خوارد،گۆرانیەکە:

ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا

وەک شیعرو ئاواز لە یەک بەستەدا

دنیاش ناتوانێت لێکمان کاتەوە...

لەگەڵ مژینی گۆی مەمك هەموو دەمارەکانی لەشم خاو خاو دەبوونەوە و خۆم لە سەر پێیان رانەدەگرت، کەوتمە سەر مافووری گوڵگوڵیەکە، لەو لاوەش سۆبەکە دەسووتا، ژوورەکە گەرم گەرم، ئای لە گەرمیی جەستەی پیاو، کەوتە سەرم لەو ماچ و لە من ماچ، مەست بووم، هێندەم زانی من رووت رووتم ئەها مایۆ رەشەکەم لە پێ ماوە، ئەو مایۆیەم ئێستاش هەڵگرتووە، پێیەکانم رانەکانم توندتر بە یەکەوە نووساند، هەتا ئێستا نە لەو نە لەمن ژوور گوێی لە قسەیەك نەبووە، گۆرانیەکەش دەنگی نەما.. نەرم نەرم هاتە قسە هەزار جار(بە قوربانتبم) بژمێرە، دەیگوت((ئێوارە دەنێرمە خوازبێنیت، باشە).. جێی سەرە زمانێك لە لەشم نەما بەر زمانی کوڕی پیاوە مەستەکە نەکەوێت و بە توانەوە لە ناوە لێوەکانیدا نەتوێتەوە، تا دەهات شلتر دەبووم، دەتوامەوە، کچێك بە پێی خۆی بچێتە ژوورێك و لەوێ بە رووتی لە بن کوڕێك خۆ ببینێتەوە، کوڕەکەش کێ بێت! کوڕی پیاوە مەستەکە، چۆن ناتوێتەوە، من دەتوامەوە، توامەوە.. دەنگی باپم هات، بەڵام ئەو جارە بە کزی، جاری یەکەم بوو لە ساتی راموسانێ دەنگی باپم بە کزی ببیستم، لەگەڵ توانەوەش دەبوو ئاگام لە رانەکانم بێت، ئەو رۆژە هەموو جێگەیەکی لەشم هەموو میوەیەکی لەشم لە سەر میزێك پێشکێشی کوڕی پیاوە مەستەکە کردبوو، بەڵام دەبوو کچێنیەکەم هەڵگرم، بۆ شەوی بووکێنیمی هەڵبگرم، نایدەمێ، نا نایدەمێ، بە شەرمەوە گوتم:

- نەکەی، ئیشە گەورەکە نەکەی...

+ نا، مەترسێ، خۆم رادەگرم..

پێنەدەچوو خۆی رابگرێت، نیازی خۆکۆردنەوە کەوتە سەرم، هەندێك خۆم توند کردەوە، پاڵێکم پێوەی نا، پاڵێکیتر، توندتر، دەتگوت پاڵ بە چیاوە دەنێم، دەمزانی پیاو بەهێزن، بەڵام ئەوهاش نا، زۆر بەهێز بوو نەدەجولا، بەرزەفتی کردبووم، خۆم تووندتر کردەوە، نیشانەکانی جەنگ بە دیارکەوتن، خۆم بۆ جەنگ کۆکردەوە، ئا جەنگ دەستیپێکرد، کوڕی پیاوە مەستەکە جەنگی راگەیاند، ئالۆشی جەنگی راگەیاند، کوڕی پیاوە مەستەکە پێدەچوو چوبێتە خولی پاڵەوانبازیەوە، بە دەستێك هەردوو دەستمی بە کەلەپچە کەلەپچە کردبوو، دەمویست دەوم بگاتە جێگەیەکی تا وەهای بگەزم بیبەزێنم، زانی نیازم باش نیە، پارێزی کرد و لە بەشی سەرەوەم نزیك نەدەکەوتەوە، خوارەوەی مەبەست بوو، ئیشی بە سەرەوە نەما، لەو کاتە هەر جێگەیەکی لەشیم بەر ددان بکەوتایە دەبوایە خوێنی لێ بڕژێ، بە شێوەیەك خوێنرشتنی خوارەوی منی لە بیربچێتەوە، لە چرکەیەکی دیاریکراو چەند رووداوێك پێکەوە رووياندا، هەستکردن بە نیوە تێڕاچوونێك، هاوارێکی بەرز و زرمەیەکی گەورە لە پەنجەرەکەوە هاتنە ژووری، قیژەیەکی بەرزی منیش، ئەگەر زرمە و هاوارەکە نەبا، قیژەکەی من دەگەیشتە کولان، رەنگە بە گوێی خوشکترین خوشکیش گەیشتبا، دەنگەکان پاڵەوانەکەیان بەزاند و کێشایەوە، بە پرتاو خۆم کۆکردەوە، ویستم تفێکی لێبکەم، پەشیمانبوومەوە، لە هاتنە دەرێ، پاڵەوانە براوەکە گوتی:

ئیدی هیچ چارت نیە، دەبێت شووم پێبکەیت بەو مەرجەی لە هەردوو ئاگرەکەش دوور بکەویتەوە..

لە تووڕەییدا رەنگە لێوی خۆم کرۆشتبێت، گوتم:

لە تۆ دوردەکەومەوە بەڵام لە ئاگرەکان نا..

گوتی:

ژنە جوانەکە ناچاریت، ژنەکە..

لە تووڕەیی نەمتوانی هیچ بڵێم، لە هەڵاتنێ ئا من هەڵاتم، هەڵاتنێك رەنگە گەڕانەوەی نەبێت،دیتم، پیاوە مەستەکە لە لە بن دار بیەکە لە سەر پشت راکشاوە هاوار هاواریەتی، خوێن بە دموچاویەوە بوو، ئاوڕم لێیان نەدایەوە، لە بەر خۆمەوە گوتم:

بە نەفرەت بن بە خۆ و بە کوڕەوە،بۆچی چەند چرکەیەك زووتر هاوارت لێ بەرزنەبۆوە، زرمەت لێوە نەهات!

چ رۆژێك بوو ئەو رۆژە! ناگێڕدرێتەوە، من چیم نیە بیڵێم، ئەگەر ژنە کەسکپۆشەکەی سەر کۆسپی دەرگای سەری کۆڵان قسەیەکی هەبێ.

-٩-

ژنە کەسکپۆشەکە:

من دەمبیستەوە زۆرم دەبیستەوە کە لە گەڕەك بە ژنە چوارمێردکەرە ناوم رۆیشتووە، چوار مێرد! بە هەر چوار مێردەکەش هێندەی نیو مێردی ژنی ئەو گەڕەکە تەمەنیان نەکرد، یەکەمیان نازانم چ خواگێرێك لە بن گوێی خوێند و دەستی گرت و بردی، خۆی لە دەوری کۆماری مەهاباد گێڕا، کەچی کۆمارەکەش نەژیا، دووەمیشیان حەرەس قەومی راوی ناو لە سەری سەفینێ گۆتیان گوللەیەکی گرتەوە، نازانم گۆڕەکەیشی کەوتۆتە کوێ، سێیەمیان بە ردێنی سپیەوە جلکی سەربازییان لەبەر کردو کردیانە بەلاگێڕی قادسیە، ئەویش مەیتەکەی نەهاتەوە، چوارەمیشیان لە هەلاتنەکە لە بەر دەمی خۆم ساچمەیەکی گەرمی گرتەوە و ساردبۆوە، لە تەرمی چوار مێردان تەرمی یەکیانم دیتەوە، میراتی چوار مێردانیش، کاکل چوار مریشك و کەلەشێرێکی لە پاش بەجێما، خورشید بزنێکی یەك گوان، لە بەهرامیش ئەو کورە شێتەی هەموو شار دەیناسی و بە مالێ نەدەکەوتەوە ئەو کورەی لە سالێ گرانیەکە، لە شەڕی دوو بەرازەکە تێدا چوو، لە نزیك مزگەوتی حاجی لەقلەقەکان بە گوللەیەك ساردیان کردەوە، ئەوانە شێتیان کوشت شێت!، چەتۆش ئەو خانووە، ئەو خانووەی چەند کۆلانێکی لێوە دیارە.. جارێك گۆتم پەری:

+ ئەها ئەو پیاوەی کۆلانی پشتەوە چوار ژنی هەیە و هەموشیانی لە یەك ژوور کردووە، کەچی کەسیش بە پیاوە چوار ژنەکە بانگی ناکات، کەچی من لە کاتی جیا جیا چوار مێردم هەبووە، هەموو گەڕەك بە ژنە چوار مێردکەرە ناوم دێنن..

- من هەولێدەدەم چوار مێردەکەت لێبکەمەوە

+ بە تۆ لێمنابنەوە

- دوازدە مێرد لە سەلما بوونەوە، چوار مێرد لە تۆ نابنەوە

وابوو سەلما کاتێ لە لای مێردی نۆیەمی بوو مالێان نزیك مەزاری عەلیی پێنجەم بوو، ئەو ژنە کە هەر دەتگوت لە مانگەوە هاتووە، مەگەر پەری هێندەی وی جوان بێ، بە مردن و تەلاقەوە سەری دوازدە مێردی خوارد، بە حەسرەتی مێردی سێزدەمەوە سەری نایەوە، وەختانێك بە ژنی مێردژمێر ناوی لە شار رۆیشتبوو، هەر لە بارەی ژنی مێردژمێرەوە، قسەیەکی خۆش کەوتبووە سەر زاری منداڵانەوە، پەریش بە منداڵی بە دەنگە ناسکەکەی دەیگوتەوە:

دوازدە مانگ بۆ سالْ بێ و

دوازدە قلیش بۆ یەک دەستە

شار چەند گەڕەکی هەبوو

سەلماش نیو هێندە مێردە

لە سەردەمی مێردی دوازدەهەمیشیەوە قسەیەکی خۆش کەوتبووە سەر زاران، مێردەکەی داوایلێکردبوو کە دەعباکەی بۆ بشێلێ، دیارە سەلما باشی بۆ نەشێلاوە، مێردی دوازدە دەڵێ:

کچێ شێلاّن کوو ئەوهایە!

سەلما دەڵێ:

ئەدی کووە؟ دە فێرمبکە

مێردی دوازدە دەڵێ:

تازە! بە یازدە مێرد فێرنەبووبیت بە من فێر دەبیت

سەلما دەڵێ:

ئەوان هیچیان پێویستیان بە دەعبا شێلان نەبووە..

بەڵام لە پڕدا سەلمای دوازدە مێرد بووە سەلما خان، هەتا نەتگوتبا سەلما خان کەس نەیدەناسیەوە، کەسیش نەیزانی هۆی لێبوونەوەی دوازدە مێرد لە سەلما خان چی بوو.. بەڵام تا ئیستاش ئەگەر بە کچێك یان بە ژنێك بڵێی دەڵێی (دادە سەلما)ی تووڕە دەبێت، ئەگەر بە تۆش بڵێم دادە سەلما واتە تۆ دوازدە مێردت لە پێشە.. چیرۆکی منیش نزیکە لە هی سەلما، لەو دەمەوەی بە ژنە کەسکپۆشەکە کەوتمە زاری پەری و لە کۆڵانێ گوتیەوە هەر گوتیەوە(ژنە کەسکپۆشەکە ژنە کەسکپۆشەکە)، ئیدی کەم کەمە چوارمێردەکەم لە کۆڵ بۆوە..

ئێستا من ژنە کەسکپۆشەکەم، پەری ئای پەری، شیرنترین کچی گەڕەکێ، لە دنیایێ کچ نیە بگاتە پەری، ئەگەر بە دیتن بێ کەس هێندەی من پەری نەدیتیە، بە منداڵی هەر لە کنە خۆم بووە، دواتریش هەر جارەکی سەری هێنابێتە دەرێ، پێی خستبیتە ژوورێ بە بەر چاوی منەوە بووە، رۆژ نیە ئەگەر بە وشەیەکیش بێ نەمدواندبێت، هەرچی قسەیەك لە بارەی پەریەوە لە زاران گەڕابێت، لەو سەری شاریشەوە سەریکردبێت بە من گەیشتیە، هەر کەسێك بیەوێ پەری بناسێت، دەبێت بە ساڵ لە کنە من دانیشێ، حەیف پیری بیری بردم دەنا منداڵی و جاحێلیی پەری هەمووی بە شەو و رۆژێەوە وەك حەکایەت لە بەرمەو دەگێڕمەوە، پەری کچی دایکی نیە، هی منە، بە هەڵە نەبۆتە کچی من، دەبوو کچی من بێت، من زۆر پتر لە دایکی دایکایەتیم بۆی کردووە، دایکی هێندەی من جلکی نەگۆڕیوە، سەری نەشووشتووە، نەیدەزانی سەری بشوا لە کەفی سابووندا چاوی کوێر دەکرد، ئێستاش فێری سەر شووشتنی منداڵ نەبووە، هەر ئەو نا ژنانی ئەو گەڕەکە کەمیان نەبێ کەسیان نازانن سەری منداڵ بشۆن، دەبێت خولی فێرکردنی سەر شووشتنیان بۆ بکرێتەوە، پەری گەیشتبووە دە دوازدە سالانیش هەر من سەریم دەشووشت، لەگەڵ خۆم دەمبردە گەرماوێ، ئەمن دەزانم چەند خاڵ بە لەشیەوە، هەر خاڵەی کەوتۆتە کێندەرێ، بەو دەستانەی خۆم هەزار جاریش پتر ورد ورد پرچە نەرمەکەی پەریم شانەکردووە، دەبێت پرچ هەبێت لە پرچی پەری خاوتر نەرمتر جوانتر! دەبێت کچێك هەبێت لە پەری جوانتر و ژیرتر! پەری بە منداڵی کچی من بوو، ئێستاش هەر کچی منە، من لە دنیایێ کوڕێك و کچێکم هەیە، کوڕەکەم هەر لەگەڵ بە سەرپێکەوتن خودای گەورە لێی تووڕە بوو، چۆن دەبێت خودا لە منداڵ تووڕە بێت! خوایە تۆبە، خودا یەك چۆڕە هۆشی نەدایێ، نەگەیشتە حەفت سالان بە کۆڵانان کەوت، هەتا ئەو شەوەی لە خوێنیان گەوزاند لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان بە ماڵ نەکەوتەوەو نەکەوتەوە، بەڵام کچەکەم لە دەوری کچەکەم گەڕێم هۆشی گەڕەکێك لە سەری وبە، جوانی شارێك لە رووخساری وبدایە، کچەکەم پەریە، با دایکی پەری هەر بڵێ پەری کچی منە، سوێندی بۆ دەخۆم هی ئەو نیە و کچی منە پەری کچی منە کچە خاڵ لە گەردنەکە کچی منە، کچە دەم بە پێکەنینەکە کچی منە، ئۆی دە بەر پێکەنینەکەی بمرم، توخوا پێکەنین هەیە لە دنیایێ لە هەموو دنیایێ ناسك وەك پێکەنینی پەری، کەس پێکەنینی وای بیستووە، ئەوەی بڵێ بەڵی، درۆ دەکات، ئیرەیی بە پەری دەبات ، بڕۆن لە پەری بپرسن دایکت ناوی چیە؟ ئەگەر نەیگوت ناوی ژنە کەسکپۆشەکەیە من پرچی خۆم دەبڕم، دایکی چ لە پەری دەزانێت، کەنگی ئاگای لێبووە، ، دایکی پەری کەنگی فێرە شتێکی کردووە، کەنگی لە ساتەکانی دڵتەنگیدا دەستی بە سەریدا هێناوە، دایکی

پەری چی بۆ پەری کردووە لە کاتی ساواییش هێندە مەمکەی نەداوەتێ، هەر لای من بووەو شیری قۆدیم داوەتێ، چی بۆ کردووە، نۆ مانگ لە زگی خۆی هەڵیگرتووە، ئەوە منەتی تێدا نیە، ماین بە ماینایەتی خۆی، نازانم ماینە یان ئەویدی، نۆ مانگ جوانووەکەی لە زگی خۆی هەڵدەگرێ و هیچ منەتیشی لە سەر ناکات، ئای من داخم لە دایکی پەریە،خۆشمنەویستووە و خۆشناوێ، ئەو کەسەی وەختی خۆی گۆتیتی((دایکە ببینە و دۆتە بخوازە)) ئەگەر پێشەوەی ناماقوولی وا بکات پەری و دایکی پەریی ناسیبا قەت گووی ئەوهای نەدەخوارد، خۆ ئەو رۆژەی لە موسڵێ لە لە دیتنی دوا جاری برایەکەم هاتمەوە، هەر ئەو جارەم دیت و تەواو بردیان لە سێدارەیان دا، خوشکت بمرێت، هیچ تێکنەچووبوو، فشەی بە مردن دەهات، کە هاتمەوە و ژنی گەرەك رژانە مااڵەکەم، لەو کاتە پەری منداڵە جوانەکەم هاتە باوەشم بۆی گێڕامەوە کە دایکی و ژنە سەگسارەکەی کۆاڵنەکەی ئەو دیو پێکەوە دەرپێیان لە پێی پەری داکەندووە و بە زیڕ وهۆڕ خستوویانەتە ناو تەشتە ئاوێکەوە و ژنە سەگسارەکە موسێکی بە ناو رانی پەریدا هێناوە و پارچە گۆشتێکیان لێکردۆتەوە، بە بیستنی ئەو هەواڵە براکەمم لە بیرچۆوە، ماوەی سااڵێك قسەم لەگەڵ دایکی پەری نەکرد و نەمهێشت پێ بنێتە سەر دەرگا، من زانیم لێکردنەوەی ئەو پارچە گۆشتە چ ترسناکە، بە سەر خۆم هاتووە، ست نارینیش وەختی خۆی پێیگوتم: ((کچێ ئەگەر کچت بوو نەکەیت بیبڕی، بە دەردی خۆتی نەبەیت))، کەچی دوور لە چاوی من پەریی کچمیان بە دەردی من برد، پێشتر دایکی پەریم لەوە ئاگادار کردبۆوە، دەست لە ناو رانی پەریی من نەدەیەت، لە ژنە سەگسارەکەی کۆاڵنی ئەوسەر نزیکنەبیەوە، ئەو ژنەی مووسی بە ناو گەاڵی نیوەی کچی گەرەکدا هێناوە.. من شایەدم بە سەر ورد و درشتی ژیانی پەریەوە، پەریە بەژن زراڤەکەم، کەس وەك من پەریی خۆشنەویستووە، قسەم لە خۆشەویستیی بابی نیە، چ بابەك نیە لەو دنیایە وەك بابی پەری کچی خۆی خۆشبوێ، پەری تاقانەی بابی بوو، تاقانەی منیش بەاڵم هیچی دایکی نەبوو، من دەزانم پەری چ رۆژێك ترس راوی ناوە، خەفەت دایگرتووە، ئای پەری ئەو رۆژەی بۆ یەکەم جار لە ناو رانەکانی خوێنی دیت، چۆن زراوی چووبوو، رەنگی ببووە پەلکە پیاز، بە قورگی پر هەنسکەوە هاتە الم، رێك لێرە لەو سەر دەرگایە، شەرمی دەکرد باسی خوێنەکەی بکات، دەستیم گرت و بردمە ژوورەوە بە ئاماژە تێمیگەیاند، لە باوەشم کردو بە بەر ماچم داو بۆی پێکەنیم پێکەنینی سەالمەتی، تێمگەیاند، بەو دەستانەی خۆم پارچە پەڕۆکێکم بۆی بڕی و دامە دەستی، کە لە سەر(برینەکە!!)ی دانێ، پەریم کەمجار بە خەفەتباری دیتووە، هەر بە قەد ژمارەی پەنجەی دەستێك بۆیە هەر چوار پێنج جارە خەفەتباریەکەی پەریم لە بیرماوە، ئای ئەو جارەی لە زیندان هاتەوە، رەنگی بە بەرەوە نەمابوو، ئەو سێ شەوەی پەری لە زیندان بوو، گەرەك نەنووست، رەنگە شاریش نەنووستبێ، پەری چۆن دەبێت لە زیندان بێت، گۆرپەگۆڕ بچی حکومەت، چۆن توانیت سێ شەو پەری ئاسمانێ بخەیتە زیندانەوە! ئۆی دەستتان بشکێ، چۆن دەستتان بەرزبۆوە لە پەریی ئاسمانێ بدەن، ئای چیان لە پەری ئاسمانێ کردبوو، هەموو گیانی جێی قامچی بوو، توخوا ئەو لەشوالرە ناسکەی پەری هی ئەوەیە قامچی لێی نزیکبێتەوە، ئۆی هەموو بەرەبەیانیی جێژنانێك بە هەڵواسراوی بتبینمەوە سەدام، نا با چیدی هەڵینەواسنەوە، ئەگەر لە رۆژی چوارەم لێبووردنی گشتی دەرنەکردایە، پەریەکەم لە دەستچووبوو، ئێستا لە بەهەشتێ بوو، پەری هەر دەبوو بگیرێ گەلەك سیاسی بوو زۆر جار دەمگۆتێ((تۆ هەر دەڵێی میردی یەکەمی ئەو میردەی چوو چوو، لە مەهابادێ خۆی بە کوشت دا، ئەویش سەری زمان و بنی زمانی سیاسەت، دەتگوت لە قوز و کیری سیاسەت بووە)) پەریش ئەوها بوو، ئەو دەمەونیوەڕۆیەی پەری لە زیندان هاتەوە من هەر لە سەر ئەو دەرگایە و لە سەر ئەو کۆسپە و بەو جلکانەوە دانیشتبووم، من هەمیشە ئێرە جێی دانیشتنمە، بەاڵم ئەو سێ رۆژە لە چاوەڕێی پەری لێرە دانیشتبووم، کە گەیشت بە قورگی پڕ

هەنسکەوە باوەشی پێمدا کرد، ڕێك وەك ئەو جارەی کە هات و هونەری مانگانەی پەڕۆم فێرکرد، بەڵام ئەوجارە نەهاتە ژووڕێ، بە ئەسپایی پێیمگوت:

گوێ مەدە کچێنیەکەت، کانیی کوێستانێ بە دەوی سەگی بیابانێ پیس نابێت..

پەری بزەیەکی شیرینی کرد و گوتی:

نا، نەگەیشتنە ئەوێ..

سەرم لە وەڵامی پەری سووڕما، هەر کەسێکیدی با باوەڕم پێینەدەکرد، بەڵام پەری هی درۆ نەبوو، هەرکێ بڵێ درۆم لە پەری دیتووە، درۆدەکات، بەڵام سەیریش بوو، من بیستبووم، هەموو خەڵکیش دەزانن، هەر کچێك هەر ژنێك ئەگەر بۆ یەك جغارەخۆریش بکەوێتە زیندانێ بێبنی دەکەن، ژن و کچ لە دەستی ئەوانە رزگاریان دەبێ؟ ئەوجا کچێکی وەك پەریش، کوڕی شار بۆی شێت دەبوون..

جارێکیتر وا بزانم هەر ئەو ساڵەی سێ شەوی لە زیندان کردەوە، پەریم بە خەفەتباری دیوە، ئا هەر ئەو ساڵە بوو هێشتا زیندانی نەدیتبوو، هێشتا چ قامچی بە لەشولاری نەکەوتبوو، ڕۆژێك هەڵەم نەکردبێ هەر دەمەونیوەڕۆ بوو، پێدەچێت هەموو ساتە خەفەتاویەکانی پەری بکەونە دەمەدەمی نیوەڕۆیێ، هەر لێرە و لە سەر ئەو کۆسپە پەریم بە خەفتباری دیت، وەی وەی خۆزی بمردبام پەریم بەو ڕەنگ پەڕیویە نەدیتبا، ئەو جاریش هەر دەتگوت جاری یەکەمیەتی خوێنی ناو گەڵی خۆی ببینێ، ئەو جاریش هەر دەتگوت سێ شەو لە زیندانی سەگ و گورگان بووە، ئەو جاریش لە باوەشم کرد و بە قەد کۆلاێنێك ماچم لە کوڵمەکانی کرد، کەس هێندەی من پەریی ماچ نەکردووە، وەك من چوار میێردیش بکات، نالێم وەك سەلما، بە هەموو میێردەکانی هێندەی من ماچی ناکەن، لێی بپرسن لە پەری بپرسن کەس هەیە هێندەی ژنە کەسکپۆشەکە تۆی ماچ کردبێت، ژنانی کۆلان زۆر جار دەیانگوت : ((دە هێندەی ماچ مەکە، دوایی چ تامی تێدا نامێنێ بۆ میێردەکەی)) بە گوێی خۆم گوێم لە کوڕی کۆلانێ بووە، دەنگیان بەرزنەدەکردەوە نەوەك تێبگەم و گوویان دەرخوارد بدەم: ((خۆزگە، هەزار خۆزگەم بە ژنە کەسکپۆشەکە، خەنی بووە بە ماچی پەری، توخوا دە لە باتی من ماچێکی لێوی، خاڵەکەی گەردنی بکە)) ئەو جارە زۆر هەوڵم لەگەڵ پەری دا بەڵام نەگەیشتمە هیچ، بە نهێنیی هێشتەوە، من گومانم بۆ ئەوە چووە کە کچێنیەکەی لە دەستدابێت، بەڵام گومانم خستە گومانەکەی خۆمەوە، پەری لەو کچانە نەبوو، ئەوەی لێبوەشێتەوە، من زوو دەمزانی پەری عاشقە، چاوی پڕپڕ لە عەشق بوو، کوڕە عاشقەکەشم دیتبوو، ئەو کوڕەی دڵی ئەو پەریە نازدارەی بردبوو، بەڵام پەری ئەو کچە نیە تا نەگاتە شەوی بووکێنی کچێنیەکەی ببەخشێ، نا پەری ئەوە نیە، من لەو ڕۆژەدا هیچ لە پەری تێنەگەیشتم، هیچی نەگوت، چاوەکانیشی هەڵنەدەهێنا تا ڕووداو بخوێنمەوە، من زۆر جار وەك ئەوەی ڕۆژنامەیەك بخوێنیتەوە ئەوها لە ناو چاوە گەشەکانی پەری هەوالی وردم خوێندۆتەوە، ئەو ڕۆژە بە شەوەکەیشیەوە پەری لای من مایەوە، پەری بە گەورەیی قەت شەو لای من نەماوەتەوە، هەتا درەنگانی شەو لام بووە، بەڵام بۆ نووستن چۆتەوە ماڵ، ئەو شەوە بابیشی بە دوایدا هات هەر نەچۆوە، پەری قەت قسەی بابی نەدەشکاند ئەو شەوە شکاندی و لای من مایەوە، هەتا سبەینێش هەر وڕێنەی کردووە..

پەری لە خۆپیشاندانەکانی ئەو ساڵەی بەهرامی میێردمیان بردە قادسیەو نەهاتەوە، تاقە کچی کۆلانێ بوو بەشداریی دەکرد و نەدەترسا، من بە چاوی خۆم دیتم کوچکە بەردی ڕادەوەشاندە چەکدارەکان، بە گوێی خۆم گوێم لێبوو، دەنگی پەریم لە ناو هەموو دەنگان دەناسیەوە((بروخێ داگیرکەر، پایەدار بێ ئازادی)) ئەدی هەر پەری نەبوو بۆ یەکەم جار قوتابخانەی کچانی هێنایە دەنگ و شار هەموو شار وەك بوومەلەرزەی لێدابێت ئەوها لەرزی،

لەرزینێك گەڕەك بە دزیەوە دەیانگوت خودایە هەموو رۆژێك ئەوها بلەرزێت، ئەدی لە یەکەم سالّسوورِانەوە بە سەر هەلەبجە، پەری نەبوو! پێش نیوەڕۆ وردودرشتی کۆلّانی هێنایە کۆلّانێ و بۆ ماوەی جگەرەکێشانێ قڕوقەپ دەست لە سەر سینگ، بێ هەناسە راوەستان، جاشەکەی سەری کۆلّانێ دەستڕێژێکی بە سەر کۆلّاندا هاویشت بەلّام کەس خۆی تێکنەدا، بەلّێ پەری یەکەم کەس بوو دابی راوەستان بۆ هەلەبجەی داهێنا، پەری بەکار بوو، زۆر کەس دەیانگوت: ((پەری دەلّێی نێرە کوڕە، خودا بە هەلّە بە کچی دروستکردووە) بەلّم رقم لەو قسەیە هەلّدەستا، گوتوومە زۆر جار گوتوومەتەوە و دەیلێمەوە: کچ دەبێت وەك پەری بێت، کچ ئەگەر بیەوێت کچ بێت دەبێت وەك پەری بێت، خۆزگە من وەك پەری دەبووم..ئەدی هەر پەری نەبوو لە رۆژی رابوونی شار کوچکە بەردی دەدایە دەستی ورد و درشتی گەڕەك هەموویانی بە دووی خۆی داو رژانە شەقامەکان، پەری لە پێش هەمووانەوە دەڕۆیشت و (بروخێ دیکتاتۆر)ی دەگوتەوە، من بەو تەمەنەوە بە دوویەوە بووم، ئەدی ئەو کاتەی تفەنگەکەی لە بن ساقۆیەکەی دەرهێنا، تا ئەودەمە جگە لە من کەس نەیدەزانی پەری چەکدارە، ئەدی ئەو کاتەی گوللەکە بە دەستی پەری کەوت من لە تەکی نەبووم، بەو دەستانەی خۆم دەستیم نەبەست و لە خەستەخانەی کۆماری بە سەر سەریەوە نەبووم، کا، ئەودەم دایکی لە کوێ بوو؟ ئەدی لە نان خڕکردنەوە وەکی بۆ هێرشبەرانی سەر بابەگورِگورِیان دەنارد، پەری نەبوو سەرنان سەرنان، بەرانپیل بەرانپیل، تلیانە تلیانە، نانی خڕدەکردەوەو عارەبانەی تەرەکتۆری پڕ لە نانی گەڕەك کرد و هەر بە خۆشی دەیهاژوت و بردی، ئەدی پێشتر زۆر پێشتر هەر پەری نەبوو ئەوەی لە دەستی کەس نەدەهات ئەو کردی بۆ ئاوارەکانی بادینان و بابان بۆ بارزانیەکان، ئەدی پێشتر و دواتریش لە نەورۆزان پەریتان دیتبا، پەری نەبا ژنانی کۆلّان فێری گوتنەوەی سروودی نەورۆز دەبوون؟ پەری ژنانی گەڕەکی بە شێوەیەك فێری گوتنەوی نەورۆز کرد لە حەسەن زیرەك جوانتری بلّێنەوە، پەری نەبا ژنانی ئێرە لە ئێوارەی نەورۆزێ بە دەوری ئاگردا دەسووڕانەوە ئەو ئاگرەی ئەها لەو سەرە کۆلّانە بە دەنکە شخاتەی دەستی پەری بلّێسەی دەسەند و دەچووە ئاسمانێ، پەری حەفتەیەك پێشتر دارودڕی دنیای خڕدەکردەوە، پەری زوو وازی لە تایە سووتان هێنا، دەیگوت:

خۆتان بسووتێنن بەلّام تایە نا، تایە نەخۆشیی دنیای پێوەیە

من مردنم لەبیربچێتەوە ئەو نەورۆزەم لەبیرناچێتەوە، ئەو نەورۆزەی پەری نازانم بە هۆی چیەوە بوو هیچی دەستنەکەوت ئاگری بەرداتێ و نەورۆزی پێبکات، گەڕا، کۆلّان کۆلّان گەڕا، جارِی دا:

قوتابیان بۆ ئەوەی نەورۆز بێ ئاگر نەبێت،هەر یەکەو کتێبی بیرکاریی خۆی لەگەلّ خۆی بێنێ و بێتە سەری کۆلّانی ئێمە

لە ماوەی چەند جگەرەکێشانێك لەو سەری کۆلّانە خانوێك کتێب قیتبۆوە، پەری بیرکاری ئاگر دا ، وێنەی سەدام کە بە کتێبەکانەوە بوو، چەند جوان دەسووتا، یەك بە قوڕگی کۆلّان:

ئەم رۆژی سالّی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

زۆری نەبرد جاش ئەمن گەیشتن:

ئەوە وێنەی سەرۆکی فەرماندە دەسووتێنن!

خەلّك پەرتەی کرد، چەندی پرسیان:

نەخشەی کتێب و سەرۆك سووتان کێ کێشاویەتی؟

کەس ورتەی لێوە نەهات، ئەو دەم گەڕە چەند یەکگرتوو بوون، چەند پەریان خۆشدەویست، ئەدی لە هەڵاتنێ ئەو دەمەی هەموو شار خۆیان لۆ هەڵاتن کۆدەکردەوە پەریەکەی من تفەنگی دەست دایێ و بە گەڕەکی گۆت:

هەڵاتن زووە، وەرن بچین بەرسینگی دەبابە بگرین

بە چ حاڵ پەریان سارد کردەوە، بابی ساردی کردەوە دەنا دەچوو خۆی بە کوشت دەدا و بەگەڵ هەڵاتنێ نەدەکەوت، من ئەو چوار پێنج جارە نەبێت پەریم وا بە خەفەتباری نەدیوە، ئەو جارەشم لە بیرناچی، شەوێك هاتە لام ، هەر لە دەرگاوە فرمێسکی هەڵوەراند، گریا، گریا، هەر گریا، سەریم بە سینگی خۆمەوە نابوو، دەستم بە قژە خاوەکەیدا دێنا، دڵۆپە فرمێسکە گەشەکانیم دەسڕیەوە، چەندی دەمگوت:

+ چیتە؟ کچی خۆم چیتە، ئاگرم گرت..

هەر هێندەی دەگوت:

- گوێت لە دەنگی دەهۆڵ و زورنا نیە، ئەوە ئەوە

گوێم لە هیچ نەبوو، رەنگە دەنگەکە دوور بووبێت، من ئەو دەمیش وەك ئێستا گوێم کەمێك گران بوو، جارێکیدیش کە دڵتەنگیەکەی ناگێڕدرێتەوە، نامەوێ کەس لە منی ببیستێ، لە قیامەتیش بۆ کەس نایگێڕمەوە، خودا لە سەر ئەوە بمخاتە دۆزەخەوە بۆی ناگێڕمەوە..

با بەس بێت، دوعام بۆ بکەن لە پێ نەکەوم و خودا لە چوار شەمووانی سولتان مزەفەر بێ بەریم نەکات، ئای کوڕە تۆراوەکەم...

پەری:

ئەو شەوەی قسەی بابم یان دڵی بابم شکاند و لای ژنە کەسکپۆشەکە مامەوە، ئەو ژنەی دەبوو دایکی راستینەی من بێت، چەند خۆزگەم خواستووە کە دایکم با، خۆزگە دایکم با، ئەو شەوە لە شەوە ترسناکەکانی منە، خۆزگە بە قسەی خەونەکەی خۆمم دەکرد، شەوی پێشتر لە خەوندا دەنگێك گوتی : ((ئاگات لە پرتەقاڵەکە بێت ترسناکە، لێی نزیك مەکەوە))، نەدەبوو لە قسەی خەونەکە دەربچم، نەدەبوو، نەدەبوو پژمینەکە بە هەند وەرنەگرم، ئەو شەوە من لە شەڕدا بووم، شەڕ لەگەڵ خۆم، ئای کوڕی پیاوە مەستەکە چیت لە من کرد، من لە ئاگر دوورەدەخەیتەوە، بەو ڕێگەیەش، هەڵەت کرد تۆ هەڵەت کرد، نا من هەڵە بووم، ئەگەر ئامۆژگاریەکانی ژنە کەسکپۆشەکەم وەك گوارەکەم لە گوێ بان وام لێدەهات! نا قەت کوڕی پیاوە مەستەکە بەو شێوەیە مەرجی خۆی ڕانەدەگەیاند، ئای گۆی مەمك، چیت بە من کرد، حەیف و مەخابن، ژنە کەسکپۆشەکە لە قسەی تۆ دەرچووم، چەند جوان بەڵێی گۆی مەمکت بە خۆڕایی بۆ مان بۆ کچانی تازە پێگەیشتووی کۆڵان و بێ شەرم بە گۆڕێ وەردەکرد، کچانی لە دەوری خۆی دادەنیشاند و بە ئەسپایی هەر ئەوەتە گوێمان لێدەبوو:

((کچینە ئاگاتان لە گۆی مەمکتان بێ، ئەو بەڵێانەی بە سەر کچاندا دێت هەمووی لە گۆی مەمکەوەیە، گۆی مەمك بەڵێە بەڵێ، هیچ جێگەیەکی لەش وەك گۆی مەمك بەڵێ نیە، نەهێڵن لە لێوی کوڕان نزیك ببنەوە، گۆی مەمك ڕێك وەك کلۆ شەکر وایە لە ناو لێو دەتوێتەوە، کە توایەوە بەرگە نامێنێ، دامەن ئاو دەکات و هێزی پووشکەیەکی نامێنێ، کە گۆی مەمك کەوتە ناو لێوەوە دامەن شل دەبێ و کوڕ بە ئارەزووی خۆی لە ناو راندا گەمان دەکات و هەر ئاگاشت لێنیە، خوێن ڕژاوە، ئەگەر دەتەوێ کچێنیت لەدەستدەنەچێ، بۆ چرکەیەکیش نەهێڵی گۆی مەمکت بکەوێتە زاری هیچ پیاوێکەوە، ئاگادار بن بە چەند قسەیەکی خۆش مەمکتان نەکەوێتە زاری کوڕانەوە..))

گۆی مەمك بەڵێ بە سەر منداڵ هێنا، گۆی مەمك نەبا، کوڕی پیاوە مەستەکە وا ئاشکرا مەرجی دوورکەوتنەوەی لە ئاگر ڕانەدەگەیاند، ژنە کەسکپۆشەکە من دەبێت چی بکەم، ئەو شەو لە ناو بەڵێ گۆی مەمکدا لەگەڵ خۆم و دنیادا دەجەنگم، بە هانام وەرە ژنی کەسکپۆش.. ئەو شەوە چەند جارێ وێستم بەڵێ گۆی مەك بۆ ژنە کەسکپۆشەکە بگێڕمەوە، دەهاتە سەر زارم پەشیماندەبوومەوە، نەمگوت، بە خۆم دەگوت، هیچ چارەیەکی بۆ من پێنیە، ئەو تەنها لە خۆپارێزی لە بەڵێ دەزانێ، کە بەڵێ هات چارەی لە کوێ بوو.. چەند هەفتەیەك چ پێنەدەچوو لە سەر دنیا بم، ڕۆژێك کوڕی پیاوە مەستەکە هات، ڕووم نەدایێ، لە هەلێکدا نامەیەکی بۆم هەڵدا، بە نا بەدڵی گرتمەوە کردمەوە بەڵێم بە تامەزرۆوە خوێندمەوە:

((پەریەکەم، کەی بێمە داخوازیت، تۆ ئیدی ژنی منی، بە قەد دنیایەك خۆشمدەوێیت، بۆ ئەوەی بژیین و نەسووتێین لە هەردوو ئاگرەکە دوورکەوە و تەواو، زوو وەڵامم بدەوە، هەی پەریی ئاسمانێ))

وەڵامیم نەدایەوە، من ناتوانم لە ئاگرەکان دوورببکەومەوە، هێندە گوێ بە کچێنیەکەم نادەم، کە بە دڕووستی نازانم کوڕی پیاوە مەستەکە بردی یان هەر لە جێگەی خۆی ماوە، من شارەزاییەکی ئەوتۆم لە کچێنیی نیە، نازانم بەو ساناییە دەڕوا یان نا، ئاخر تێڕاچوونەکە چ نەبوو، هێندە نەچوو، چ خوێنیشم نەدیت، ئەگەر لە دەستیشمدابێ گرنگ نیە، لای من کوڕی پیاوە مەستەکە گرنگە، ئاگرەکانیش گرنگن، چۆن ئەوانە لێك نزیك

بکەمەوە، ئای بۆ ئەو رۆژەی من و کوڕی پیاوە مەستەکە و ئاگر پێکەوە تەبا بین، هەر چۆنێك بێت دەبێت ئاگر و کوڕەکە ئاشتبکەمەوە، ناتوانم دەستبەرداری بم، دەکرێ عەشقێکی پیرۆزی حەفت پایزە بە ئاگر بسووتێنم؟ دەکرێ ئاگرێکی پیرۆز بۆ کورێکی دژە ئاگر بکوژێنمەوە؟ ناکرێ، ئای کوڕی پیاوە مەستەکە!!

ئۆی، من خوشکترین خۆشکم نەدیوە، دەبێت بیبینم، چووم، باوەشمی پێداکرد و گریا:

+ چەند لە میژە دیار نیت، لە پەنجەرەشەوە نەمدیوی، دەبوو سەردانم بکەیت، ئای..

_ وایە، بەلاّم منیش باش نیم...

ئەوەی لە ژنە کەسکپۆشەکەم شاردەوە ئەوەی لە هەموو کەسێکم شاردەوە، نەمتوانی لە خوشکترین خوشکی بشارمەوە، بە گریانەوە ورد و باریك هەموویم بۆی گێڕایەوە، خوشکترین پتر پرسیاری لە کچێنیەکە بوو، چۆن بوو؟ چەند چوو؟ ئازار؟ خوێن؟ نەیدەبڕیەوە، منیش هەر: نازانم، نازانم، نازانم.. بە راستی نازانم، هەندێك جار دیمەنەکەم بە شێوەیەك دێتەوە پێش چاو کە خەون بووە، هیچ شتێك رووینەداوە، خۆم لە خەیاڵی خۆم دروستمکردووە، بەلاّم چ لە بەربوونەوەی پیاوە مەستەکە دەکەیت کە لە سەر لقە بەرزەکانی بیەکەوە هاواری لێ هەستا و زرمەی لێوەهات، نا ئەوە خەون نەبوو، خەیاڵ نەبوو، پیاوە مەستەکە، خوشکترین خوشك گوتی:

تا ئێستا لە خەستەخانەیە، باشە بۆچی بە سەردارەکە کەوتبوو؟

بە تووڕەییەوە گوتم:

رەنگە ویستبێتی بە زاوابوونی کوڕەکەی ببینێ..

خوشکترین خوشك گوتی:

تۆ چی دەڵێیت؟ واز لە ئاگر دێنیت و شووی پێدەکەیت؟

نازانم چیم گوت، رەنگە گوتبێتم:

ئا، هەردووکیان ئاشتدەکەمەوە، شووی پێدەکەم..

خوشکترین خوشك بە بێزاریەوە گوتی:

ئاشت نابنەوە، ئەو کوڕە لەگەڵ ئاگر ئاشتنابێتەوە، تۆ دەڵێی شێتی..

خەمبارانە گوتم:

رەنگە شێتبم، عەشق عەشق، ئای..

ئەویش خەمبارانە گوتی:

نازانم، هیچ نازانم، بەلاّم ئەنجامەکەی باش نابینم، ئەو کوڕە ئەوە نیە کە...

باوەشم بە خوشکترین خوشکدا کرد:

توخوا قسەی پێمەڵێ..

خوشکترین خوشك چی نەگوت، دەستی بە سەرمدا هێنا، چایەکی هێنا، گوتی:

ئەگەر لاتینیەکەت کەمێك باش بووە، نامەکەی خوشکی گەورەم بخوێنەوە..

وا بزانم گوتم:

هەر وەك خۆیەتی، بەلاّم دەیخوێنمەوە، خوێندمەوە:

بۆ خوشکی تەمەن حەفت سالّەی خۆم..

چاوە گەشەکانت ماچ دەکەم..

ئەو نامەیە تایبەت بۆ تۆ دەنووسم..

ئەو پیاوەی ئێستا مێردمە، خۆزگە قەت نەدەبووە مێردم، ئەو پیاوەی کە زۆرت خۆشدەوێ نەبێتە مێردت باشە، ئەگەر زوو دەمزانی نەمدەهێشت ببێتە مێردم، من هەڵەم کرد بە قسەی ژنە چەندمێردکەرەم نەکرد و خۆم لە بەلاّی گۆی مەمك نەپاراست، گۆی مەمك منی خستۆتە سەر رێی شێتبوون، من هەشت سالّی رێك ئەو پیاوەم خۆشویست، ئەو رۆژەی بۆی بە بووك چووم، بە سەر پشتی هەوری سپیدا چووم، خۆزگە هەر لە رێ دەبووم نەدەگەیشتمە ژووری خەوتن، خۆزگە هەر لە رێ دەمامەوە لە نێوان مالّی خۆمان و مالّی ئەو پیاوە دەماوە، خۆزگە ئەو رێگایە هێند دوور دەبوو هێند دوور گەیشتنی نەبا، خۆزگە.. ئای خۆشمدەویست ئای خۆشیدەویست، سێ سالّی ئامادەیی، چوار سالّی کۆلێژ، سالێکی پیاسەییش من لەگەلّ ئەو پیاوە بووم، بە درێژای چوار سالّی کۆلیژ حەفتەی شەوێکمان هەبوو، لەو شەوەدا بە تایبەتی لە سالّی دوایی و بۆ ماوەی دەمژمێرێك ئێمە و ژن و مێرد بووین، بەلاّم ژن ومێردایەتیەکی پڕ لە خۆشەویستی نەك وەك ئێستا، درەنگ تێگەیشتم، درەنگ، درەنگ لە حیکمەتەکانی ژنی چەند مێرد تێگەیشتم، ئەو ژنە دەیگوت: ((ئەو پیاوەی دەتەوێت مێردی پێبکەیت، نەکەیت پێش شەوی بووکێنی هەڵەی وا بکەیت، بۆی رووتببیەوە، تا لە توانات هەیە نەیەڵّی تامت بکات، نەکەی نەکەی وا بکەیت دەستت تێدا بگێڕێت، ئەنگۆ نازانن نەتاندیتیە، لە من بپرسن: پیاو کە ژنێکی پێش گواستنەوە تامکردبێت، بە چاویدا دەداتەوە، قەت ناتوانێ لەگەلّی باش بێت، پیاو ئای لە پیاو.. بە قسەم بکەن با مێردی دوا رۆژتان تامتان نەکەن، ئەگەر پێش مێرد کردن حەزتان لە ماچ و راموسانە برۆن لەگەل کوڕێك رابوێرن بە خەونیش نەبێتە مێردتان)) خۆزگە بۆی رووتنەدبوومەوە، تامی نەدەکردم، وابوو قسەی ژنە چەند مێردکەرە وەك ئایەت راست کەوتەوە، هەر لە شەوی بووکێنی، پیاوەکەم ئەوەی سالاّنێك عەشقمان کرد، هێشتا کراسی بووکێنم لە بەر بوو، گوتی: ((چەند خۆش بوو ئێستا لەشولارێك ببینم پێشتر نەمدیتبێت)) چەند دلّرەقانە ئەو رستە ترسناکەی گوت، ئید هاوسەریمان چلەی نەچووبوو، کێشە سەری هەڵدا، بەرە بەرە دلّپیسی چەکەرەی کرد، زۆر جار دەیگوت: ((پێشتر جگە لە من بۆ کەسیتر رووتنەبوویتیەوە))، خۆزگە باس هەر لە پێشتر با، گەیشتە دواتریش، دەڵێت: کەسێك لە سەردەمی کچێنی شت بکات لە سەردەمی ژنایەتی دەتوانێت وازی لێبێنێت؟))، من دەڵێم بەو پیاوە دەڵێم((ئاخر من لەگەلّ تۆم کردووە، تۆم خۆشویستووە، بۆیە..)) بە گوێیدا ناچێت لەگەلّ هەموو ئەوانەش من ئەو پیاوەی سالاّنێك لە خۆمم پتر خۆشویست، ئێستاش خۆشمدەوێ و نابێت عەشق کالّبێتەوە، دەتوانم سێبەردی لێوەربگرم، بەلاّم ئەدی چ لە عەشق بکەم! بۆیە من دەبێت بمرم، یان شێت بم، دەڵێن شێت عەشق دەپارێزێ، من لەورۆوە بڕیارمدا بچمە سەر بەرمالّ و نوێژێکی درێژ دابەستم نوێژێك، نوێژێکی پەیامبەرانە و لە خودا بپارێمەوە کە بۆ ئەوەی عەشقەکەم بپارێزم، بۆ ئەوەی هەر بە عاشق بمێنمەوە، یان بمکوژێت یان شێتم بکات،دڵنیام شێت دەبم، زۆر نیشانەی شێتایەتیم لێ بەدەرکەوتووە، جارێ هەر خۆم هەستیان پێدەکەم.....))

خوشکترین خوشك نامەی خوشکی گەورەی لە دەستم بە شێوەیەك راپسکاند ئەزیەتی پێنەگات، بۆچی نەیهێشت تەواوی بکەم؟ رەنگە منی لە بارێکی زۆر نائاسایی دیتبێت، ترسابێت شتێکم بە سەر بێت، ئای خوشکترین خوشك تۆ بۆچی جارەکەیدی نەتهێشت نامەی خوشکەکەت بخوێنمەوە، خوشکترین خوشك چیت لە من کرد، لە هەستاندا گوتم:

+ خۆزگە حەفت پایز لەمەوبەر ئەو نامەیت دەدۆزیەوە، باشە بۆچی جاری یەکەم نەتهێشت بیخوێنمەوە..

- ترسام کاری خراپ لە تۆ بکات، نەمدەویست قەت نەمدەویست تۆ ئەو نامەیە ببینی، بەلاّم..

+ باشە ئێستا بۆ ناهێڵی هەمووی بخوێنمەوە

- لێرە بە دواوە دوور و نزیك نزیکایەتی لەگەڵ تۆ نیە، تایبەتە زۆر تایبەتە بە خودای زۆر تایبەتە...

سەرم هەڵنەبڕی جاری یەکەمم بوو بە و کۆڵانەدا بڕۆم و چاوێ نەدەمە پەنجەری دنیا، لەو رۆژەوە تا ئەو رۆژەی لە رەشبگیریەکەدا گیرام، کوڕی پیاوە مەستەکە پتر لە سی نامەی نارد وەلامی هیچیم نەدایەوە، لە هەموو نامەکان داوای هاتنە خوازبێنیمی دەکرد بە مەرجی لە ئاگردووورکەوتنەوە، من لای خۆمەوە بڕیاری خۆم دابوو کە وەلامی نامەیەك دەدەمەوە کە مەرجی ئاگری تێدا نەبێ، گیرام و ئەو نامەیە هەر نەهات، لە ناو زیندانێش لە چاوەڕوانی نامەی بێ مەرجی کوڕە مەرجدارەکە شەو و رۆژم دەکردەوە، نەهات و نەهات، دوای هاتنەوەشم لە زیندان گەڕەك کۆلان کۆلان رژانە مالّی ئێمە نە خۆی هات نە نامەیەك، نامەی مەرجداریش نەهات، لە پێش مالّیان دەنگی دەهۆڵ و زورناش هات، ئەو هەر نەهات، دلّی شووشە بوو شکا، یان بەرد بوو چەقی نەهات و نەهات..

نەخشەسازی گەرماو:

من جگە لە ناوی خۆم نزیکەی شەش نازناو و ناوی نهێنیم هەبوو، بەڵام هیچیان وەك نەخشەسازی گەرماو پێمەوە نەنووسا، پێوەنووسانێك بە هیچ لێنابێتەوە نە پەرلەمانتاری نە وەزیری هیچ هیچ نەخشەسازی گەرماو لێناکاتەوە، لەو رۆژەوە کە جێگەی شاردنەوەی پەڕەکاغەزی قاچاخم بۆ پەری دیاریکرد و نەخشەکەیم بۆی کێشا، من بوومە نەخشەسازی گەرماو، پەری بەو ناوە ناوی هێنام، ئەو پەریە سەیرە بیەوێ هەر نازناوێك بۆ هەر کەسێك هەڵبژێرێ، کەسەکە بیەوێ و نەیەوێ، بزانێ و نەزانێ، دەچێتە سەر و هەموو کەس بەو ناوە دەیناسنەوە، من تا ئێستاش هەتا نەڵێن نەخشەسازی گەرماو زۆر جار بە خاترانە گەرماوەکە نالێن هەر نەخشەسازم، منداڵەکانی خۆشم نامناسنەوە، سەرۆکیش هەر بە نەخشەسازی گەرماو بانگمدەکات، کەم کەسیش دەزانی ناوی من لە گەرماوەکەی مالّی پەریەوە هاتووە..

ئەو رۆژەی پەری گیرا من لە شار بووم لە مالێك لە ماڵەکانی شۆرش خۆم حەشار دابوو، مالّی پەریش هەر مالّی شۆرش بوو، بەڵام من نەدەبوو لەوێ بم، کوڕی نەفتفرۆشەکە هەواڵەکەی هێنا، رۆژی پێشتریش پەری لای من بوو، ترساین، دەبوو لەو ماڵەوە بچمە مالێکیتری شۆرش مالێك پەری پێینەزانێت، دەبوو لە پەری هەڵبێم، خۆمی لێ بشارمەوە، جێیەك مالێك ببینمەوە نەمبینێتەوە، ترسان لە پەری ئاسایی بوو، زیندان چ ناگۆڕێ، ئەشکەنجە بەرد دێنێتە زمان، پەری کە دەڵێی ناسکە نانە چۆن بەرگەی قامچیەکانی زیندان دەگرێ، کەس نکوڵی لە ئازایەتی پەری ناکات، بەڵام زیندان چەندان پاڵەوانی بە چۆکدا هێنا، لەگەڵ ئەوەش مەرجیش نیە پەری بە چۆکدا بێت، من بیستوومە زۆر جار ژن لە پیاو قایمترە، رەنگە پەری لە زیندانێ ببێتە سەفین و نەرووخێ، من دەبوو هەواڵێك لە گەرماوەکەی مالّی پەری بزانم، دەبوو بگەمێ، پێشئەوەی حکومەت دەستی پێبگات، رەنگە ئێستا مالّی پەری سەراوبن کرابێت، حەزمنەدەکرد کوڕی نەفتفرۆشەکە شتێك لە گەرماوەکە بزانێ دەنا کەس هێندەی وی بۆ ئەو کارە باش نەبوو، هەر دەبوو خۆم بچم، ئەگەر دەستیان بگاتە بن مەنجەڵی گەرماوێ پەری و مالّی پەری بەو ئاگرەی گەرماوێ دەسووتێن، پەری نابێت تێدا بچێت، پەری دەبێت بژیت، هەرچیم لە دەستبێت بۆ ئازادبوونی پەری دەیکەم.. بابی پەری باش دەناسم و برادەرمە هەرچەندە ئەو لە رەنگێکیترە بەڵام هێندەی خۆم جێی متمانەیە، لەگەڵ ئەوەش نامەوێت شارەزای نهێنیی گەرماوەکەی خۆیان بێت، پەری هێند کتوپڕ دەستگیرکرا، بڕواناکەم دەستی بە کەس راگەیشتبێ کە زوو بگاتە گەرماوێ و نەهێلێ دەست پیاوانی ئەمن بکەون..

شەوی دواتر خۆم گەیاندە کۆلانە نزیکەکانی نزیك مالّی مەرگ، ئا ئەو شەوانە مالّی پەری وەك مالّی مەرگ وابوو، کێ دەیوێرا لە کۆلانە دوورەکانی کۆلانی مالّی پەری نزیکبێتەوە، بە تایبەتیش من کە ئەگەر چاوێك بمناسێتەوە، سێودووی لێناکەن و سێدارەم بۆ هەڵخراوە. جگە لەوەش بە درەنگانی شەوان ئەگەر کەسێك گێل نەبێ لە دەرگای مالّی پەری نادا، مالێك کەسێکیان تازە ئەمن سوڕگومی کردبێ، نیوەی شەویش دەنگی دەرگا بێت، داخوا دڵیان چ بڵێ.. من گوێم نەدایە ترس و گێلایەتی و ئەو شتانە، تەق.. تەق بە ئەسپایی لە دەرگا گەورە سێ دەریەکەم دا، ئێستاش لە بیرمە سێ جار لە دەرگام دا جار لە دوای جار نەرمتر، پێچەوانەی هەموو خەڵك، لە دڵی خۆم گوتم رەنگە ئەوە نیشانەیەکی دڵنیایی بێت بۆیان و هێندە نەترسن و دەرگاش بکەنەوە..

+ کێیە؟

- منم.... بیکەوە

ناوە هەرە کۆنەکەی خۆمم گوت،ئەو ناوەی بابی پەری باشی دەناسی و لێشی دڵنیا بوو، کردیەوە و پەلکێشی ژوورێی کردم، گوتی:

+ وەرە، خێرا..

- لە کاتێکی خراپ هاتم..

بە قوڕگی پڕ لە هەنسکەوە:

+دەی..پەریم گیرایە پەری، زانیوتە؟

- زانیومە، خەمت نەبێت، چ نابێت..

+ دەترسم زۆر دەترسم، پەری فەوتا..

بابی پەری بە تەنیا لە ماڵ بوو، گریان قورگی گرتبوو، دەیویست قسەیەك بکات لە قورگی عاسێ دەبوو،گوتم:

+ دەڵێی بە تەنیا لە ماڵەوەی؟

-ئا، نەمویست کەس لە ماڵەوە بمێنێتەوە،من چاوەڕێ دەکەم بێن بمبەن، منیش ببەنە لای پەری،نابێت ئەو زیندانی ومن ئازاد بم..

لە پڕمەی گریانی دا، گریا، هەر گریا، منیشی لەگەڵ خۆی گریاند، کەس نەبوو کڕمانبکاتەوە، بە پشتێنەکەی فرمێسکەکانی سڕیەوە و گوتی:

+ تۆ ماڵێکی باش ببینەوە، نابێت لێرە تووش بیت.

- وا دەکەم، کەمێك لێرە دەمێنمەوە، بەڵام ئەگەر بکرێ دەمەوێت سەرم بە ملدا بشۆم، گەرماوەکە لە کوێیە..

+ بڕوا ناکەم ئاوی گەرم هەبێت..

چوومە گەرماو، یەکەم جارم بوو گەرماوی ماڵی پەری ببینم، بەڵام بە نهێنیەکەی ئاشنام، خۆم نەخشەی مەنجەڵی ئاوی ساردم کێشاوە، دیتمەوە ئەو جێگەیەم دیتەوە کە بەس من و پەری پێیدەزانین، دەستم گێڕا هیچ نەبوو،پەڕە کاغەزێکم نەدیتەوە، ئەو هەموو بلاّوکراوەیە چیان بەسەرهات، خۆ پەری رۆژی پێش گیرانی گوتی هەمووی لای خۆمن و هەفتەی دادێ دەست بە دابەشکردن و بلاّوکردنەوەیان دەکەم، چەند جارێ وێستم لە هەواڵی بن مەنجەڵی سارد لە بابی پەری بپرسم، نەمپرسی، بابی پەریم بە تەنیایی و لە تلانەوەیەکی باوکانە بەجێهێشت..

من دەمێك بوو پەریم دەناسی، ئەو لە هێڵی من کاری دەکرد، راستەوخۆ پەیوەندی بە منەوە هەبوو، یەکەم جار لە بناری سەفین دیتم، لەو دیوەی کە هەنارستانە، لە ناو هەناران پەریم دیت، هێشتا منداڵکار بوو، رووەمەتەکانی دەتگوت دنکە هەنارن، کچی وا جوانم نەدیوە، تا ئێستاش نەمدیوە، لە کاری سیاسەت زۆر گەرموگوڕ بوو، ئاگرێك بوو بۆ خۆی، دەیویست چەك هەڵگرێ بەڵام پەشیمانیانکردەوە، منیش گوتم: برۆوە، بۆ تۆ شار باشترە لەشاخ..

پەیوەندی نێوان من و پەری پەیوەندی ریکخراوی بوو، من هەر زوو دەمویست پەیوەندیەکەمان قوولتر بێتەوە، بەڵام لە چاوی پەریەوە خوێندمەوە کە پەیوەندیەکە هەر ئەوەیە و تەواو، بۆیە منیش لەوێ وەستاندم و جوولەیەکی وام نیشان نەدا کە مەبەستێکیدی بگەیەنێت، پەری لەو کچانە بوو هەر کوڕێ دیتبای دەچووە دڵیەوە و

حەزیدەکرد پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ، پێشمەرگە و جاش بۆی شێت ببوون، لە پێناوی گەیشتن بە پەری ئامادەی چی نەبوون، کەس نیە (بابەلباب جاش) نەناسێت، بەڵام کەم کەس هەیە چیرۆکی وی لەگەڵ پەری بزانێت، پێشمەرگەی دنیا بە دوای بابەلباب جاشەوە بوون، هەزار بۆسەیان بۆی دانایەوە، پێوە نەبوو، هەزار جار بە سەریان دادا، بەر نەکەوت، سەد کەرەت پەیوەندیان پێوەکرد کە واز لە جاشایەتی بێنێ و بێتە رێزی شۆڕشەوە و هەرچی بیەوێ بۆی بکەن، ملی نەدا و جاشایەتی بە پێشمەرگایەتی نەگۆڕیەوە.. ئەدی ئەو دەمەی هەواڵ بڵاوبۆوە کە بابەلباب جاش چەکی جاشایەتی فڕێداوە و لە مالّی خۆی کە دەکەوتە سەر رێی سەفین دانیشتووە، کێ باوەڕی کرد؟ کەس، نە پێشمەرگە نە جاش نە کەس، ئەدی چەند کەس دەزانێت ئەو بابەلباب جاشە چەند جار بە رێگەی جودا جودا پەیوەندی بە پەریەوە کردووە کە میَردی پێبکات، چی دڵێشی دەخوازێت بۆی دەکات، جگە لە پەری کەس..ئەدی ئەو رۆژەی بابەلباب جاش بانگکرایە بەغدا و نەگەڕایەوە کێ شتێکی لە بارەیەوە زانی؟ کەس، ئەدی بۆچی بابەلباب جاش وازی لە جاشایەتی هێنا؟ هەر یەکەو قسەیەکی دەکرد، هەبوو دەیگوت: ترسی گەیشتبووێ، دەکوژرا، ناچار وازی هێنا، هەبوو دەیگوت: حکومەت گومانی لێی هەبووە و چەکی کردووە، هەبوو دەیگوت: خەونی دیتووە لەو خەونە پێیانراگەیاندووە کە ئەگەر واز لە چەکداری نەهێنێت مردنی نزیکە، هەشبوو دەیگوت: تۆبەی کردووە و لە مالّی خۆی خەریکی زیکر و تەهلیلەیە، بەڵام ئەگەر لە پەری بپرسن وا نالّێ، هێشتا بابەلباب جاش بانگنەکرابووە بەغدا، پەری ئەوهای بۆ من گێرایەوە:

وازم لێناهێنێ، بابەلباب جاش ناوە ناوە بە بەر گوێمدا دەدا کە شووی پێبکەم، بەوەی باشە خزمایەتی لەگەڵ بابم هەیە دەنا بە رفاندن دەمڕفێنێ، بەڵام وا بڕوا من دەترسم شتێکم لێبکات، پێش ماوەیەك هاتە مالّمان، دیسان دایەوە گوێم، منیش مەرجم بۆی دانا، مەرجی وا کە لێی دەرنەچێت، لە کاتێك ئەگەر دەرچووش من یەکسەر خۆم بگەیەنمە شاخ و لە دەستی دەربچم، پێیمگوت:

+ من شووت پێدەکەم بەڵام مەرجم هەیە؟

- هەر تۆ و مەرج، هەر مەرجێکت هەیە جێبەجێیدەکەم

+ مەرجەکەم قورسە

- ژنەکەم تەڵاق بدەم؟ ئەوە تەڵاقم دا

+ نا تەڵاقی مەدە، هەوێ هەوێی نەخواردووە

- دە، بڵێ، چیە؟

+ واز لە جاشایەتی بێنە

- جاشایەتی، ئێ،،

+ ئا وازی لێبێنە

گوێی خۆی خوراند:

- واز لە جاشایەتی بێنم، ناتوانم، دەبێت بچمە چیا

+ ...

- باشە واز دێنم و پێکەوە دەچینە چیا

+ من حەزم لە چیا نیە و نامەوێ کەسوکار و ئەو شارە جێبهێڵم

- ئاخر، ناکرێ واز لە جاشایەتی بێنم و لە مالّی خۆشم دانیشم..

+ بۆچی ناتوانی؟ دوژمنداریت بەو رادەیەیە کە..

- نا، بەڵام ناکرێ

+ ئێ، کە ناکرێ منیش ناکرێ شووت پێبکەم و چیدی..

- باشە واز دێنم

+ باشە، لەو رۆژەوەی کە بە فەرمی وازت هێنا، شەش مانگی خۆت بژمێرە و وەرە داخوازیم، من رازیم

- وازدێنم و چاوەڕێی شەش مانگەکە بە، بەڵام بۆچی شەش مانگ؟

+ تا دڵنیابم کە بە راستی وازت هێناوە

- من لە ژیانم هەر هەرێیەکم دابێت گەیاندوومەتە سەر، چاوەڕێ بە

+ چاوەڕێم

شەش مانگی چی، چاوەڕوانیی پەری نەگەیشتە شەش هەفتەش، بابەلباب جاش چووە رێی بەغدا و ئێستاش نەگەڕایەوە..

ئەدی ئەو پێشمەرگەیەی (کۆپتەرشکێن)ی ناو بوو، بە هەموو شەڕەکاندا هاتبوو هەر لە هەکاریەوە بگرە تا گەرمیان و تا دەگاتەوە پشتئاشان هەمووی دیتبوو، کەس نەبوو هێندەی وی شەڕی فڕۆکە و کۆپتەری کردبێت، هێندەی وی شەڕی براکوژی کردبێت، هێندەی وی شەڕی جاش و سەربازی کردبێت، هێندەی وی دەبابەی پەکخستبێت، کۆپتەری خستبێت، لە هەموو شەڕەکان دەرچووە، بەڵام لە شەڕی پەری تیاچوو، پەری نازانم بۆ خەڵکیدی چۆن بەڵام بۆ کاکی خۆی ئەوهای گێڕایەوە، پەری بە منی دەگوت کاکە:

لەو سەر و بەندەی زانکۆکان هەرایان تێکەوتبوو،شەو درەنگانێ لە دەرگا درا، بابم دەنگی ناسیەوە و هێنایە ژوورێ، کێ هاتە ژوورێ! بەژن و بالآیەکی فیشەکاوی هەر زەینەت بوو تەماشای بکەیت، بابم ئەوها بە خێرهاتنی کرد:

+کۆپتەرشکێن، هەرچەندە من و تۆ لە هەموو جێگەیەك سەنگەرمان لێکدی گرتووە و خوێنی یەکتر دەخۆینەوە، بەڵام مالەکەم جێگەی شەڕی لێنابێتەوە، فەرموو رووناکت کردەوە

- من هەر ئەوەم لە تۆ چاوەڕوان دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش لە دەرگای کەسیترم نەدا، کەم دەمێنمەوە ناهێڵم بەیان بدا، دەڕۆم، کارێکم بە ئێوە کەوتووە، ئەگەر..

+ ئەگەر بە من بکرێت، منەتی تێدا نیە..

- ماشێنێکم دەوێت..

بابم هەرێی ماشێنی بە دوژنەکەی دا، هەرێیەکەشی بردە سەر، نازانم تۆ کۆپتەرشکێنت دیوە یان نا، گەنجێکی تا بڵێی قۆز لەوانەی هەر بە تیچاوێ دڵی زۆر لە کچان دەبەن، یان ژنە کەسکپۆشەکە گۆتەنی برای خۆی عەشقی دەبێت، ئەو شەوە کۆپتەرشکێن چاوی لە سەر من هەڵنەدەگرت، بەڵام من رقم لێی دەبۆوە، وەك ئەوەی جاشێك ناپاکێك تەماشام بکات، لە هەستاندا لە تاریکی حەوشەکەدا پیش هەستان بابم گلۆپی حەوشەو سەر دەرگای کوژاندبۆوە، دەرفەتێکی وەرگرت و شتێکی خستە ناو دەستم، هەستمکرد پارچە کاغەزێکە، هێشتا نەمخوێندبۆوە تێگەیشتم، کۆپتەرشکێن چی نووسیوە: ((پەری چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم، تۆ دەمێکە لە دڵی من جێگەی خۆت کردۆتەوە، رەنگە تۆ یەکەمجارت بێ من ببینی بەڵام من سێیەم جارمە بتبینم، من تۆم خۆشدەوێ، بۆیە ئەگەر رازیت بە کورێك کە بەیانی پێش نیوەڕۆ دێتە مالّتان و خۆی پێت دەناسێنێ لە نامەیەکدا هەوالّی

خۆشم بۆ بنێرەوە، دڵنیاشم کە رازی دەبیت و دەتبەمە چیا..)) دوو سێ جار هاتە سەرم بە باپم بڵێم: ((بابە کۆپتەرشکێن بۆ ماشێن هاتبوو یان بۆ من)) گێڕامەوەو نەمگوت، کوڕە راسپێردراوەکەی کۆپتەر شکێن لە کاتی خۆی گەیشت، گوتم:

بە کۆپتەرشکێنەکەت بڵێ، من هیچم نیە بۆی بنووسم، پێیبڵێ: ڕێی من و ئەو لە مردنیش تێکناکاتەوە، باشترە بە دوای کەسێکیدی بگەڕێت..

دوای ئەوە چەند جارێکیدی هەوالّی دەنارد و وازی نەدەهێنا،لە نامەیەکدا نووسیبووی:

((کچی دنیا بۆ من شێت بوونە، تۆ خۆت بە چی دەزانی!)) وەلاّمیم نەدایەوە

لە نامەیەکیدی وای نووسیبوو: ((من لە هەموو شەڕەکان شەڕی عەرد و ئاسمان براوە بوومە دەبێت لە شەڕی تۆش هەر براوە بم)) هەر بە سەرخۆشم نەهێنا

لە نامەیەکیدی بە خەتێکی گەورە نووسیبووی:

((من لەبەر خاتری تۆ واز لە چواردە ساڵ پێشمەرگایەتی دێنم، دێمەوە و دەبمە جاش، خۆشت باش دەزانی کە دەبمە چ جۆرە جاشێك، جاشێك هەر بە ئاماژەیەك بە پێی خۆت بێیە مالّەکەم، هەر دیتت هاتمەوە و تۆش بوویتە ژنم..)) ترسام زۆر ترسام، چاوەڕێی هاتنەوەی کۆپتەرشکێنم دەکرد، وام دانابوو هەر ئەو بێتەوە شار من بە چیا بکەوم.. ئەو رۆژەی کۆپتەرشکێن حەڤدە پێشمەرگەی لە شیرنەی خەوێ لە خوێن گەوزاند و بە خۆو شەش پێشمەرگەوە خۆیان رادەست کردەوە، باش بوو من لەڕێی زیندانێ بووم دەنا هەناسەم دەگیرا، تەمەنی جاشایەتی کۆپتەرشکێن باش بوو نەگەیشتە چوار رۆژ، ئەو رۆژەی من بەربووم ماشێنەکەی کۆپتەرشکێن دەیانگوت لە ڕێی پیرمامێ بە ژمار حەڤدە تەقلەی خوارد، ئێستاش سەری کۆپتەر شکێن و تایەکی ماشێنەکەی نەدۆزرانەوە..

ئەدی چیرۆکی ئەفسەرەکە، پەری بۆمی گێڕایەوە بەلاّم سوێندی دام بۆ کەسی نەگێڕمەوە، نایگێڕمەوە..

پەری کەللەرەق بوو، شتێکی بەدڵ نەبا نەیدەکرد، پەری دوای رابوونی شار هەر وەك خۆی مایەوە، من زۆر هەوڵم لەگەڵی دا،پلەی باشم بۆی دیاریکرد وەرینەگرت، پەری، پەری..

پەری:

ئەو رۆژەی کوڕی پیاوە مەستەکە جلکی سەربازی پۆشی، دنیا لە گەرمەی شەڕ بوو، لە بیرمە ئەو رۆژە بە گۆرانیەکم گرت سەد کەرەت پتریش گۆرانیەکەم هەڵدەکردەوە:

سااڵەکەی ئەوسااڵ بە ژەهری مار بێ

هەمووی بە قوربان رۆژێکی پار بێ

.....

.....

لە ئامارێکی سەرپێیی کە ژنانی سەرەکۆالنان ئەنجامیان دابوو لە هەر سێ سەرباز سەربازێك دەگەڕایەوە و دوانەکەیدی دەبوونە بەالگێڕی سەرۆکی ئومەی عەرەبی، سەلما خان ناوی لە جلکی سەربازی نابوو جلکی مەرگ، ناهەقی بوو ئەو ناوەی لێنێ! هەرچی لەبەری دەکرد، لە ناو دارەبازە دەگەڕایەوە، یان هەر نەدەهاتەوە، لەو رۆژانە هەموو خەڵك بە ئاشکرا نا بەاڵم لە بن لێوانەوە بە جلکی مەرگ ناویان دێنا، رۆژ نەبوو چەند دارەبازەیەك نەگاتەوە گەڕەك، سەرەتا دوا بەدوای هەر دارەبازەیەك، قەمەرەیەکی جوان دیاریی مالّی دارەبازەکە بوو، باوك یان برای (شەهیدەکەی جەنگی رەوا) بە کەمێك شەرمەوە هۆڕنیان بۆ منداالنی کۆالن لێدەدا، ئەو منداالنەی لە ناوەندی کۆالنێ دەتگوت تالّەبنیشتن بە عەردەوە نووساون و رێیان بەرنەدەدا، دواتر سالّ هات و رۆیشت، ژمارەی دارەبازە لە زیادبووندابوو، قەمەرە نەما، جگە لەوەش لە سەر دارەبازەکان دەنووسرا(ترسنۆك)، کوڕی پیاوە مەستەکە لە سەردەمی ترسنۆکی نەك قەمەرەدا جلکی سەربازی پۆشی و چووە بەرەی شەر.. ئەو رۆژەی کوڕی پیاوە مەستەکە جلکی مەرگی پۆشی من سەرەتا دلّتەنگی دایگرتم، ترسم لێنیشت، لە جاران پتر رقم لە شەڕ دەبۆوە، چ دەبوو ئەگەر دەستبەجێ شەڕ کۆتایی بێت، هەرچی سەربازە بگەڕێنەوە مالّی خۆیان بە کوڕی پیاوە مەستەکەشەوە، ((بوەستە شەڕ بوەستە، کوشتوکوشتار بەسە، سەرباز نەما)) زۆر جار لە بەرخۆمەوە دەهاتم دەنگ و داوای شەڕ وەستانم دەکرد، خەونم بە کۆتایی شەڕەوە دەدیت، لە خەونێکدا دیتم: کوڕی پیاوە مەستەکە گەیشتە پێش دەرگای خۆیان، هاواریکرد شەڕ وەستا شەڕ وەستا، چووە بن دارپرتەقالّەکە جلکە سەربازیەکەی داکەند و کراسێکی پرتەقالّی و پانتۆڕێکی رەشی پۆشی، من چاوم لە رووخساری بڕیبوو، بەاڵم ئەو نەرووی دامێ، نە تەماشایەکی کردم.. دوای دووسێ حەفتە دلّم بەو جلکە خۆش بوو، دلّم دەلّێ خەونی من لە سەربازیی کوڕی پیاوە مەستەکەدا دێتەدی، دەمویست شەڕ لەو ساتە کۆتایی بێت کە پێیەکی کوڕی پیاوە مەستەکە بە ئاسماندا بچێ و کەس نەیبینێتەوە، بە یەك پێ بگەڕێتەوە، ئای بۆ ئەو رۆژەی هەواڵ دێ کە کوڕی پیاوە مەستەکە پێیەکی فڕیوە لە سەرەوەی چۆکیەوە فڕیوە، مەرج بێت لە هەڵەلە بدەم، شیرینی بە سەر گەڕەکدا ببەشمەوە بۆ مالّی پیاوە مەستەکەش بنێرم، شەڕ دەی شەڕ تیلمە تۆپێك بنێرە بۆ ئەو سەنگەرەی کە کوڕی پیاوە مەستەکە خۆی تێدا حەشارداوە، بەاڵم هەڵە نەکەیت جگە لە پێیەك جێیەکیدی نەبەیت، پێیەك و بەس، زۆر خوێنیشی لە بەر نەڕوات، گیانی نەکەوێتە مەترسیەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە نابێت بمرێت، کوڕی پیاوە مەستەکە قاچێکی بەسە، ئەو کوڕە شایەنی یەك قاچە، دارشەقی جوان لێدیت، کوڕی دارشەق ناوێکە هەر لە خۆی دێت، پیرۆزت بێت ئەو ناوە، من دەچوومە خەیاڵەوە، بە دارشەقەوە دەمدیت، ئەوەتە کوڕی دارشەق لە پێش دەرگا لە سەر کورسەیەکە دانیشتووە،

دارشەقەکەی بە دیوارەوە راگرتووە، چەند مەلوول دیارە، ئەها ئەو منداڵە چەتوونە دارشەقەکەی برد، من لەو دەمە لە مانگی خوشکترین خوشک دەگەڕامەوە، کەوتمە دوای منداڵەکە، دارشەقەکەم بۆی هێنایەوە، پێکەوە چووینە حەوشە، یارمەتیم دا لە سەر کەوتن بە سەر پێبلکەکان و گەیشتنی بە ژوورەکەی، ئەوەتە لە پەنجەرەی دنیاوە تەماشای دار پرتەقاڵەکە دەکەین، تەماشای ئەو پەلە هەورانە دەکەین کە پێدەچێت یەکبگرن و بە تەنکە بەفرێك دنیا پاکبکەنەوە دڵەکان پاکبکەنەوە..

ئای شەڕ، ئەوانەی پێویستیان بە پێیە بێ پێیان دەکەیت، شەڕ تۆ چەند شەڕی، دەستت دەگاتە هەموو جێگەیەك، دنیا هەمووی بەرەی شەڕە، هێندەی لە کۆڵانان لە سەر بانان گیان دەدووریەوە لە ناوە سەنگەرەکان هێندە نا دووریەوە، تۆ لە ئاسمانەوە دابەزیە کۆڵانێ و خوشکترین خوشکت بەو دەردە برد، تۆ لاقی ئەوت بۆ چی بوو؟ شەڕ چەند شەڕی، لە بەرە بەیانێکی شەڕ فڕۆکەیەك لە بەرزایی قەلاتەوە پارچە ئاسنێکی تایبەت بۆ خوشکترین خوشکی هاویشت بردی، لاقە سپی و سۆلە گۆشتنەکەی خوشکترینی برد، دارشەقێکی بۆ بەجێهێشت، شەڕ تۆ شار شار، گەڕەك گەڕەك، کۆڵان کۆڵان، مانگ مانگ دەگەڕێیت و دەستی دەستکرد و پێی دەستکرد و دارشەق دابەشدەکەیت، شەڕ دەڵێی چاوت نابینێت، ئەوەتە لە بەرەی شەڕ لە ئاقاری دارخورما چڕ و پڕەکان سەربازێك رەنگە لە بەرەی پێشەوەی شەڕ بێت، بیبینەوە، پێویستی بە دارشەق هەیە، بیبینەوە لە بەر دڵی من بیبینەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە ببینەوە و بە دارشەقەوە بینێرەوە ژوورەکەی خۆی با بە دیار پەنجەرەی دنیاوە دانیشێ و چاو بڕێتە سەر دەرگا و کۆڵانێ، دەی شەڕ پارچە ئاسنێك لە فڕۆکەیەکەوە لە موشەکێکەوە لە دەبابەیەکەوە لە.. بنێرە بە ئەسپایی پێیەکی بۆ خۆت ببەو لە منەوە پێشکێشی تۆ بێت، چەند جوانە، کوڕی پیاوە مەستەکە بە دارشەقەوە چەند جوانە..

من هەر چاوەڕێ بووم هەواڵی پەڕینی پێیەکی کوڕی پیاوە مەستەکە بگات، لەو ماوەیەی ئەو لە سەربازی بوو من زوو زوو دەچوومە مانگی خوشکترین و لەبەر دڵی وی باسی پێ پەڕین و دار شەقم نەدەکرد، جارێك پرسی:

+ تۆ تا ئێستا هەر تەمات پێی ماوە؟

- ناتوانم بێ تەما بم..

+ باشە تەمای چی! تازە تەمای چی! تۆ شێتی..

- بە تەمام، لە شەڕدا برێندار بێت، برینێك وای لێبکات کەس پێی رازی نەبێت، کەس لە کنی دانەنیشێت، ئەو دەم..

+ هەینێ پێویستی پێت دەبێت و تۆش شووی پێدەکەیت..

- .....

+ بەڵاّم من ئەو کوڕە بناسم هەینێش بێ مەرج ناتخوازێت..

- با ئەو رۆژە بێت، ناچارە دەسبەرداری مەرجی ئاگر بێت..

لە چاوەڕێی پەڕینی پێ و دارشەق شەو و رۆژم دەکردەوە، تا ئەودەمەی هەواڵ هات شەڕ وەستا و کوڕی پیاوە مەستەکەش چۆن جلکی سەربازیی پۆشی هەر بەو شێوەیە گەڕایەوە مانگی خۆی، ئای شەڕی هەمیشە شەڕە،هێندە ئیشەم بە تۆ هەبوو، نەتکرد، کوڕی پیاوە مەستەکەت بۆ ئەو گەڕاندەوە نەك بۆ من..

بەلاّم بێ هیوا نەبووم، دەبوو کوڕی پیاوە مەستەکە بۆ من بێت، دەستبەرداری مەرجی ئاگر بێت و بۆ من بێت، کوڕی پیاوە مەستەکە ببیە بابی حەفت منداڵانیش من هەر بە تەماتم..ئێوارەیەك لە ماڵی خوشکترین، من لەو ماوەیە ئەگەر سەردانی ئەوم بکردایە ئێواران بە تاریکی دەچووم بۆ ئەوەی کوڕی پیاوە مەستەکە من نەبینێ، نەمدەویست بە هیچ جۆرێك تارماییشم ببینێ، لە ژووری خوشکترین خوشك لە لای پەنجەرەکە بەرانبەر پەنجەری دنیا دانیشتبووین، رووناك رووناك ئای چەند رووناك بوو، ئای کوڕی پیاوە مەستەکە چیت لە من کرد، جگە لە من کەس شایەنی ژوورەکەی تۆ بوو! بە خوشکترین خوشکم گوت:

+ من ناتوانم دەسبەرداری بم، چارەیەك..

- هیچ، کچە شێتەکە هیچ، تۆ شارێك ئیرەیی بە جوانی و ژیریت دەبات،کەچی لە راست پیاوێکی بێ وەفای درۆزنی دڵپیس وا رووخاویت، تۆ ئەو شتانەت بە چاوی خۆت نەدیت، نەتبیست، تۆی بەو دەردە بردو خۆشی سووك و باریك بۆی دەرچوو، بیربکەوە پەری بیربکەوە...

+ نا، وا مەڵێ، حەزناکەم کەس قسەی پێبڵێ..

- باشە، ببوورە..

+ قسەی تۆ رەنگە راست بێت، بەلاّم عەشق عەشق، عەشق منی کەڕ و کوێر کردووە،لە عەشق کوا کاتی بیرکردنەوە هەیە؟

ئەو ئێوارەیە کەوتبووینە ناو قسان، درەنگ چوونەوەم بەبیرکەوتەوە، خوشکترین زۆر هەولیدا بە تەنیا نەچمەوە بە قسەیم نەکرد، هێواشی هێنا، پشتگوێم خست، بە بەر دەمی دەرگای ماڵی پیاوەمەستەکەدا رەتبووم، هێندەی نەمابوو بەردێك بگرمە پەنجەرەی دنیا و دواتر دەمگوت بریا بەردەکەم هاویشتبا پەنجەرەکەم شکاندبا، ژوورەکەم راچلەکاندبا، پژمینەکەم بیرکەوتەوە دەنا بەردێکم دەهاویشت، دواتر رووبنوێوە پژمینەکە شتیتری بە دواوە بوو.. گەیشتمە سەری کۆلاّن مەیلە و چۆل بوو، تاقولۆق خەڵك بە دەرەوە بوون، رێك لەو جێگەیەی کە جلکزەیتوونیەکان پەلاماریان دام، قەمەرەیك لە بەردەمم وەستاو پەلاماریان دام، دەمیان گرتم و چاومیان بەست، بەرزەفتمیانکرد، ئای پیاوە مەستەکە لە کوێی، ئەوجارەش بگە هانام، نەهات، منیان خستبووە نێوان خۆیانەوە، بە شوفێرەکەیان گوت: پێ لێنێ، بە لای خۆتدا.. ئیدی گوێم لە هیچ قسەیەکیدی نەبوو، دەستکانمیان توند گرتبوو، دەمیان توند بەستبوو، قەمەرەکە هێند پێچ پێچی کرد لێم تێکچوو بە کام ئاراستەدا رۆیشتین، رەنگە هەر چارەگێك بە رێوە بووبم، خۆم لە سەر قەرەوێلەیەك دیتەوە، دەستەکانمیان بە قەرەوێلەکەوە بەست، دەمم هەر بەستراوە، چاومیان کردەوە ژوورەکە نیوە رووناك بوو، دوو پیاو بە سەرمەوە بوون، شتێکی وەك تووڕەگەیان لە سەری خۆیان هەڵکێشابوو، تەنها دوو چاو و دەم و کونە لووتیان دیار بوو، نەرم نەرم بلووزەکەمیان هەڵدایەوە، تەنوورەکەمیان داکەند، یەکیان چووە دەرێ، ئەویدی یەکسەر دەمی بە خاڵی گەردنمەوە نا، وەهای دەمژی گوتم لە بنەوە هەڵیکەند، چەندی خۆم راپەسکاند و بەلاّش بوو، بەهێز بوو، هاتە ناو رانەکانم و ئەو کارەی کوڕی پیاوە مەستەکە بە نیوەچلی جێیهێشت ئەو پیاوە کە نەمزانی کێیە تەواوی کرد، هەستا، لە ژوورەکە چووە دەرێ، هێندەی پێنەچوو، ئەویدی هاتە ناو رانم و ئەویش دەوی بە خاڵەکەوە نا تەواو، ئای خاڵی سەر بە گۆبەند، خۆزگە نەشتەرگەریم دەکرد، هەموو ئەو خاڵەیە من بە گۆبەند دەبات .. هیچم لە دەست نەدەهات، لە چاوەڕێی پیاوی سێیەم بووم، نەهات، دەستمیان کردەوە، تەنوورەکەمیان لە بەرکردمەوە و بە دەستی خۆیان پرچمیان رێکخستەوە و چاومیان بەستەوە هەر بە چاو و دەم بەستراوی سوار بووینەوە، نازانم چەند بەڕێوە بووم، بە هێواشی هێنامیانە

خوارەوە و کە چاومم کردەوە ماشێنەکە لە کۆڵانە مەیلە و تاریکەکە تیژ تێپەڕی، چاوم بە دەور و بەرمدا گێڕا لە کوێ بم باشە! ڕێك سەری کۆڵانی خۆمان پێش دەرگای ژنە کەسکپۆشەکە، ڕەنگە گەشتی لاقەکردن هەمووی هەر دەمژمێرێکی بردبێت،من دواتر ناوم لەو شەوە نا شەوی گەشتی لاقەکردن، خۆزگە لەو شەوەدا کەسێك دەبوو من وەك خۆی نیشانبداتەوە، لە دەرگام دا، دایکم بە (کچە تیوی مالاّنگەڕ، قاچپەی قاچپەخانەی موسلێ) دەرگای کردەوە، باپم لە مالێ نەبوو دەنا نەیدەوێرا قسەی وا سووك و چرووك بکات، دواتر زانیم باپم هێشتا من نەچووبوومە گەشتی لاقەکردن، هێشتا هەر لە مالّی خوشکترین بە دیار پەنجەرەوە دانیشتبووم، هێشتا هەر سەر لە ئێوارە بووە، بە گەشتێکی کتوپڕ لە شار دەرچووبوو، لەو شەوە هەر جوێنەکانی دایکمم لە یادن، لەو شەوە نازانم خەوتم یان نا، نازانم، ئەوەشم لە بیرە بۆ یەکەمجار و ڕەنگە دواجاریش بووبێت پیاوم بە نەفرەتکرد هەرچی پیاوە بەر نەفرەتی ئەو شەوەی من کەوتن بە کوڕی پیاوە مەستەکەشەوە، من پێشتر زۆرم لە بارەی لاقەکردنەوە بیستبوو، خوێندبۆوە، بەلاّم تا خۆم بەرنەکەوتم، شتێکی ئەوتۆی تێنەگەیشتبووم، ڕەنگە لەبەر خۆمەوە گوتبێتم: کە ئەوەی کوڕی پیاوە مەستەکەش کردی ڕەنگە نیوە لاقەکردنێك بووبێت بەلاّم من بە هەندم وەرنەگرتبوو، ڕەنگە لەبەر خۆمەوە گوتبێتم: ژن چەندێ بەهێز بێت لە ئاست پیاو ئەو هێزەی نیەو دەشێ بدۆڕێ..

بەیانی دابوو نەدابوو خۆم لە مالّی ژنە کەسکپۆشەکە دیتەوە، گریام گریام، ئێستاش گوێم لەو گریانەی خۆمە ئێستاش ئەو فرمێسکانەی خۆم دەبینمەوە کە ئەو ڕۆژە هەڵموەراند و ژنە کەسکپۆشەکەشم لەگەڵ خۆمدا گریاند،ئەوجارە هیچم لێینەشاردەوە، لە نووکەوە گەشتی لاقەکردنم بۆی گێڕایەوە، ژنە کەسپۆشەکە بە بیستنی چیرۆکی لاقەکردن خەریکبوو لە بانگبدا و پرچی خۆی بڕنێتەوە، هەستمکرد خۆی گرت و کەوتە هێورکردنەوەم، گوتی، وا بزانم وای گوت:

تۆ کچێکی ژیر و تێگەیشتووی، نابێت بەو شتانە وا تێکبچیت، تۆ باوکت باش دەناسیت، بە قسەی من دەکەیت وەك چۆن بۆ منت گێڕایەوە، بۆ باوکیشت بگێڕەوە، شەرم مەکە، باوکت تێدەگات و یارمەتیشت دەدا، بۆ کچێنیەکەشت ئەوە هەر بە زیندانەوە بەندە و شوو بە هەر کێ بکەیت دەزانێ و قسەیەکی نیە..

بە گریانەوە گوتم:

نا، نابێت باپم بە هیچ شێوەیەك بەوە بزانێت، من دەزانم چەند خەفەت دەخوات، باپم بە زانینی ئەوە بە زگ دەدات، ناژیت..

ژنە کەسکپۆشەکە سەرمی خستە ئامێزی خۆیەوە و دایکانە گوتی:

ئێ، کچی خۆم، با نەزانێت، بەلاّم تۆش هەوڵبدە لە بیری خۆتی ببەیتەوە، خۆ تۆ یەکەم کەس نیت تووشی لاقەکردن بێیت، ڕۆژ هەیە لەو شارە کچێك تووش نەبێت، هەر ئەوانەی من دەیانناسم هێند زۆرن ناژمێردرێن، ئەها خۆ کچەکەی دراوسێی مالّی سەلماخان، خۆت لە من باشتری دەناسی، سێ ڕۆژ بێ سەرو شوێن نەبوو؟ بە هەشت کەس لاقەیان نەکردبوو؟ ئەدی لەو ڕۆژانەش جوانترین کوڕ نەیخواست؟ خۆ بابی ئەو نیو هێندەی بابی تۆش باش نیە، بیستت یەك قسەی ناخۆشی پێبڵێ! باشە با قسەی تۆ بێت لای کەس باسی مەکە، منیش هیچم نەبیستووە، کچی خۆم هی تۆ هەر هیچ نیە، پێوەی دیار نیە، تۆ مەمنوونی ئەو سێ ڕۆژە زیندانیە بە...

بە قسەکانی ژنە کەسکپۆشەکە کەمێك هەناوم فێنك بۆوە:

من ئەو شتانە دەزانم، بەلاّم ناتوانم، ئەو غەدرەم لە بیرناچێتەوە، ئەو غەدرەی جگە لە پیاو لە دەستی کەس نایەت، لە دەستی درندەش نایەت..

دایکانەتر گوتی:

دەزانم کچی خۆم دەزانم، کەس نەزانێت من دەزانم، گوێبگرە با منیش شتێکت بۆ بگێڕمەوە، بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە، بۆ مێردەکانیشم، ئێستا دەڵێم خۆزگە بۆیانم دەگێڕایەوە، دەزانم تۆش بۆ کەسی ناگێڕیتەوە: هەر سااڵێك دەبوو شووم کردبوو، شووی یەکەم، مااڵمان نزیك مزگەوتی حاجی لەقلەقەکان بوو، زستان بوو، مێردەکەم بە سەفەر رۆیشتبوو، خوشکێکی مێردەکەم بێوەژن بوو، شەو لام بوو، مااڵنووستنان لە دەرگا درا، دشەکەم خەوتبوو، من وام مەزەندەکرد مێردەکەم گەڕاوەتەوە، هێند دڵنیابووم کە ئەوە نەمپرسی کێیە دەرگام نیوە لانەدابوو، دەستێك زارمی گرت و چوار پێنجێك بە ژوور کەوتن، دەمو چاوی خۆیان پێچابوو،پەری چۆنی دەگێڕمەوە ئەو هابوو، هەر بە چەفیەکانی خۆمان زاری هەدووکمانیان بەست هەر بەکاانگوجکەکانی خۆمان دەستمانیان لە پشتەوە بەست، کەوتنە سەرمان، شەش پیاو بوون، رووتوقووتیان کردبووینەوە، اااڵەکەیان کەمێك کز کرد، ئا اااڵەمان هەڵکردبوو، اە بیرم نیە ئەو دەم اە مااڵی ئێمەدا گاۆپ هەبوو یان نا، نازانم کارەبا کۆژابۆوە بۆیە اااڵەمان هەڵکردبوو، یان کارەبا هەر نەبوو، پەری ئەو بەرازانە یەکیان دادەبەزی ئەویدی دەهاتە سەرێ، هەر بە بەر چاوی یەکترەوە، شەرمیان لێکدی نەدەکرد، پەری وا بزانم هەر یەکەیان اە من و اە دشەکەم پەڕین وەك نێرەکەر پەڕین، اە ماوەی یەك دوو کاتژمێر ئەو شەش بەرازە شەش جار خۆیان اە من بەتاڵکردەوە، شەش جار خۆیان اە دشەکەم بەتاڵکردەوە، بەوەی باش بوو هیچمان زگمان اەو بەرازانە نەگرت..

بە بیستنی زگ ترسێك رژایە گیانمەوە هەستمکرد دەاەرزم، بە دەم اەرزینەوە، پرسیم:

ئەدی ئەگەر من اەو دوو بەرازە زگم گرت..

ژنە کەسکپۆشەکە بە پێکەنینێکی شیرینەوە گوتی:

خەمت نەبێت ئەوە بۆ دایکی خۆت هەڵگرە، هەر هەستت پێکرد من ئاگادارببکەوە، اە سەر من..

اەرزی ترس بەرینەدەدام:

من هیچی لێنازانم، هیچ..

بە پێکەنینێکی شیرنترەوە:

نیشانەی دیارە، دوای مانگێك پتر هەموو شت روونەدەبێتەوە، خۆ گوتم تۆ خەمی ئەوەت نەبێت، خۆت بە نیشانەکانیشەوە خەریك مەکە، ناتەوێت ئەگەر شتێك دیارکەوت من دەستبەجێ، بێئەوەی کەس شك بە شتێك بکات، کۆتایی پێببێنم و هیچ روونەدا..

اە قسەکانی ژنە کەسکپۆشەکەوە دڵنیایی دادەچۆڕا و ئارامدەبوومەوە..

مانگ و نیوێك پتر کەمتر من بە سەر دنیاوە نەبووم، بابم هەر بە دەورمەوە بوو،جگە اە ژنە کەسکپۆشەکە قسەم اەگەڵ کەس نەدەکرد، وەاڵمی کەسم نەدەدایەوە، جگە اە کەسکپۆشەکە هاتووچۆی کەسم نەدەکرد، قومریشم نەدەدیت، هەموو رۆژێ لێیم دەپرسی:

+ چی بوو، گەیشتمە کوێ؟

- هێشتا چەند رۆژێکە وا زوو دەرناکەوێت..

زوو زوو دەمگوت:

+ دە وەرە دەستێك اە زگم بگێڕە، بزانە فەرخە بەرازێك شتێك..

اە بەر دڵی من دەستە بچووکە نەرمەکانی دەخستە سەر زگم و نەرم نەرم دەیشێاا:

- هیچ دیار نیه، کچی خۆم هیچ دیار نیه

دیسان دەچومەوە لای:

+ ئێستا چی لێهات بۆ نیشانەیەك بە دیارنەكەوت..

لە پێكەنیندا لە سەر پشت دەكەوت:

-كچێ، شێتە، تەواو، ئیدی تەواو، نەمگوت تەواو، من زگم هەبێ تۆ نیتە..ئەو جارەش تەواو، باش بوو پیاوی سێیەم لەگەڵی نەكردی دەنا لە سێیان یەكیان دەیگرت، ئیدی لەوەو دوا نەكەیت بە تاریكی بە تەنێ بە كۆڵاێ بكەویت، هەرنا من لەگەڵ خۆت ببە،(بە پێكەنینەوە) با منیش ئەو خۆشییە ببینمەوە..

كاتێك دڵنیابووم لە شەوی لاقەكردن منداڵ نەكەوتۆتە زگمەوە،هێندە دڵخۆش بووم وەك ئەوەی كچێنیەكەم گەڕابێتەوە، ئەو كچێنیەی بە دڕووستی نەمزانی یەكێك لە و دوو پیاوە نەناسراوە بردی یان پێشتر كوڕی پیاوە مەستەكە بردبووی، من هەمیشە بیرم لەو دوو پیاوە دەمامكدراوە دەكردەوە، دەبێت كێ بن، هەبێت نەبێت ناسیارن ئەگەر ناسیار نەبن بۆچی خۆیان دەمامك دەدا، خۆ من نەمدەناسینەوە لە كوێ دەمناسینەوە، نا ئەو دوو پیاوە ئاشنان، رەنگە هاتبنە مااێشمان، رەنگە رۆژانە بە بەردەمدا پیاسە بكەن و لە بەر خۆیانەوە بڵێن: ((ها ژنی خاڵ لە گەردن، هەر ئاوڕمان لێمەدەوە، ئێمە كاری خۆمان كرد..)) من لەودەمە بە دواوە ئەو پیاوانەی لە رێوبانان زۆر دەمدیتن، تیچاوێكم دەدانێ تا بزانم شەوی گەشتەكەیان پێوە دیار نیە... دوای ئەوە رۆژێك چوومەوە سەردانی خوشكترین خوشك، لەو جێگەیەی كە دوو جار لێم قەوما، جارێك پیاوە مەستەكە رزگارمی كرد و جارەكەیدیش خواش فریام نەكەوت، رێك لەو شوێنە دوو منداڵ بە دار لاستیك بەردیان دەهاویشتە داربیە بەرزەكە، جانتاكەم كردەوە و هەندێك پارەم دەرهێنا بەشی چەند جار چوونە سینەمایان دەكرد، گوتم:

ئەگەر، ئەها ئەو پەنجەرەیەم بۆ بشكێنن، هێندە پارەتان دەدەمێ

یەكیان گوتی:

بیدە من ئێستا وەهات بۆ دەهێنمە خوارەوە و پارچەی گەورەی هێندەی بەردی دارلاستیكەكەم بێت..

ئەویدیان بە تووڕەییەوە:

نا، وا نەكەیت، عەیبە پەنجەرەی مااان بشكێنی..

نەیانشكاند، منداڵەكان پەنجەرەی دنیایان نەشكاند، چەند حەزمدەكرد بیشكێنن.. ئاوڕم لە دەرگای مااێان، لە پەنجەرەی دنیا نەدایەوە، كاتێ خوشكترین خوشك دیتمی هێندەی نەمابوو بقیژێنێ:

+ كچێ، پەری ئەوە بۆچی وات بە سەر هاتووە؟ ئەو هەموو جوانیەت بۆ كوێ چوو؟ كێ بردی؟ ئەو كوڕە حەرامزادەیەی ئەو پەنجەرەیەی ئەو بەر، ئای دەستم بیگاتێ شەرتبێت سەد تف لە ناو چاوی بكەم..

پشت لە پەنجەری دنیا دانیشتم وبە شێنەیی گوتم:

- نا، جوێنی پێمەدە، ئەو..

+ باشە، بزانم ئەو ماوەیە بۆ دیار نەبووی؟

- نازانم، بەاڵم رەنگە لەمەودوا نەتوانم ئەو كۆاانە ببینم..

+ پێمخۆشە، ئیدی پشت لەو پەنجەرەیە بكەیت، بەاڵم من گوناهم چیە؟ خۆت دەزانی من..

- دەزانم، بەاڵم منیش...

-١٣-

كوڕی پیاوه مەستەكە:

من هەمیشە گوتووەمە و دەیڵێمەوە خۆزگە چەند چركەیەك زووتر بابم هاواری كردبا و زرمەی لێوە هاتبا، خۆزگە داربیەكە زووتر لێی تووڕە دەبوو، بابم زۆر جار بە كەلكم هاتووە و لە كاتی خۆی بە هانام گەیشتووە، بەڵام ئەو جارە نا، چەند چركەیەك دوا كەوت، چەند چركەیەكی ترسناك، من هەرگیز لەگەڵ دەستدرێژی نەبوومە، كەچی لەو چەند چركەیە لە ژیانی خۆمدا دەستدرێژیم تۆماركرد، دەستدرێژیم كردە سەر پەریی ئاسمانێ، ئای پەری چەند بە دەنگە ئاسمانیەكەی پارایەوە، چەند بە دەستە فریشتەییەكانی پاڵی پێوە نام، چەند هەوڵی دا جێگەیەكی لەشم بەر ددانە برنجیەكانی بكەوێت، من درەنگ زۆر درەنگ پەشیمانبوومەوە، هەتا درەنگیش بە لاقەكردنم نەدەزانی، دەبوو پەری ببێتە ژنی من، جگە لەو رێیە چ رێم لە پێش نەمابوو، پەری لە ئاگر دوورنەدەكەوتەوە، دەبوو دووری بخەمەوە، جگە لە بردنی كچێنیەكەی چیم لە دەستدەهات، دەزانن چەند هەوڵم بۆ لە ئاگر دوورخستنەوەی پەری دا، پەری، پەری، لە پەریان پەریتر پەری، راستگۆترین كچی دنیایێ پەری، لاملترین كچی دنیایێ پەری، من دەمزانی پەریی خاڵ لە مل لامله، بەڵام بەو رادەیەش نا، چیم لەگەڵ پەری نەكرد، كەچی گفتی لە ئاگر دوورگەوتنەوەی نەدا و نەدا، بەس سووكە هەرێیەكی پێمدابا من باوەڕم پێیدەكرد، پەری لە سەریان دابا لە قسەی خۆی پەشیمانناندەبۆوە، من دەمتوانی مەرجی ئاگر لە دێری نامەكانم لە ریتمی قسەكانم بكوژێنمەوە تا پەری دەگوازمەوە، دوای گواستنەوە دایگیرسێنمەوە، بەڵام دەمزانی بەجێمدەهێلێ.. باشە من بۆچی هێندە لەو ئاگرە دەترسام كە پەری باوەشی پێدا دەكرد و خۆی گوتەنی خۆی پێ رووناك دەكردەوە..

من درەنگ پەشیمانی دایگرتم، چەند هەفتەیەك دوای دەهۆڵ و زوڕناكەی كۆڵانێ، دوای هاتنی ئەو ژنە لە جیاتی پەری هاتە ژووری چاوەڕوانی، ئەو ژوورەی تایبەت بوو بە پەری، ئەو ژوورەی حەفت پایز حەفتانە میوانداریی پەریی كرد، حەفت پایز لە پەنجەرەوە دەمڕوانیە كۆڵان و كاتێ پەری بە دیار دەكەوت باڵم دەگرت.. تازە چلەی زەماوەندم چووبوو، من عاشق بوومەوە، عەشقی پەری بوومەوە، پەری هەر چل رۆژێك بە سەفەرێك مااڵی دڵمی جێهێشت، زوو گەڕایەوە، پەری بۆ هەمیشەگەڕایەوە مااڵی خۆی مااڵی دڵی من، نا، شەوی یەكەمیش من لەگەڵ پەری خەوتم، بانگمكرد پەریەكەم، ئەو رەنگە لە وشەی پەری خراپ تێگەیشتبێ، ئەو چوزانێ من حەفت پایز عەشقی كچێك بووم، دێوانەی كچێك بووم ناوی وی پەری بوو، پەریی ئاسمانێ بوو بەاڵم بۆ من دابەزیبووە سەر زەوی، ئەو چوزانێ بە هەڵە بە بووكی بۆ من هاتۆتە ژوورەكەی پەری، ئەو ژووره هی پەریە و كەسیدی، هەر دەبێت بۆ پەری بێت...

من نەدەبوو، پەری رووتبكەمەوە، نەدەبوو جەستەی پەری وەك قەندی شەكر لە ناو لێوەكانم بتوێنمەوە، نەدەبوو لەو حەفت پایزە تامی پەری بكەم، دەبوو بە پیرۆزی بیهێڵمەوە، نەدەبوو پیسی بكەم، من جەستەی پەریم پیسكرد، ئەگەر لەشوالری پەریم بە پیرۆزی بهێشتباوە دڵنیام هیچ كچێك نەدەهاتە ژوورەكەی ئەو، نەدەهاتە باوەشی من.. ئای پەری لە سەرەتادا چەند هەوڵی دا بە پیرۆزی بیهێڵمەوە، نەمهێشتەوە، پەری لەبەر دڵی من نەبا خۆی بە پیرۆزی دەهێشتەوە، پەری نەیدەویست دڵی من بشكێنێت، ئای پەری جوان دڵی منی رادەگرت، كێ هەیە وەك ئەو رایگرێت، لەو رۆژەوەی هەاڵت و نەهاتەوە تا شەوی دەهۆڵ و زوڕنایەكە من بوومە تینووترین تینووی جەستەی ژن، هەر كچێك هەر ژنێكم دەدیت خۆم پێڕانەدەگیرا، دەمویست پەالماری بدەم ، وەك چۆن پەالماری

پەریم دەدا، جەستەی پەری منی فێرکرد نەتوانم بێ ماچ و راموسان بژیم، من حەفت پایزی رێك تا حەفتە وەردەسووڕاوە و پەری دەهات، ئاگرم دەگرت بۆ ماچێکی لێوەکانی..لەو ماوەیە زۆر هەوڵم دا ژنێك بۆ رابواردن بدۆزمەوە، بەڵام منی بێ دەسەڵات، منی ترسنۆك دەستم دەگاتە ژنێك، من ئێستاش نازانم بۆچی لە ئاست پەری وا ئازا بووم، من ئەو کوڕە نیم لە چاوی کچانەوە سەرنجراکێشن لە تەمەنم هەستمنەکردووە کچێك، ژنێك تیچاوێکی واتاداری دابێتمێ، نازانم نیگای پەری بە کوێی من فریوی خوارد، جارێك برادەرێکم بە نێوان من و پەری زانیبوو، گوتی:

((تۆ زۆر بەختەوەی کە کچێکی وەك پەری خۆشتیدەوێ، نەکەیت هەرگیز دڵی بشکێنیت))

ئێوی دڵیم وەك شووشەی عەرەقەکەی باوکم شکاند، ئەو شووشەیەی لە شەوی دۆڵ و زوڕناکەدا بابم لە داخان، لە داخی پەریی دڵشکاو لێم تووڕەبوو به دیواری حەوشەی دادا و ئێستاش برۆ لە بن دارپرتەقاڵەکە وردە شووشەی ئەو شووشە عەرەقەی باوکم خرکەنەوە.. من نەمتوانی پتر بەرگە بگرم دەبوو ژن بێنم هەرچی زووە ژن بێنم، ئەو رۆژەی دایکم هاتە بن گوێم:

+ کچێکی گەلێك جوانم بۆت دیاریکردووە

- کێیە؟

+ کێ بێت باشە؟ کچی بازرگانەکەی..

- بە راستتە!

بێ سێودوو رازیبووم، لەو ساتەدا کچی بازرگانەکە لە چاوی من بە جوانترین کچ خۆی نیشان دا، لە پەریش جوانتر، بە تامەزرۆییەوە گوتم:

- ئەو رازی دەبێت؟

+ مەمنوونیشە، کوڕی قۆزی وەك تۆی لە کوێ دەستدەکەوێ..

هەتا کچ بوو مەمنوون بوو، بە هەموو شت رازی بوو، چەند مەرجیشم بۆی دانابوو، هەر هەموو لە سەر چاوی خۆی دانابوو، تاکە مەرجی ئەویش چی بێت باشە! ((جگە لە من کەسیترت خۆشنەوێت)) ئەو ساتەی ئەو رستەیەی گوت من چ پەریم لە بیر نەمابوو، سوێندم بۆی خوارد کە هەر ئەوم دەوێ و بەس، من درۆم کرد، کچی بازرگانەکەش درۆ، تەنها پەری راستگۆ دەرچوو تەنها پەری بە بالا بەرزی مایەوە و بۆ هیچ مەرجێك نەچەمایەوە..

سەرم بە سینگی کردبوو،دەبێت خەوتبم، رەنگە خەونم دیتبێت، هێند بە تونەی رایتەکاندم هێندەم لە خۆم هەڵدا، قیژاندی بە سەرمدا:

+ بە من بڵێ، ئەو پەریە کێیە، تۆی شێت کردووە، تۆی لە من بردووە..

- پەری کێیە؟ ناینناسم، تۆ پەریی منی، من لای تۆم..

+ درۆ دەکەیت، من پەریی تۆ نیم، تۆ لای پەریەکی، لە یەکەم شەویش لە خەوێ بانگی پەریت کرد، بە من بڵێ کێیە، دەنا هاواردەکەم..

- کچێ شێتە، شێتم مەکە، جگە لە تۆ پەریتر شك نابەم، وەرە ئامێزم با بخەوین..

من درۆی هێند گەورەم ریکدەخست رێی تێنەدەچوو، بەڵام ئەوی هێور دەکردەوە، ئەگەر نامەکەی پەریی دەستنەکەوتبا درۆکانی من کاری خۆیان کردبوو،هێندەی بە دوای (پەری کچێ پەری)ی خەو و زیندە خەوی مندا نەدەگەڕا، ئەو نامەیەی پەری بۆچی لە سێسەدو حەفتا نامەکە دابڕا و کەوتە دەستی کچی بازرگانەکە، ئەو نامەیە

دریژە پەڕێکی گەورەی هەردو دیو، نامەکانی پەری زۆربەیان کورتن لە نێوان چوار هەتا حەفت دێری خەت وردن، خەتێکی هێند خۆش لە کۆمپیوتەریش هیچ خەتێکی وا خۆش نیە.. حەفتەیەك پێش زەماوەند نامەکانی پەریم کردە شەش جێ هی هەر سالێکم خستە نایلۆنێکەوە، رەنگیان پرتەقالیە، لە چەپ و راستی پەنجەرەی دنیا هێندەی قەبارەی نایلۆنەکان کەرپووچم دەرهێنا، بە جوانیش گەچکاریم کردنەوە، ئێستاش نامەکان هەر لەوێن، خودایە تا دنیا دنیایە ژوورەکەی پەری بمێنێ، با نامەکان هەر بمێنن..

ئەو نامەیە بۆچی لە نامەکان دابڕا؟ هەر دەڵێی دەستێکی پەری تێدایە، دەڵێی ئەو لە نامەکانیتری دابڕیوە و تایبەت و لە جێگەیەکی تایبەتی داناوە تا ئەو بەزمە بنێتەوە، زوو زوو نامەکەی دەردەهێناو بە چاومی دادەدا زووتریش چەند دانەیەکی لێ کۆپی کردبوو، نەبادا بیدڕێنم و بفەوتێ، ناوە ناوە دەیخوێندەوە سەد جاریش پتر خوێندوویەتیەوە، هەموو جارێکیش کە دەگەیشتە ئەو چەند دێرە دەنگی بەرزتر دەکردەوە، هێند بەرز ئەگەر کەسێك لە کۆلانێ لە ئاستی پەنجەرەکە راوەستابا گوێی لێیی دەبوو:

((چوار شەمەکەیتر پالێکی تۆندم پێوە نای، هێندەی نەمابوو سەرت بەر پەنجەرەکە بکەوێت، ناهەقت ناگرم کە لێی تووڕە بووبت، من گللەیی لە دەستی راستم دەکەم، نەدەبوو هێندە رەق بێت، دەستم لە ئاست تۆ رەق بوو لێی خۆش نابم، تا ئەوها بە رەقی بمێنێتەوە لێی خۆش نابم و هەمیشە سەرکۆنەی دەکەم، بەڵام گفتی داوە نەرمبێتەوە، با هەردووکمان چاوەڕێ بین بزانین گفتەکەی خۆی دەباتە سەر، کوڕە چاو رەشەکە، من دەزانم ئەگەر پەشیمانبێتەوە لەو رەقیەی بەرانبەر تۆ نواندی، دڵت نەرمە و لەگەڵی ئاشتدەبیەوەکە تۆش لەگەڵی ئاشبوویتەوە منیش ئاشتدەبمەوە، دەزانی گفتی چی داوە؟ سەری مانگ بە چاوی خۆت دەیبینی، دەزانم حەزت لێیە شتێکی لێ بزانی، دەستی راستم ئەوەی لە دار تونتر بوو لەگەڵت دەڵێ: ئەو جارە بە خۆم بەو پەنجانەی خۆم یەك یەك دوگمەی کراس دەترازێنم، بەو پەنجانەی خۆم مەمکی چەپ دەردێنم و دەیخەمە زارتەوە، دواتر مەمکی راست، کوڕە چاو رەشکە ئەو دەستەی تۆندیی نواند ئێستا وا دەڵێ، تۆ چی دەڵێی؟ لێی خۆش دەبیت؟ کوڕە چاو رەشەکە ئەوجارە کە هاتمە ژوورەکەت من مێواندارییەکت دەکەم قەت لە بیری نەکەیت، کوڕە چاو رەشەکە لە سەر سینیی سینەم تۆ مێوانی، دەست بۆ چ میوەیەك دەڕێژ دەکەیت بە لێوە جوانەکانت تامی چ میوەیەك دەکەیت؟ کوڕە چاو رەشەکە ئەو جارە کە هاتم لە ناوك بۆ سەرەوە هەر هەمووی بۆ تۆ، وەك شیری دایکت حەڵاڵی تۆ، بەڵام لە ناوك بۆ خوارەوە جارێ بۆ خۆم، نەکەیت حەرامە، کوڕە چاو رەشەکە....)) خۆزگەم بەو کاتەی کە ئەو نامەیەی پەریم خوێندەوە و تا گەیشتمە سەری مانگ چرکە چرکەم دەژمارد وەك چۆن بە رۆژووێك کە رەمەزان کەوتبێتە چلەی هاوینێ، لە بەر هەتاوێش بێت، چەندی تینووە و چۆن کات دەژمێرێ بۆ بانگدان، منی لەویش تینووتر ئەوها چاوەڕێی فتارم دەکرد، فتار لە سەر سینەی بەهەشتیی پەری، حەیف سەری مانگ هات، بەڵام پەری نەهات، پەری هەرێی خۆی هەر گەیاندۆتە سەر بەڵام ئەو جارە نازانم چ کارێکی هەبوو بە لایەکدا رۆیشتبوو، زۆری پێچوو تا گەڕایەوە..

بە خوێندنەوەی نامەکە بە شێتبوون شێت دەبوو، پەلاماری دەدام، یەخەمی رادەوەشاند، من سەرەتا نکوڵیم لێیدەکرد کە ئەو نامەیە پەیوەندی بە منەوە نیە، بەڵام نەچووە سەر، ئەو هەموو پەریەی کاتێ خەوێ هیچی نەدەشاردەوە، جگە لەوەش پێشتر هەر لەو ژوورە کۆندۆمی دۆزیبۆوە، هەرچەندە ئەوکات گوتم، ئەوانەم تازە کڕیون دەمەوێ لەگەڵ تۆیان بەکاربێنم، بەڵام ئەو وەڵامەم جێی گاڵتە بوو، ئاخر ئێمە دەمانویست منداڵمان ببێت، لەگەڵ ئەوەش زۆر لەسەر کۆندۆم نەڕۆیشت، بەڵام کە نامەکەی دیتەوە کۆندۆم ئاڵۆزتر هاتە ناو قسانەوە و بووە کێشەی گەورە، راستی کۆندۆمەکە تایبەتە بە پەری من ئەو دەمەی لای خۆمەوە بڕیاری بە ژنکردنی پەریم دا

کۆندۆمم کڕی و ئەو دەمەی باوکیشم لە سەر داربیەکە کەوتەوە خوارەوە من بە کۆندۆمەوە لە ناو رانەکانی پەری بووم..

کۆندۆمەکە نا بەلآم دانم بە نامەکە ناو هەولّمدا تێبیگەیەنم کە ئەوەی رووبداوە هی پێشترە، ناکرێ لە سەرم ئەژماربکرێ، بەلآم ئەو دووبارەی دەکردەوە کە بۆچی پێشتر پرسیاری لێمکردووە و منیش بەو شێوەیە وەلآمیم داوەتەوە کە هیچ کچێك لە ژیانمدا نەبووە، ئێ وابوو، من وام گوتبوو، دوای دانپێداهێنان و هەندێك چاو سوورکردنەوە ئەو نەرمتر بوو، بەلآم دەیویست لێم دەربێنێ ئەو پەریە کێیە، پەریی کۆلآنی پشتمانە، یان ئەوەی سەری کۆلآنێ؟ بەوەی باش بوو بیری بۆ پەریی خالّ لە گەردن پەریی ئاسمانێ نەدەچوو، ئەوجا کێ بیری بۆ ئەوە دەچوو پەریی ئاسمان پەریەکەی من بێت و نامەی ئەوهاشی بۆم نووسیبێت، کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو، پەریی گەردن بە خالّ دنیا بۆی شێت ببوو، ئاورپشی لە کەس نەدەدایەوە، رێی تێدەچێ وا وابەستەی من بێ و لە سەر سینەی خۆی مێواندارییی من بکات؟ منێك نە هێندە بەر چاوم، نەهێندە تێگەیشتوو، بە من نالێن پەریی ئاسمانێ عەشقی کوێ و چی من بووە؟ بەوەی باش بوو بیری بۆ هەرچی پەری هەیە دەچوو، بۆ پەریەکەی من نەدەچوو،،

ئیدی من بە دیار ژنێکەوەم لە باوەشی دەخەوم بەلآم بە هەمیشەیی لەو پەنجەرەیەوە دەڕوانمە کۆلآنێ لە چاوەڕێی پەری شەو و رۆژدەکەمەوە، پەنجەرەکەم هەمیشە رووناکە، ئاخر پەری حەزی دەکرد چرای ئەم ژوورە هەمیشە داگیرساو بێت، سوێندم خواردووە تاریکایی سەرتاپای شار داگیربکات ئەم ژوورە نابێت رووناکایی لێ بڕێت، گریەی منداڵێك پەیدا بوو، چاوم هەر لە پەنجەرەیە، پێکەنی، کچە سەرپێ کەوت چاوم هەر لە پەنجەرەیە، برایەکی بوو، ئەویش سەرپێ کەوت..، من باوکم، باوکی..، بەلآم هەر چاوم لە پەنجەرەیەو چاوەڕێی دەرکەوتنی پەریی خالّ لە گەردنم، پەری هەر دەبێت بێت، من دەبێت بە لای کەمی حەفت پایزێك چاوەڕێی پەری بکەم، کچی بازرگان بەردەوام فشار دەخاتە سەرم کە ئەو خانووە بفرۆشین بچینە جێگەیکیتر، هەر جێگەیەك بێت، ئەو زۆر جار هەستدەکەم زگی پێمدەسووتێ، دەیەوێت دڵم بداتەوە بەلآم نازانێ چۆن، ناتوانێ، لەو سالآنەی چاوەڕوانی فێری خوێندنەوە دەبم، دەبێت فێربم، دەبێت بگەمە ئاستی پەری لە نامەنووسین، لە بیرمە دەمگوت:

+ من چۆن بتوانم نامەی جوانی وەك تۆ بنووسم؟

- من هێشتا لە نامە نەگەیشتوومەتە ئەو ئاستەی خۆم دەمەوێ، هێندەش لە خوێندنەوەی چیرۆکان فێربووومە، بخوێنەوە، چیرۆکان بخوێنەوە..

ئەودەمانێ، جگە لە کتێبی قوتابخانە چیدیم نەدەخوێندەوە، هەتا من و پەری هەفتانە نامەمان دەگۆڕیەوە، هیچم نەدەخوێندەوە، لەو رۆژەوەی کچی بازرگان بە دەنگی بەرز نامەکەی پەریی بۆم دەخوێندەوە، من بڕیارم دا هونەری نامە نووسین فێربم، هاتم ئەو چیرۆکانەم دەخوێندەوە کە پەری خوێندبوونیەوە و باسی دەکردن، ئەوەتە وا خەریکە دەبمە خوێنەرێك دەیان نووسەری دنیا بناسم، لە سالآنی چاوەڕوانیی پەری هونەرێك فێردەبم، رەنگە کەمێك بە هانامەوە بێت، رەنگە هونەر، هونەر، فێری زۆر هونەر بم، دەبێت نامەیەك بۆ پەری بنووسم، نامەیەك کەس نەینووسیبێت، نامەیەك ئەگەر پەری بۆ رۆژێکیش منی لە دڵەوە خۆشویستبێت، ئەگەر دایکی حەفت کوڕانیش بێت، ئەگەر لە ناو زیندانێ یان لەو پەڕی دنیاش بێت، لە شەقی باڵ بداو لەو ژوورە بنیشێتەوە، پەری من چاوەڕێتم، تا رۆژی قیامەت چاوەڕێتم، دڵنیاشم دێیتەوە، من لە سالآنی دابڕان و چاوەڕوانی لەگەڵ هەڵکردنی هەر شنە بایەك هەر کزە بایەك لە گەلآی درەختەکانی ئەم حەوشەیەوە بۆنی قژی پەری مەستم دەکات، قژی پەری لە ناو ئەو گەلآیانەوە زەردەپەڕ دەدا، لە پرتەقاڵەکانەوە لە سێوەکانەوە لە تاریکایی شەودا گۆنای پەری

لە بیناییمدا دەدرەوشێتەوە، لە گوڵە لێویەکانی دارهەنارەوە دەبینم بەو چاوانەی خۆم دەبینم لێوی پەری دەبینم، لێوی هەمیشە بۆ ماچ پشکتووی پەری، لێوی هەمیشە تەڕی پەری، دەمێکە دەڕوانمە دڵداریی کۆترەکان، چۆن دەمیان دەخەنە دەمی یەکترەوە، بە یادی پەریەوە سەیری دڵداریی کۆترەکان دەکەم من دڵداریی کۆترم نیشانی پەری دەدا و ئەو بە شەرمەوە پێدەکەنی، ئای پەریی ئاوابوو لە من، لەم پەنجەرەیەوە چاوەڕوانی هەڵاتنی تۆ دەکەم، حەوت پایزی بە یەك گەیشتن چ سااڵنێکی رووناك و پڕ هەڵهاتن بوون، حەفتانە تۆ بۆ من هەڵدەهاتی، پەری ئاخ و داخ لەم دابڕانە سااڵە و سااڵە، جارێك تەنیا جارێك رووناکمت نەکردەوە، پەری تۆ ئاگات لێنیە من چۆن لە پەنجەرەوە دەستم بۆ بەفر دەگرمەوە ئەو بەفرەی لە ئێوارەیەکی پرتەقاڵیدا بە سەر دار پرتەقاڵەکەدا باری، بە سەر ماچی یەکەم، بە سەر عەشقدا باری، بە یادی ئەو ئێوارەیەوە من هەمیشە دەستم بۆ بەفر گیانم بۆ بەفر گرتۆتەوە، ببارێ پەری ببارێوە، سپیم بکەوە وەك ئێوارەی یەکەم سپیم بکەوە، پەری چارێکت لێمبێ، لە پەنجەرەی چاوەڕوانیەوە، پایز پایز ناو لەپم بۆ یەکەم بارانی پایز دەگرمەوە، بە یادی تۆوە دەبێت یەکەم دڵۆپە بارانی پایز من بیگرمەوە، ببینە پایزان بمبینە دەستم لە پەنجەرەوە لە منارەی چۆلی دڕێژترە وا دەگاتە هەور،من لە پێش منارە دڵۆپە باران دەگرمەوە، بە یادی تۆوە پەری بە یادی تۆوە، لە بیرتە لە نامەیەك گوتبووت: ((ئەگەر منت زۆر خۆش دەوێت هەوڵدە یەکەم باران خۆت بیگرێتەوە))، پەری ئەودەم من باش تێنەگەیشتم لە گرتنەوەی یەکەم دڵۆپە بارانی پایز، بەاڵم ئیدی من بۆ هەمیشە دەبێت یەکەم دڵۆپە بارانی پایزیی خۆم بیگرمەوە، پەری لەو دابڕانە جاروبار لە رێوبانان دوور بە دوور پەریم دیوە، دوور بە دوور بە دوایدا رۆیشتووم، بەاڵم نەمدەوێرا، رووم نەبوو لێی نزیکبکەومەوە، جارێك ئاوڕێکی لێمنەدایەوە، جارێك تیچاوێکی نەدامێ..

من دامناوە تا دوایی تەمەن هەر لە ژوورەکەی پەری و لە چاوەڕوانیی پەری بمێنمەوە بەاڵم، بەاڵم کچی بازرگان ئەها دەستی منداڵەکان دەگرێت:

+ بزانە من تۆم خۆشدەوێ، بەاڵم ئیدی لەو خانووە نامێنمەوە، میرد بە و بابی منداڵان بە و لەگەڵمان وەرە، با سەرگەردان نەبین..

- دێم بەاڵم دەرفەتێکم بدێ..

+ ژن هەیە لەو دنیایە لەوە پتر دەرفەت بدا؟

- سەد بارەی دەکەمەوە تا حەفت پایز بە سەر هاتنی تۆ بۆ ئەو ژوورە تێنەپەڕێ من ئێرە چۆلناکەم

ئای ئەگەر کچی بازرگان دڵی نەرم دەبێ بۆ هەتایە بە دیار ئەو پەنجەرەیە دەمێنمەوە، من هەر پەری بە ژنی خۆم دادەنێم جگە لە پەری رێ بە خۆم نادەم بە هیچ ژنێك بڵێم ژنەکەم، بۆیە بە دایکی منداڵەکانیشم نااڵێم ژنەکەم و هەر بە کچی بازرگان ناوی دەبەم، بە دایکی هیچ کام لە منداڵەکانیشم بانگی ناکەم، ئاخر ئەو منداڵانەی من دەبوو لە پەری بن، نەك کچی بازرگان، نا من دەستبەرداری ژوورەکەی پەری نابم...

پەری:

شەوێکە دەڵێن شار لە سەر ئاو و ئاگرە، شەوێکە شەوی ترس و دڵەڕاوکێ و موچڕکە، شەوێکە جاشەکەی سەری کۆڵانێ فەرمانڕەوای کۆڵانە و پڕ بە گەرووی هاوار دەکات:

هەر کەسێك لە مانڵ بێتە دەر، هەر کەسێك مانڵەو مانڵ بکات، دەیکەمە قوربانی گوللەیەك، گوێتان لێیە! گوناهی خۆتان لە ملی خۆتان..

ئەو شەوە دەبوو ژنە کەسکپۆشەکە بە سەربکەمەوە، دەبوو خۆم بگەیەنمە بەرمیلی ئاوەکە و بەتاڵی بکەم و چەمەنتۆ تەنکەکەی بنی بشکێنم، وەختی هاتووە، هەر من نا بابیشم دەیگوت:

ئەو شەو شتێك نەبێت، زەحمەت دەکەوێ و کارەسات دەقەومێ، هەر دەبێت ئەو شەو بگەن و بیقەومێنن..

نەدەبوو بن بەرمیلەکەی مانڵی ژنە کەسکپۆشەکە لای بابم بە نهێنی بمێنێتەوە، دەشترسام ئاشکرای بکەم دڵنیا نەبووم لێم تووڕە دەبێت یان دڵخۆش.. جاشەکەی سەری کۆڵانێ لە بانگەوازی خۆی ناکەوێت، شەو درەنگە رادیۆش کە باوکم لە گوێی خۆی ناکاتەوە بە (وا هاتن پێشمەرگێت مە) هێند نزیکی کردوونەتەوە هەر دیتت جاشی سەری کۆڵانێیان بە دەست گرت، بە خۆم نەوەستام بابم تی کردەوە:

+ بابە، من تفەنگێکم لە جێگەیەك شاردۆتەوە

- بە راستتە، تفەنگ، لە کوێ؟ ئەدی فیشەك....

بابم لە خۆشیدا خەنی بوو، خستمیە باوەشی خۆیەوەو نێوچەوانمی ماچ کرد، سێ چوار رۆژ پێشتر کوڕی نەفتفرۆشەکە ئەو تفەنگەی بۆم هێنابوو، رێك ئەو رۆژەی کە لە سەرەوەی پردەکە هەرایەکمان نایەوەو خەریك بوو بە دەستی ئەمنە سمێڵ گەسکەکە تێدا بچین، هەر ئەو رۆژە تفەنگەکەم وەرگرت و کە بە ژنە کەسکپۆشەکەم گوت:

+ دەکرێ لە مانڵی ئێوەی بشارمەوە کەس گومان لێرە ناکات..

- بۆمنی لێگەڕێ لە جێگەیەکی وای دەشارمەوە بە حەفت حکومەت نەبینرێتەوە، جگە لە من و لە تۆ و لە چەتۆ کەس کەس نەیبینێتەوە..

هێشتا سپێدەی نەدابوو کچ و باب بوونە خاوەن تفەنگێك باب دەیگوت:

کچم، با من لەشانمی بکەم گەلەك لەو ئەمن و جاشانە داخ لە دڵم

کچ دەیگوت:

نا، بابە، پیاو لەوەتەی هەیە چەکدارە، با من..

لە نێوان کچ و باب مشتومڕێکی خۆشە، کەس نەبوو ئیرەیی بە مشتومڕی ئەوان نەبا، ئاکام بابەکە بۆ کچەکەی داهێناو دڵی نەشکاند بەلاّم گوتی: با بە نۆرە بێت، قەیناکە..

رۆژی رابوونی شار رۆژێك بوو خۆزگە جارێکیدی دەمدیتەوە، رۆژێکە لە یادەوەرییمدا قەت لە دڵێ من ئاوا نابێت، لەو رۆژەدا رابردووی تاڵی من بە توانەوە دەتوانەوە، بەو بەهارە دەتگوت عارەقەن و لە منەوە تنۆك تنۆك دەڕژێن، دەیانبینم دەڕژێنە سەر پێڵاوەکەم، ئەو رۆژە تاڵیی ژیانی من دەتوانەوە هەر لەوەی کە خستمیانە ناو تەشتە ئاوەکەوەو ژنە کەسکپۆشەکە گوتەنی، ژنە سەگسارەکەی کۆڵانی ئەو سەر مووسێکی بە ناسکترین ئەندامی

لەشدا هێنا، لەوێوە تا گەشتی لاقەکردن ئەو شەوەی دووپیاو بە دوای یەکدا هاتنە ناو رانەوە، تا دەگاتەوە نیوە تێڕاچوونەکەی کوڕی پیاوە مەستەکە، هەموو تاڵیی ژیان لەو رۆژەی رابوونی شار توانەوە، من ئەو رۆژە لە رابردووم دابڕام، تاڵیەکانی رابردوو نەمان، دیمەنە تاڵەکان رەوینەوە هەر لە پێیە پەڕیوەکەی خوشکترینەوە تا خوێنەکەی سەر دەرگای مااڵی برادەرەکەی بابم و کەوتنی بابم، تا قامچیەکانی زیندان و هەڕەشە و جوێنی ئەمنەکان و لەوێشەوە بۆ سووکایەتیەکانی بازگەکان ، دەنگە تاڵەکانی رابردوو لە گوێمدا نەمان، هەر لە دەنگی دەهۆڵ و زورناکەی کوڕی پیاوە مەستەکە تا دەگاتەوە دەنگی جاشەکەی سەری کۆاڵنێ، من ئەو رۆژە هیچم لەو تاڵیانە لەبیر نەما، لەو رۆژەدا تا درەنگانی ئەو رۆژە ئەوەی لە رابردووی من لەگەڵم بوو دارپرتەقاڵی مااڵی پیاوە مەستەکە بوو، بە دوای خۆمەوە جارو بار تارمایی کوڕی پیاوە مەستەکەم دەدیت، هەستمدەکرد بە دوامەوەیە، ئاگای لێمە، چەند جار ئاوڕم دەدایەوە و نەمدەدیت، نازانم بۆ نەمدەدیت، دڵم دەیگوت، کوڕی پیاوە مەستەکە بە دواتەوەیە، لەو کاتەی تەقەشم کرد، ئا لەو رۆژەدا من تەقەم کرد، یەکەم جارم بوو گوللە بە ئاوەدانیەوە بنێم، لەو کاتەی هاویشتم دوعام خوێندو((خودایە من هاویشتم بەاڵم تۆ کارێك بکە بەر کەس نەکەوێت)) لەو کاتەش هەر لە چاوەڕوانیی ئەو بووم، لە بیرم بێت کاتی خۆی هەر لە دەورو بەری سەفین، لە سەر دەستی نەخشەسازی گەرماو من فێری بەکارهێنانی چەك بووم.. هەتا ئەو کاتەی خوێن لە باسکیشمەوە چۆراوگەی بەست و دانیشتم، چاوەڕێ بووم کوڕی پیاوە مەستەکە بگاتێ و هەڵمگرێتەوە و بمباتە خەستەخانە، نەهات کوڕی پیاوە مەستەکە نەگەیشت، ئەو دەمژمێرەی لە خەستەخانەش بووم هەر چاوەڕێ بووم، لە گەڕانەوەش لە چاوەڕوانیی کوڕی پیاوە مەستەکە نەرم نەرم هەنگاوم دەنا، نازانم بۆچی ئەو رۆژە من هێندە تامەزرۆی بینینی ئەو بووم، ماوەیەکی زۆر بوو نەمدەویست چارەی ببینم، بمزانیایە لە کۆاڵنێکە من لەو سەرە کۆاڵنە نزیك نەدەبوومەوە، ئەو رۆژە هێندە بۆ بینینی کوڕی پیاوە مەستەکە بە تاسەوە بووم، گەیشتمە ئەوەی بچمە پێش مااڵیان وئەگەر لە دوورەوەش بێت تەماشایەکی بکەم، دەمگوت: رەنگە ئێستا لە پەنجەرەی دنیاوە تەماشای دنیا بکات، نا، نابێت لە ماڵ بێ..

گەیشتینە بن دوو دارە گەورەکەی سەری ئەو سەری مااڵی کوڕی پیاوە مەستەکە، داربیە بەرزەکە جوان دیارکەوت، باشی هێنا وا دیارە رێی گەڕانەوەمان دەکەوێتە کۆاڵنی ئەوان، ئێمە شەش حەوت کەسێك بووین بابم و ژنە کەسکپۆشەکە و قومری و کوڕی نەفتفرۆشەکە و کوڕە دەستگیرەکە، هەر بابا بوو پاتاڵێکی بە دەستەوە بوو، لە سەر شانی بوو، بابم گوتی:

وا دیارە هێزی پاتاڵ لە زیاد بوونداید..

کوڕی نەفتفرۆشەکە گوتی:

ترسناکە ئەو هێزە زۆر ترسناکە..

بابم هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشا:

ئاکامەکەی باش نابینم، شار ئەو هەموو دزەی لە کوێ بوو؟

ژنە کەسکپۆشەکە گوتی: قەیناکە مااڵی حکومەتە با بیبەن..

من گوتم:نا، ئەوانە مااڵی میللەتن، ئەها ئەو قوتابخانەیە وا تاڵان دەکەن..

ژنە کەسکپۆشەکە، پەشیمانبۆوە:

تۆ راست دەکەیت نابێت ئەو شوێنانە تاڵان بکرێن..

هێشتا هەر لە نزیکی دوو درەختە گەورەکەین و تەماشای هێزی پاتاڵ دەکەین کە لە زیاد بووندایە، ڕێك لە بەر دەم ئەو قوتابخانەیەی کە شەش ساڵی سەرەتایی ماڵی دووەمی من بوو، لەو دەمە چیم دیت! باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد، ڕووم وەرگێڕا تا جوانی نەبینم، بەڵام دەبوو تەماشای بکەمەوە تا دڵنیا بم هەوە یان نا، ئاخر لە دنیایێ هەندێك کەس لە سیمادا زۆر لە یەك دەچن، جوانتر تەماشام کرد، هێندە لێم دوور نەبوو، نا لە دنیایێ کەس بەو ناچێت، کەس بە کوڕی پیاوە مەستەکە ناچێت، هەو بوو خۆزگە ئەو نەدەبوو، نا، باش بوو خۆی بوو، ئەویش چووە ڕێزی هێزی پاتاڵەوە، لە قوتابخانەکەی من و خۆی پاتاڵی دەکێشایەوە، نەمویست بابم ببینێت، پتر خەفەتی دەخوارد، وا بزانم قومریش نەیدیت، کەس نەیدیت، بە بینینی پاتاڵ لە سەر پشتی کوڕی پیاوە مەستە داڕپرتەقاڵەکەش لە یادەوەریدا نەما، بە تەواوی دابڕام لە حەوشەی ماڵی پیاوە مەستەکە..

پێشەوەی بچمەوە ماڵ سەرم لە خوشکترین خوشك دا، گریا خوشکترین خوشك بە کول گریا، هەرگیز بەو شێوەیەم نەدیوە، ئەودەمەی هەواڵی بڕینەوەی پێیەکیشی پێگەیشت ئەوها نەگریا، خوشکترین گریا، لە ئامێزی خۆمم گرت، ماچبارانم کرد، دڕەنگ هاتە قسە:

+ پەری من بۆ پێیەکەم دەگریم، چەند خۆش بوو، ئێستا بە دوو پێوە بە شەقامەکاندا بگەڕێم، پەری باش بوو هاتی، پەری تۆ لە مێژە بزری، پەری ئەوها نابێت..

- لەمەودوا زوو زوو سەردانت دەکەم، بەڵام دەبێت تۆش بگەڕێیت، چەندانی وەك تۆ وا لە جادەکاندا پیاسە دەکەن..

+ واز لەوە بێنە، چەند بارەیە..

- باشە، تۆ هەمیشە خوشکترینی، خۆزگە لە زۆر شت بە قسەی تۆم دەکرد..

+ وەك چی؟

- کوڕی پیاوە مەستەکە پانکە و شتی قوتابخانەی دزی..

+ پەری تۆ شایانی پیاوێکی گەورەی، گەورە بە قەت خۆت..

ئەو پیاوە کێیە؟ لە کوێی ببینمەوە؟ من بێ خۆشەویستی چۆن دەتوانم مێرد بکەم؟ بڕواناکەم توانای عاشقبوونەوەم تێدا مابێت...کە گەیشتمەوە ماڵ چووم هەرچی نامەی حەفت پایزەی کوڕی پیاوە مەستەکەیە هێنامن و بردمنە پێش دەرگای گەرماوەکە، کەس چاوی لێنەبوو، دنکە شخاتەیەکم لێدا، فووێك کوژاندیەوە، دنکێکیدی فووێکیدی، دنکی سێیەم، فووی سێیەمی بە دوادا هات، پێکەنینم بە خۆم هات، باشە بۆچی دەستم نەچووە سووتاندنی نامەکان، نەمزانی بۆ....

ڕۆژێك نەخشەسازی گەرماو هاتە مالّمان، هێشتا ژنە کەسکپۆشەکە گۆتەنی ((سەردەمی ئاین گۆڕین نەهاتبووە گۆڕێ)) هەر لە سەر ئایینی خۆی بوو، نەچووبووە سەر ئایینی بابم، یەکەم شتێك کە قسەمان لێیەوە کرد گەرماوەکە بوو:

- بە من بڵێ ئەو ڕۆژەی گیرای کاغەزەکانی بن مەنجەلە سارەکە چیان لێهات؟ بۆچی لەوێ نەمابوون؟

کێ شاردنیەوە؟

+ تۆ چوزانی لەوێ نەمابوون، بابم ئاگری دابوون..

نەخشە سازی گەرماو چاوی لە سەرم هەڵنەدەگرت، دەتگوت یەکەم جارە دەمبینێ و نیازی داخوازیمی هەیە، ترسام بە هەڵەدا رۆیشتنێك هەبێت، خۆم لێی شاردەوە، پاش ماوەیەك لە بارەگا سەرەکیەکە دیتمەوە، دوای پێشەکیەکی دوورو درێژ، منی بردە ڕاڕەوەکە، بە دەم پیاسەکردنەوە گوتی:

+من تۆم بۆ پۆستێکی زۆر بەرز دەستنیشانکردووە، پۆستێك شایەنی خەبات و لێهاتوویی تۆ بێت، لە ژنان کەس لە تۆ بە شایەستەتر نازانم بۆ ئەو جێگەیە..(ناوی پۆستەکەشی گوت)

- با بزانم، چۆن دەبێت..

+ بزانمی بۆ چیە..

- من..

نەیهێشت هیچ بڵێم، دەنگی نزمکردەوە و گوتی:

+پەری، دەمەوێ هەندێك قسەیتر بکەین کە بەلای منەوە زۆر گرنگن، ئەگەر ئامادەی گوێم لێبگری هەتا بیانڵێم..

- بیانکە، کێشەیەك نیە

+ من زانیومە کە تۆ وەختانێك کورێکت خۆشدەویست، بەڵام ماوەیەکە وازت لێهێناوە، ئەوە ڕاستە؟

سەیر بوو، ئەو ئەوەی لە کوێ زانی، من لای خۆمەوە پێمواببوو جگە لە سێ چوار کەس، کەس بە نێوانی من و کورێ پیاوە مەستەکە نازانێت، ڕەنگە بە شلەژاویەوە گوتبێتم:

- بۆچی ئەو پرسیارە دەکەیت؟ دوایی کێ دەڵێ من کەسێکم خۆشویستووە!

+ پێویست بە خۆ تێکدان ناکات، من پرسیارێکم کرد تۆ ئازادی وەڵام نەدەیتەوە..

-....

+ پەری با ڕاستو ڕەوان پێتبڵێم من تۆم خۆشدەوێت و دەمەوێت بێمە داخوازیت

- تۆ برا گەورەی منی، برا چۆتە داخوازیی خوشك!!

+ تۆ واز لەو خوشك و برایەتیە بێنە، ئەوە پێشتر بوو ئێستا من...

- من خوشك و برایەتی دەگەیەنمە سەر..

+ بە ڕاستتە؟

- زۆر بە ڕاستمە من هەمیشە وەك برایەك تەماشای تۆم کردووە و دەکەم

+ پەری، ئەوها نابێت..

-یانی چی ئەوها...

+ پەری تۆ لە بیرت ماوە سێ شەو لە بن دەستی ئەمن بووێت، هەموو کەس...

- من هەمیشە شانازی بەو سێ شەوەی زیندانەوە دەکەم..

+ ئێ، قەیناکە، بەڵام خۆ خۆشەویستەکەشت بە هۆی ئەو سێ شەوەوە وازی لێت هێنا..

- درۆیە، تۆ درۆی گەورە دەکەیت

+ من درۆ دەکەم؟

- تۆ و ئەوانەی وەك تۆش تێیگەیشتوون..

نەخشەسازی گەرماو بە تووڕەیی ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆیەوە و منیش لەو تووڕەتر لە بارەگاکە هاتمە دەرەوە، هێشتا هەر لە سەر دەرگا بووم سوێندم خوارد چاوم بەو بارەگایە نەکەوێتەوە، هەر لە پێش بارەگاکە یەکێك لە چەقۆکێشەکانی گڵکەند کە هێندەم دیتبوو وەك ناسیاری لێهاتبوو، بەرەو بارەگا دەچوو، دیار بوو لە ڕووخسارم تووڕەیی دیتبوو، گوتی:

+ خوشکێ ئەوە چ قاچەبابێك تووڕەی کردووی؟

- کەس، هیچ نیە

+ ئاخر ئەگەر کەسێك لە بارەگا گێچەڵی پێکردووی هەتا شەش چەقۆی لێدەم

- سوپاس، چ نیە

+ باشە، بە خێر چی

لە ڕێگا لە وێستەگەیەکی پاس کوڕێك ڕاوەستابوو، ئەو وێستگەیەی دەکەوێتە نزیك باخی گڵکەند لە خۆوە حەزی تەماشاکردن چووە دڵمەوە، قەت من ئەوها نەبوومە، بە دڵی خۆم لێیم ڕوانی، بەڵام ئەو کە دیتی تەماشای دەکەم، سەری خۆی داخست، من پتر تەماشامکرد ئەو پتر سەری خۆی داخست، کە دواتر ئەمەم بۆ خوشکترین گێڕایەوە گوتی: ((سەیرە کوڕێك هەبێت لەو دنیایە لە ئاست خاڵی گەردنی پەری چاو داخات، هەبێت نەبێت ئەو کوڕە شێتە)) باش بوو پاسەکە گەیشت و کوڕە لە نیگاکانی من ڕزگاری بوو، بڕواناکەم ڕزگاری ببێت.

پاش ماوەیەك زانیم ئەو پۆستەی نەخشەسازی گەرماو بۆ منی دیاریکردبوو درایە ئەو بەرێوەبەرەی کە کاتی خۆی لە قوتابخانە وازی لێمنەدەهێنا دەیویست بە زۆر بمکاتە بەعسی.. هێندەی نەبرد، نەخشەسازی گەرماو ئایینەکەی گۆڕی و هەڵکشا، زۆر هەڵکشا، کە بەرێیەکدا دەڕۆیی لەبەر چەکدار ڕێ نەبوو، ڕۆژێك بە دنیایەك چەکدارەوە هاتە مالّمان، جاشەکەی سەری کۆڵانێش یەکێك بوو لەپاسەوانەکانی، کوڕە دەستگێڕەکەش پاسەوانی بوو، من بە خێرهاتنیانم نەکرد، گوێم لێبوو بە پێکەنینەوە بە بابمی گوت:

+ هەر دەتگوت دێیتە سەر ئایینی من ئەوە هاتم

بابیشم بە پێکەنینەوە گوتی:

- بە خێرهاتی، بەڵام وا بزانم من و کچەکەم بێ ئایین ماوینەتەوە

+ کچەکەت هی ئەوەیە پلە وەرنەگرێت! من ئامادەم بیگەیەنمە پلەی وەزیری،بەس ئەو هێندە لامل نەبێت..

- لێگەڕێ ، کچی من بە لاملیەوە ڕێکە، وەك من بزانم، کچی من هیچ پلەیەکی ناوێ..

بابم ڕاستی گۆ من پلەم نەویست..

لەو سەرو بەندە ناوە ناوە بە دزیی کۆڵانی پیاوە مەستەکە سەرم لە خوشکترین دەدا، ئەو لە ژوورەکەی خۆی نەدەهاتە خوارەوە بە دیار پەنجەرەوە دەتگوت کۆترێ باڵ بەستراوە، من هەمیشە پشت لە پەنجەرە دادەنیشتم و نەمدەویست پەنجەرەی دنیا ببینم، ئەوماوە قەت سەرم بۆ پەنجەرەی دنیا هەڵنەدەبڕی، کوڕی پیاوە مەستەکە هێندە کال ببووەوە هێندە کال لە بەر چاویشم با نەمدەدیت، نەمویستووە نە بمبینێ نە بیبینم.. لەو ماوەیە تەنها جارێك دیتم ئەویش چ دیتن ئێوارەیەك لە سەر نانخواردن بووین، دیتم پیاوێك لە تەلەفزیۆن قسە دەکات، ئای دەڵێی

هەوە، هەوبوو، هەندێك دەنگم دایە تەلەفزیۆنەكە، دیاربوو دوا رستەكانی دەگوت، شتێكی ئەوتۆی تێنەگەیشتم هێندە نەبێت بە ناوی راوێژكار لە وەزارەتێك قسەی دەكرد.. بابیشم دیتی و گوتی:

+ وا بزانم بۆتە راوێژكار، پێمخۆش بوو، كورێكی باش و دەستپاكە

- بابە ئەو رۆژگارە زۆر سەیرە، خەڵك ئاسان دەگۆڕێ..

+ راستە سەیرە، دەزانی كوڕی نەفتفرۆشەكەم ئەورۆ لە كوێ دیت؟

- لە كوێیە دەمێكە نایبینم..

+ خۆزگە منیش نەمدەدیت، لە ناو تەرەفرۆشان كەچە عارەبانەیەكی داناوە، منی دیت، شەرمی كرد..

سبەی چێشتانێ گەیشتمە ناو تەرە فرۆشانی سەر پردەكە، دیتمەوە كوڕی نەفتفرۆشەكەم دیتەوە بە تەنیشت ئەو تەرەفرۆشەوە بوو كە كاتی خۆی نامەیەكی لە سەر ئاروو بۆم نووسیبوو، لە گەرمەی دەردە دڵ كردن بووین بۆ یەكتر، پۆلیسەكە ئەوەی پێش رۆژی رابوونیش هەر ئەوە پیشەی بوو گەیشت و تەرازووەكەی كوڕی نەفتفرۆشی برد بە چ حاڵ بۆم وەرگرتەوە، لە بیرمە گوتی:

+ دڵگران مەبە، ئەوەی دەیكەیت مەرج نیە بۆ خۆت بێت

- حەیف، با وابێت، منیش وەك تۆ بیردەكەمەوە..

لە گەرانەوەم سەردانی خوشكترینم كرد، هەر پشتم لە پەنجەرەكە كرد، دیسانەوە باسی كوڕەكەی وێستگەی پاسم بۆی كرد رەنگە ئەوە جاری سێیەم بووبێ كە ئەو باسە بێنمە گۆڕێ، خوشكترین گوتی:

+ چاوەڕێی بارینی بەفرێكم، بەفرێك زۆر جیا لە بەفری پێشی، بەفرێك..

- من رۆیشتم هیچم بە بەرەوە نەماوە، بەرگەی هیچ بەفرێك ناگرم

+ تۆ، وەك من چەند تۆ دەناسم خۆزگە خۆت نیو هێندە خۆت ناسیبا،ئێ، دڵم دەڵێ ئەو كوڕە دەبینیەوە

- ببینمەوە، كوڕێك بە رێكەوت لە جێگەیەك دیتم، ئێستا بشیبینمەوە نایناسمەوە، دەیبینمەوە؟

+ نازانم، دڵم وا دەڵێ..

- زانیت بۆتە راوێژكاری...

+ پەری، باش بوو تێكچوون، دەنا ئێستا تۆ ژنی راوێژكاری پانكە دز بوویت

مانناواییم لە خوشكترین كرد، چەندی كردم رێی مانێم دانەگرت، هێرێك لە پشتەوە رایدەكێشام، گەرامەوە، بڕۆ بڕۆ نەمدەزانی نیازی كوێم هەیە، هێرێكی نادیار رایدەكێشام منیش خۆم بۆی شل كرد و بە دوایدا چووم، هێندەم دیت لە شەقامەكەی نزیك باخی گلكەندم، وا لە وێستگەی پاسەكە نزیكدەبمەوە، ئای! ئەوە كوڕەكەی گۆزرین نیە ؟ دەڵێی هەوە، نا، خۆ من نایناسمەوە، رەنگە بیناسمەوە، وەڵاڵ ئەویش كتێبێكی بە دەستەوە بوو، با، تەماشای بكەم بزانم.. چاوم لە رووخساری بڕی، چاوی داخست، سەری داخست، رێك وەك جاری پێشی، من چاوم لە سەری هەڵنەگرت، باشە من شێتم بۆچی وا لەو كوڕە بەستەزمانە دەكەم، ئەوەتە وا ئارەقە دەكات، لە شەرما دەتوێتەوە، نا تا سەر بەرز نەكاتەوە چاوم لە سەری هەڵناگرم، پتر لێی نزیككەوتمەوە، هێندەم زانی دوو چاوی گەش گەشتر لە هەموو ئەو چاوانەی دیومن زۆر گەشتر لە چاوی كوڕی پیاوە مەستەكە رۆژ ئاسا هەڵهاتن، هەستم بە گەرمایی كرد، گەرمتر، تەواو گەرم داهاتم، خۆم رانەگرت، چاوم داخست و رووم وەرسووڕاند و بە نیوە هەڵاتن هەڵاتم.. كاتێك هەڵاتنەكەم بۆ قومریش گێڕایەوە، بە زمانە شیرینەكەی خۆی و تێكەڵ لە پێكەنین زۆری برد هەتا

ئەو چەند وشەیەی گۆکرد: پەری ئەو جارە منیش لەگەڵ خۆت ببە بۆ وێستگەی عەشق، ئەگەر تۆ هەڵاتی من لای دەمێنمەوە..

بابی ماچ:

دره‌خته گوڵاوییه‌که‌ی گڵکه‌ند دره‌ختێکه کەس نیه ڕێی بەوێ کەوتبێت و له سێبەره‌که‌یدا هەناسەیەکی نەدابێت، هەستیپێکردبێت یان نا، یەك بەسینەی خۆی گوڵاوی هەڵنەمژیبێت، دره‌ختێکی گوڵاوییه، چوار وەرزەی ساڵ گوڵاوییه و گەڵا گەڵا بۆن و بەرامه دەڕژێنێ، له وەرزی وەرینیشدا هەر گوڵاویه، کەس نازانێت گوڵاوی دره‌خته گوڵاوییەکه له دەستی کێیه، کێ ئەو دره‌ختەی بۆ هەمیشەیی له گوڵاو گرتووه، هەر کەسه و قسەی خۆی هەیه، شێته جیاوازەکه دەڵێت:

ئێوه نابینن، بایەك دێت، من به چاوی خۆم دەیبینم جگه له من کەس نایبینێت پێش ڕۆژهەڵات بێره‌دا ئەها بەو کەلێنەدا دێت، من دەیبینم، بۆنی دەکەم، دێت دێت، دەچێته ناو ئەو دره‌خته و بزر دەبێت، ئەو بایه ، هەموو ڕۆژێك هەڵدەکات، هەموو ڕۆژێك ئەو وەخته دێت، ئێوه نایبینن، جگه له من کەس نایبینێت..

بەڵام دارا که بەردەوام بوتڵێك عەرەقی به دەستەوەیه، بەردەوام دەیڵێته‌وه:

بڕوای پێمەکەن، ئەو شێته له تەمەنی خۆی یەك فڕ عەرەقی نەخواردۆته‌وه، بۆیه بڕوای پێمەکەن، درۆ دەکات، من دەزانم ئەو دره‌خته گوڵاو له دەستی کێ وەردەگرێت و گەڵاو لقەکانی پێ گوڵاوپژێن دەکات، ئەگەر دەتانەوێت بزانن ئەو دەسته دەستی کێیه، وەرن بۆنی دەستی من بکەن، من هەموو دره‌نگانی ئێوارەیەك ئەو دەمەی جەنگۆش لێره نامێنێته‌وه، بەو دەستانەی خۆم یەك بوتڵ گوڵاو بەو دره‌خته‌دا دەڕژێنم.

جەنگۆش که ناوه ناوه چەقۆ دەسك ڕەشەکەی دەردێنێ و پیشانی خەڵکی دەدا، زۆر کەس لێیان بیستووه:

لەو گڵکەنده له دارا درۆزنترم نەدیوه، ئێواران قەت من له پێش ئەو ئێرەم بەجێنەهێشتووه، کەس هێندەی من شارەزای ئەو باخەو ئەو دره‌خته گوڵاویه نیه، من ئەگەر ڕێ له چەند کچێك بگرم و نەهێڵم بێنه ئەو باخەوه و لەو دره‌خته نزیکببنەوه، ئەوجا با دره‌خت بۆنی گوڵاو بدا، من به چاوی خۆم دەبینم ئەو کچانه ناوه ناوه دێن و له بن دره‌خته‌که شووشه شووشه گوڵاو دەشکێنن، ئەگەر باوەڕیش ناکەن، وەرن ببینن، ئەو هەموو ورده شووشەیه ببینن..

هەرچی کاکه لادێیی سپیپۆشەکەیه ئەو پیاوەی له چلەی هاوینێش دەڵێی له زستانێ هاتۆته‌وه، دەڵێ:

جەنگۆ تەنها چەقۆناسه، چ له شووشان نازانێت، ئەو ورده شووشانه، شووشەی گوڵاو نین، هی عەرەقەکەی داران، گوڵاوی گەڵای ئەو دره‌ختەش هەمووی له گیرفانی منه وەرن ببینن..

هەموو کەس گوڵاوله دره‌خته گوڵاویەکەی گڵکەند وەردەگرن، بەڵام کەس نازانێت دره‌ختەکه له کێ گوڵاو وەردەگرێت، دەمەو عەسرانێك له نزیك دره‌خته گوڵاوێەکه دوو کچ به لەنجەولار له پێشمەوه دەڕۆیشتن، به دەنگی بەرز قسەیاندەکرد، دیاربوو قسەیان له بارەی دره‌ختی گوڵاوێەوەیه، گوێم دانێ، یەکیان دەیگوت:

من دڵنیام چۆلەکەکان، بالندەکان گوڵاو به گەڵاکاندا دەڕژێنن، ئەو دره‌خته به باڵی بالندە نەبێ ئەو هەموو بۆن و بەرامەیەی لەوکوێ بوو، بالندەکان له هەموو لایەکەوه گوڵاو بۆ ئەو دره‌خته دەکێشنەوه، ئەو چیرۆکه زۆر ناسکه من زۆریم له بارەیەوه بیستووه دەڵێن..

ئەو کچه به دەنگێکی هێند ناسك چیرۆکی بالندە و گوڵاو و دره‌ختی دەگێڕایەوه هی ئەوه نەبوو له دوایان ببمەوه، ڕایانکێشام به کەزی خۆی ڕایکێشام ئەوەی چیرۆکەکەی دەگێڕایەوه دەتگوت زەرده پەڕ به سەر شانیەوەیه،

زەردەپەڕ کێشی کردم، لە زەردەپەڕدا بزربووم، زەردەپەر لە بیری بردمەوە گوێ لە چیرۆکی درەختەکە بگرم لەگەڵیدا برۆم و بزانم دەگاتە کوێ..

ئیدی لەو رۆژەوە پتر هۆگری درەختە گوڵاوییەکەم، بەرم نەدەدا، باخەوانەکە دەیگوت: ((تۆ لە من پتر لێرەی)) گوێم لە مۆسیقای بالّندەکان رادەگرت، درەخت نیە لە دنیایێ هێندە بالّندە بگرێت، کەس نازانێت ئەو درەختە مالّی چەند جۆری بالّندەیە، رەنگە لە هەموو دنیاوە بالّندە روو لەم درەختە بکەن و گوڵاوی ولاّتانی بۆ بکێشنەوە، لەو درەختەوە بالّندە بە هەموو زمانێك دەخوێنن، خوێندنێکی هێند نەرم و ناسك بێزار نابیت، خەو دەتباتەوە، درەختە گوڵاویە مۆسیقیەکە هێندە گەورەیە لە نیوەڕۆی چلەی هاوینێ گەڕەکیك لە بنی دانیشن کەس هەتاوی پێناکەوێت، هێند چڕوپڕە برۆ بنی و هەورێك بارانی لە سەر راگرە تەڕ نابیت، ئەو درەختە وەك دەڵێن هێندەی دارستانێك گەلاّی پێوەیە هێندەی گەلاّکانیشی بالّندەی گرتووە، هێندەی بالّندەکانیشی شووشە گوڵاّی لە خۆی داوە، کەم نین ئەوانەی لە بن ئەو درەختە چیرۆکیان هەیە، منیش چیرۆکم هەیە، لە مێژە زۆر لە مێژە لەو بن درەختە درەنگانی ئێوارەیەك بۆ یەکەم جار چەقۆیەك رۆچووە رانەوەو رەنگە لەو کاتە تەماشای کچێکم کردبێت، چەندی بە بیری خۆم دێنمەوە چ کچم لێوە دیار نەبوو، هێندەی بەرانێك خوێنم لەبەر رۆیی، من کەسم نەدیت،یەك رستەم بیست و تەواو((تەماشای ئەو کچە دەکەیت!)) من چاوم لە سەر هیچ کچێك نەبوو، بەلاّم گوتیان ئەو چەقۆیەی رۆچووە رانی تۆوە چەقووە دەسك رەشەکەی جەنگۆ بوو، کەچی جەنگۆ لە ترسان نا لە ئازایەتی حاشای کرد و گوتی:

من لە تەمەنی خۆم لە ناخافلّەتی چەقۆم رانەوەشاندووە و راشیناوەشێنم، من بە ئاشکرا بە ئاگادارکردنەوە چەقۆ دەوەشێنم، خۆ ئەگەر کەسێك چەقۆی لانەبێ من بمەوێ بەر چەقۆی بدەم، ئەوەتە چەقۆیەکی زیادەم پێیە لە چەقۆکەی خۆشم باشترە، چەقۆکەی دەدەمێ..

لەمێژە زۆر لە مێژە،هەر لە بن درەختی گوڵاوی بۆ یەکەم جار مەمکی کچم بە رووتی و لە ناو لێوان دیت، هەینێ هەر لە سێبەری درەختی گوڵاوی بە لای رۆژئاوایەوە هەندێ بنە داری کورتە بنەی سەر قژن سەریان بە یەکتر کردبوو، دەتگوت تایبەت بۆ دەستلەملانێی عاشقان پەنایان دروستکردووە، چێشتانێکی زوو بوو،دیتم لە نزیکەوە دیتم ئەوان ئاگایان لە من نەبوو، کچ و کوڕێك بە دانیشتنەوە دەمیان خستبووە دەمی یەکترەوە، دیتم بەو چاوانەی خۆم دیتم کچەکە بە دەستی خۆی مەمکی خۆی دەرهێنا، جاری یەکەمە مەمك ببینم، جاری یەکەمم بوو راموسان ببینم، دیتم کچەکە چووە سەر کۆشی کوڕەکە لەو دەمە لە پشتمەوە گوێم لە پێکەنینێ بوو، چ پێکەنین! نەبووە نابێتەوە، ئاوڕم دایەوە دوو کچ لە پشتمەوە بوون، بەلاّم لە گەڕانەوەدا بوون رووبانم نەدیت، ئیدی لە تەماشاکردنی ناسکترین دیمەنیان کردم..

لەمێژە زۆر لە مێژە دەمەو نیوەڕۆیەکی گەلاوێژی بوو، یان لە گەلاوێژی دەچوو، لە بن درەختی گوڵاوی بە بێباکی مژم لە جگەرە دەدا، تازە فێری جگەرەکێشان ببووم، دووکەڵم بۆ چۆلەکەکان دەنارد ئەوانیش جریوەیان بە سەرمدا دەباراند،بێباکانەتریش ناوە ناوە قومێکم لەو دەبە بیبسیە دەدا کە لەگەڵ ویسکی تێکەڵەیەکی نیواونیویان گرتبۆوە،رەنگە لە خەیاڵێکی ناسکی چۆلەکەو گەلاّیی بووبم، دوو پۆلیس، ئای بۆ ئەو رۆژەی بۆ گاڵتەپێکردنیش پۆلیسێکت نەدەدیت، گەیشتنە سەرم:

+ تۆ شەرمت بە خۆت نیە بەو رەمەزانە جگەرە دەکێشی، موسڵمان نیت..

- ناوەڵلاّ مەسیحی عەنکاوەم..

+ مەسیحی رووسیاش بیت نابێت لە رەمەزانان جگەرە بکێشیت، کوا ناسنامەکەت..

ئۆی لێم قەوما، من ئەو درۆیەم بۆ کرد، مەسیحی چی و عەنکاوەی چی، لەو دەمەی دەستم لە گیرفان دەگێڕا، یەکیان کە پیلێکی گرتبووم، گوتی:

+ دەڵێی بۆنێکی خۆشیشت لێدێ..

- بۆنی چی، جگەرە بۆنی خۆشە..

+ جگەرە..

چیم بەسەرهات، خۆزگە هەر جگەرە دەبوو، ویسکیشی هاتە سەرێ، ئاشکرابووم، قسەیەکم نەکرد خۆم دا بەدەستەوە، پێش خۆیانیان دام، هێشتا هەر لە سێبەری درەختەکە بووین، لە پشتەوە گوێم لە دەنگی ژنێك بوو:

+ ئەرێ من هەر جارێك بێمە ئێرە دەبینم ئێوە کەسێکتان دەسگیرکردووە، بۆچی؟

- ئەو سەرسەریە بەو مانگی رەمەزانە جگەرە دەکێشێ و عەرەقیش دەخواتەوە

+ باشترە بیدەنە دەست خودا، با ئەو تۆڵەی لێبکاتەوە، وانیە..

من هێشتا ئاوڕم نەداوەتەوە بزانم ئەو ژنە کێیە بەو شێوەیە بەرگریم لێدەکات، هەر نەشمدەتوانی ئاوڕ بدەمەوە بە شێوەیەك منیان گرتبوو ئاوڕدانەوە ئاسان نەبوو،، پێدەچوو یەکێك لە پۆلیسەکان بناسێت، ئا ناوی هێنا، ئەو پۆلیسەی ژنەکە ناوی هێنا، بە تووڕەییەوە بە منی گوت:

+ئەو جارە لەبەر خاتری ئەو کچە بەرەلات دەکەم، بەڵام تا رەمەزان تەواو دەبێت لێرەت نەبینمەوە..

- باشە

ئاوڕمدایەوە تا رووی ئەو کچە فریشتەییە ببینم نەمدیت، زوو پشتیان تێکردم، دوو کچی بەژن زراڤ بوون، ویستم بچمە دوایان لەبەر پۆلیسەکان نەموێرا..

هەر لەو بن درەختە گوڵاوێیە مۆسیقیە بۆ یەکەم جار لە تەمەنم لە تەوقەیەکی پایزیانە دەستی کچێکم کەمێك گوشی، نەترسام و گوشیم، نەمدەزانی هێندە ئازام، من لەگەڵ کچەکەی ناو رۆمانەکە پیاسەم دەکرد و لە بن درەختی گوڵاوی نەمابووم، لە پڕ هەستمکرد کەسێك لە بەر دەمە، ویستم لە پیاسەی خۆم نەکەوم و خۆمی لێ لادەم، لە خۆ لاداندا لە رۆمانەکە هاتمە دەرەوە و گەیشتمەوە بن درەختەکە، سەرم هەڵبڕی چ ببینم، ئەوەی من دیتم هەر خۆم ببینم و کەس،ئۆی، ئەوە کێیە، ئەو کچەیە کە ئەو جارە لە وێستگەی پاسەکە ئەوەی ئەها لەو پشت پەرژینەی باخە، چاوی لە چاوم بڕیبوو، هەوە دەیناسمەوە بە خاڵەکەی گەردنی دەیناسمەوە، بە لەرزینەوە هەستامەوە، ئەوەتە ڕوو بە ڕوو تەماشای یەکتر دەکەین، دەڵێی ناسیاری کۆنین ماوەیەکە یەکتریمان نەدیوە، ئۆی لەو چاوە گەشە تیژانە، خۆم پێڕانەگیرا چاوم داخست..

+ تۆ... حەزمکرد بتناسم

- خخخخخخۆششحاڵم..

+ من ناوم پەرییە، دەمێکە ناوی تۆم بیستووە..

- تۆ پەری! ئەو پەریەی کە...

+ رەنگە، ئەو پەریە بم کە تۆ دەتەوێت باسی بکەیت..

خۆی دەستی تەوقەی هێنا، من زێدەڕۆییم کرد، کەمێکم گوشی، ئەو دەستی نەکێشایەوە، من پتر گوشی ئۆی، دەستی کچ ئەو گەرماییەی تێدایە، لەو دەستەوە هەرچی گەرمایی جەستەی هەبوو دەڕژایە گیانمەوە،

چەند خۆش دەبوو ئەو دەستگوشینە بێ کۆتایی با، لەو دەمە باران دایکرد بارانی پایز بە سەر درەختی گولاّویدا دایکرد، بە سەر یەکەم دەستگوشینی منداِ دایکرد، بە سەر چوارشەمەدا دایکرد، ئەو پەریە لە کوێوە هاتە بن درەختی گولاّوی، ئەو پەریە من دەمێکە ناویم بیستووە، سیماشی بە من نامۆ نیە، نازانم نە زۆر بۆمیان باس کردووە نە لە جێگەیتر بینیومە، نا، من ئەو پەریەم زۆر دیوە، هەر ئەوجارەی وێستگەی پاسەکە نا، دەبێت پێشتریش بینیبێتم، ئیدی درەختی گولاّوی بۆ من بووە درەختی دیدار، دیداری پەری، شەش جاریتریش دیتمەوە، زۆر جار قومریشی لەگەلّ دەهات، لە دیداری شەشەم پەری ژنێکی لەگەلّ بوو، چ ژن هی ئەوە بوو خەسووت بێت، بە شەرمەوە گوتمە پەری:

ناکا ئەوە خەسووم بێت..

ژنە لە جیاتی پەری بە گفتێکی شیرین گوتی:

لە خەسوو زیاترم..

پەری بە پێکەنینەوە گوتی:

لە دایکمم خۆشتردەوێت، تۆش هەر بە (ژنە کەسکپۆشەکە) بیناسە هەموو گەڕەك بەو ناوە دەیناسن..

لە دلّەوە گوتم:

من لەمڕۆوە دایکم هەیە و ناوی ژنە کەسکپۆشەکەیە.

تەوقەیەکی گەرمم لەگەلّ ژنە کەسکپۆشەکە کرد، هەند جوان دەستمی گوشی هەستمکرد دەستم لە ناو دەستی دایکمدایە، ئەو دایکەی حەیف لە خەونی شەوانیش نەمدیوە، بەلاّم پەری تەوقەی نەکرد، بۆ تەوقە و دەستگوشین، پەری خۆی دەپاراست و نەیدەویست دەستم بەر دەستی بکەوێت، دیدار لە دوای دیدار من و پەری پتر لێکدی نزیکدەبوونەوە، لە دیداری حەفتەم زۆر شت بڕایەوە، بەلاّم لای پەری (ئەگەر) ی تێکەوت، من هێندە گرنگیم بەو ئەگەرە نەدا، هەر لە دیداری حەفتەم کە درێژترین دیدارمان بوو، باشترە بڵێم دوو دیدار بوو لە ناو یەکتردا، ئەو دیدارەی ناسکترین ژوانمان بوو، پەری هەندێك چیرۆکی خۆی و درەختی گولاّویی گێڕایەوە:

+ پێشان لێرە چەقۆکێشێك هەبوو ناوەکەیم لە یاد نیە، نا جەنگۆ نەبوو، بە بێ ئەوەی ئاگام لە هیچ بێت،لە سەر من چەند گەنجێکی بەر چەقۆ داوە..

- وا مەلّێ..

+ بە راستمە

- لە رانی چەپم ئێستاش جێی چەقۆی ئەو چەقۆکێشە دیارە

+ تۆش!

- بەلاّم من هیچ کچێکم نەدیتبوو..

پەری سەری سوڕما، نەمزانی نە پێدەکەنێت نە دەگری، داوام لێبکرد بەردەوام بێت لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی

+ جارێك لە میژە زۆر لەمێژە، دوو پۆلیس سەرخۆشێکیان گرتبوو، دەیانویست بیبەن بۆ بەندیخانە، من رزگارم کرد

- سەر خۆشەکە من بووم..

پەری باوەڕی نەدەکرد، وایدەزانی من بە زۆرداری خۆم دەخەمە ناو چیرۆکەکانیەوە، نیشانەکانیم یەك یەك هەڵدەدا هێشتا گومانی هەبوو لەوەی سەرخۆشەکەی دەستی پۆلیسەکان و بریندارەکەی دەستی چەقۆکێشەکە من بووبم، بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی درەختە گوڵاویەکە:

+ چیرۆکێکیدی دەگێڕمەوە بەڵام خۆت نەخەیتە ناو ئەوەشیانەوە، ئەها لێرێهێ کوڕ و کچێك چووبوونە باوەشی یەکترەوە، ئەها لێرەش کورێك بە دزیەوە تەماشای دەکردن، منیش ئەها لێرەوە دەهاتم، بە دەست خۆم نەبوو، لە پێکەنینم دا و تێکمدا، نەڵێی ئەو کوڕەی کچەکەی لە باوەش بوو من بوو!

- نا، بە چاوی تۆ، ئەو کوڕەی خۆی لێیانگرتبوو من بووم، ئێستاش پێکەنینی کچەکەی پشتم لە گوێیە، توخوا دە تۆند پێبکەنە بزانم پێکەنینەکە دەناسمەوە..

پەری پێکەنی، جوان پێکەنی، هەتا ئێستاش هەر پێدەکەنێت، پەری گوتی:

+ چیرۆکیدی ناگێڕمەوە، من خەریکە شێت دەبم..

- من لە تۆ شێتتر دەبم..

من گومانم لە چیرۆکەکانی پەری پەیداکرد، هەستمکرد کەسێك هەبێت چیرۆکەکانی منی بۆ پەری گێڕابێتەوە و ئەو بە ناوی خۆیەوە بۆ منی دەگێڕێتەوە، نابێت رێککەوتی وا نابێت، یەك قەیناکە بەڵام سێ، سەیرە! لە هەستاندا گوتم:

- باشە،تۆ قەت لێرە لەو ناو باخە چیرۆکی گوڵاو، گوڵاوبوونی ئەو درەختەت بۆ دەستە خوشکێکت گێڕاوەتەوە

+ ئا، رەنگە، چیرۆکێکی زۆر ناسکە، تۆ نەتبیستووە؟

- با جارێك لە تۆم بیست بەڵام تا کۆتایی نا..

+ لە من!

پەری لە من پتر کەوتبووە گومانەوە، پێدەچوو وەك من کەوتبێتە بارێکەوە کە نازانین ئەو چیرۆکانەی دەیگێڕینەوە، لە جێگەیەك خوێندوومانەتەوە یان خۆمانین، من وابووم، نەمدەزانی لە خەیاڵێکی جوانم یان لە بن درەختە گوڵاویەکەم و ئەوەی دەیبینم و دەیبیستم لە درەختەکە راستی و راستیترە، هەر لەو دیدارە پەری گوتی:

+ کەواتە تۆ بۆ ئەو درەختە لە لقێکی نزیکتر و ئاشناتری..

- من دەبوو ناوم کوڕی درەخت بێت

+ باشە، ئەگەر حەزدەکەیت من بە کوڕی درەخت بانگتدەکەم..

- هەر ناوێك لە لێوی تۆوە گۆبکرێ ناسکە..

ویستم پتر پەری راگرم و پتر لە گوڵاوی دیداری بۆن بکەم، پتر جوانیی روخساری لە بیناییم بنەخشێنم گوتم:

- پێناچێت جیاوازیی تەمەنمان زۆر بێت

+ رەنگە هەر دوو سێ ساڵ بێت، تۆ تەمەنت چەندە

- سێ مانگە بیست و حەفت ساڵم تەواوکردووە.

+منیش چەند حەفتەیەکی ماوە بگەمە بیست و سێ..

- ئاهەنگی لە دایکبوونت لە ساڵان جیایە، چەند ساڵە بە کچێنی دەتکرد بەڵام ئەو ساڵ..

زمانم بشکێ چیم گوت، خۆزگە قەت ئەو قسەیەم نەدەکرد، پەری رەنگی پەڕی، پەری پێدەچوو خۆی بە پێوە رانەگرێت، دانیشتەوە، منیش لەگەڵی دانیشتمەوە، پەری چاوەکانی سڕیەوە، نەیهێشت فرمێسکەکانی ببینم، هەر دە پەنجەی تێکتاڵاند و دەتگوت بە شەڕیان دێنێ و تەماشای دەکردن و دەستی بە قسە کرد:

+من زووتر ئەگەرێکم خستە ناو باسەکەوە، باشترە ئێستا پێتبڵێم، من ئەگەر ئەوسا ڵ لە کن تۆ ئاهەنگی لە دایکبوونم بگێڕم سالّی یەکەم نیە کە بە ژنێتی دەیگێڕم، من دەمێکە کچ نیم..

- بمبوورە، من هەڵەیەکی زمانی بوو لە زارم دەرچوو، ئەوەی تۆ دەیڵێی من دەیزانم

+ لە کوێی دەزانی؟

- نەك من زۆر کەس دەیزانن، تۆ سێ شەو لە ئەمن زیندانی نەبوویت؟

+ هەر ئەوە نیە، چیرۆکی تاڵێی من لە بن نایە

- هەرچی بێت بە لای منەوە گرنگ نیە

+ تۆ دەزانی من کوڕێکم خۆشویستووە، زۆریش..

- ئەوەم نەزانیبوو،بەڵێ ئەگەر ئەوە رابردوو بێت، مەسەلەیەك نیە

+ بەڵێ ئەو چیرۆکە رابردووە و ناگاتەوە ئێستا و دەمێکە کۆتایی هاتووە

- پەری من چ پەیوەندیەکم بە رابردووی تۆوە نیە، من ئێستا و ئایندەی تۆم دەوێت، بەڵێ دەکرێت بپرسم ئەو خۆشەویستیە زۆرە بە چی نەما..

+ نازانم، ئیدی..

- دەی، واز لەو باسە بێنە

+ باشترە من واز لە تۆ بێنم، تۆ..

- پەری، قسەی وا مەکە، منت کردە کوڕی درەخت، بەڵێ هەستدەکەم درەختەکە تۆیت، من لقێکم لە تۆ، بە تۆوە سەوزو جوانم، ئیدی لێت نابمەوە..

پەری بە چاوە گەشەکانی کە پڕبوون لە فرمێسکی ئاسمانی نیگایەکی وای دامێ لەرز دایگرتم و گوتی:

+ ئیدی تۆ کوڕی درەختی، بەڵێ..

- تۆ درەختەکەو منیش لقێك لە تۆ، بێ بەڵێ..

+ کوڕی درەخت بەڵێ..

- لە بیرمنەکەیت، من هەموو رۆژێك لە چێشتانێوە تا دەمەدەمی نێوەڕۆ لەو بنە درەختە چاوەڕێی تۆ دەکەم، هاتی و نەهاتی من هەر چاوەڕێتم..

پەری:

چەندی گەڕام، چاوم گێڕا، لە کوڕی درەختم باشتر نەدیتەوە، پێشئەوەی یەکەم تەوقە بکەین، هەندێك شتم لە بارەیەوە زانیبوو ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، نازانم بۆ، بێ ماڵی بوو، بە تەنیا دەژیا، لەگەڵ چیرۆك و درەخت وبەفر و جوانیەکانی سرووشت دەژیا، کوڕێك بوو زۆر کوێستانی هەڵکەوتبوو، رەنگە پیاوی کوێستانی یان پیاوی گەرمیانی قسە زۆر هەڵبگرن و نیشانەکانیان وا بە سانایی دیارنەکەون، بەڵام من هەر لە خۆوە هەستمکرد کوڕی درەخت کوێستانی هەڵکەوتووە، پێچەوانەی کوڕی پیاوە مەستەکە کە گەرمیانی هەڵکەوتبوو، من گەیشتمە ئەوەی کە چارەنووس بە خەتی درشت نووسیویەتی((کوڕی درەخت، کوڕە کوێستانیەکە دەبێتە مێردی پەری)) من و کوڕی درەخت بێئەوەی یەکتر بناسین، بێئەوەی یەکتر ببینین لە زۆر چیرۆکی بن درەختە گوڵاویەکەی گڵکەند بە یەکەوە بووینە، بە یەکەوە رۆڵمان بینیوە، بە خۆم دەگوت ئەو هاوبەشیە چەند جاریە چەند سالێیە لە خۆوە نیە، شتێکی تێدابووە، ئەدی جاری یەکەم کە لە وێستگەی پاس دیتم بۆچی چووە دڵمەوە، نا ئەو کوڕەی من بە دوایدا دەگەڕام ئەوەیە و نابێت لە دەستی خۆمی بدەم، لەگەڵ ئەوەش دوودڵی لە دڵم بە شێوەیەك جێگەی گرتبوو بەرینەدەدا، دڵەڕاوکێ زارمی نەدەکردەوە دوا قسەم بدەمە کوڕی درەخت، چەند رۆژێکە چاوەڕێی دوا قسەی منە، ژنە کەسکپۆشەکە رۆژی دە جار چاوەڕوانیی کوڕی درەختم بە چاودا دەداتەوە، دەڵێ بەردەوام دەڵێ:

پەری کچە جوانەکەی خۆم، تۆ بۆچی بەو پایزە سارده ئەو کوڕە جوانەت لەوێ کردۆتە درەخت، بیگەیێ کچم بیگەیێ، ئێستا لەوێ وەك درەختەکە شینبووە، رەگی داکوتاوە، گوناهت دەگاتێ پەری، چیدی لە چاوەڕوانیدا مەیهێڵەوە، چاوەڕوانی سەختە، پەری چ لە چاوەڕوانی سەختتر نیە، پەری کچەکەم، زگت بە کوڕەکەم بسووتێ ئەوەی بن درەختە گوڵاویەکە..

ژنە کەسکپۆشەکە بە دیدارێك کوڕی درەختی کردە کوڕی خۆی، زۆر چووە دڵیەوە، پێیمگوت:

+ تۆ بە یەك دێتن چۆنە وا ناسیت و خۆشتویست

- کوڕی باش، زوو دەناسرێ، بەڵام بەینی خۆمان بێت من زوو زوو دەیبینم لە دوای ئەو جارەوە چەند جارێکیدی دیومە، جار لە دوای جار ژیرتر و شیرینتر خۆی دەنوێنێ، پەری کچەکەم، من دەڵێم حەفت سالێیش بگەڕێیت کوڕێکی وات دەستناکەوێت، بە قسەی من بکە و لە دەست خۆتی مەدە...

بە پێکەنینەوە گوتم:

+ باشە تۆ بۆچی بە بێ من دەیبینی، چی لێت دەوێ؟

لە پێکەنیندا لە سەر پشت کەوت:

- چی لێم دەوێت لە تۆ زیاتر چی؟ کچێ پەری گوێبگرە تازە ئەو کوڕە کوڕی منە، من زوو زوو دەبێت ببینم

+ توخوا تێمبگە، من دەترسم، لە شووکردن دەترسم، نازانم بۆچی یەخەی ئەو کوڕەم گرت، نازانم چۆن داوای لێبووردنی لێبکەم و هەر کەسەمان لە ماڵی خۆی...

- ئەوە مەڵێ، پەری ئەوە مەڵێ..

+ باشە تۆ کە دەیبینی باسی چی دەکەن، ئەو چی دەڵێ، تۆ چی پێدەڵێی..

- دەبێت باسی چی بکەین..

ژنە کەسکپۆشەکە بە جۆرێك لە دڵشکاوی هەستا و گوتی:

- هەندێك کارم هەیە، من دەڕۆم..

+ دەچیە بن درەختەکە؟

- بشچم دەچمە کن کوڕی خۆم تۆ هەقت چیە!

+ هیچ، سلاوی لێبکە پێیبڵێ پێویستم بە کاتی زیاتر هەیە..

ژنە کەسکپۆشەکە رۆیی، چێشتانێکی درەنگە، کوڕی درەخت ئەگەر لە سەر قسەی خۆی مابێت دەبێت ئێستا لە بن درەختی گوڵاوی چاوەڕوان بێت، خۆ ئەگەر لەوێش نەبێ هەقی خۆیەتی، من لە خۆوە لە چاوەڕوانیی ژنە کەسکپۆشەکە مامەوە، ئەجانم نیە، بۆ نەهاتەوە، درەنگی پێچوو، دەبوو زووتر بێتەوە، دڵم دەڵێ، ئێستا بە خۆ و بە کوڕی درەختەوە دێتەوە، هەر چەندە ئەو گوتبووی: نا، خەمت نەبێت، سەر بە کۆڵانەکەتان ناکەم، مەگەر بۆ داخوازیی تۆ، باشە بۆچی من وا لە چاوەڕێی کوڕی درەخت چرکە چرکە کات دەژمێرم، دەڵێی شتێك لە پێشە، شتێك رووەدات، رەنگە هەواڵێکی خۆش لە رێ بێت، بەڵام هەواڵی چی، خۆ من لە چاوەڕوانیی هیچ نیم، خەڵك لە چاوەڕێی منە، کوڕی درەخت لە چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشە من بۆی بنێرم، تێناگەم ئەوڕۆ لەوەتەی ژنە کەسکپۆشەکە بەرەو درەختی گوڵاوی رۆیشتووە، من بۆ وام لێهاتووە، خەونەکەم، ئا خەونی ئەو شەوم، چی بوو، باشم لە بیر نیە، ئا چوکلێت، چوکلێت بوو، لەو خەوە چوکلێتێکم خوارد لە چ چوکلێتان نەدەچوو، ئەوەتە تامی زاری خۆم دەکەم، تامی چوکلێتی خەونەکە لە زارمە، سەیرە، تامی خەون چۆن لە زار دەمێنێتەوە! تێناگەم، هیچ تێناگەم، ژنە کەسکپۆشەکە بۆچی رۆیشت، رۆیشت بۆچی زوو نایەتەوە، وەرە زوو وەرەوە من لە چاوەڕێی شتێکدا ئاگام لە خۆم بڕاوە، نازانم ئەو شتە چیە.. لە بیرمە لە بەر خۆمەوە وڕێنە یان نزیك لە وڕێنەم دەکرد، ئەوەتا لە سەر دەرگا راوەستاوم و تەماشای دەرگای مااڵی ژنە کەسکپۆشەکە، تەماشای سەری کۆڵانێ دەکەم، ئۆی هاتەوە بە تەنیا هاتەوە، ژنە کەسکپۆشەکە هەر خۆی، کەسی لەگەڵ نیە، باش بوو کەسی لەگەڵ نەبوو، رێك لەو کاتە گوتم: ((باش بوو کوڕی درەختی لەگەڵ نەبوو، من ناتوانم شوو بکەم)) من چ لە خۆم ناگەم، نازانم چیم دەوێت، یەکەم دیداری من و کوڕی بن درەختەکە چ دیدارێ بوو، دیدارێکی بارانی، ناسك لە یەکەم بارانی پایز دەچوو، ئا لەو دیدارە و بە سەر دیداردا بارانی یەکەم باری، ئەو دیدارە بارانیە ئەوڕۆ هەستەدەکەم هێند دوورە، هێند دوور، دەڵێی لە خەیاڵدا هەڵچنراوە، دوا دیداریش هەر دەڵێی خەیاڵیە، من نەدەبوو بچمە ژوانی هیچ کوڕێکەوە، هەڵە بووم، من کچێکم پەند وەرناگرم، پەندم لە کوڕی پیاوە مەستەکە وەرنەگرت، من رۆیشتم، لە دەستچووم، مادام بۆ کوڕی پیاوە مەستەکە نەبووم، بۆ کەس نابم نە بۆ کوڕی بن درەختەکە و نەهی بن هیچ..

ژنە کەسکپۆشەکە نزیکبۆوە، تەماشایەکی ئەولا و ئەملای کرد، کەس دیار نەبوو، نامەیەکی خستە دەستمەوەو گوتی:

ئەگەر لە مااڵی خۆتان، دەرفەتی خوێندنەوەت نیە، وەرە مااڵی ئێمە..

نەچووم یەکپێ چوومە ژوورەوە و کردمەوە، ئەوە بڕیاریشم دابووکە هیچ نامەیەك ئەگەر بۆنی دڵداری یان داخوازیی لێبێت، هەڵینەپچڕم و نەیخوێنمەوە، خۆ بە کوڕی بن درەختیشم گوتبوو((تکایە هەرگیز نامەم بۆ مەنووسە، من نامە ناخوێنمەوە)) پەشیمانبوومەوە، نازانم چی پەشیمانی کردەوە، دەستم بە خوێندنەوەی نامەیەکی چوار لاپەڕەی گەورەی خەت وردی ناسك کرد، ئێستاش ئەوەتە هەندێکی دەخوێنمەوە:

((من قسەی خۆم بردە سەرێ، دەبەمە سەرێ، هەموو رۆژێك لە وادەی خۆی لە بن درەختی گوڵاوی لە چاوەڕێی کچێکی دڵ پڕ لە دڵەڕاوکێم، کچێك رێك دەڵێی ئەو پەلە هەورەیە ئەوەتا لە ئاسمانی باخ کەمێك هێواشی کردۆتەوە و نیازی داکردنە، بەڵام دوودڵە نازانێ نە لێرە دابکات نە لە جێگەیەکیتر، رەنگە هەر حەزی لە داکردنیش نەبێت و حەز بکات تا ئاسمان ئاسمانە هەر هەور بێ و هەر بە ئاسمانەوە.. کچە هەوریەکە، لە دیداری حەفتەمەوە تا ئێستا بەو نامەیەوە کە ئەوەتە بە تەنیشت دایکمەوە بە تەنیشتی ژنە کەسکپۆشەکەوە دەینووسم رێك بیست و یەك نامەی درێژ درێژ وەك قژی کچە هەوریەکە درێژم بۆ تۆ نووسیوە و هەمووشیان ئەوەتە لە ناو جانتاکەم زیندانین و چاوەڕێی ئازادکردنن، بیست نامەیان لە سەر قسەی تۆ با هەر لە زیندان بن بەڵام ئەوەیان قسەی تۆ دەشکێنێ و دێتە دیدارت..))

قسەی من دەشکێنێ، با بشکێنێ، بزانم چۆنی شکاندووە..

((کچە هەوریەکە، ئەها پەلە هەورەکە پرووشاندی بەڵام پەژیوانبۆوە، رایگرت، ئەو هەورە زۆر لە تۆ دەکات، ئەگەر بە چاوی من تەماشایبکەیت هەورەکە تۆی، کچە هەوریە پایزیەکە، من حەزدەکەم کەمێك بە خۆمدا هەڵبڵێم!! سوێندت لە سەرم نیە هێندەی بەژنی خۆم چیرۆکی عەشقم خوێندۆتەوە، لە شیرین و فەرهادەوە بە هەردو دیوی تایتانیکدا برۆ و وەرەوە تا دەگاتەوە چیرۆکی کەریم و ستی تا.. بەڵام هیچیان بە کەڵکی بن درەختی گوڵاوی و پایزی ئەو ساڵەم نەهاتن، هێی، خوێندنەوەی عەشق لە کوێ و عەشق لە کوێ، من رەنگە بە هەڵە عاشق بووبم، نەدەبوو تێبکەوم، ئیدی تێکەوتم، کەوتمە ناو تیشکە زەردەپەڕیەکانی عەشقەوە، کچی هەور، لە تەمەنم نامەی عاشقانەم نەنووسیبوو، کەچی لەو بیست و یەك رۆژە ئەوە بیست و یەك نامەی درێژ بنووسم، تۆ بۆچی نامەم پێدەنووسی! ئەدی نەتگوت مەنووسە، تۆ رەنگە ئاگات لە خۆت نەبێت قسە دەکەیت، من لەو دوورەوە گوێم لێیە دەڵێیت: کوڕی بن درەخت بنووسە، دنیایەك وشەم بۆ بنووسە، هێندەی گەڵای درەختی گوڵاوی، هێندەی بالندەکانی درەختی گوڵاوی، هێندەی ترپەی دڵی خۆت کە بۆ من لێدەدەن وشەم بۆ بنووسە، منیش منداڵانە نا، عاشقانە بێ بیرکردنەوە بە قسەت دەکەم و بڕیارم دا بۆت بنووسم، هەمیشە بۆت بنووسم))

لە بەر خۆمەوە دەمگوت ئەو کوڕە دەڵێی منی باش خوێندۆتەوە، رەنگە ژنە کەسکپۆشەکەش کە کردوویەتیە دایکی خۆی لەو بارەیەوە یارمەتیی دابێت،..

((کچە هەوریەکە، من لەو نامەیە هەر بە کچی هەور ناوت دێنم، ئەوە ناگەیەنێ کە لە ناوەکەی خۆت شیرنتر بێت، تۆ هەر لە ناوەکەی خۆت دێیت، بەڵام من ناوت ناهێنم نەبادا نامەکەم بەر دەستی کەسێك بکەوێت، چ سوێندت لە سەرم نیە، بەڵام سوێند بە هەرچی جوانە، یەکەم جارمە عاشق بم، یەکەم جارمە دەستم بخەمە دەستی کچێکەوە، یەکەم جاریشمە نامە بۆ کچێك بنووسم، من دنیایەك وشەم لە بارەی تامی ژنەوە خوێندۆتەوە بەڵام هەتا ئێستا نازانم چۆنە و تامم نەکردووە... من لە تەمەنم لە ژن ترساوم، ترساوم لێم نزیکبنەوە، لێیان نزیکببمەوە، زۆر دایکم فێری دوژمنایەتی ژنی کردم، کچێکی ئەو زۆردایکە کە کچی باوکم بوو منیش چەندی هەوڵمدا ببێتە خوشکم بەلاش بوو، نەبووە خوشك فێری کردم کە خوشك و برایەتی لە دنیادا نیە، ژنی برا گەورەکەم کە دیتی براکەم شەڕ قاچێکی بڕاندۆتەوە، سێ منداڵی وردی بە سەردا بەجێهێشت و لە کۆڵانێ هاواری کرد: ((من میردی یەك قاچم بۆ چیە)) براژنەکەم فێریکردم پیاو بە رەبەنی بژی پاشایە، کچە چاو کاڵەکەی کۆڵانمان بۆ نالێی دەمدیت گەنجی گەڕەکێ هەر یەکەو یارێکی هەیە، منیش ویستم یارم هەبێ یەك دوو جار تی چاوم دایە چاوکاڵەکە

جاری سێیەم لە پێش چاوی چەند کەسێ هەتا تف هەبوو بە جوێنێکی پیسەوە لە ناو چاوی کردم، کچە چاوکاڵە دەوپیسەکە فێری کردم هەرگیز بیر لە گرتنی یار نەکەمەوە..))

هەستمکرد کەسێك بە سەرمەوەیە، لە دایکم زیاتر کێیە، هەر ئەو نیە من لە خەیاڵ دەپسێنێتەوە، لە نامە دەپچڕێنێ:

+ لەمێژ بوو وازت لە پەڕە کاغەزان هێنابوو، دەستت پێکردەوە؟

- وازم لێبێنە

+ خۆ بە تەمانین بە خۆت و بابتەوە ئەو حکومەتەش بڕووخێن..

- حکومەتەکان هەر بۆ ڕووخان باشن..

+ یان کاخەزی شتیترە.. باشە بە من بڵێ تۆ بۆ مێرد بەو نەخشەسازە ناکەیت شارێکی بە دواوەیە..

- باشترە خۆت مێردی پێبکەیت، واز بێنە دەنا بابم بێتەوە پێیدەڵێم تەمبێت بکات

+ باشە باش، پێچکت بە قوونی بابت..

((کچە هەوریەکە، ئەوە باران دایکرد من و دایکم شانمان بە قەدی درەختی گوڵاوی داوە و باران نامانگرێتەوە، ترسی تەڕبوونی کاخەزەکەم هەیە دەنا حەزم لێبوو لە بن بارانێ بە تەڕی و رستەی تەڕترت بۆ بنووسم، دەزانم ڕەنگە بە درۆی جوانی وەربگریت بەڵام من هیدڵیمە، تا ئەو جارەی لە وێستگەی پاس، ئەوەی ئەها لێرێهێیە، چاومان لە چاوی یەکتر نەبڕی، من عاشقە ژن نەبوومە و نەموێستووە پەیوەندیان لەگەڵ ببەستم، سەیر بوو ئەو هەموو کتێبە دڵداریە و ئەو هەموو شتەم لە سەر مرۆڤایەتی و پەیوەندی نێر و مێ خوێندبۆوە، بەڵام کە دەهاتە سەر ئەوەی بمەوێت لەگەڵ ژن بژیم، نا، من ناتوانم، بەڵام لە چاوەکانی تۆوە خولیای لەگەڵ ژن ئاشتبوونەوە کەوتە سەرم، تا ئەو ڕۆژەی لە تەوقەی یەکەم و تا ئێستاش دوا تەوقە، گەرمابیت لە ڕێی پەنجەکانەوە نەڕژایە گیانمەوە، نەمزانی ژن ئەوهایە...!!))

((پەری، پەری))ئەوە بابمە بانگدەکات، بابم هەمیشە لە هاتنەوەدا لە سەردەرگای حەوشە، بانگم دەکات، پەری پەریی بابم لە باتی لە دەرگا دانە، ئەو دەمانەی سووڕ دەزانێ لە ماڵیش نیم هەر بە پەری پەری دێتە ژوورەوە، دایکم ئەمەی زۆر پێناخۆشە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت، کەیفی بە من نایە، هەستدەکات لە دڵی بابم لە زاری بابم من جێگەی ئەوم گرتۆتەوە، من دەستم لە هەر شتێك بێت،کە گوێم لە (پەری، پەری) ی بابم دەبێت، بەتاڵی دەکەم و بەرەو بابم غاردەدەم، زوو هاتمەوە سەر نامەکە..

((..... ئای ناوتم هێنا، ئەو جێگەیە کە دەبینی خەتی بە سەردا هاتووە ئەوە ناوی تۆیە، ئاگادارببە خەتی چاوەزارییە هی سڕینەوە نیە! خەریك بوو ئەو جارەش ناوت بنووسمەوە، من دەڵێی کەتنێکم لە چاوە، کچە هەوریەکە دەزانی چی؟ ئەوەی لای من زۆر گرنگە، ئاشتبوونەوەمە لەگەڵ ژن، من کە ئەو هەموو ساڵە لە ژن تۆزاوم، یان ژن لە من تۆزاون، ئا هەندێك جار هەستمکردووە ئەوان خۆیان لە من دوور دەگرن، ئەوان دوژمنایەتیان ڕاگەیاندووە، من کە دەڵێم دوژمنایەتیم لەگەڵ ژن هەبووە، مەبەستم ئەوە نیە نەموێستووە لە جوانیان بخۆمەوە، مەبەستم ئەوە نیە نەموێستووە تامیان بکەم، نا دوژمنایەتیەکەی من بۆ ژن ئەوە بوو نەموێستووە هیچ ژنێك زڕدایکم بێت، دایکیشم بێت، هیچ ژنێك زڕ خوشکم بێت، خوشکی لە دایك و باوکیشم بێت، هیچ ژنێکیش ژنم بێت، هەر ژنێك بێت، هەر چی بێت، من ئێستا لەگەڵ ژن ئاشت بوومەتەوە، ئەوەتە تۆ دایکێکت بۆ من پەیدا کرد، ناوی ژنە کەسکپۆشەکەیە، خۆزگە زووتر دەبووە دایکم، تۆ کچەکە، تۆ من و ژنت پێکدی ئاشتکردەوە، من

لەمەودوا رەنگە نەتوانم بێ ژن بژیم، چەند تامەزرۆم ئەو کچەی من و ژنی ئاشتکردەوە، ببێتە ژنی من.. کچی هەور، من ئاگام لە چ بوو! لە خەوێکی قوڵ بووم، لە پڕ لە ئاسمانێکی سپی، ئەستێرەیەکی رەشم لێهەڵات، چ جوانە ئەستێرەی رەش، چ نوێبوونەوەیەکی ژیانە ئەستێرەی رەش، بە مەرجێ نەبێتە بەختم، خاڵت بەختی رەشمە!!...))

قیژەیەك لە کۆڵانەوە دیواری بڕی، دەستم لەرزی، غارمدایە دەرێ، ژنەکەی تەنیشتی مالّی ژنە کەسکپۆشەکە کە لە کۆڵانێ بە ژنی سەر بەخەنە دەناسرایەوە پەنجەکانی هەردوو دەستی لە قژە خەنەییەکەی خۆی نابوو، پێدەچوو تازە خەنەی نوێکردبێتەوە، بە پێخواسی بە کۆڵانێدا رایدەکرد، ئیدی کۆڵان بە دوای کەوت، منیش بەگەڵ کۆڵان کەوتم، نازانم بۆ کوێ دەچین و چی رووبداوە، گوێم لێبوو: (ماوە، ماوە، بریندارە لە خەستەخانەیە)) ئەوە کێیە ئێرەیی بە من دەبات، ئێرەیی بە خوێندنەوەی نامەی کوڕی بن درەختەکە دەبات، هەر جارەی شتێك دێتە پێشێ و لە خوێندنەوەم دەکات، خوێندنەوەی نامەکەی کوڕی بن درەخت، دانە رۆژێکی پتری ویست..

ئەوەی لە بیرمە دوای خوێندنەوەی نامەکە یەکسەر دەستم دا کاخەز و پێنووس، چەند لەمێژ بوو نامەم نەنوسیبوو، ویستم نامەیەکی درێژ لە هی ئەویش درێژتر بنووسم، پەشیمانبوومەوە، نا من ئیدی نامە بۆ کەس نانووسم، نابێت بۆ کەس نامە بنووسم، من تۆبەم لە نامەنووسین کردووە، نەمنووسی، ئۆقرەم نەدەگرت،کاریگەریی نامەکە لە سەرم بە شێوەیەك بوو دەبوو شتێك بکەم..لە بیرمە چووم، بەرە بەرەی رۆژئاوابوون بوو، باران نم نم دەباری، نامەکانی حەفت پایزەی کوڕی پیاوە مەستەکەم هێنا، لە پەنایەکی حەوشە، لە قوژبنێك ئاگرم بەردانێ، نامەی کوڕی بن درەختیش بە دەستمەوە، لە بن لچکی پاڵتۆکەمە، بە دیار سووتانی نامەکانی حەفت پایزەی کوڕی پیاوە مەستەکەوە، جار جارە رستەیەك لە نامەی کوڕی بن درەختم دەخوێندەوە: ((ئەگەر وەك پەلە هەورەکە بە سەر منذا باراندت و بە وشکی بەجێتنەهێشتم، هەوڵ دەدەم دڵۆپ دڵۆپ بتگرمەوە و نەهێڵم..... ئەگەر ژوورێك بووە مالّی هەردووکمان، حەزدەکەم بۆ ماوەیەك ژوورەکە لە جێگەیەك بێت کە ئەو درەختەی لێوە دیار بێت، ئەو درەختەی لە بن گەڵاکانی..... حەزدەکەم شەوی یەکەم، لە ژوورێك بین پەنجەرەکەی روو لە سەفین بێت.. ئەگەر دوا قسەشت خوانەخواستە ئەوەی لێبیدەترسم ئەوە بوو، ئەوا هەر مەنوونم، چاکەیەکت لەگەڵ من کردووە لە بیرناچێتەوە، ئاشتبونەوە لەگەڵ ژن، پەیداکردنی دایکێك بۆ من.....، ئیدی چیدی نامە نانێرم بەلاّم بەردەوام بۆت دەنووسم.....))

ژنه کەسکپۆشەکە:

ئەو رۆژەی کوڕە ژیرەکەی بن درەختەکە لە دڵەوە گوتی: ((تۆ دایکم بە، من کوڕتم)) بووە کوڕم، لەو رۆژەوە من وجاغم کوێر نیە، پێشتر کوڕێکی شێتم هەبوو، بەڵام لەورۆژەوە بوومە خاوەن کوڕێکی ژیر، ژیریی شارێکی هەیە، وەك کچەکەم، خەریکە کوڕەکەم هێندەی کچەکەم خۆشبوێت، بە ماوەیەکی کەم نازانم چۆن لە دڵی من بەو شێوەیە جێگەی خۆی کردەوە، ئەو جارەی لە بن درەختەکە لە تەنیشتم دانیشتبوو،نامەی بۆ پەری دەنووسی، چەند کوڕانە جار جارە سەری هەڵدەبڕی و تەماشای ناوچاوی دایکی خۆی دەکرد، ئەو رۆژە پایزە باراناویە من کوڕی خۆم دیتەوە، کوڕێك کە باوەشم پێداکرد هەستم بە گەرمایی خوێنی کرد، خوێنێك لە خوێنی هەر چوار میێردەکەمەوە هاتبوو، خودا بە گوناهم لە سەر نەنووسێت، کوڕی بن درەختەکە کوڕی راستینەی من بوو لە هەر چوار میێردەکەم، میراتی هەر چوار میێردەکەم کوڕی بن درەخت، کوڕە جوانە ژیرەکەم بەڵێنت پێدەدەم جوانترین کچ، ژیرترین کچ ببێتە بووکم، وەك چۆن گفتم بە کچە جوانە ژیرەکەم داوە کە جوانترین کوڕ ژیرترین کوڕ ببێتە زاوام، هەر دەبێت تۆ و پەری ببنە بووك و زاوا، من چ لە کن پەری چ لە کن کوڕی بن درەخت هەمیشە دەمگوتەوە کە ئێوە دەبێت بۆ یەکتر بن، بەڵام پەری ئاخ لە پەری، هەرچیم دەکرد نەدەهاتە رایێ، پەری ترسابوو لە پیاو ترسابوو، دەبوو چ بکەم تا لەگەڵ پیاو ئاشت بێتەوە..

ئەو رۆژە باراناویەی نامەکەی کوڕەکەمم دایە دەستی پەری، لە سەر دەرگا ئەها لە سەر ئەو کۆسپەیە لە چاوەڕێی پەری مامەوە، ئێستا نا ئێستا دێت و دەڵێت نازانم بۆچی دڵم وای دەگوت کە ئێستا پەری دێت و دەڵێت: بڕۆ بە کوڕەکەت بڵێ من ئامادەم با بێتە داخوازیم..دڵم ئەوهای دەگوت، دەی با بێت و بچم ئەو هەواڵە خۆشە کە لە بەهەشتیشەوە بێت هەر هێندە دڵی کوڕی بن درەختەکە خۆش دەکات، ئێستا نا ئێستا پەری دێت، ئەوەتا پەری هات بەڵام قیژەی ژنی سەر بەخەنە هێنایە دەرێ، ئۆی نازانم کێ بوو بە هەواڵێك، هەواڵێك لە دۆزەخەوە کۆڵانی بە دوای ژنی سەربەخەنە خست، کوڕی ژنی سەربەخەنە لە نزیك مزگەوتی حاجی لەقلەقەکان، بە ناخێری گیانی عەلاگەیەکی رەشی بە دەستەوە دەبێت، ئیدی دوو گوللە دەگرێتەوە و عەلاگەکەی دەبەن، ئەو عەلاگەیەی کە دواتر خۆی گوتی: ((نرخی نیو تفەنگی تێدانەبوو)).. لەگەڕانەوەی کۆڵان من و پەری پێکەوە بووین، گوتم:

+ کچەکەم، نامەی کوڕە جوانەکەمت خوێندەوە؟

پەری بە خەندەیەکی ناسکەوە:

- دەڵێی ئەو رۆژانە کوڕەکەت لە کچەکەت خۆشتر دەوێت..

+ کەسم هێندەی کچەکەم خۆشناوێت، بەڵام کوڕەکشم هێندەی دنیایەك خۆشدەوێت، بە من بڵێ..

- هێشتا تەواوم نەکردووە، نازانم چی دەکەم، ناتوانم، نازانم..

ئەو شەوە لەو شەوانە بوو کە بە قەد سالێك درێژن، بەیانی نەدەدا و نەدەدا، لەو شەوەدا بایی مانگێك نوێژم کردووە، شەو نەدەڕۆیی و نەدەڕۆیی، لەوە شەوە سالێیە بایی سالێك دوعام خوێندووە، شەو نەدەڕۆیی و نەدەڕۆیی، نوێژ و دوعاکانی ئەو شەوەم نە بۆ بەهەشت بوون، نە بۆ دوورکەوتنەوە لە دۆزەخ، تایبەت بوون زۆر تایبەت، تایبەت بە بەیەککگەیشتنی کوڕ و کچەکەی خۆم بوون، ئەو شەوە لە نزیکەوە قسەم لەگەڵ خودا دەکرد، نازانم گوێیلێمبوو، یان نا، ئەو شەوە رەنگە دنیایەك وڕێنەم کردبێت،ئەگەر ئەو ژنەی وا چەند حەفتەیەکە لە

حەوشەمانە و کە سالاّنێکە لە بێخەویدا شەو و رۆژ لێکدی گرێدەداتەوە، ناویشی بۆتە ژنی لە خەو تۆراو، ئەوکاتانەی دڵیشی خۆشە قسەخۆشترین ژنە، بەڵام ئەگەر بەر لە بەیانیەکەی ئەو شەوە ئەو قسانەی لەو شەوەدا لەگەڵ ئاسمان کردبوومن، ژنە لە خەو تۆراوەکە بۆمی نەگێڕابایەتەوە من شتێکی ئەوتۆم لە بیرنەمابوو، ژنە لە خەو تۆراوەکەی ژووڕەکەی تەنیشتم پاڕانەوەکانی منی لە بەر بوو: ((خودایە، خودای بێکەسان، من بۆ خۆم هیچ لە تۆ ناخوازم، تازە چیت لێبخوازم، لە چوار میّردان میّردێکت بۆم نەهێشتەوە، کوڕێکی شێتم هە..، من بۆ خۆم چیت لێبخوازم! خودای من بە تکا تکات لێدەکەم دڵی پەری نەرم بکە، کوڕی بن درەخت ئاگری گرتووە، دڵی نەرم بکە، ئەو کوڕ و کچە دەبێت بۆ یەکتر بن، تۆ ئەگەر لەبیرت بێت ئەو دوانەت بۆ یەکتر دروستکردووە، دەزانی چەند جوان لە یەکتر دێن، هاوشانی یەکترن هاوکوفی یەکترن، هیچ کوڕ وکچێك نیە لەو دنیایە هێندەی ئەو کوڕو کچەی من لە یەکتر بێن، خودای من ئەو کوڕ و کچە بە حەڵاڵی بخە باوەشی یەکترەوە..))

شەوە درێژە پایزیەکە نەدەبڕایەوە، لەو شەوەدا لە کۆڵانێ جگە لە من و ژنە لە خەو تۆراوەکە کەس هەیە بە ئاگا؟ ئا، رەنگە ژنی سەربەخەنەش کە بە دیار کوڕە بریندارەکەیە خەو نەچووبێتە چاوی، کێ نالێ پەریش بە ئاگایە، رەنگە نامەی کوڕی بن درەخت خەوی لە چاو تۆراندبێت، خودایە تۆراندبێتی و لە خەوزڕاندا خەونی من بێتە دی، پەری هەرێ بە خۆی بدا کە دەبێت شوو بە کوڕی بن درەخت بکات، ئەوجا چاوەکانی لێکنێ و هێند بخەوێت هێند بخەوێت لە ئێستاوە لە جیاتی شەوی بووکێنی خەوی خۆی بکات، دڵنیام ئێستا لە کۆڵانێ لەو شەوە پایزیە کە باران نم نم دەبارێ، دەڵێی لایەلایە بۆ زەوی دەکات، لەو شەوە جگە لەو چوار ژنە کەس بە ئاگا نیە، پەری هەر دەبێت بە ئاگا بێت، دیتم، پێوەی دیار بوو نامەکە کاریگەریی زۆر لە سەر دانابوو، چ شەوێکی هێمن بوو ئەو شەوە جگە لە دەنگی نەرمی باران دەنگی هیچ نەدەهات، بارانەکەش سات لە دوای سات نەرمتری دەکردەوە، رێك وەك ئەو دایکەی کە سەرەتا بە دەنگی بەرز لایە لایە بۆ کۆرپەکەی دەکات و بەرە بەرە لەگەڵ برژانگ لە سەر یەك دانانی کۆرپەکەی ئەویش لایە لایە خاوتر نەرمتر دەکاتەوە، بارانەکەش ئەوها، دەڵێی دەزانێت گەرەك خەوتووون، شار لەوەتەی هەیە کپی وای بە خۆیەوە نەدیوە، بە تایبەتی لە دوای رۆژی رابوونەوە، تەقەیەك نایە، رێی تێدەچێت ئەو شەو کەسێك نەکوژرێت! رێی تێدەچێت دزێك بەر تەقە نەدرابێت، سەیرە بێدەنگی شار سەیرە، ئەو بێدەنگیە بەخێر بگێڕی خوایە...

شەوە نازانم چ کاتی شەوە، دەبوو بەیانی دابا، کێ دەزانێت لە کەیەوە شەوە،بەڵام هێشتا هیچ کەڵەبابێك قووقەی لێوە نەهاتووە، هیچ مەلایەك تحمێکی نەکردووە، لە سەر دەرگاوە ئەویش لە سەر دەرگا راوەستابوو، لە ژنی خەو لە چاو تۆراوم پرسی:

+ ئەرێ چ کاتی شەوە؟

- زۆری رۆییوە کەمی ماوە

+ وا بزانم بێخەویی تۆ منیشی گرتەوە

- خوا بکەم هی تۆش من بگرێتەوە

+ خوایە بتگرێتەوە، بە راست شەو چەندی ماوە؟

- هەتا دەستنوێژ دەشۆیت بانگدەدات..

+ من دەستنوێژم هەیە

- دەزانم بەڵاّم نوێی بکەوە، دەستنوێژ زووتر نوێی بکەیتەوە باشترە..

+ بە پێویستی نازانم

- خۆ ئەگەر ئەویدی با پێویستی بە نوێکردنەوە دەکرد..

+ کوا! بە ناشکوری نالێم...

- هەر یەکەو هەندێك تەڕاتیان بردی بەلاّم بە خودای هێشتا بایی چواریتر تەڕایەتیت تێدا ماوە

+ بۆ خۆ دادە سەلما نیم، ئەدی خۆت، بۆ نوێی ناکەیتەوە

- دە، ئەگەر راست دەکەیت گەنجێکی قۆزم بۆ ببینەوە، بزانم چۆن نوێی دەکەمەوە.

+بەو تەمەنەوە گەنجت دەوێ!

- ئەدی کێر پەڕۆ....

ژنی لە خەو تۆراو پەڕۆیەکەی هەر لە زاری بوو، دەسڕێژێك بێدەنگیی شەوی شکاند،دەسڕێژیك نزیك نزیك هەر لە حەوشە، دەسڕێژێك بێرایەکەی ئاگر دا، دەسڕێژێك وەهای شلەژاندم دەست و پێی خۆم نەدەدیتەوە، نەمدەزانی گوللە بە کوێم کەوتووە، لەو دەمە ئەوەی بیستم هاوارێك و رستەیەك، رستەیەك دەتگوت بەراز گوتی((من دایکێکم ناوێت قاچپایەتی کردبێت)، هاوارێك لە دەتگوت لە قوڕگی مامزەوە دەرچوو، هاوارێك هەتا هەتایە لە گوێی من دەنگدەداتەوە، دەستەکانیم گرت، دەستم خستە سەر سینگی، تەڕایی خوێن، وای لە تەڕایی خوێن، لە بن تیشکی گلۆپی بێرایەکە رەنگی خوێنی ژنە لە خەو تۆراوەکە هەر جارەی بە رەنگێك خۆی نیشانی بینایم دەدا، لەو دەمە کەڵەبابێك بانگی دا، مەلا بە دوایەوە، بە سەر تەرمی ژنی لە خەو تۆراو بانگیان دا، خەوت، ژنە لە خەو تۆراوەکە لەگەڵ خەو پێکهاتەوە، تۆران کۆتایی هات، ژن و خەو ئاشتبوونەوە، خەوێکی هەتاهەتایی..یەکەم کەس کە گەیشتە سەرمان پەری بوو، دووەم کەس بابی پەری، سێیەم کەس کۆلّان..

کاتێك رستەی بەرازەکەم بۆ بۆ باوکی پەری گوتەوە، گوتی:

دەمزانی ئەو ریشنە خوێریە وا دەکات، ئەوانە ئایینیان لە قوڕاو گرت، ئەوانە بە قسەی هەندێك کیویی بیابان ئەوها دایکی خۆیان دەکوژن..

بە گریانەوە لە باوکی پەریم پرسی:

کوڕی خۆی کوشتی؟ بۆچی کوشتی؟ من چ نازانم..

پەری بە گریانەوە گوتی:

ئەوە ئیدی، لە دایکی خۆیەوە دەستپێدەکات..

لەوەوە هەندێ قسەی ژنی لە خەو تۆراوی هەمیشە خەوتووم بیرکەوتەوە کە لە بارەی کوڕەکەیەوە دەیگوت، کوڕەکەی پێشئەوەی بڕوات هەڕەشەی لێکردبوو، یەك دوو رۆژ پێشتر شتێکی وای بۆم گێڕایەوە: کوڕەکەم زۆر خراپ تێکچووە، پێیوایە سەر لەبەری ئەو شارە لە خودا هەڵگەڕاونەتەوە، نوێژ و رۆژووەکانیان خواروخێچی تێدایە، جلوبەرگیان هی کافرانە، کوڕەکەم بە منی گوت:

+ دایە ئەگەر تۆ جلوبەرگی ئیسلامی نەپۆشی بە کافری دەمریت

- کوڕم جلوبەرگی ئیسلامی چۆنە؟

+ وەکو ئەو ژنەی بەرانبەرمان

- کوڕم ئەوە کەی جلکە، ئەوە بە من هەڵدەگیرێ؟ دەڵێی جلی چێڵەکەی مالّی باپیرتە، جارێك نەخۆش کەوت ئەوهایان جل دەکرد، ماشەڵڵا ئەو ژنە بە شەمشەمەکوێرە دەچێت..

+ قسەی وا مەکە گوناهت دەگاتێ

- کوڕم تۆش گوناهت دەگاتێ کە دەتەوێت من دەستبەرداری جلوبەرگی نازداری خۆم بم..

+ ئەو جلکەی بەرت ئیسلامی نیە، نوێژیشی لێنایە

- کوڕم وا مەڵێ نەنکی نەنکیشم هەر بەو جلکەوە نوێژیان کردووە و خواش لێیوەرگرتوون..

+ بە چی دەزانی لێیوەرگرتوون؟

- ئەستەغفیروواللاّ، بۆ لێی وەرنەگرتوون؟

+ نەخێر، خودا نوێژی وا وەرناگرێت

- چۆن دەزانی وەریناگرێت؟

+ گوتم وەریناگرێت، تۆش ئەگەر دەتەوێت دایکی من بیت، دەبێت ئەو جلکە کافرییە فڕێدەیت

- کوڕم من بەو جلکەوە دایکت بووم هەر بەو جلکەوەش دایکت دەبم، واز لەو قسانە بێنە، وەرە نانەکەت بخۆ

+ ناخۆم، حەرامە، ئەوەش بزانە دەبینم بە کەیفی خۆت بە دەم پیاوانەوە پێدەکەنیت و لە خودا ناترسیت..

- بڕۆ، هەی حەرامزادەی خوێڕی، گوو دەرخواردی خۆت و ئەو مەلایەش دەدەم کە ئەوهات فێردەکات، بڕۆ نەتبینمەوە، من ئیدی هیچ کوڕێکم نیە..

+ دەڕۆم، بەلاّم خۆت دەگۆڕی بگۆڕە دەنا بەو دەستانەی خۆم دەتنێرمە دۆزەخ، من ئێستا دەچمە ڕێی جیهاد هەر بەڕێی جیهادیشدا بۆ گیانی تۆ دەگەڕێمەوە..

لە بنکەی پۆلیس، هاوارەکە و رستە بەرازییەکە و مشتومڕەکەی نێوان دایك و کوڕەکەیان تۆمارکرد..

من تا هەفتەیەك نەموێرا بچمەوە مالّەکەم، لە مالّی پەری خەوتم، ڕەنگ نەبوو چاو گەرم بکەم ژنە لە خەو تۆراوەکە دەهات، جارێك بە جلکی خوێناویەوە دەهات، جارێك بە جلکی ئالّووالاّوە لە زەماوەند دەهاتەوە، هەر جارەی بە ڕەنگێك بە جۆرێك خۆی نیشانم دەدا، بەلاّم لە هەموویان جلکی کوردیی لەبەر بوو، دەیگوت درەنگمە دەڕۆمەوە بەهەشت، مالّەکەم لەوێیە..

ئای ژنە لە خەوتۆراوەکە بەو ماوە کەمە چۆن لە دلّی من جێگەی خۆت کردەوە، چەند خوشکانە دەردەدلّمان بۆ یەکتر دەکرد، من لە چوار میّردان و تۆ لە سێ، لە دوو کوڕ ئەوها بێکەس مابووینەوە، من کوڕێکی شێت، تۆ کوڕێکی خوێنڕێژت خستەوە، چەند جار خۆی دەیگوت:

خۆزی لە خۆزیداران لە جیاتی ئەو کوڕە گوجیلەیەکم دەبوو، گوجیلە سەگێك، خۆ بەرانبەر شیرەکە وەفای دەبوو، تۆ نازانیت ئەو کوڕە چ مەلعوونە، خانووەکەی فرۆشت، هەرچی هەبوو بردی، خۆ من پێش کەربوونی کوڕەکەم گوزەرانمان زۆر باش بوو لە هیچم کەم نەبوو، ئێستاش ئەوەتە لیفکە دەچنم، هەڕەشەکەش لەوێ بوەستێ، چی بکەم من دەترسم لەوە ڕۆژەوە من چاوم نەچووەتە خەوێ، دکتۆرێش دەڵێ بێخەوی تۆ چ چارەی نیە..

من دلّی ژنە لە خەوتۆراوەکەم دەدایەوە:

خەمت نەبێت، ئیدی لەمەودوا هەتا تەمەن مابێت لێرە دەژین و خوا چی دا پێکەوە دەیخۆین.. خۆ هەتا مالّی پەری مابن ئێمە پەکمان لە هیچ ناکەوێت، تۆ نازانی پەری چ پەریەکە چ بابێکی هەیە، سوێندی خواردووە نابێت هیچ جەمێك ئاگر بکەمەوە، نابینی پەری بە سینیەوە هەر لە ڕێیە..

ژنه له خەوتۆراوەکە هەناسەیەکی قوولّی هەلّدەکێشاو دەیگوت:

تۆ له خوشکم زیاتری، دەزانم، به خودای دەزانم چ دلّێکی باشت هەیه، دەزانم مالّی پەری چ مالّێکن مالّی ئەوها له هیچ کۆلاّنێك نیه.. ئەرێ تۆ هیچ مووچەیەکت نیه، بۆچی؟

گوتم:

کچێ مووچەی چی، کێ منی لەبیرە، جگه له مالّی پەری..

تا ئێستاش هیچ مووچەیەکم نیه له هیچ حکومەتێ، دوو مێردم له پێشمەرگایەتی گیانیان بەخشی یەك له سەربازی یەك له هەلاّتنی گەورە، کوڕەکەشم به دەردی حاجی لەقلەقەکە چوو، دە به خودا بنەمالّەی حاجی لەقلەق چەند قەرەبووکرانەوە، چەند مووچەیان هەیه منیش هەر هێندە، کەچی ئەوەتە سۆرێ ژنەکەی نزیك مالّی ژنه سەگسارەکە که ژنی جاشێك بوو له هەموو جاشان گەورەتر ئێستاش شەهیدانه وەردەگرێت، نەسه بۆ نالّێیت مێردەکەی له قاچاخچیەتی کوژرا شەهیدانەی هەیه مێردانەی هەیه، خاتوون کوڕەکەی لەگەلّ مێردە سەربازەکەی من پێکەوە بزربوون، شەهیدانەی هەیه، منیش له چوار مێردان مێردانەیەکم نیه، ئەدی کوڕەکەم.. ئەدی ئاسك بۆ نالّێیت یەك جار بێوەژن کەوت چوار مووچه چوار بێوەژنانەی هەیه کەچی من چوار جار بێوەژن کەوتمەوە یەك بێوەژنانەم نیه، نا باش بوو من هیچم نەبوو، نامەوێت لەوانه هیچم ناوێت، ئەوانه وەفایان بۆ پەری و بابی پەری نەبوو، چاوەڕێی چیان لێدەکرێت..بابی پەری بۆ من سەد حکومەت دێنێ..

لەو حەفتەیه کۆلاّن شەهیدێك و بریندارێکی بەخشەیه شار، ژنێك به دەستی کوڕەکەی خۆی چووە بەهەشت، ئۆی! کوڕ دایکی خۆی بکوژێت! خودا ئەگەر تاوانباری ئەوها ببەخشێت، من له بنی نوێژێکی بۆ ناکەم، رۆژووێکی بۆ ناگرم، بریندارێکیش به دەستی دزێك رەنگە پاسەوانی کەسێك بێت، لەو حەفتەیه بابی پەری پتر بەخشندەیی و میهرەبانیی به سەرمدا باراند، دایکی پەریش هەر له دەورم بوو بەلاّم نەمدەتوانی هێنده رووی بدەمێ، پەریش هەر لێم جودانەدەبۆوە،پەری ئەو چەند رۆژە هەر بۆ ئەوەی له ژنه له خەو تۆراوەکەم دابڕێنێ و دیمەنه خوێناویەکه له بیناییم کالبکاتەوە سەرهات له دوای سەرهات، چیرۆك له دوای چیرۆکی خۆش و ناسکی بۆم دەگێڕایەوە هەتا ئەو دەمه نەمدەزانی پەری له گێڕانەوەی سەرهاتان هێنده دەستڕەنگینه، رەنگه له رۆژی حەفتەم بووبێت، به پەریم گوت:

تۆ که ئەو هەموو چیرۆکه خۆش و ناسکه دەزانی، دە چیرۆکێکی ناسك ناسك به دلّی من، که هێشتا رووینەداوە، رەنگه لەو رۆژانه رووبدات، بۆم بگێڕەوە..

پەری له مەبەستم تێگەیشت:

پەله مەکه دوور نیه ئەویشت بۆ بگێڕمەوە..

هەر ئەو رۆژە کەسێك کەس نەیدەناسی له دەرگاوە هەوالّێکی دایه پەری و بزربوو:

له لای نەخشەسازی گەرماوەوە هاتووم، به زمانی ئەو پێتدەلّێم: هەر کەسێك تۆ بخوازێت، گوناهی خۆی له ئەستۆی خۆی، تۆ تەنها شایەنی نەخشەسازی.

پەری:

بابم لە هەڕەشەی نەخشەسازی گەرماو ئاگادارنەکردەوە، بەڵام زوو بە کوڕی درەختی گوڵاویم گوت:

تۆ بۆچی خۆت دەخەیتە مەترسی نەخشەسازەوە..

کەچی ئەو گوێی لێنەبوو، بە پێکەنینەوە گوتی:

خۆزگە دەخوازم زەماوەندەکەمان بکەوێتە ئێوارەیەکی بەفراوی، ژوورەکەشمان بڕوانێتە چیا..

خوشکترین دوای ئەو هەموو ساڵە یەکەم جارە بە دارشەقەکەیەوە، دێتە ناو خەڵک، خوشکترین گوتی:

+ ئەگەرحەزدەکەیت کەژاوەکەت با بە کۆڵانی ئێمەدا بڕوات

- پێویست ناکات، من ئەوم لە یادیش نەماوە

+ باشتر

بە خوشکترینم گوت:

- من هەڕەشەکەی نەخشەسازم لە بیرنەمابوو، ئێستا دەترسم..

+ ترسی ناوێت، بیستوومە چووەتە ئەمریکا وەها زوو ناگەڕێتەوە.

- بەڵام هەر دەگەڕێتەوە

+ ئەودەمەی گەڕایەوە و زانیت نیازی خراپە، ئێوە بڕۆن..

ئەو ڕۆژە ژنە کەسکپۆشەکە کە لە یەك کاتدا دایکی بووك بوو، دایکی زاواش، ژنە کەسکپۆشەکە لە ئاهەنگی ئەو ڕۆژە دایکایەتی خۆی بۆ من بۆ کوڕی درەختی گوڵاوی بە دیار خست، دایکێك خودا بۆ دایکایەتیی هێنابووە دنیا، بۆ ئەوەی هێنابووە دنیا کە دە دوازدە منداڵ گەورە بکات، بەڵام حەیف... کەژاوە ڕێی کۆڵانی مااڵی پیاوە مەستەکەی نەگرت، بەڵام لای ئەو وێنەگرە وێنەمان گرت کە کوڕی پیاوە مەستەکە زۆر جار دەیگوت: ڕۆژی گواستنەوە لای ئەو وێنەگرەی برادەرم وێنە دەگرین.. گرتمان بەڵام لەگەڵ کوڕی درەختی گوڵاوی نەك کوڕی پیاوی مەست، لەو کاتەی سواری ماشێنەکە دەبووم، دیتم لاشانێکم دیت، زانی دەیبینم خۆی هاوێشتە پەنایێ، ئا هەو بوو، کوڕی پیاوە مەستەکە، دڵنیام بۆ دیتنی من، منی ناو جلکی بووکێنی هاتبوو، بەڵام ئەو دیتنە لای من شتێك نەبوو، وەك ئەوەی هەر هیچ نەبووبێت،، خوشکترین هاتە بن گوێم:

دڵنیام لەگەڵ ئەو کوڕە ئاسوودە دەبیت..

قومریش ئەو ڕۆژە هەر دەتگوت قومریە، گوتی:

کوڕێکی وەك ئەوەی خۆت بۆ منیش ببینەوە..

دایکی بووك و زاوا هەتا ژووڕە چراخانیەکە لەگەڵمان هات و هەردووکمانی ماچ کردو گوتی:

هەردووکتان گوێتان لێبێ من دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژیتر منداڵێکی جوانم لێتان دەوێت..

کوڕی نەفتفرۆشیش هەتا بەر دەرگای میوانخانەکە دەتگوت پاسەوانمانە لەگەڵمان بوو..

ئێوارەیەکە ڕەنگە ڕەنگەکان لە ڕەنگی سپی بتوێنەوە، لە نهۆمی سەرەوەی میوانخانەکە، پەنجەرەی ژووڕەکە ڕووەو چیا هەڵکەوتووە، لە پەنجەرەوە ڕووناکایی لایەکی شار دیارە، لە خۆوە لە پێش ئاوێنەکە خۆم دیتەوە، وەی چەند جوان بووم بە جلکی سپیەوە، لە دووری من ڕاوەستاوە، دەڵێی شەرم گرتوویەتی و ڕێینادا لێم

نزیکبکەوێتەوە، روو بە رووی یەکتر ئەو لەو دیوی تەختەی خەوتن و من لە مدیو، رەنگە شەرمم کردبێت، سەرم داخست و پشتم تێبکرد، هات، نەرم نەرم هات، دەستی خستە سەر شانم، رێك لە بەر پەنجەرەکە کە پەردەکەی کەمێك کرابۆوە و لەو دەمە بەفر کلوو کلوو دەباری، لێوی هێنا، چاوم داخست، ئۆی لەو لێوە شیرنە، لەو ماچە قوولّە، ئۆی چ شەوێکی سپیە ئەو شەوە، چ شەوێکی شیرینە ئەو شەوە، چ شەوێکی عەشقاویە ئەو شەوە، من پێشتر هەتا پێش گەیشتنی لێو بە لێودەمگوت: ئیدی عەشق نەما، ئەوەی دەبێت مێردکردنێکی ئاساییە و تەواو، بەلاّم لەو ماچەوە هەستمکرد عەشق دەباریّت، لەگەلّ بەفر دەباریّت، دەباریّت ودەڕژێتە گیانمەوە، سەیرە عەشقی من لەگەلّ بەفرە، دەڵێی دەیزانی عەشق و باران پێکەوە دادەکەن بۆیە دەیویست ئاهەنگەکە بکەوێتە شەوێکی بەفراویەوە، ئەوەتا لە ژوورە چراخانیەکە بە تەنیشت یەکەوە دانیشتووین، رەنگە رووناکایی ژوورەکە ئاسایی بێت دوور نیە کەمێك بەلای تاریکیشدا بکەوێتەوە، بەلاّم لە دیدی منەوە رووناکترین ژوورە، رووناکترین شەوە، ئەو شەوە چ شەوێکی سپیە،دنیا سپیە، لە پەنجەرەوە دیارە شار سپیە، دنیا سپیە هەر دەڵی هەرچی فریشتەی خوداوەند هەیە بە جلکی سپیەوە دابەزیون و سپێتی بە سەر شاردا دابەشدەکەن، حەفت مانگێکە کوڕی درەختی گوڵاوی دەناسم، جگە لەم شەو تەوقەیەکی لێدەرچێ پەنجەی بەر جێگەیەکم نەکەوتووە، بەلاّم دەڵێی حەفت ساڵە دەیناسم و دەمێکە لە سەر جەستەی خۆم نەخشاندوومە و چەندم خۆشدەوێت، ئەگەر زووتر دەمزانی کەسێك پەیدا دەبێت بەو شێوەیەم خۆشدەوێت، خۆم وا لێدەکرد! بۆ کوڕی پیاوە مەستەکە ئەو هەموو خەفەتەم لە خۆم بار دەکرد! لە دەرەوە بەفر لە ژوورەوە عەشق، لە دەرەوە و ژوورەوە بەفری عەشق، من ئێستا لە ژوورێکم پڕ لە عەشق، پەنجەرەکەی لە عەشقەوە بە سەر عەشقدا دەڕوانێت، کوڕی درەختی گوڵاوی شووشە شووشە گوڵاوی عەشق دەپژێنێ، ئەوەتە لە باوەشی کوڕی درەختی گوڵاوی لە دوا شەوی پایزێکی بەفراوی، گەرمایی عەشق دەڕژێتە گیانمەوە..ئەگەر دەنگم دەگاتە خوشکترین دەڵێم:

دڵنیابە من لەگەلّ کوڕی درەختی گوڵاوی ئاسوودەم

بە قومری بڵێم:

خۆزگە تۆش دەچوویە باوەشی کوڕێکی درەختەوە

ئەگەر دەنگم دەگاتە ژنە کەسکپۆشەکە، دەڵێم:

ئەها ئێستا، هەر ئێستا مندالّێك تۆماردەکەم..

رەنگە کاتی مالّنووستنان بێت، شار کپە، سەیرە کپە، شەوی شار قەد بێ تەقوتۆق نەبووە، دەڵێی چەکدارەکان، جەردەکان، دزەکان، دەزانن من و کوڕی درەختی گوڵاوی لە عەشقین، متەقیان لە خۆیان بڕیوە و نایانەوێت لە عەشقمان بکەن، کوڕی درەختی گوڵاوی وەهای دەگوشیم، وەهای دەمژیم، پێوەی دیاربوو جاری یەکەمە تامی ژن بکات، من باوەڕم هێنا کە دەستی بەر هیچ ژنێك نەکەوتووە، تامی ژنی نەکردووە، ماچی یەکەمی خۆی لە لێوی من تۆمارکردووە، خۆزگەم بە خۆی! نا، بۆچی خۆزگە، منیش ئەوەتە هەر دەڵێی جاری یەکممە کوڕ لە باوەش دەگرم، دەڵێی ماچی یەکەمم..وا دیارە کوڕی درەختی گوڵاوی چیدی بەرگەی نەمابێت، دەیەوێت ئەوەی کوڕی پیاوە مەستەکە، ئەوەی دوو دەمامکدراوەکە بە حەرامی کردیان ئەو بە حەلاّڵی بیکات، منیش هەر ئەوەم دەویست، ئەوەتا خەریکە دێتە ناو رانەکانم، هات، نا ئەوە کوڕی درەختی گوڵاوی نیە، ئەویدیە کوڕی پیاوە مەستەکەیە، با رانەکانم توند بکەم، باشە من ئێستا لای کامیانم، ئەوڕۆ شووم بە کامیان کرد، ئەوەی لە ئێوارەوە لە باوەشیم کامیان بوو، چی روویدا، خەونە، ئەو زەماوەندە خەون بوو، کوڕی درەختی گوڵاوی خەون

بوو، ئێرە کوێیە، نهۆمی سەرەوەی مێوانخانەکە یان ژووری کۆڕی پیاوە مەستەکە ژووری داپرتەقاڵ و هەنار و بیە بەرزەکە، من چ لەوە تێناگەم، کۆڕی پیاوە مەستەکە ئەوەی ئێستا لە کچی بازرگانەکە منداڵیشی هەیە ئەوەی لە پێش وێنەگرەکە لاشانێکیم دیت، بەم شەوە چۆن گەیشتە نهۆمی سەرەوەی ئەو مێوانخانەیە و چۆن خۆی هاویشتە ناو رانەکانی من! ئەدی کۆڕی درەختی گوڵاوی چی بە سەر هات ! تازە لە باوەشی من نەبوو! ئەوە دیارە مێشکی لە سەر نیە، دیارە بە پاڵێك هۆشی نایەتەوە سەر، زللەیەکی توندی دەوێت، رانەکانم توندتر کرد و هەتا هێزم تێدا بوو زللەیەکم خەواندە بنا گوێی کۆڕی پیاوە مەستەکە، زللەیەك زرچەی هات، زللەیەك بێدەنگیی ژوور و شار و دنیای شکاند.. ئای! ئەو زللەم لە کێ دا، چاوم رەشکەپێشکە دەکات، کۆڕی درەختی گوڵاوی کەی هاتەوە ناوە رانەکانم و کۆڕی پیاوە مەستەکە کوا! لە بیرمە قیژەیەکم لێدا، چ قیژە! کۆڕی درەختی گوڵاوی دواتر بۆ گاڵتە دەیگوت((مێوانخانە و مااڵەکانی دەوروبەری هەموو زانیان کە پیاوێك بە زاوابوو)). لە بیرمە کۆڕی درەختی گوڵاوی لێم دوورکەوتەوە، پەرداخێك ئاوی دامێ، لێم نزیك نەدەبۆوە و هەر دەیگوت: ((ببوورە، ببوورە، چ نیە، چاك دەبیت، چاك دەبیت)) من ترسام لە شێتبوون ترسام، چ ترسناکە لە شەوی بووکێنی شێت بیت، خودایە شێتم مەکە، کۆڕی پیاوە مەستەکە بۆ وا دەکات، بۆچی وازم لێناهێنێ، من وازم لێیهێناوە، نایناسم، هەرچی لەگەڵم کرد گەردنی ئازاد، با واز بێنێت، واز لە کۆڕی درەختی گوڵاوی بێنێت، من ژنی ئەو کۆڕە درەختیەم، دەستم بشکی ئەو زللەیەم بۆ لێیدا! گریام بە کوڵ گریام، خۆم هاویشتەوە باوەشی،لە بەر گریان لە بەر فرمێسك زارم هەڵنەدەپچڕی داوای لێبووردنی لێبکەم، ماچم کرد، چاوەکانیم ماچ کرد، تێگەیشت، هەڵەیەك هەیە، تێگەیشت شتێك هەیە، تێگەیشت رابردوویکی تاڵ لەو ساتە خۆی قیت کردۆتەوە، نێوچەوانمی ماچ کرد، نەرم نەرم دەستی بە قژمدا دەهێنا، چەند سەرهاتێکی ناسك و پێکەنیناوی بۆم گێڕایەوە..هاتمە قسە داوای لێبووردنم لێیکرد، ئەو قسەی بە لایەکیدیدا دەبرد، وەك ئەوەی هیچ رووینەدابێت، من دەهاتمەوە سەر مەبەست ئەو دوورتر دەکەوتەوە، گوتم:

+ دەمەوێت تێتبگەیەنم، بۆچی ئەو زللەیەم لێت دا..

- تێگەیشتم، پێویست ناکات..

+ پێویست دەکات، دەزانی..

- دەزانم، هەر وات دەزانی لە زیندانی و دە واز لەو شتە بێنە، با بۆ خۆمان قسەی خۆش بکەین

+ زیندان، نا..

- من حەز بە گێڕانەوەی چیرۆکی ناخۆش ناکەم.. کچێ دە تۆ گوێ لە من بگرە، دەزانم ئەو رابردووە تاڵە تا ماوەیەك لێتنابێتەوە، من پەلەم نیە، هەتا لە الت زۆر ئاسایی نەبێتەوە، دەستت لێنادەم، حەزدەکەیت هەر بە تەنیشت یەکەوەش ناخەوین، دە واز لەو شتانە بێنە، من و تۆ پێکەوە لە ژوورێك بین بەسەم بۆ من هەمووشتێکە..

چەند جاری دەهاتە سەر زارم باسی کۆڕی پیاوە مەستەکەی بۆ بکەم باسی دوو پیاوە دەمامکدراوەکەی بۆ بکەم، قسەی دەبڕیم، یان من دەمگێڕاوە و نەمدەکرد، کۆڕی درەختی گوڵاوی بە مەیلەو فەرمانکردنەوەو بە پێکەنینەوە گوتی:

لەو بارەیەوە دوا رستە دەڵێم و ئیدی ئەو بابەتە داخە، دەزانی دوا رستەکە چیە؟

هەندێك هاتبوومەوە سەرەخۆ:

نازانم، هەرچی دەیڵێی بیڵێ من رازیم..

پێکەنی جوان پێکەنی:

سبەینێ بە ژنە کەسکپۆشەکە بڵێ منداڵەکە لەو وادەیەی دیارت کردووە چل رۆژ دوا دەکەوێت

منیش پێکەنیم:

نا چل نا چوار بەسە..

جوانتر پێکەنی، ماچێکی خاڵە سەربەگۆبەندەکەی کرد و گوتی:

بە دڵی تۆ، دەی ئێستا بڕەوە، تۆ پێویستت بە خەوە..

باسکی بۆم کرد بە سەرین، ئەوەتا جێی من کەوتۆتە لای دڵی وی، پەنجەکانی دەستی چەپم لە ناو مووی چڕی سینگی بزر دەبن، خزامە ئەو ئاسوودەییەی کە خوشکترین لێی دڵنیا بوو، خۆزگە کوڕی پیاوە مەستەکە لێدەگەڕا داخوازیی ژنە کەسکپۆشەکەشم دەهێنایە دی، دەبۆرژێم ئا، دەبێت بۆرژایم، زرمەیەك هێندەی بەرز کردمەوە، جامی پەنجەرەی ژوورەکەی ئێمە هاتە خوارەوە؟ هەڕەشەی نەخشەسازی گەرماوم بیرکەوتەوە، دەستم بە لەشی کوڕی دڕەختی گوڵاویدا هێنا، ئۆخەیش سەلامەتە، دڕەنگتر پێکەوتم پەنجەرەی ژوورەکەی تەنیشتمانە نەك هی ئێمە، کەسیش بەرنەکەوتووە، کەسیش نەیزانی گوللە لە کوێوە هات و بۆ کێ، وێستمان ژوورەکەمان بگۆڕین، نەمانگۆڕی، ژوورەکان هەموویان ڕووە و گوللە بوون، جیاوازیەك لە نێوانیان نەبوو، چمان کرد، هاتین راستی پەنجەرەمان بەجێهێشت و هاتینە پەنا، باشە گوللە راستەوخۆ نایگرێتەوە، خەو زڕا، ئەو شەوە تا بەیانی کوڕی دڕەخت لە دەورم سووڕا، دەچووە لای پەنجەرەکە و دەستی بۆ بەفر دەگرتەوە، دەهاتەوە لام بۆنی دەکردم، دەستی بە قژمدا دەهێناو دەیگوت: بڕەوە پەری بڕەوە، من ئیدی ئێشکگری لە پەری دەکەم، من ئەگەر تەقەش نەبا هەر نەدەخەوتم، دامنابوو زوو دامنابوو لەو شەوەدا هەتا ڕۆژدەبێتەوە وەك پەروانە بە دەوری ڕووناکایی تۆدا بسووڕێمەوە، بنوو مۆمە هەمیشە گەشەکەی ژیانم تۆ بنوو، تۆ هەر ڕووناکی لە نووستندا ڕووناکتر دەبیەوە، بڕەوە من ئەو شەو حاڵی عەشقم گرتووە، زیکری تۆ دەکەم، تا بەیانی نوێژی عەشق بۆ تۆ دەکەم..

ئەو شەوە نە من خەوتم نە کوڕی دڕەختی گوڵاوی ئەو شەوە منیش حاڵی عەشقم گرتبوو، بەڵام وەك وی گەرم نا..

بۆ بەیانی چووینە ماڵە یەك ژووریەکەی خۆمان، هەر سەر لە ئێوارەوە من خەوتم، نازانم کوڕی دڕەختی گوڵاوی دیسانەوە لە حاڵی گەرمی عەشقدا بوو یان، ئەوە گەیشتینە شەوی سێیەم، ئەوە دەچمە باوەشی، با بۆی ڕاکشێم و خۆم شل بکەم، ئەوە هات، گەیشتێ و نەگەیشتێ، ئۆی! کوڕی پیاوە مەستەکە ئەو ماڵەشی دیتەوە، دیسانەوە هاتە جێی کوڕی دڕەختی گوڵاوی، واز ناهێنێ، ئەو جارە زللەم لێینەدا، پاڵێکی هێواشم پێوەنا، هێواش هی ئەوە نەبوو خۆی تێکبدا، کەچی یەکسەر کشاندیەوەو کشایەوە، ئۆی! من پاڵم بە کێوە نا، من شێت دەبم، کوڕی پیاوە مەستەکە من شێت دەکات، وازم لێناهێنێ، کوڕی دڕەختی گوڵاوی دوورکەوتەوە، ڕووی چەند تەنکە، ئەوجارە بڵێم چی، ببوورە ببوورە، چ کەڵکی هەیە، بەڵام کوڕی دڕەختی گوڵاوی دڵی لەوە فراوانترە بەو پاڵپێوەنانە بەو زللانە شێلو بێت.. بە ژمار سی و نۆ شەو، هەر وەختێك کە دەمویست کوڕی دڕەخت بێنمە ناو ڕانەکانمەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە دەگەیشتە سەرمان و ئەوی لادەداو بە خۆی دەهاتە جێی وی، منیش پاڵێکم پێوەدەنا، لە کاتی پاڵەکە کوڕی دڕەختی گوڵاوی دەهاتەوە و ئەو بزر دەبوو، چلەمین شەو کوڕی دڕەختی گوڵاوی هات، چەندی چاوەڕێم کرد، نەهات کوڕی پیاوە مەستەکە نەهات، چەند چاوم تێبڕی، خۆی بوو کوڕی دڕەختی گوڵاوی بوو، لە ناو ڕانەکانم مایەوە جێگەی خۆی بۆ کەس چۆلنەکرد، بەزی کوڕی پیاوە مەستەکە بەزی، لەو شەوەدا ماچێکی قوڵ،

کوڕی دڕەختی گوڵاوی گۆتەنی کە لەگەڵ شەوی یەکەمی تێکەڵ کردبوو، هەموو سااڵێ لە یادی یەکەم ماچی خۆیدا بۆمنی دەگوتەوە، بە بێ ئەوەی یەك وشەش بپەڕێنێت زیادی بکات، دەیلێتەوە((ماچێکی قوواڵتر لە تەمەن، ماچێکی شیرین شیرنتر لە ژیان، ماچێکی نەمر، نەمر وەك ماچی یەکەم، نەمر وەك ماچ خۆی، ڕەنگە هەر لەو شەوەش پەری بەری ماچی گرتبێت، ئەو شەوە بەفراویە چ شەوێك بوو، چ کودەتایەکی سپی بوو بە سەر تەنیاییدا، چ تێکەڵبوونەوەیەکی سرووشتیانە لەو شەوەدا هاتە دنیا، هەر دەبێ ماچ زادەی ئەو شەوە بووبێت، ئەرێ ئەو شەوە بەفراویە خەونە یان راستی، با لە پەری بپرسین))

منیش دەمگوت، منیش دەڵێم:

((خەونێکی راستیە، ئیدی تۆ بابی ماچی))

الی من شەوی چلە شەوی یەکەم بوو شەوی هەنگوین بوو، شەوەکانی پێشوو کوڕی پیاوە مەستەکە دەهات و شەوی لێ بە ژەهر دەکردم، وای لە کوڕی پیاوە مەستەکە دەڵێی جادووی لێ کردووم، شەوی دوای شەوی چلە، لە کاتی خۆی بێ دواکەوتن لە پەنجەرە بچووکەکەوە کە بن پەردە ئەستوورەکەوە خۆی نیشانم دا بەاڵم نەمهێشت بابی ماچ هەستپێبکات، رانەکانم توند نەکرد، شەوی دواتر، دیسانەوە دیتمەوە لە کاتی خۆی لە پەنجەرەی هەواییەوە تیچاوێکی دامێ، ئەوجارەش چاوی خۆم داخست و بابی ماچ کاری خۆی کرد، شەوەکانی تر زۆربەی شەوەکانیتر لە کاتی خۆی، بێ دوا کەوتن کوڕی پیاوە مەستەکە هەر جارەی لە جێگەیەکەوە خۆی نیشانم دەدا،هەر جارەی جێگەیەکی خۆی نیشانم دەدا، قسانەکات گوێم لێیە قسانەکات، نایەڵێت بە دڵی خۆم چێژ لە بابی ماچ وەرگرم.. وازناهێنێت گلەیی هەیە، لە بن لێوانەوە قسەدەکات، من تێیدەگەم، بەاڵم گوێی پێنادەم، ئیدی من شتێکم لەگەڵ ئەو نیە، بۆچی رێنادا من چێژی ناو ران ببینم! من ژنی بابی ماچم، من لەگەڵ بابی ماچ لە ماڵێکی عەشقاوی بۆ هەمیشە لە ژوانین..

هەر لە یادی سااڵێکی رێك بە سەر تێپەڕینی یەکەم ماچی کوڕی دڕەختی گوڵاوی کە دەکەوێتە دوا شەوی پایز، من بە ئاشکرا ناوم لە کوڕی دڕەختی گوڵاوی نا(بابی ماچ) و کەسێك نەما بە ناوی کوڕی دڕەختی گوڵاوی..

لە دووەم سااڵوەگەڕی دوا شەوی پایز، شەو دڕەنگان لە باوەشی یەکتر بووین، کاتی ئەوە بوو کە وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی کوڕی پیاوە مەستەکە دیارکەوێت و سەرو دڵم بگرێت، بەاڵم لەو دەمە لە جیاتی خۆی شتێکی بە پەنجەرەکەدا دادا، نا شت نەبوو، دەست بوو لە پەنجەرەکەی دا، دەستی ئەو یان کەسێکیتر، خێرا خۆمان لەبەر کردەوە، بە بن دەرگاوە خۆمان گرت، هەستمان راگرت، چ دیار نیە، هەست و خوست نیە، چ نەبوو، بە حەوشەکەدا گەڕاین شتێکمان نەدیتەوە، کە رۆژ بۆوە من هەر دەگەڕام بە حەوشەدا دەگەڕام ئێ شتێك شوێنەوارێك ببینمەوە، ئاخر ئەو شەو شتێك بەو پەنجەرەیە کەوت، دەستێك بەو پەنجەرەیە کەوت، بەرد، نا بەرد نەبوو، ورد لە پەنجەرەکەم دەڕوانی بە دوای درزێك قرنجانێکدا دەگەڕام، بەاڵم شتێکیدیم دیتەوە، لە سەر جامی سەرەوەی پەنجەرە بە خەتێکی سووری ورد نووسراوە((پەری هێشتا نەچووە بچێت، چەندی زوو تەاڵق لە مێردەکەت وەرگریت، گیانی پارێزراوترە))

کوڕی نەفتفرۆش:

هەر ئەوەتە دێتە بیرم باپیرم کە لە سەر رۆخی گۆڕ بوو دەیگوت: ((قسەی من نیە هی باپیرمە هەر نەوەیەك لە تەمەنی خۆی بە لای کەمیەوە گرانیەك دەبینێت، من گرانیی گەورەم دیوە، بابم گرانیی دیوە، باپیرم گرانیی گەورەتری دیوە، ئاگادار بن کوڕەکانیشم نەوەکانیشم دەیبینن)) منیش دیتم گرانیی گەورەم دیت، ئەو رۆژانەی لە سەر پردێ تەڕەم دەفرۆشت، رۆژانی سەرەتای گرانی بوون، گرانی رۆژ دوای رۆژ گرانایی پتر دەبوو، من رۆژانە دیمەنی گرانیی گەورەم دەدیت، بەلآم تا هەوالّی گوارەکانی دەستی دایکم نەبیست، ترسناکایی گرانی بەو رادەیە نەیترساندبووم، دایکم یازدە سالآ هەموو رۆژانی چوار شەمە پێش رۆژئاوابوون، هەقی نەبوو بارانە، تۆفانە، گەرمایە، گوارەکانی لە ناو چەفیە سوور باوەکە دەردەهێنا و دەهاتە سەر دەرگای حەوشە یەك یەك ئەو ژنانەی لە کۆلآنێ لە سەر دەرگا راوەستابوون، دانیشتبوون، دەچووە لایان بانگی دەکردن:

ئەها گوارەکانی غەزال ببینن، غەزالی کچم، شەو و رۆژێکی لە گوێ کرد، ئەدی سێشەمە عەسرەکەی بۆیم نەکڕی، ئەدی چوارشەمە درەنگانی عەسر ئەودەمانە، لێرە لە بەر چاوی هەموان، پارچە ئاسنێك لە ئاسمانەوە نەهات، نەچەقیە سینگی غەزالی من، ئەدی ئەو چەفیە سوورەشی لە سەر نەبوو، ئەها هێشتا تەڕە، دەستی بدەنێ هێشتا تەڕە، خوێنی غەزالی من هێشتا وشك نەبۆتەوە، هەتا تەیارەیەك لە ئاسمانێ لە دنیایێ بێنی خوێنی غەزالی من وشك نابێتەوە، گوێ لە من بگرن لەگەلآنگۆمە، ژنینە بە قسەی من بکەن، نەکەن رۆژی سێشەموان هیچ شتێك بکڕن، هیچ تێکەولێکەیەك بکەن، من کوێراییم دایە، دەستەکانم بشکێ، خۆ دەمزانی سێشەموان و شت کڕینیان نەگوتووە بەلآم یاخوا نەگەمە ئێوارێ، کڕیم گوارەم بۆ غەزالی جوانە مەرگم کڕی، ئەوەتا گوارەکانی، ئەها چەند زەرد و جوانن هەر دەلّێی گەردنی زەردی غەزالەکەمن، ئەها چەفیەکەی غەزالّم چەند سوورە هەر دەلّێی سەری رووەمەتی غەزالەکەمن، تو خوا ئەو کاتەی دەمرم بە بیری نەفتفرۆشی بێننەوە کە کە ئەو چەفیە و گوارەیە لە بیرنەکات لەگەلّمدا بیانخاتە گۆڕەکەوە، ئاواتی من هەر ئەوەیە کە چەفیە و گوارەکانی غەزال لای خۆم بن، لە گۆڕیشدا لێم جودا نەبنەوە))

دایکم یازدە سالّی رێك وەرز وەرز، مانگ مانگ، چوارشەم چوارشەم پێش رۆژئاوابوون لەو سەرەوە تا ئەوسەری کۆلآن دەرگا دەرگا، ژن ژن، دەگەڕاو قسەکانی خۆی کە لە نوێژ جوانتری لەبەر بوو، دەیگوتەوە، هەبوو ناویان لەو قسانەی دایکم نابوو، ئایەتەکانی دایکی غەزال، حەیف! منیش دەلّێم حەیف، دایکم بە ئاواتەکەی ناگات.. نیوەڕۆیەك خوشکە منداڵکەم بە دایکم دەلّێ:

دایە لە مالّی حەلا بۆنی گۆشت دێت، هەموو رۆژێك لە مالّیان بۆنی گۆشت دێت، بەلآم بۆنەکەی ئەوڕۆ گەلەك خۆش بوو، دایە دەی با لە مالّی ئێمەش هەموو رۆژێك نا بەس ئەوڕۆ با بۆنی گۆشت بێت..

حەلا کچی ئەو پیاوە بوو کە پێشتر پێش رۆژی رابوون پاسەوانی پارێزگار بوو، دواتر بووە پاسەوانی نەخشەسازی گەرماو، وەختانێك زوو زوو لە تەلەفزیۆن نیشانی دەدا کە دەتگوت شۆفەلّە رێی بۆ نەخشەساز دەکردەوە.. ئیدی دایکم بەرگە ناگرێت، گوارەکانی غەزال دەباتە ناو زێرنگران و بە گۆشتەوە دەگەڕێتەوە، دایکم هەر ئەو رۆژی خەلّکی کۆلآن لە گوارەکە ئاگادار دەکاتەوە، بە چەفەی رووتەوە رووت لە گوارە، مالّ مالّ دەگەڕێت، بە گریانەوە دەلّێت: گرانی گرانی، گرانی نەیهێشت گوارە جوانەکانی غەزالی جوانم لەگەلّ خۆم ببەمە گۆڕەوە، بەلآم

چەفیە، چەفیەی بەتاڵ لە گوارە، لەگەڵ خۆم دەبەم، توخوا کە مردم چەفیەکەی غەزاڵم لە سەر سینگ دانێن، ئای ئێستاش..

مردنی یەك لە دوای یەکی شێتەکانیش هەر لەو پایزەوە لەو زستانەوە دەستیپێکرد، ئەو ساڵە بە ساڵی مردنی شێتەکان چووە یادەوەری شارەوە، لە ماوەی پەنجا ساڵ هێندەی ئەو ساڵە شێت نەمردووە، لەو ساڵانە جگە لە کوڕەکەی ژنە کەسکپۆشەکە هیچ شێتێك بە گوللە نەمردووە، پێش کوڕی ژنە کەسکپۆشەکە یەك شێت لە رۆژی هەڵاتنی گەورە شێتێك بە دەستی پاسەوانانی کۆمار کوژراوە،هەر ئەو دووانە و بەس بە گوللە مردوون.. هەموویان یەك لە دوای یەك لە برسان لە سەرما رەقهەڵدەهاتن و گیانیان دەبەخشیە شاری دڵڕەق، هەر لەو ساڵەوەش شار دڵرەقیی خۆی نیشاندا، بەزەیی بە شێتەکانی نەدەهاتەوە، بەزەیی بە دەرۆزەکەرەکانیدا نەدەهاتەوە، پێشتر شار بەبەزەییترین شاری دنیا بوو، هەمیشە دەستی بۆ گیرفانەکانی دەبرد و هیچ دەرۆزەکەرێکی خۆی نامراد نەکردووە، زستانان ئەگەر بە پەلکی سنەوبەرەکانیشی با، بە پەلکە وەریوەکانیشی با، شێتە سەرمابردەلەکانی خۆی، دەرۆزەکەرە بێ جێورێیەکانی خۆی دادەپۆشی و گەرمی دەکردنەوە، شار پێش ئەو ساڵە هەمیشە لە مزگەوتەکانی خۆیەوە، لە پەنا تاریکەکانی خۆیەوە لەگەن لە گەن شیوی رێزدەکرد و کەس بە برسێتی شەو سەری نەدەنایەوە، لەو ساڵەوە چەتە و رێگری دنیا لەو دیوی زێیەکانەوە هاتن و شاریان رووتکردەوە، وەك لەپی دەست رووتیان کردەوە، وەك درەختە وەرزیەکانی دەم بای کۆتایی پایز رووتیان کردەوە، چەتەو رێگری دنیا هاتن و بە رێنوێنی چەتەکانی شار، لە شەقامەکان لە سەرە کۆڵانان بازگەی گومرگیان دانا، جامە ماستیان گومرگ دەکرد، دەستەی هێلکە و عەلاگەی کولێرەیان گومرگ دەکرد، چەتەو رێگری ئەو دیوی زێیەکان چیان گومرگ نەدەکرد، دەرۆزەکەر دەبوو گومرگ بدا، چەتەو رێگرەکان چیان نەدەکرد،نەخۆشیی شێتبوونیان بە شار وەرکرد، ئەگەر مردن بە ناو شێتەکان وەرنەبا، شار جێگەی شێتی لێدەبۆوە! شێتێك دەمرد یەکێتر شێت دەبوو، چەتەو رێگرەکان چەند کەسیان شێتکرد، رۆژ نەبوو هیچ کۆڵانێك شێتێکی نوێ بە شار وەرنەکات، برسێتی شێتی دەخستەوە برسێتی شێتی دەبردەوە، دایکم دوای فرۆشتنی گوارەکانی غەزال هێندەی نەبرد شێت بوو، نایبینن ئەو ژنەی ناوە ناوە لە باخەڵی چەفیەکی سووربراو دەردێنێ، تێر تێر بۆنی دەکات و لە باخەڵی دەنێتەوە، ئەو ژنە دایکی منە، دایکی کوڕی نەفتفرۆش، گوێتان لێنیە، لێی نزیکببنەوە، دەبیستن((گوراەکانی غەزاڵم بدەنەوە، پارەکەم بۆ هێناونەتەوە، گوارەکانی غەزال، غەزال)) ئەوە دەنگی دایکی منە.. منیش پەری نەبا شێت دەبووم، وەك دایکم شێت دەبووم، پەری دڵی باشە، گوزەرانیان لە ئێمە باشتربوو، کاتێك بیستی دایکم گوارەکانی فرۆشتووە، ئاگری گرت گەلێك سەرکۆنەی کردم:

+ خۆ من سەد جار پێمگوتی، ئێمە گوزەرانمان خراپ نیە، شەرمی ناوێت

- نا، من شەرم لە هەر کێ بکەم لە تۆ ناکەم، تۆ خوشکە هەمیشە دڵسۆزەکەی منی

+ نا، ئەگەر ئەو خوشکە بام کە باسی دەکەیت، نەدەبوو..

لە دوای گوارەکانی دایکمەوە چەند جار پەری خوشکانە زۆر خوشکانە بە شێوەیەك کە شەرمەزاری لێنەکەوێتەوە بە شێوەیەك هەر لە خۆی دێت، بێتەوەی من ئاگام لێبێت یارمەتیی مانّمانی دەدا...

هەر لە ساڵی شێتبوون و مردنی شێتەکان وکوژرانی کوڕە شێتەکەی ژنە کەسکپۆشەکە، نیوەڕۆیەك بە رێکەوت لە فولکەی کۆترەکە پەریم دیت ، پەری رەنگی پەڕی بوو، سەرەتا نەیدەویست چ بڵێ:

+ چ نیە، شتێکی وا نیە

- پەری لەو رۆژەوەی فڕۆکەکە غەزالی خوشکمی لێسەندین، تۆ بوویتە خوشکم، جگە لەوەش من و تۆ شتمان لە یەکتر نەشاردۆتەوە، ئایا ئەو کێشەیە هێندە تایبەتە پێویست ناکات من بیزانم..

+ نا، تایبەت نیە..

- ئێ، دە بە منی بڵێ، بزانم چیە

+ نەخشەسازی گەرماو هەڕەشە دەکات

- چۆن؟!

هەڕەشەی نەخشەساز فشە نیە، ئەوە نیە بە هەندی وەرنەگریت، خۆی هەموو شتە، بە ئاماژەیەکی ئەو ریزە پیاوێك دەکوژرێت، بە فیکەیەك هەرچی سەگوسوار هەیە لە دەوری خڕدەبەنەوەو دەست لە سەر سینگ بۆی رادەوەستن، نەخشەساز قەت ئەو پیاوەی پێش وەرزی رابوون نیە، ئەو سالانە هەر سالّی مردنی شێتان و شێتبوون و گرانیی گەورەو فرۆشتنی گوارەی مردووان نەبوو، ژن نوێکردنەوەش هەر لەو سالّەوە دەستپێکرد، سالّی بە زۆر تەلاقدانیش بوو،بە کوشتدانی ئەو پیاوانەی ژنەکانیان لە جوانیدا بێ وێنە بوون، هەر لەو سالانەوە سەری کرد، مێردی پەری لە هەموو ئەو پیاوانە پتر شایەنی بە کوشتدان بوو، هەر نەخشەسازی گەرماو نا بەرپرسیترین هەبوون چاویان برِیبووە پەری، من دەمبیستەوە، لەو لاو لەم لا دەمبیستەوە، بەڵام لای پەری قسەم نەدەکرد، رەنگە خۆیشی ئەم قسانەی بیستبێتەوە.. پەری ناهەقی نەبووکە نەیدەویست بۆم باس نەکات، دەزانێت کێشەی من لەگەڵ وی کەم نیە،ئەوە نەبوو زوو هێشتا هێندەش گەورە نەببوو، دیار بوو قسەی بیستبووەوە، من قسەم دەکرد، رۆژێك لە دوای ناردم، نەچووم، بە دوایدا ناردمەوە نەچووم، ئەوجارە گوتبووی لە کوێ دەڵێ دەمەوێت ببینم، ئیدی چووم:

+ من دەزانم تۆ چەند ماندوویت،حەزدەکەم بێیتە لای خۆم..

- من ئیدی حزبایەتی ناکەم

+ بەڵام خۆ لەو خۆپیشاندانەی دوایی کە دژی حکومەتی خۆمانە تۆش بەشداربووی

- ئەوە چ پەیوەندی بە حزبایەتیەوە نەبوو، من وەك کەسێکی سەربەخۆ بەشداریم کردووە و بۆ مەبەستی..

+ تۆ لەوە گەڕێ، دەزانم گوزەرانت باش نیە، دەمەوێت یارمەتیت بدەم

- بەڵام من پێویستیم بە یارمەتی نیە

+ مەبەستمە بڵێم وەرە لای خۆم و دەتکەمە بەرپرسی پاسەوانەکانم

- من جاشایەتی ناکەم..

+ جاشایەتی!!

لە سەر ئەو جاشایەتی گوتنە سێ رۆژ لە ئاسایس زیندانی کرام بە تۆمەتی تابووری پێنجەم، لە زیندانێ ئاسایشێکم دیتەوە پێشتر ئەمن بوو، ئەویش منی ناسیەوە، باش بوو بە بزەیەکی تاڵ وازی لێم هێنا، بزەیەك ئەگەر بیکەیتە رستە وا دەردەچێت(من و تۆ لە هەموو دەور و زەمانێك لێرە یەکتر دەبینین)، بەڵام ئەو سێ رۆژ زیندانیەم بۆ پەری نەگێڕابووەوە...

بە ناو تەقوتۆقی شاردا رۆیشتین، پەری و مێردەکەی و منداڵەکەیم لە ماڵێك جێ کردەوە، جێی متمانە، پێشتر پێش رابوونی شار مالّی شۆرش بوو، کورِێکیشیان پازدە سالّی رێك لە چیا بوو، بەڵام هەر زوو دانیشت و لە نانەواخانەیەك ئیشی دەکرد، پاکانەی لە پێشمەرگایەتی کرد، ناوی ببووە پاکانەنووس، دەرەنگ ناسیم و زوو بووینە

برادەری گیانی، دواتر پێکەوتم پاکانەنووس و پەری باش یەکتریان دەناسی، ئەو مانگی شۆرشە نەخشەساز پێینەدەزانی، بە پەریم گوت:

+ ئەو ماڵە پێشتر مانگی شۆرش بوو

- ئێستاش مانگی هەڵاتووان لە شۆرش!

+ ئێوە لێرە بمێننەوە، تا ماوەیەك، بزانین چۆن دەبێت.

- باشە، بەڵام ئیدی رەنگە لەو شارە جێگەمان نەبێتەوە

+ کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن، رەنگە وا نەکەوێتەوە کە ئێوە ئێرە بەجێبێڵن..

هەر سێکیانم لە مانگی هەڵاتووان بە جێهێشت..چوومەوە ماڵ و لە دەفتەری یاداشتەکانم بە ناوی سێ هەڵاتوو تۆمارکراوە، ئەو شەوە لە یادەوەریی منداسێ ناوی هەیە، بە سێ ناو تۆمار کراوە، ئەو شەوە لە یادەوریی منداسە شەوی هەڵاتنی پەری دەناسرێتەوە، لەو شەوەوە لەو هەڵاتنەی پەریەوە، هەرچی شۆرشە لە واتا بەتاڵبۆوە، لەو هەڵاتنەوە لە یادەوەری من شۆرشگێڕی بۆ هەمیشە کوژایەوە.. ئەو شەوە لە یادەوری منداسە مەرگی قومری دەناسرێتەوە لەو شەوە گوللەیەکی برا گەڵۆکان بە نێوان هەردوو مەمکی قومری دەکەوێت و پەریش بە سەری راناگات، لەو شەوەوە بە کوشتنی قومری شەڕی براکان گەیشتە پلەی باڵا، ئەو شەوە لە یادەوری من بە سەمای شیراتۆن دەناسرێتەوە، هەرچی گوللە هەیە رووی لە باڵەخانەی شیراتۆنە، لەو شەوەوە هەرچی رقە لە رێی گوللەوە رژا، لەو شەوەدا شیراتۆن لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەتگوت سێبەری سەماکەرەیە،لەو شەوەوە پیرۆزی لە شار وەرگیرایەوە.. ئەها ئەوەتە لێرە، ئەو سااڵنە چی رووینەدا! پێش ئەو سااڵنە دەفتەری یاداشتی رۆژانەی من درەنگ پڕ دەبوونەوە، ئەها ئەو دەفتەرانە هەموویان رووداوی ئەو رۆژانەن رۆژانی سااڵنی شووم، بە ساڵە شوومەکان لە دەفتەرەکانیدی جیا دەبنەوە، ئەو دەفتەرانە دەبێت بپارێزم بۆ هەمیشە دەبێت بمێننەوە، من ناوە ناوە بۆ خۆمیان دەخوێنمەوە:

سااڵی ئەتك، ئەورۆ لە دەروبەری شار شەڕ گەرمبوو، دەڵێن شەڕ دەکەوێتەوە شارەوە، ئەو ئێوارەیە من بە عەرەقی قاچاخ داوەتی پاکانەنووسم، لە یانەی مامۆستایان میزێکی لاچەپان گرتووە، پاکانەنووس لە پێکی سێیەم گوتی:

+ دەزانم تۆ رۆژانەی شار دەنووسیتەوە، بۆیە هەندێك رووداو هەن کە زۆر نهێنین پێویستە تۆماربکرێن

- من هەر شتێك ببینم یان لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ببیستم تۆماری دەکەم..

دەنگی هێواش کردەوە:

+ من نهێنی زۆری ... لایە، ئا با لەم رستەیەوە ناوی بنێین ئەتککەر، ئەها ئەو ئەو تەسبێح کەسکە خزمیانە.

تیچاوێکم دایە تەسبێح کەسکەکە،گوتم:

- هەر بە راستی نهێنیی ئەتککەرت لایە؟ تۆ دەیناسیت؟

+ دەمێکە دەیناسم، کاتی خۆی لە چەند شەڕێکیش پێکەوە بووینە، زۆر برادەر بووین، زۆر..

- ئێ..

+ هەتا سااڵ و شتێکیش لەوەوبەر پەیوەندیمان هەبوو، یانی جاروبار یەکترمان دەدیت..

- پەیوەندیتان چۆن تێکچوو؟

+ ئێ، نهێنیەکە لێرەوەیە، زۆر جار دەینارەد دووم کە بەگەڵیان بکەومەوە و پلەیەکی باش وەرگرم، ملم نەدەدا، شەوێك لە مالّەکەی خۆی داوەتی کردم، بە نابەدڵی چووم، رەنگە پتر بە مەبەستی شارەزابوون لە مالّیان رازیبووبم، ویستم بزانم ئەتککەری مالّەوە ئەتککەری سەر تەلەفزیۆن چ لێکنزیکایەتیەکیان هەیە، بە هەر حاڵ چووم، میزێکی رازاندبۆوە، چی لە سەر نەبوو! من هەر ناوی ئەو هەموو خواردنەوەیە نازانم، ئەو هەموو مەزە و میوە و ماسی و نازانم چی...

- شەرابی سووری لەگەڵ بوو؟

+ ئەتو قسەم پێ مەبڕە.. ئێ، لە مالّەکەی پێنەدەچوو ژن و منداڵ هەبن، هەر پاسەوانەکان دەهاتن و دەچوون، بە راستی نەمپرسی کوا ژن و منداڵەکانت، ئێ، خواردیەوە هەر خواردیەوە، بەڵام من هێواش هێواش پێکم هەڵدەدا، هەر وەك ئێستا..

- چ بوو نەگەیشتینە نهێنیەکە، ئەوها بڕوا من مەست دەبم و..

+ تەواو، مەست مەبە گەیشتینێ، بە کورتی زۆر بە کورتی دەیگێڕمەوە، ئەتککەر بە مەستی هاتە قسە: ((کاکی خۆم من بۆ تۆمە دنیا گۆڕاوە، من تۆم خۆشدەوێت، لامل مەبە، وەرەوە، ژیانت خۆش بکە، ئێمە چەند ساڵە بە شاخەوەین، مردین، با تۆڵەی بکەینەوە، مافی خۆمانە شاهانە بژین، کاکی خۆم تەمەن چەندە! ئەگەر چێژ لە ژیان وەرنەگرین، من بێ دڵی خۆم ناکەم، دەزانی من هەفتانە ژنم هەیە.. رەنگە باش لەو زاراوەیە نەگەیت، چونکە زاراوەیەکی شاریە، شاخی نیە..)) ئەو شاری و شاخیە سەرودڵمی گرت، بەڵام بە سەرخۆم نەهێنا، لێگەڕام بزانم دەگاتە کوێ،((هەفتانە ژن، یانی من هەر هەفتەی لەگەڵ ژنێك یان کچێك دەبم، بۆ ژنەکانیش باشە، پارەیەکی باشیان دەدەمێ، بەڵام بڕوات بێت هەتا ئێستا ئەو کچانەی هاتوونەتە لای من، هەر بە کچی چوونەتە دەرەوە، لاقەم نەکردوون، ئەها ئەو ئەلبوومە، شایەدە، دوایی نیشانت دەدەم، وێنەی مەمکی هەموو ئەو کچانەم بە کامێرای خۆم گرتووە، بە شێوەیەکیش کەس ئەو کچانە نەناسێتەوە، دەزانی ئەو کارە چ چێژێکی هەیە..)) حەزم لێبوو ئەلبوومەکە ببینم، ئەلبوومەکەی هێنا، وابوو، وێنەکان هەر سینگ و مەمك بوون، نزیکەی چل وێنەیەك دەبوو، هەندێك ناویشی گوت، وەك ئەوەیان کچی فلان کەسە، ئەوەیان مالّی لە فلان گەڕەکە..

- دوایی؟

+ وا بزانم منیش زۆرم خواردبووەوە، شتێکی ئەوتۆم لە بیر نیە، هێندە نەبێت، من سوور بووم لە سەر چوونەوەم بۆ مالّ، ئیدی بە پاسەوانەکانی منی گەیاندەوە مالّ، دوای ئەوە، جارێك بە دوایدا ناردم نەچووم، ئێستاش نەچووم..

سالّی دزینی کێلی مەڕمەڕی گۆڕەکان، مجێورەکەی گۆڕستانی چراغ زوو زوو بە زۆر کەسێك رادەگرێت و بۆی دەگێڕێتەوە: بە چاوی خۆم دیتم، رووتەلەیەك کێلی گۆڕێکی بە شانی خۆیدا دا، لەو کاتە بە گوێی خۆم بیستم مردووەکە گوتی: مەیبە، ناومی لە سەرە با ون نەبم..

سالّی دزینی شێرەی ئاودەستی مزگەوتەکان، فەقێیەکی مزگەوتی حاجی لەقلەقان، بۆ برادەرەکانی گێڕابۆوە: لە سەر دەرگای ئاو دەستەوە دیتم پیاوێك کەشیدەشی لە سەر بوو، شێرەکەی لێدەکردەوە، گوتم:

حاجی دزینی مالّی خودا حەرامە..

حاجی بێ خۆ تێکدان گوتی:

تا مالّ پێی بوێت، مزگەوت بە تالّە..

سالّی تیزاب، پەری لە بارەی ژن و لەچکەوە گوتەیەکی هەیە زۆر لە برادەران زۆری دەڵێنەوە: ((هیچ شتێك هێندەی تیزاب قژی نەخستە لەچکەوە))، ئەورۆ کاتژمێر چوار و چارێگی دوای نیوەڕۆ بە کاتی هەولێر، لە نزیك چایخانەی قەرداران کچێکی تا دەست هەڵبڕی بالا بەرز، قژێکی پڕی درێژ، بەستبووی، دەنا شەقامی دەخستە خرۆشانەوە، دەزانی چ بایەك هەڵیکردبوو، قژی درێژی دەم با چ ناخاتە هەلەکەسەماوە، کچە لە پێش منەوە دەڕۆیشت، من لە سەر شۆستە ئەو لە سەر جادە، شان و ملی کەمێك ڕووت بوو، دیتم ماشێنێك هێواشی کردەوە، من هیچم نەدیت، کچە هاواری لێبەرزبۆوە، ماشێنەکە تیژ دەرچوو، چیە، چیە؟ دەستی بە گەردنیەوە گرتبوو، بووە هەرا: تیزاب بوو، تیزاب، دیتم پێیدا کرد، ئەوەتا سووتا...

سالّی تەقینەوەی ئارایشگاو فرۆشگا، ئارایشگای سەرەوەی پردەکە ئەورۆ کاتژمێر پێنج و پێنج خولەکی سبەینێ کە هێشتا رۆژ لە چیاکانیش هەڵنەهاتبوو ئاگری گرت، من لە زاری شاگردی نانەواخانەکە کاتی ئاگرکەوتنەوەکەم تۆمارکرد، رۆژی پێشتر کە هەینی بوو لە مزگەوتی منارە درێژەوە بە گوێی خۆم گوێم لێبوو، مەلا بە دەنگێك کە دەتگوت لە بەرەی شەڕ و غەزاوە دێ دەیگوت: برایانی موسلمان نەکەن ڕێی ژنەکانتان ڕێی کچەکانتان، خوشکەکانتان بدەن بۆ خەڵکی خۆ بڕازێننەوە، نەهێڵن بە نزیك ئارایشگاکانیشدا تێپەڕن، ئارایشگاکان ژنەکان کچەکان قاچپەدەکەن، کوا پیاوەتی پیاوەکانی شار! کوا موسلمانێتی! ئارایشگەکان رۆژ بە رۆژ زیاد دەبن، ئەدی مەیفرۆشەکان! ئەستەغفیرواللا، ئەستەغفیرواللا، هەر کەسێك ئەو جێگایانە ئاگر دات گوناهی گەورەشی کردبێت، قەت بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێت، ئەو ئارایشگایە دەستەخوشکانی پەری ناویان نابوو ئارایشگای پەری، ئاخر پەری بە قسەی خۆی یەك جار چۆتە ئارایشگا ئەویش لە رۆژی شووکردنی، ئارایشگاکەش ئەوە بوو کە سووتا،کاتێ هەواڵەکە گەیشتبووە پەری، گوتبووی: دامنابوو لەو ساڵەوە یادی شووکردنەکەم بە چوونە ئارایشگاکەی خۆم بکەمەوە، مەلا هێندەشی پێ ڕەوا نەدیتم..

ئەورۆ ڕێك کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ مەیفرۆشەکەی نزیك ئارایشگاکە ئەو ئارایشگایەی پێش سێ رۆژ ئاگری گرت، بە دەمانچەی بێدەنگ شەهید بوو، میردەکەی پەری ناوی شەهیدی بە سەردا بڕی زۆر برادەریتی ، زوو زوو سەردانی دەکرد، میردەکەی پەری وای گێڕایەوە: من لەو بەر بووم هێشتا نەپەڕیبوومەوە، دیتم دووکەس بە شلەژاوی لە فرۆشگای برادەرەکەم هاتنە دەرێ لەگەڵ هاتنە دەرێی ئەوانیش دەنگی بەربوونەوەی شووشە هات، خەڵك غاریان دا، من پێش هەموان گەیشتمە سەری، وەك جاران، وەك هەموو ئەو جارانەی دەچوومە لای لە سەر کورسیی پشت میزەکەی دانیشتبوو، جگەرەکەی نەکوژابۆوە، وەك جاران چاوی لە بنمیچەکە بڕیبوو، نازانم بۆچی هەمیشە بەو شێوەیە سەیری ئەوێی دەکرد، ڕێك وەك جاران دانیشتبوو، بەڵام ئەو جارە بە سینگی بە خوێنەوە، ڕێك لە سەردڵیان دابوو، ئا کاتژمێر دوو بوو.

سێ رۆژ بە سەر خۆشاردنەوەی ئەو سێ هەڵاتووە تێنەپەڕی، هەواڵ گەیشت کە نەخشەسازی گەرماو لێیدراوە بیست و یەك پاسەوانی کوژراون و خۆیشی دەست و پێیەکی فڕیوە و ڕەنگە نەژی، زوو هەواڵەکەم گەیاندە پەری، نەیزانیبوو، بە ناو تەقوتۆقدا بە بن بارانداو گەڕاینەوە مالّەکەی پەری کە ئەو دەم لە بەرانبەر باخی گڵکەند بوو..لەوەو بە دوا رۆژ دوای رۆژ پتر لەگەڵ میردەکەی پەری بووینە برادەر وای لێهات، دەبوو هەموو رۆژێك یەکتر ببینین، میردەکەی پەری چوار پێنج سالّێك لە تەمەنی گەنجایەتی دیار نەبوو، ژیانی خۆی بۆم باس دەکرد بەڵام کە دەگەیشتە ئەو چوار پێنج ساڵە پازی دەدا، چەندی لێیم دەپرسی، وەڵامێکی وای نەدایەوە ڕووناکیەك بکەونە سەر ئەو چەند ساڵە تاریکە، یەك دوو جار لە پەریشم پرسی ئەویش گوتی: نهێنیی میردەکەم لەو چەند ساڵەیە..

پەری:

کوڕی دەرەختی گوڵاوی کە دواتر بووە بابی ماچ رۆژ دوای رۆژ جوانتر شیرینترخۆشەویستتر دەبوو،من ئیدی عەشقبوونێك عەشقی بابی ماچم رەنگی کوڕی پیاوە مەستەکە نیە، حەفت پایزی ئەو هێندەی حەفت مانگی بابی ماچ عەشقاوی نەبوو، من لە ماچی یەکەمی ئەو، هەرلەو چل رۆژەی کە لە باوەشی بابی ماچ بووم و نەهاتە گژیشم، عەشقی بووم، بە راستی عاشقی دەبێت ئەوها بێت، چل شەو لە باوەشی بووم، خۆی راگرت و نەهاتە ناو رانەوە، کەچی کوڕی پیاوە مەستەکە رەنگ نەبوو دوو خولەك لە ژوورەکەی بم دەیویست لاقەم بکات، بابی ماچ لە گەرمەی راموسانێ هەر وا دەزانم کوڕی پیاوە مەستەکەیە پاڵێکی توندی پێوە دەنێم کە هەر پیاوێکیتر بێت رەنگە پیاوانە تووڕە بێت، کەچی ئەو بە نەرمی نێو چەوانم ماچ دەکات و بزەیەکم بۆ دەکات و دووردەکەوێتەوە، جارێك بە دیارکەوتنی کوڕی پیاوە مەستەکە لە کاتی سەرجێیی لەگەڵ بابی ماچ بۆ خوشکترینم گێڕایەوە، لێیمپرسی:

- وازم لێناهێنێ، لەو کاتە ناسکە خۆیم نیشاندەدا، بۆچی؟

+ تۆ هێشتا کوڕی پیاوە مەستەکەت لە بیرنەکردووە

- بەڵام بابی ماچ سەرتاپای دڵمی داگیرکردووە، لە دڵمدا جێگەیەك نەماوە بۆ کوڕی پیاوە مەستەکە

+ نا، جێگەیەك...

بابی ماچ ئەو پیاوە بەفریەیە دڵی لە بەفر پاکترە، ئەو پیاوەبوو منی لەگەڵ پیاو ئاشتکردەوە، پیاوێکە ژنە کەسکپۆشەکە دەڵێت: ((وا بزانم تاکە پیاوە لەو شارە کە هێندەی دنکە زەنگیانەیەکیش دڵپیسی لە دڵیدا جێی نابێتەوە، ئەگەر هەموو پیاوەکان ئەوهابان کێشەیەك لە نێوان ژن و پیاوان رووینەدەدا)) وایە بابی ماچ دڵپیس نیە، کوڕی پیاوە مەستەکە کە من حەفت پایز ئاگرم بۆی گرتبوو، هێندەی حەفت پیاوی دڵپیس دڵپیس بوو، بابی ماچ هەمیشە بە منی گوتووە: بۆ ژن زۆر پێویستە سیاسەتزان بێت، قەیناکە دەیکات یان نایکات، بابی ماچ هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەو دوو ئاگرە نەبوو کە کوڕی پیاوە مەستەکە لێیان تۆقی بوو..

ئەو ئێوارەیە ئەو ئێوارەیەی هێشتا لە سەر دیواری ژوورەکە سێگۆشەی خاڵی نەدیتبۆوە، ئەو ئێوارە دڕەنگانەی بۆ یەکەم جارە بە تووڕەیی بێتە ماڵەوە، پرسی:

+ پرسیارێکت لێدەکەم، بەڵام راست وەڵام بدەوە

- ئەگەر بە راستیش وەڵام نەدەمەوە دڵنیابە درۆت لەگەڵ ناکەم

+ من لەو وەڵامەت دەترسام، تکایە بە راستی وەڵامم بدەوە

- دە بڵێ، چیە؟ تۆ زۆر نائاسایی دیاری

+ئێستا پیاوێك بە شووشەیەك لایەکی سەری هاتە خوارەوە..

- کێیە؟

+ ئەوەی شەوێك تۆی فڕاند

- من..

+ بە من بڵێ تۆیان قەت فڕاندووە؟

- تۆ بە وردی تێمبگەیەنە تا بتوانم وەڵامت بدەمەوە..

+ باشە، ئێستا لە یانە، لە مێزەکەی نزیکم دوو کەس دانیشتبوون، من پشتم لەوان بوو، جێگاکەش رووناك نەبوو، یەکیان دیار بوو زوو دانیشتبوو، مەست بوو، باسی ئێوارەیەکی خۆی بۆ ئەویتر دەگێڕایەوە، دەزانی چی گێڕایەوە؟

- دەی، بیگێڕەوە

+ باشە، ئەو کوڕە دەیگوت: بیست ساڵێك لە مەوبەر کچێکی جوان لە هەموو کچان جوانتر مااڵیان نزیك منارەی چۆلی بوو، ناوی بە کچی خاڵ لە گەردن رۆیشتبوو، گەڕەك بۆی شێت ببوو، من هەر ئاگرم گرتبوو، سوێندم خواردبوو ئەگەر سەریشم لە سەری دانێم خاڵی گەردنی ماچ بکەم، هەر بە دوایەوە بووم، ئێوارەیەك باش ڕێککەوت، لەگەڵ دوو برادەر فڕاندمان ئیشی خۆمان لەگەڵ کرد و لە نزیك مااڵی خۆیان دانایەوە..کوڕەکەیتر پرسی ناوی کچەکە چی بوو، گوتی: پەری، ئەوەی ناوی کچەکەی پرسی بێ سێ و دوو شووشەیەکی بە تەپلی سەری دادا، من بەرچاوم تاریك بوو، دەتگوت لە سەری منی داوە، نەمتوانی تەماشایان بکەم، نا تەماشام کردن، بەڵام وەك تارمایی بینیمن، نازانم بۆچی بە شێوەی تارمایی خۆیان نیشانی من دەدا، بە هۆی دنیا تاریکیەوە بوو، یان من بەر چاوم تاریك داهاتبوو، ئیدی پۆلیس زوو گەیشتن .. دەی بڵێ ئەو کچە خاڵ لە گەردنە ناو پەریە کێیە؟

- منم، جگە لە من کەس نیە

+ ئەدی بۆچی تا ئێستا باست نەکردووە؟

- چەند جارێ ویستوومە ئەورفاندنە بگێڕمەوە، نەمگێڕاوەتەوە، نازانم بۆچی

+ بەڵام...

- ئیدی.

بە گریانەوە چیرۆکی خۆم و دوو دەمامکدراوەکەم بۆ بابی ماچ گێڕایەوە، لە باوەشمی کرد، توند گوشیمی، گوشینێك شەوی یەکەمیش ئەوهای نەگوشیوم، گوتی:

+تۆ نەدەبوو ئەوە لە من بشاریتەوە، کەس بەوەی زانیوە

- جگە لە ژنە کەسکپۆشەکە کەس لە منەوە نەیبیستووە

+ ئەها، زوو چەند جارێك دەیویست شتێك بڵێ، بەڵام دەیگێڕایەوە..

- ئا، هەر زوو بە منی گوت کە بۆت بگێڕمەوە بەڵام بە قسەم نەکرد، ئێستا چ بکەین؟ تۆ دەیانناسیتەوە؟ من دەبێت ئەوانە ببینم..

+ من ڕەنگە بیاننناسمەوە، راستە تارمایی بوون، بەڵام لە تارماییشدا سیمایان غەریب نەبوو ، بەڵام باشترە جارێ بەردێکی لە سەر دانێی، کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە، پەلە مەکە.. باشە ئەویتر بۆچی لێیدا، من لەوە تێناگەم، من دەیانبینمەوە، دەبێت..

ئا، ئاڵۆزە، ترسناکە، دیمەنی شەوی گەشتەکە گەشتی لاقە، زۆری ویست، ئەو هەموو سااڵەی ویست تا کال بووەوە، ئەو شەو کێ تۆی گەیاندە یانە؟ بابی ماچ تۆ بە سااڵن و مانگان ناچیە یانە، ئەو ئێوارەیە بۆچی چوویت؟ کێ تۆی لەو مێزەی نزیك ئەوان دانیشاند! بابی ماچ، ئەو هەواڵەی دەبوو من زوو پێش شەوی یەکەم هەر لە بن درەختی گوڵاوی بە شێنەیی بۆکوڕی درەختی بگێڕمەوە، کەچی دوای ئەو هەموو سااڵە بابی ماچ لە سەر مێزی یانەیەك دەیبیستێتەوە..

+ بەس پێمبڵێ بۆچی لێمت شاردەوە؟

- سەرەتا دەمویست بۆت بگێڕمەوە هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە، نازانم بۆچی زمانم دەبەستڕا، دواتریش لەبەر تۆ نەمویست سەرقاڵت بکەم بە کێشەیەک کە بە سەرچووە کە...

+ باشە، تەواو، هیچ نەبووە..

- بەڵام من دەمەوێت ئەو پیاوانە ببینم، بزانم کێن، بەڵکو بیانناسم..

+ ئەوە ناسیتن، چی دەکەیت؟ شکات! دوای ئەو هەموو ساڵە..

- نازانم، بەڵام..

+ واز بێنە، من دەیانبینمەوە، وەک گوتم بەردێکی لە سەر دانێ..

دەمویست باسی پەیوەندیی خۆم کوڕی پیاوە مەستەکەی بۆ بکەم، ترسام ئەویش لە کەسێکیتر ببیستێتەوە یان لە وێنەکانی سەر دیواری ژوورەکە شتێکی دەستکەوێت، ئەو وێنانە سەیرن، هەر رۆژەی وێنەیەک خۆی رووندەکاتەوە، دەبێت لە زاری خۆمەوە حەفت پایزەی من و کوڕی پیاوە مەستەکە ببیستێتەوە، باسی هەموو شتێکی بۆ بکەم، دەبوو زوو پێش هاتنی ماچ بۆی بگێڕمەوە، من لەگەڵ ئەو پیاوە راستگۆ نەبوومە، نەدەبوو وا بم.. درەنگانی شەوە، بە دیار وێنەکانی ژوورەکەوە خەریکی سەرجێییکردنین، دیسان لە کاتی خۆی کوڕی پیاوە مەستەکە لە پەنجەرەی دنیاوە لەو پەنجەرەیەی ساڵانێك ئەو لێیەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی منی دەکرد، ساڵانێکیشە من لێیەوە تەماشای دنیا دەکەم، جار وبارێ رەنگە هەر بۆ خۆشی حەزبکەم ڕێی بە کۆنە کۆڵانی خۆیان بکەوێت و ببینمەوە بزانم ساڵەکان وەک خۆیان هێشتۆتەوە یان، زۆر جار هەر لەو کاتەوەی هاتینە ئێرەو زانیم تەلەفۆنەکە هەر هەمان تەلەفۆنە حەزمکردووە تەلەفۆنێك بکا گوێم لە دەنگی بێت و تەواو، ئەو تەلەفۆنەی خوشکترین زوو بە گوێمدا چرپاندی کە چەندی زووە ئەو تەلەفۆنە بفرۆشم و پەیوەندیەکم بەو ژمارەیەوە نەمێنێت، خوشکترین زووتریش زۆری لەگەڵم هەوڵدا کە بە قسەی بابی ماچ نەکەم و لەو خانووە نەژیم، خوشکترین دەیگوت:

+ لە هەموو شتی ئەو کوڕە لە خشتەبەرە دووربیت باشە

- بەڵام ئەو کۆتایی هاتووە

+ ئای لە تۆ..

لە هەموو سەرجێییکردنێك دەیبینم لە پەنجەرەوە دەیبینم تارمایی کوڕی پیاوە مەستەکە دەبینم و نایەڵێت بە دڵی خۆم چێژ لە بابی ماچ وەرگرم، ئەو پیاوەی لە عەشقی ئەودا ئاگرم گرتووە، عەشقێك کەس هیچ ژن و مێردێك ئەوانەی لە بارەیانەوە خوێندوومەتەوە ئەوانەی دەیانناسم، ئەوانەی دەیانبیستم، کەس وەک من و بابی ماچ نیە، خۆزگە هێندە خۆشمنەدەویست، ئەگەر کوڕی پیاوە مەستەکە لە ساتەکانی سەرجێییکردن لێمانگەڕێت، ئێمە دوو عاشقین جیا لە هەموو عاشقان، عەشقمان ساڵ دوای ساڵ قوولتر دەبێتەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە تەنها لە کاتی سەرجێیی دێ و دەیبینم و لە چێژم دەکات، دەنا لای من کۆتایی پێهاتووە، عەشقی بابی ماچ جێگەیەکی لە دڵی من نەهێشتۆتەوە بۆ کەس، وێنەکانیش، نا ئەوانیش هیچ زیندوو ناکەنەوە،..

شەو درەنگە دوای سەرجێیی کە پیشەی هەمیشەیی خۆی بوو بۆ چەند خولەکێك لە وێنەکانی سەر دیوارەکان وردبێتەوە، من بانگم کرد:

+ وەرە با نهێنیەکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە..

- باشە، پەلە مەکە، شتێکم دیتەوە

وردبۆوەو دیتیەوە، دیتمەوە، سێگۆشەی خاڵان هیچی تێدا نەهێشتەوە، هێندە بە سەر خۆی نەهێنا دەنا پێدەچوو گەیشتبێتەوە ئەوەی کە سێگۆشەی خاڵان هەمان سێگۆشەی خاڵانە، ئەو شەوە هیچم نەگوت، هیچم بۆی نەگێڕایەوە، ئەویش زۆری لێم نەکرد، نازانم نووست یان نا، بەڵام من خەوم لێنەکەوت.. ئەو شەوە شەوێکە رەنگە نەتوانم شتێکی ئەوتۆی لێ بگێڕمەوە، شەوی ئاشکرابوونی ئەو نهێنیانەی نەدەبوو ئاشکرابن، نا، نەدەبوو لای بابی ماچ نهێنی بن، دەبوو زوو بە هەموو شتێکی زانیبا، ئەو پێش هاتنی ماچ هەر هێندەی دەزانی من کوڕێکم خۆشویستووە، رەنگە هەر وا وێنای کردبێت دەستمان بەر دەستی یەکتر نەکەوتبێت، دڵنیام وا تێگەیشتووە، دڵنیام وەك نێوان خۆم و خۆی حەفت مانگی پێش گواستنەوە تێگەیشتووە، کە تەنها تەوقەیەکی تێدا بوو، تەنها نامەیەکی لە خۆیەوە تێدا بوو، رەنگە وا تێگەیشتبێت، ئەو جگە لە وێنەیەکی زیندانی کە دواتر ئەویشی بۆ رووننبۆوە، هەر زوو هێشتا ماچ ساوا بوو شەوێك بۆیم گێڕایەوە کە لە زیندان لاقەیان نەکردووم، لە زیندان جگە لە لێدان هیچ هیچیان لێم نەکردووە، لە ناو زیندان دیمەنێکی سێکسی، دیمەنێکی نیوە رووتیشم نیە، بەڵام نازانم بۆچی نەیپرسی ئەدی کچێنیەکەت کێ بردبووی، رەنگە بە هەندی هەڵنەگرتبێت، دوورنیە هەر هەستیشی بەوە کردبێت، ئاخر خۆ ئەو زۆر کتێبی لە بارەی رۆشنبیری سێکسی و نهێنیی لەشی ژنی خوێندبۆوە، نازانم، بەڵام چ باسی ئەو شتەی نەکرد..ئەو وەرزە نەهاتە، وەرزی شەرمەزاریی منە، وەرزی رووتبوونەوەی ئەو نهێنیانەیە کە سااڵنێك شاردبوومنەوە، لە کەسێکم شاردبوونەوە کە دڵنیابووم بە بیستنیان ئاسایی دەبێت هیچ لە هیچ ناگۆڕێت..ئەو هەموو شتە بۆچی وا بە دوای یەکتردا هاتن، باشترە وێنەکانی بە وردی بۆ رووننبکەمەوە، ئای ئەگەر سێگۆشەکەی نەدەدیتەوە، من هەرگیز باسیم نەدەکرد، تەنها باسی ئەویانم نەدەکرد، کوڕی پیاوی مەست نەدەبوو سێگۆشەی خاڵانت نەخشاندبا، ئەوەم لێڕانەدەدیتی، حەیف، چەند حەیابەر دەرچوویت تۆ، بە نەفرەت بیت کوڕی پیاوی مەست، چیت بە سەر من هێنا، ئەو هەموو ساڵە هەر لەگەڵمدای، چ بەڵایەکی گەورەی تۆ، دەبێت منیش شەوان لە پەنجەرەوە خۆم نیشانت بدەم، نا، بڕواناکەم، تۆ..

شەوی دواتر، دەستی بابی ماچم گرت و بە ژوورەکەدا گێڕام، بە دیار وێنەکانەوە دەوەستاین، وێنەکان لە بن تیشکی گلۆپەکان هێند روون بوون، هێند رووت بوون، لە چاوی من دەتگوت وێنەی فۆتۆگرافین و تازە گیراون و گوتم:

+ من دەمەوێت یەکە یەکە ئەو وێنانەت بۆ روون بکەمەوە..

- واتە پێیان ئاشنای!

+بەڵێ ئەو لەو بن دارەوە تا ئەوەیان ئەها سێگۆشەکە

- بە من بڵێ کێ ئەو وێنانەی کێشاوە، دەبێت وێنەکێشێکی دەست رەنگین بووبێت

+ لەوەیان سەرم سوڕماوە، من هیچ وێنەکێشێکم نەناسیوە

- منیش زۆر پرسیارم کرد، کەس نەبوو بڵێ خاوەن ئەو خانووە کەسێکیان دەستی وێنەکیشانی هەبێ، تۆ بە من بڵێ ئەو کچەی ناو ئەو وێنانە تۆی..

+جگە لە من دەبێت کێ بێت

- خەیاڵیان زۆر تێدایە یان..

+ نا، وەك خۆی، بێ خەیاڵ..

- ئەو کوڕەش هەر ئەوەیە کە خۆشتدەویست؟

+ خۆیەتی، دەبێت خۆی بێت، بەڵام کێ بۆی کێشاون، تێناگەم

- ئەدی شوێنەکە کوێیە؟

+ جگە لێرە لەو ژوورە دەبێت کوێ بێت

- من چ تێناگەم

+ منیش ئەگەر لە جێگەی تۆ بام چی تێنەدەگەیشتم، هەر هێندە نا بە شێتبوون شێت دەبووم، بەڵام تۆ پیاوێکی گەورەی، زۆر گەورەی...

- هەر لەبەر ئەوە دەتگوت ئەو خانووە مەکڕە..

+ هەر وایە

- باشە ئەو کوڕە لە کوێیە؟

+ لە رۆژی زەماوەندەکەمانەوە نەمدیتووە و چ هەوالێشی نازانم، ئەو رۆژە لاشانێکیم دیت..

- ئەو درەختە کامەیانە؟

+ ئەو دارپرتەقاڵەیە

دار پرتەقاڵێك کە دوو پرتەقاڵ بە لقێکی شۆڕبۆوە، هێندەی نەمابوو بگەنە سەری کوڕ وکچێك کە لێویان بە لێوی یەکترەوە بوو، چەند کلوو بەفرێکیش لە شێوەی پەپوولە..

- کوڕەکە ناوی چی بوو؟

+ یادگار

بە ناوهێنانی یادگار داما، کەوتە ئەندێشەیەکی قوولّەوە، لەبەر خۆیەوە، هەر ئەوەتە گوێم لێبوو((بەس ئەو نەبێت، بەس ئەو نەبێت))

- لە کام کۆلێژ بوو؟

+ نازانم، نا، دە وازبێنە..

ئەو وێنەیە ئەها مەمکی چەپی کچەکە بە دەرەوەیە، رەنگە یەخە هەردو مەمکی بە جارێك لێ نەیەتە دەرەوە هەر چەند زۆر گچکەن هەر هێندەی هەرمێیەك، ئەو وێنەیە رەنگە هی سالّی یەکەمی عەشق بێت،کوڕەکە لێوی هێناوە، لێو و گۆی مەمك لێکنزیکن، ئەها خالّی سەر گۆ، وێنەکێشەکە جوانی نیشانداون، نەیهێشتووە بە یەك بگەن، ئەگەر پێککگەیشتبان جوانیی مەمك و لێو ون دەبوو، بەڵام من جوان دێتەوە بیرم، بەیەك گەیشتن، بە چ حاڵ بە نیوە شەرێك لێکبوونەوە، دەنگی باب لێکی دوور خستنەوە..

ئەها، ئەوە کتێبەکەیە، (ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواری)، ئەوەتە بە دەستی راست لە دەستم وەردەگرێ و دەستی چەپیشی لە سەر شانمە، لێومان دیار نیە، بەڵام لە ناو یەکتر دەیانبینیەوە، لە بیرمە هەر ئەو رۆژەی کتێبەکەم بە ماچی قوولّەوە پێشکێشی کوڕی پیاوە مەستەکە کرد، هەوالّی لە خوێنگەوزانی نووسەری کتێبەکە بە شاردا بڵاوکرایەوە، دواتر کوڕی پیاوە مەستەکە گوتی:

+ وا دیارە من کتێبم لێ نایە، ئەها سەری نووسەرەکەیم خوارد!

- بەڵام ماچت باش لێدێ؟

+ ماچ، ماچ، هەرچی کتێبی دنیایە، ماچێکی لێوە هەمیشە تەڕەکانی تۆ ناهێنن..

لەو وێنەیە سینگی کچەکە رووتە، ئەها خاڵی گەردن دەڵێی رەشۆڵەیەکە لە دوورەوە تەواوێك لە دوورەوە بە قەدی درەختێکەوە هەڵنیشتووە، دوو مەمکی قیت دەڵێی هەنارن سەرەو نخوون بە دارەوە، بە بەراورد لەگەڵ مەمکی سالّی یەکەم گەورەن، ئەوەیان هی سالّەکانی دواییە، کوڕەکە هەر دوو دەستی گرتۆتەوە،وەك بڵێی چاوەڕێی بەربوونەوەی هەنارەکان دەکات، زۆر نەماوە بکەونە دەستیەوە، جوانیی دەست و مەمکیش لەوەدا پتر دەردەکەوێت بەریەك نەکەوتوون،هیچ جێیەکی مەمکەکان لە ناو دەست بزرنەبوونە، بەڵام ئەوەی من لە بیرمە ئەو وێنەیە هی رۆژێکی بەهاریە، دووەم رۆژی نەورۆزبوو، جلکی کوردیم لەبەرە، کوڕەش هەرگیز چاوەڕێی بەربوونەوەی هەناری نەکردووە هەر لە دوورەوە پەلاماری دەدان بە پەنجەو بە لێو دەیخواردن..

لەو وێنەیە بە تەنیشت یەکەوە دانیشتوون، دەستی کچەکە لە سەر سینەی پڕ لە مووی کوڕەکەیە، دەستی کوڕەکەش لە سەر کەمێك خوارەوەی ناوکی کچەکە، دەستەکەی تری کوڕەکە لەو دیوەوە لە بن باڵی کچەکە هاتووە و بە دوو پەنجە گۆی مەمکی گرتووە، کچە چاوی نوقاندووە، بەڵام کوڕە چاوی لە خوارەوە بڕیوە، ئەو وێنەکێشە چەند راستگۆیانەوە وێنەی ئەو دووەی کێشاوە، لە بیرمە هەمیشە کە دەچوومە باوەشیەوە، چاوم دادەخست، نازانم لە شەرما بوو یان شتێکیدی، بڕواناکەم شەرم بووبێت، چونکە لە باوەشی بابی ماچیش حەز بە چاو داخستن دەکەم..

ئەو وێنانە دەڵێی لە کات و ساتی خۆیان گیراون، وێنەکێش یان ئەوەی داوای لە وێنەکێش کردووە وێنەکان بکێشێ زۆر وردبووە، یادەوەریی زۆر بەهێز بووە، رەنگی کراس و رەنگی ستیان و رەنگی قردێلە و هەتا رەنگی پێڵاوی کچەکەشی وەك خۆی نیشانداوە، ئەها ئەو وێنەیان کچە خۆی نەوی کردووە و پێڵاوەکەی بە دەستەوەیە دیارە لە سەر رۆیشتنە، رەنگی پێڵاوەکەی مۆرە،دەستی کوڕەش لە سەر سمتی کچەیە،پێڵاوەکە جوان دەناسمەوە، هەر ئەو رۆژ لە پێم کردو تەواو، پێمی دەگرت، دامە قومری، جوانیش دێتەوە بیرم لەو کاتەی دەستی خستە سەر سمتم هەستامەوەو پێڵاوەکەم لێی بەرزکردەوە، ئەوە هەر بۆ گاڵتە بوو..

بابی ماچ حەزیدەکرد یەکە یەکەی وێنەکانی بە زیندوێتی نیشانبدەمەوە، بەڵام من نەمدەویست هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، لەگەڵ ئەوەش جار جارە وێنەیەکم بۆی زیندوو دەکردەوە بە تایبەتی ئەو وێنانەی رووت نەبوون و تەنها لە باوەش گرتن و ماچی گەرمیان نیشاندەدا، نەشتەرگەریی خاڵەکەم بۆی زیندوو کردەوە، وێنەکێشەکە جوانی کێشابوو، لە خۆی جوانتر، ئەو وێنەیەش کوڕە لە سەر پشت راکشاوە کچە لە سەری نیوە دانیشتنێك لە سەری دانیشتووە، پرچی کردۆتەوە، کوڕە لە بن قژەوە دیارە لە کەلێنی قژەوە هەردوو دەستی دیارە دوو مەمکی توند گرتووە وەك بڵێی نەهێلێ کچە بە سەر سینگیدا بکەوێت، کاتێ ئەو وێنەیەم بۆ بابی ماچ نیشاندایەوە، داوایکرد کە لە بەرانبەر وێنەکە دوای ئەو هەموو سالّە لەگەڵ ئەویش وێنەیەکی کتومت وەك ئەو بکێشینەوە، کێشامانەوە، بابی ماچ زۆر چێژی لێبینی.. بەڵام چەندی هەوڵی دا نەمتوانی سێگۆشەی خاڵانی نیشانبدەمەوە..

بە هەڵدانەوەی وێنەکان و زیندووبوونەوەیان، ئیدی کوڕی پیاوە مەستەکە لە پەنجەرەوە خۆی نیشانم نەدەدا، من دەمویست بە دڵ دەمویست بێ و ببینمەوە، نازانم بۆچی حەزدەکەم ببینم، ئەو نایەت و من چاوەڕێی دەکەم، بابی ماچیش هیچ بە سەر خۆی ناهێنێت بەڵام من لە چاوی دەخوێنمەوە نیگەرانە، دڵگرانە، لەوەی ئەو هەموو سالّە شتم لێی شاردۆتەوە، هەرچەند هەمیشە دەڵێت((ئەوەی بووە، رابردووە پەیوەندی بە منەوە نیە، بۆ من گرفتێك نیە))، ئای بابی ماچ، عاشقترین پیاو، جوانترین پیاو، عەشقی من بۆ تۆ بێ کۆتایە، بەڵام حەز بە

بینینی کوڕی پیاوە مەستەکەش دەکەم، بینین و هیچیدی، نازانم ئەو هەموو سالّە لە کوێیە، چی بە سەر هات، بە راوێژکار نەماوەتەوە، نا هەر لەو شارەش نەماوەتەوە دەنا هەر دەبینرا، نازانم رێککەوت بوو یان بە پلان ئەو خانووە بووە هی ئێمە، باشە چۆنە تەلەفۆنێکی نەکردووە، خۆزگە بە هەر رێگەیەك با بابی ماچم رازیدەکرد واز لەم خانووە بێنێت، ئەم ژوورە ئەم وێنانە شەڕیان بە دواوەیە، من دەترسم، نەدەبوو بێمە ئێرە، هەر لەبەر هیچ نا لەبەر قومری، ئای قومریەکەم چەند جار لەگەلّ من هاتوویتیە ئەو مالّە، لەبیرمە دوای تێکچوونی نێوان من و کوڕی پیاوە مەستەکە قومری هێنندە دلّی پێمسووتا، هێنندە رقی لە کوڕی پیاوە مەستەکە هەستا، گوتی: ((پەری، ئێمە چەند سالّە هاتوچۆی مالّی شەیتان دەکەین، دەبێت تۆبە بکەین دەنا خودا دەمانسووتێنێ، تۆبە پێ ناخەینە ئەو کۆلّانەوە)) دەبوو تۆبەکە نەشکێنم، بمبووڕە قومریە کوڕاوەکەم بمبووڕە، من هاتمەوە مالّی شەیتان!.. تێناگەم ئەو وێنانە کێ کێشاونی، خۆ ئەو لە وێنە کۆلەوار بوو، من دەبێت چی بکەم، ماچیش هەندێ شتی بیستووە..

ماچ:

من ماچم، چیرۆکخوانی ماچی یەکەمم، من کچی پەری و کچی بابی ماچم ولە نامەیەکەوە خولیای چیرۆکی ماچی یەکەم کەوتە سەرم، ماوەیەك بوو خووم بە خۆگرتنەوە گرتبوو، ئەو دەمانەی ئەوان لە ژوورەکەی خۆیانەوە لە بارەی وێنە و دیوارەوە دەدوان، گومانم برد کە نهێنیەك هەیە، قسەی لێوەدەکەن و لێکدیشی دەشارنەوە، بۆیە جار جارە بە دەست خۆم نەبوو دەچوومە نزیك دەرگاکە و چەند وشەیەك چەند رستەیەکم دەدزی دەگەڕامەوە، هەرچەندە خەفەتم لەو کارە ناشیرنەی خۆم دەخوارد، بەڵام بە دەست خۆم نەبوو خوویەك بوو گرتبووم، لەو لاو لەولا بە تایبەتیش لە ژنە کەسکپۆشەکە و خوشکترین خوشکی دایکم ناوی کچی گەردن بەخاڵم زۆر بیستبوو کە کچێك بووە شارێك عەودالّی بوونە، خۆ لە چاوی منەوە ئێستاش هەر وەك خۆیەتی خۆزگە سەدیەکی جوانیەکەی ئەوم بەردەکەوت.. هەر هێندە تێگەیشتم کە باسی پیاوێك دەکەن لە یانە بە شووشە لێیدراوە لە سەر ئەوەی کاتی خۆی دستدرێژی کردۆتە سەر کچێك، گوێم لێبوو: دەیانبینمەوە، دەبێت بزانم کێیە، چیدیم نەبیست، بەڵام لە دەنگیان شلەژاوی دیار بوو هەر لە خۆوە ترسام، چوومەوە ژوورەکەی خۆم ، شەو درەنگە، گوێم لە زەنگی هاتنی نامەیەك بوو، زانیم هەوە دڵوار جگە لەو لەو کاتانەی شەو کەس نامە نانێرێ، تەماشای مۆبایلەکەم کرد خۆی بوو دڵوار، نووسیبووی:

((ببوورە من سبەی ناتوانم بتبینم، باوکم لە نەخۆشخانەیە))

بۆیم نووسی:

((بۆ،چیەتی؟))

ناردیەوە:

((ئەو شەو لە یانە پیاوێك شووشەیەکی لە سەر داوە، تەندروستی باش نیە))

ناردمەوە:

بۆچی؟ لەسەر چی؟ کێ لێیداوە؟

ناردیەوە:

تۆ چەند دەزانی منیش هەر هێندە، جارێ مالّاوا..

ویستم لە دەرگا بدەم و بڵێم: بابە ئەو پیاوەی کە بە شووشە لێیدرا من دەیناسم. پەشیمانبوومەوە، نەچووم، بەیانیش باسم نەکرد، ترسام کێشەیەك بۆ من و دڵوار دروست بێت، ئەو رۆژانە هەستمدەکرد وێنەکانی سەر دیوارەکە لە نێوان دایکم و باپم خەریکە کێشە دەنێنەوە ئەو وێنانەی کە لە چاوی منەوە جگە لە کۆمەلێك خەتخەتۆکە چیتر نەبوون، یان من چ لە وێنە نازانم.. چەند رۆژێك بە سەر شەڕەکەی یانەدا تێپەڕی ئەو شەڕەی کە بە لای دایکم و باوکمەوە زۆر گرنگ بوو شەڕکەرەکان بناسن، نەمتوانی چیدی شەڕکەرێکیان لێ بشارمەوە، بە شەرمەوە بە پەری، حەزدەکەم منیش هەر بە پەری ناوی بێنم گوت:

+ دایە ئەو پیاوەی ئەو شەوە لە یانە سەریان شکاند...

- پیاوی چی! دەتەوێت چی بڵێیت

+ ئەوەی بە شووشە سەری شکا..

- ئەوەت لە کوێ زانی؟ ئێ، چی بووە

+ ئەو پیاوە بابی برادەرێکمە

پەری شلەژا خراپ شلەژا، دەستی بە سەری خۆیەوە گرت، دەستم خستە بن شانی:

+ دایە، چیە، بۆچی وات لێهات

- چ نیە، بە من بڵێ، برادەرەکەت کێیە، ئەو پیاوە کێیە؟

+ کوڕی ئەو پیاوەی سەری شکا، هاو پۆلمە..

- خودایە هەر هاوپۆلت بێ و چیدی

+ من تێناگەم بۆچی وا قسەدەکەیت

- تێدەگەیت دوایی تێدەگەیت، من دەمەوێت ئەو پیاوە ببینم و ئەو پیاوەش ببینمەوە کە لێیداوە، بە برادەرەکەت بڵێ دایکم دەیەوێت بابت ببینێت، باشە نەیگوت بۆچی لە باوکیان داوە؟

+ نا، ئەویش نازانێت

لەو دەمە بابی ماچ حەزدەکەم هەر بە بابی ماچ ناوی بابم بێنم،هاتەوە، پەری تێیگەیاند، ئێستا بابی ماچ و ماچ بە تەنیان و لەو بارەیەوە قسەدەکەن:

- بە من بڵێ بابی برادەرەکەت ناوی چییە

+ بەرزۆ

- مالّیان لە کوێیە؟

+ لە نزیك باخی شار

- کوڕەکەی زۆر برادەرتە؟

+ ئا، برادەرمە

- باشە، من داوایەکت لێدەکەم، هەوڵبدە لە رێی برادەرەکەتەوە وێنەیەکی باوکی بە دەستبێنە..بزانە ئەو پیاوەی لە باوکیشی داوە کێیە و لە کوێیە؟

+ ئێوە بە من بڵێن، ئەو کێشەیە چیە لە نێوان ئێوە و ئەو شەڕکەرانە..

- شتێکی ئەوتۆ نیە، بەرە بەرە بۆت رووندەبێتەوە، پەلە مەکە تێیدەگەیت..لەو دەمە مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، دڵوار بوو، گوتم:

- ئەوە برادەرەکەمە

+ باشە، لێی بپرسەوە بزانە..

بابی ماچ چووە ژوورەکەی خۆیان، بە دڵوارم گوت:

- بە من بڵێ نەتزانی شەڕەکەی باوکت لە سەر چی بوو

+ ئۆی، چەند جار گوتم هیچ نالّێ، هەر دەڵێ تێگنەگەیشتنێك بوو

- ئەدی پیاوەکە بەر بوو؟

+ نا، هەر لە زیندانە

- نازانی ناوی چی بوو؟

+ دەمزانی لە بیرم نەماوە

- ناوەکەی وەرگرە

+ من لە تۆ تێناگەم چ هەقت بەو کێشەیەوە هەیە، تێمگەیەنە

- منیش باش تێناگەم، بەڵام رەنگە تێبگەین، دوور نیە ئەو شەڕە...

هێشتا پەری و بابی ماچ هەر لە سۆراخی شەڕکەرەکان بوون، پەری چەند جارێ تکای لێمکرد کە هێندە لە دڵوار نزیکنەبەوە، چەندی لێی دوورکەومەوە باشترە، چەندی تکام لێبکرد هۆیەکەی بزانم هیچی نەگوت، بە قسەی پەریم نەکرد، لە دڵوار دوورنەکەوتمەوە، باش بوو لێی دوورنەکەوتمەوە دەنا چیرۆکی (ماچی یەکەم) نەدەنووسرایەوە، ئەو چیرۆکەی هەر بە نهێنی دەمێنێتەوەو رەنگە دوای سەدەیەکیتر کۆڵانەکانی شار بۆ یەکتری بگێڕنەوە، نیوەی نهێنیی ماچی یەکەم لە ڕێی دڵوارەوەیە، دڵوار بوو دەچووە یانەکان و بە سەرخۆشی پیاوەکانی ناو چیرۆکی ماچی یەکەمی دەهێنایە قسە، دڵوار نەبا...

-٢١-

کوڕی پیاوە مەستەکە:

من ماوەیەکی کەم راوێژکاری ئەو پیاوە بووم، کە هەندێ کەس بە ئەتککەر ناویان دێنا، چەند جارێك لە خانووە تایبەتیەکەی خۆی داوەتی کردووم، زۆر متمانەی بە من بوو، لە خانووە حەفتا ژوورییەکەی ئەتککەر هەرچیت دەویست هەبوو، هەر لە تابلۆی زۆر دانسقەوە تا ژنی هەمە رەنگ، ئەو پیاوە خەڵکی جۆراو جۆری داوەت دەکرد، لە مەلایەکەوە تا قوتابیەکی زانکۆ، بۆ هەر جۆرە میوانێکیش ژووری تایبەت و کەشی تایبەت هەبوو، من جاری یەکەم کە چووم جگە لە سێ چوار پاسەوان و ژنێکی خزمەتکاری بە تەمەن کەسم نەدیت، دەنگی کەس نەدەهات، دواتر تێگەیشتم کە رەنگە لە یەك کاتدا ئەتککەر چەند میوانێکی هەبێ، میوانەکان ئاگایان لە یەکتر نەبێت، ئەتککەر هەر میوانە و بە شتێك داوەتی دەکرد، من جاری یەکەم بە گۆشتی مامز، جاری دووەم بە شەراب و نیشاندانی ئەلبوومێك، جاری سێیەم بە کچێك ، جاری سێیەم لە پەنجەرەیەکەوە ئەو کوڕەم دیت کە بە پاکانەنووس ناوی رۆیشتبوو، بەڵام ئەو منی نەدیت، جاری یەکەم نەخشەسازی گەرماویش لەوێ بوو، سەیربوو ئەو دووە هەریەکەی سەر بە لایەنێکی دژ بوون کە خوێنی یەکتریان فڕدەکرد، من بە گوێی خۆم گوێم لێبووە لە تەلەفزیۆنەوە نەخشەساز و ئەتککار قسەی سووکیان بە یەکترگوتووە، کەچی ئەوەتە لێرەش.. من ونەخشەساز بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، نازانم بە پەیوەندی من و پەریی زانی بوو یان نا، بەڵام دەیزانی ئێمە ناسیاری یەکترین و هاتووچۆمان هەبووە، نەخشەسازی گەرماو چاوی بڕیبووە پەری، لە قسەکانی را دیار بوو دەیویست بە هەر نرخێك بێت پەری ببێتە ژنی، پێدەچوو نەخشەیەکی لە سەر دابێت بۆ لە ناوبردنی میردەکەی پەری، من گوتمە نەخشەسازی گەرماو: وا باشە واز لەو ژنە بێنی، خۆ دنیایەك کچی لەو جوانتر هەیە و ئامادەشن شووت پێبکەن.. کەچی نەخشەساز پێنەدەچوو دەستبەرداری نەخشەکەی خۆی بێت..لە ئەلبوومەکەی ئەتککەر چەند جۆری مەمك هەیە، هەبوو، من لە ناو مەمکەکانی ئەلبوومەکەی ئەتککەر بۆ مەمکێك دەگەڕام کە لە مەمکی پەری بچێت، مەمکی پەریی پازدە ساڵە، مەمکی پەریی بیست و دوو ساڵە، مەمکێکم دیتەوە سوێند بخۆم هی پەریە سوێندم لێناکەوێت، چەند بە هی پەری دەچوو ئەوجارەی بۆ دواجار دوگمەی سینەم ترازاند ئەگەر وێنەیەکم بگرتایە و لەتەنیشت ئەو وێنەیەی وا لە ئەلبوومەکەی ئەتککەرە دایبنێیت کەس لێکیان جودا ناکاتەوە، ئەوەتا لە سەرەوەی گۆی هەر چوار مەمکان دوانی ئەلبووم و دوانی سینەی پەری خاڵ هەیە، تۆ بڵێی لە دنیایێ چەند مەمك هەبێ لە هەمان جێ خاڵی کتومت وەك خاڵی مەمکی پەری خاڵی هەبێ! ئەو مەمکانە لە قەبارە و شێوە و رەنگ مەمکی پەرین، ئەو سینگە رووتە سینگی پەریە من سینگی پەری لە ناو هەزار سینگان دەناسمەوە، مێردەکەشی وەك من سینگی پەری ناناسێتەوە، من حەفت پایز باخەوانی باخی سینەی پەری بوومە هەنارەکانی دەناسمەوە، چاوم لە سەر سینەومەمکی پەری هەڵنەدەگرت، خۆزگە ئەو سینە و مەمکە گەردنیشی لەگەڵ دەبوو، ئەودەم دڵنیاتر دەبووم، خاڵەکەی گەردن یەکلاکەرەوەی هەموو کێشەکانە، گومانەکانە، ئالۆزیەکانە، بەڵام ئەو مەمکانە ئەو سینگە هی پەریە و گومان هەڵناگرێت، چاوم هەڵنەدەگرت دەبوو بزانم چۆن گەیشتنە ناو ئەلبوومەکە، سەیرە، پەری شتی وا دەکات! لەو دانیشتنەی ماڵە تایبەتیەکەی ئەتککەر شەراب خۆی رانەدەگرت، زۆرم خواردەوە بابیشم هێندەی نەخواردۆتەوە، ئەتککەر پرسی:

+ چیە، دەڵێی ئەو مەمکە خاڵدارە..

- ئا، بە راستی جوانن، ئەو خالّانە زۆر جوانن..

+ ئەوجا چیت دیوە، ئەو ژنە لەشی پڕ لە خالّە..

- لە ناو رانیشی هەیە؟

+ خالّە جوانەکان لەوێن..

- ئەو ژنە ناوی چیە؟

+ ناویت بۆ چیە؟ لە بیرم نیە، ئەگەر حەز دەکەیت دەتوانیت تامی بکەیت

- مەمنوونت دەبم

+ مەنوونی ناوێت..

- کەی؟

+ سێ چوار رۆژێکیدی..

تۆ بڵێی پەری بێت! پەریە دڵنیام پەریە، بەڵام ئەو شتی وا ناکات، رەنگە گۆڕابێت، ئەو رابوونەی شار چی نەگۆڕی، بەڵام پەری دەگۆڕێت! رەنگە، باشە کێ نالێ پێشتریش وا نەبووە، من چووزانم، راستە خۆشەویستی من بوو بەڵام رەنگە، مێردەکەشی وەك من بیناسم لەوانە نیە بازرگانی بە ژنەکەیەوە بکات، بەڵام رەنگە.. ئەو چەند رۆژە لە سەر ئاو و ئاگر بووم، ئەتککەر خاوەن قسەو بەڵێنی خۆی بوو، لە رۆژی چوارەم گوتی:

+ ئامادەیە، بەڵام وەك پێتمگوت، شتەکان هەموویان بە ناوی خۆتەوە واژۆی دەکەیت و وەریاندەگریت

- ئەوە کێشەیەك نیە، بەڵام سەرەتا حەزناکەم کچەکە من ببینێ، با من لە پەنجەرەیەکەوە بیبینم بزانم..

+ باشە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خۆت چۆن دەیبینی و دەچیە لای

ئێستا لە مالّی ئەتککەرم لەو دیوی پەنجەرەیەکی جام کەمێك تاریکەوە چاوەڕێی دیارکەوتنی پەری دەکەم، وا بڕیارە بە سینگی رووتەوە بێ، ئێستا پەری بە بەردەمدا دێ و نامبینێ و دەچێتە ژوورێکەوە کە تایبەتە بەو و منیش دوای کەمێك دەچمە لای، دیداری ئەو جارەمان نە عەشقە و نە هیچ، مامەلەیەکە و تەواو، باشە پەری رازی دەبێت؟ بەڵام مادام بێتە ئێرە پێشتر رازیبووە، هەرکێ بچێتە گژی رازیە، منیش وەك هەر کەسێکیتر، نا، من رەنگە نەتوانم بچمە لای، بۆ ناتوانم، چێژی خۆم وەردەگرم و ئەویش پێشتر پارەی خۆی وەرگرتووە، دەی، بزانم چۆن دەبێت، با بێت، لەو دەمە دیتم لە ڕاڕەوەکەوە پەری هات، سینگی رووت بوو، چۆکم دەلەرزێ، خۆم بە پێوە راناگرم، دەستم بە لێواری پەنجەرەکە گرتووە،گەیشتە ئاستی پەنجەرەکە، دیارە پێشتر پێیگوتراوە کە لە بەرانبەر پەنجەرەکە کەمێك راوەستێ، راوەستا، باشە ئەو من نابینێت، با من تەماشای بکەم، ئای ئەوە کێیە! هەوە، ئا هەوە، پەری چی، ئەوە کەی پەریە، بەس مەمکەکانی مەمکی پەرین، ئەوە کێیە؟ دیتوومە، دەیناسم، خۆیەتی، هەو بوو، خوشکی کچی بازرگانەکە..لە بیرمە لە بەر خۆمەوە گوتم((ئۆخەیش باش نەبوو پەری نەبوو، کێ دەبێت با ببێت)) هاتە سەرم لە دەرگاوە سەرێك بە خوشکی کچی بازرگاندا بکەم و پێیبڵێم: ((تۆ لە چیت کەمە ئەو ئیشە دەکەیت))، ئەو کەرایەتیەم نەکرد ترسام ئەویش بڵێ: ((ئەدی ئەتو بە خوشکم تێرنەبووێت، منیش..)) نەچووم، لەبەر خۆمەوە گوتم((هەر خوشکەکەشت لەگەڵ خۆت نەهێنیت هەقم لە سەر تۆ نیە)) لەبیرمە هەزار جار پتر لە بەرخۆمەوە داوای لێبووردنم لە پەری کردووە، پەریی فریشتە، پەریی هەمیشە پاك، پەری ئەو پەریەی من پیسمکرد، ئەو پەریەی من لەخۆوە ویستم بیکەمە لەشفرۆش، داوای لێبووردنم لە مێردی پەری کرد، ئەو کوڕەی بەس من دەزانم چ کوڕێکی پاکە.. چوومەوە ژوورە تایبەتیەکەی ئەتککەر و گوتم:

+ ببووره من ناتوانم بچمه لای ئەو کچە

- بە دڵی خۆت بکە، بەڵام ئەوەی گوتم لەبیری مەکە

+ وەك چۆن تۆ خاوەن قسەی خۆتی منیش هەر وا

دوای ئەوەی کارەکەم بۆ ئەتککەر کرد، کە دنیایەك پارەی دەستکەوت، ئیدی من وازم لە راوێژکاری و هەموو شتێك هێنا، خراپ تێگەیشتن لە پەری بوو یان خوشکی کچی بازرگان بوو وایان کرد کە واز بێنم و ببمەوە کەسە ئاساییەکەی جاران، نازانم نە پەری بوو نە خوشکی کچی بازرگان..

من ئەو ساڵەی لە ژێر گوشاری کچی بازرگان، ئێستاش هەر پێیدەڵێم کچی بازرگان، ژوورەکەم، پەنجەرەی دنیام جێهێشت، شاریشم جێهێشت، چوومە بەغدا ئەوە ساڵێکە هاتوومەتەوە، بەڵام لە بەغداش پەریم هەر لەگەڵ بوو، ئەو ساڵەی سەدامە بەردینە گەورەکە کەوت و لە جادە رایانکێشا بۆ چەند رۆژێك هاتمەوە، لە سەری کۆڵانی خۆمانەوە کە بووەتە کۆڵانی مااڵی پەری، پەریم دیت، لەگەڵ میردەکەی و کچەکەی دەچوونەوە ماڵ، ئەو منی نەدیت، دەچوونەوە ئەو ماڵەی دەبوو هی من و پەری بێت، دەچوونە ئەو خانووەی کە بە چ حاڵ باڵم رازیکرد کە بە هەر شێوەیەك بێت دەبێت ئەو خانووە بۆ پەری بێت، بە کەسی نەفرۆشێت جگە لە میردەکەی پەری، نازانم باڵم ئەوەی چۆن پێکهێنا.. دوای هاتنەوەشم چەند جارێ پەریم دیوە، بەڵام نەمهێشتووە ئەو بمبینێت،خۆزگە نەمدیتبا، سیمای زۆر گۆڕاوە، ناناسرێتەوە، نەدەبوو پەری نەناسرێتەوە، تەمەن زەفەری بە جوانیی پەری برد، ئەو جوانییەی من پێمواببو تا تەمەنی هەشتاش هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، نەمایەوە، توایەوە، حەیف..

ئەگەر ئەو شەوە ئەو نەفرەتیە چیرۆکی رفاندنەکەی نەگێڕاباوە من ساڵانێکی زۆر بوو هیچ پەیوەندیەکم بە چیرۆکی پەریەوە نەمابوو، ئەو نەفرەتیە نازانم بۆچی لای من گێڕایەوە، دوای ئەو هەموو ساڵە گێڕایەوە، دڵنیام بیزانیایە خۆشەویستی من بوو نەیدەگێڕایەوە، نا ئەو چووزانێت، نەیزانیبوو، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەو کوڕە لەو جۆرە بێت، کچ بفڕێنێت، ئەو ئێوارە درەنگەشم باش لە چاوە، دەهاتمەوە ماڵ هێشتا چەند دەرگایەك مابوو بگەمە دەرگای خۆمان لە سەری کۆڵانێ ماشێنەکەم دیت، لە هەستاندا دیتم نائاسایی بوو، ئا دڵم گوتی ئەو ماشێنە کەسێکی رفاند، بەڵام بە هەندم هەڵنەگرت، ماشێنەکەش هەر بە ماشێنە سپیەکەی بەرزۆ دەچوو، ئەو بەرزۆیەی ئەوەتە سەرهاتی ئەو ئێوارەیەم بۆ دەگێڕێتەوە و نەیزانی چی بە سەردێت، بریا پێش ئەوەی شووشەکەی بە تەپلی سەریدا بدەم، لێمدەپرسی دوو کوڕەکەیدی کێ بوون؟ دەبوو لێیبپرسم، تا ئەوانیش بنێرمە خەستەخانەو خۆشم خوای دەکرد هەتا مردن لە زیندان دەمامەوە، من هەرگیز پەشیمان نیم لەو شووشەیەی لە سەری ئەو پیاوەم دا کە شەوێك پەری رفاند و لاقەی کرد، ئەو پەریەی ئەو هەموو پایزە وا لە دووریی دەسووتێم، ئەو پەریەی جگە لە نامەیەك هیچم نیە بۆی، بەس ئەو نامەیەی بگاتێ بەس، چەند جار ویستوومە تەلەفۆن بۆ ژمارەکەی خۆمان بکەم، ناوێرم،حەفت ساڵە ژمارەی مۆبایلەکەیم لایە، رۆژ نیە نەیەتە سەرم کە زەنگێکی بۆ لێدەم، وشەیەکی بۆ بنێرم، نابێت، شتی وا نابێت، من هیچم لەگەڵ وی نەماوە، ئەو خاوەن میردێکە وەك بیستوومە بە قەد دنیایەك خۆشی دەوێت، بەڵام حەزدەکەم ئەو نامەیەی هەر ساڵەی چەند دیرێکم لێی نووسیوە، حەڤدە ساڵ پترە خەریکیم، هێشتا تەواو نەبووە، بینێرم بۆ پەریی بنێرم، هەروەك جاری جاران نامەیەکی کاغەزیی بۆ بنووسم، مۆبایل بۆ ئەو دەم باش بوو بۆ ئەو حەفت پایزەی من و پەری بە دزی گەڕەك و کۆڵان بە دزی هەمووان عەشقمان دەکرد، مۆبایل بۆ ئەو دەم باش بوو، ئێستا بە من چی، ئەو نامە حەڤدە ساڵیە بگاتە پەری و بیخوێنێتەوە من چیدیم ناوێت...

پەری:

دوای روونبوونەوە و رووتبوونەوەی وێنەکانی ژوورەکە، بابی ماچ زوو زوو چاوی دەبڕیە دارپرتەقاڵەکە و دەچووە خەیاڵەوە رۆدەچووە خەیاڵەوە، رۆچوونێك نە رەگی دار پرتەقاڵەکە چ ئەوەی خۆی چاندی چ ئەوەی کوڕی پیاوە مەستەکە، نە رەگی هیچ درەختێ وا رۆنەچووەتە زەویەوە، بانگمدەکرد، دەچوومە باوەشی بەڵام ئەو وەها نەدەرۆیشت بە بە بانگکردن بێتەوە، کە دەهاتەوەش تواند زۆر تواند لە ئامێزمی دەگرت، سەد ماچی لێدەکردم، دەتگوت چەند هەفتەیە نەیدیوم، بابی ماچ، کەم منی بەجێهێشتووە، قەت نەبۆتە هەفتەیەك، بابی ماچ رستەیەکی ماچی هەبوو، زوو کەوتە زاری کۆڵان و گەڕەکیش دەیانگوتەوە، بابی ماچ هەمیشە دەیگوت((من ئەگەر رۆژێك ماچی تۆ نەکەم وەك ئەوە وایە ئەو رۆژە بۆ شەیتان بە رۆژوو بم)) دوای خوێندنەوەی وێنەکانیش، خوێندنەوەی چیرۆکی عەشقی حەفت پایزەی من و کوڕی پیاوە مەستەکەش، رستەکەی خۆی هەر دەگوتەوە، پتریش لە ئامێزی دەگرتم، هەستمدەکرد دەترسێت، ترس لەوەی لە دەستی بچم، وای هەستدەکرد کە من هێشتا تۆزێك عەشقی کوڕی پیاوە مەستەکەم لە دڵدا ماوە، ئەو دەیویست وەك چۆن خۆی جگە لە عەشقی من لە دڵیدا شتێك نیە، منیش وابم، راستی منیش هەر وام، بەڵام نازانم بۆچی حەز لە بینینی کوڕی پیاوە مەستەکە دەکەم، لەوەتەی هەموو شتم بۆ بابی ماچ گێڕاوەتەوە پتر تامەزرۆی بینینەوەی کوڕی پیاوە مەستەکەم، نا من هیچم لەگەڵی نەماوە، من لەو شەوەوەی کە چلەمین شەوی بووك و زاوایەتیمان بوو، عەشقی بابی ماچ بووم عەشقێك رۆژ دوای رۆژ ئاگراوی تر بوو، دەبێت، لەو شەوەوە هەزار جاریش گوتوومە((خۆزگە لە بنی کوڕی پیاوە مەستەکەم نەدەناسی، باش نەبوو نەبوومە ژنی ئەو، بابی ماچ، هەر بابی ماچ، من ئاسوودەترین ژنم کە ژنی بابی ماچم)) بەڵام نازانم بۆچی دوای ئەو هەموو ساڵە حەز بە دیتنەوەی کوڕی پیاوە مەستەکە دەکەم..

من دەبوو بەرزۆ ببینم، کێیە ئەو بەرزۆیەی درەنگانی ئێوارەیەك لە سەری کۆڵانی ماڵی پیاوە مەستەکە لەگەڵ دوو خوێریتری وەك خۆی منیان پەلکێشی ماشێنەکەیان کرد، بردمیان و کاری خۆیان کرد، ئەو خوێریانە دەبێت کێ بن، دیار بوو یەکیان منی باش دەناسی، ئێستا هاتەوە بیرم ئەو کاتەی هاتە سەرم گوتی: ((هەموو رۆژێك بە بەردەمدا تێدەپەڕی و دەمسووتێنی و ئاوڕیش نادەیتەوە)) ئا وای گوت، بەڵام دەنگیم نەناسی، دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا ئەو رستەیەم بیرکەوتەوە، ئەو بەرزۆیە کێ یە هەموو رۆژێك منی دیوە، من لە ناو بەرزۆیان هەر سێ بەرزۆ دەناسم، ئەوەی پێشان ماڵیان لە کۆڵانی پشتمان بوو، بەڵام ئەو بەرزۆیە لەوانە نەبوو، خوێڕیایەتی وا بکات، کوڕێك بوو هەندێك بە تەمەن، لە هەموو کوڕانی بێ ژن بە تەمەنتر، لەگەڵ بابم زۆر برادەر بوو، زۆر شەوان دەهاتە ماڵمان و هەتا درەنگ دادەنیشت، وا بزانم دەرچووی ئامادەیی بوو، هەڵاتووی سەربازیش بوو، لەپڕ بزربوو، نەمدیتەوە، کچە بە تەمەنەکانی گەڕەك بۆی شێت ببوون، کەچی ئەو هەر ئاوڕیشی نەدەدایەوە، سەری لە کەس بڵند نەدەکرد، نا ئەوەیان نیە، بڕوا ناکەم بەرزۆیەکەی کۆڵانی پشتمان لەگەڵ من شتی وای کردبێت، بەرزۆیەکی دی، ئەوە ئەودەم منداڵکار بوو، نا ئەوانەی منیان رفاند منداڵکار نەبوون، ئەوەیان دواتر بووە پێشمەرگە ئیدی نەمدیتەوە، ماڵیان نزیك ماڵی کوڕی پیاوە مەستەکە بوو، بەرزۆیەکەی تریش جاش بوو، ئەویش جارێك گێچەلی پێمکرد، بەڵام دووبارەی نەکردەوە..من هەر ئەو سێ بەرزۆیە دەناسم، ئەو دەمەو ئێوارەیەی ماچ نەخشەی دیتنی بەرزۆی کێشا و گەیشتە ساتی جێبەجێکردن، دڵم کوتە کوتی بوو، بەرزەفت نەدبوو، ترسام، تووڕە

بووم، چەند جارێ ویستم پەشیمانببمەوە، نەمدەویست بیبینم پیاوێکی دەمامکدراو ببینم پیاوێك دەستەکانی بەست و بە زۆر هاتە ناو رانمەوە..

ئێستا من و ماچ و بابی ماچ لە ناو ماشێنێکین، من بە تەنیشت بابی ماچەوە، ماچ لە دواوە، یەکەم جارمە سواری ماشێنی وا بم، ماشێنی جام رەش، هێشتا رۆژ تەواوێکی ماوە، باخی منارە هێشتا هەر لە ئاسمانەوە رووناکایی وەردەگرێت، جارێ گلۆپەکان کە لە چاوی من شێوەی چاو نیشاندەدەن هەڵنەبوون، ماچ چەند جارێ گوتیەوە((ئێمە لە نێوانمان پەیمان هەیە، نابێت بیشکێنین) بابی ماچ دەیگوت((من لە تەمەنم لەگەڵ کەس پەیمانم نەشکاندووە ئەوجا لەگەڵ کچی خۆم!)) منیش دەمگوت: ((منیش نەمشکاندووە و نایشکێنم)) پەیمانی نێوانمان ئەوە بوو لە کاتی دیتنی بەرزۆ خۆمان تێکنەدەین و هیچ قسەیەك یا شتێك نەکەین، ماچ گوتی:

+ تەماشای ئەو دوانە بکەن

- ئەوە!

لە نزیك ماشێنەکەو روو لە ئێمە راوەستان، گەنجێکی بیست ساڵە و پیاوێکی لە سەرەوەی پەنجا ساڵی، جوان لێی وردبوومەوە، ئەویش دیار بوو، نەیدەویست هێندە بوەستێ، گەنجەکە وەك بڵێی دەیخافلاند، من پتر لێی وردبوومەوە، هەوە بە راستی هەوە، بەرزۆیەکەی کۆڵانی پشتمان، ئۆی خوێڕی، تۆ ئەوەت لەگەڵ من کرد! برادەری باپم بوویت، ئەو هەموو مێواندارى و رێزە، ئەو هەموو چایەم لە پێشت دانا، هیچو پووچ، دەمویست جامی ماشێنەکە دابەزێنم و تف لە ناو چاوی بکەم، وام نەکرد، پەیمانەکەم بیرکەوتەوە، دەنا دەموچاویم تفڕێژ دەکرد، پەیمانەکەی بە ماچم دابوو، بابی ماچ بە هێواشی بە ماچی گوت:

+ ئەو کوڕە برادەرەکەتە

- هەوە، دڵوارە حەیف کوڕی ئەو پیاوە وەحشیەیە

من تێکچووم، لەرزوتام گرت، بە پڕتاو گەڕاینەوە، بەڵام بابی ماچ وەك ئەوەی هیچی نەدیتبێت، هیچی نەبیستبێت، بە هەندی وەرنەگرت، دەیگوت: دوای ئەو هەموو ساڵە شتێك بوو، رووبدا، پێویست ناکات زیندووی بکەینەوە، کێشەیەکی ترسناکە، بۆ خۆمان باش نیە، لە بیری خۆتی ببەوە هەر وا بزانە کاتی خۆی خەونێکی ناخۆشت دیوە و تەواو..

خەونێکی ناخۆش! تا ئەو پیاوە سپلەیەم نەدیتەوە شەوی گەشتەکە وەك خەونی لێهاتبوو، بەڵام بە دیتنی ئیدی نەك لە خەون نزیك نابێتەوە، لە رابردووش جێگەی نابێتەوە، راستیەکی هەنووکەییە هەر دەڵێی ئەو ئێوارەیە گەشتی لاقە دەستی پێکردووە، ئەو گەشتە گەشتێك نیە لە رابردوو، گەشتێکە لە ئێستا و ئایندە، ئەگەر ناسیار نەبا، ئەگەر ئاشنا نەبا بە مااڵمان رێزی زۆری نەبا وەها تێکەڵی ئێستا و ئایندەم نەدەبوو، خۆ وا بزانم برادەری کوڕی پیاوە مەستەکەش بوو، خودایە دەبێت دوو پیاوەکەیدی کێ بن، دەترسم لە بەرزۆش نزیکتر بن، وا باشترە نەیانبینم، خودایە ئەگەر ئاشناشن با هێندەی بەرزۆ ئاشنا نەبن، من بەرگە ناگرم بەرگەی ئاشنایان ناگرم، لە خۆم بەدبەختێ، چ دەبوو ئەو بەرزۆیەی منی رفاندو لاقەی کردم، بەرزۆیەك با نەك هەر بە من بە گەڕەکیش نا ئاشنا با، چ دەبێت ئەگەر دوانەکەیدی هەر خەڵکی ئەو شارەش نەبن، ئەدی ئەوەی شووشەکەی بە سەری بەرزۆدا کێشا، من لەو دەترسم، خودایە ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە ئەو نەبێت، هەر کێ دەبێت، ببێت، تەنها ئەو نەبێت، دەترسم سۆراخی دوانەکەیدی بکەم، چ ئەوەی هاتە ناو رانمەوە چ ئەوەی نەهات، خۆی نەهات یان نەیانهێشت بێت، پێدەچێت، ئەوانیش ئاشنا بن، بۆیە کوڕی بەرزۆ ئەوەی نەدەبوو ببێتە برادەری ماچ، ئەوەی بابی خۆی نیشانی من و

بابی ماچ دا پێدەچێت خۆی بدزێتەوە لە ناوهێنان و نیشاندانی ئەوانیدی، لە قسەکانی ماچ رادیارە، دڵوار، ئۆی ئەو ناوە چەند خۆشە خۆزگە کوڕی سەگ دەبوو نەك هی بەرزۆ، ئەو دڵوارە نایەوێت من ئەوانیدی ببینم، بە ماچم گوت:

+ ئەو برادەرەت کە پێناچێت لە بابی باشتر بێت، بۆچی ناوی ئەوانیدیم لێ دەشارێتەوە؟

- وا مەڵێ، کوڕەکان مەرج نیە بچنەوە سەر بابیان..

+ ئەدی کچەکان دەچنەوە سەر دایکیان؟

- من حەزدەکەم بچمەوە سەر دایکم

+ نا، نەچیەوە سەر دایکت، تکایە لە زۆر شت نەچیەوە سەر دایکت

- وەك چی؟ من هەمیشە شانازیم بە دایکی ماچەوە کردەوە، خۆزگەم خواستووە تاڵە قژێك بام بە سەری ئەوەوە

+ نا، من بە قسەی ژنە کەسکپۆشەکەم نەکرد تۆ بە قسەی بکە..

- ئەو ژنەی لە کۆڵانی مالّی باپیرمە؟

+ ئا، ئەو ژنەی دنیایەك نهێنی منی لایە، ئەو ژنەی هەتا ئێستاش دایکی منە، ئەو و قومریی جوانەمەرگ و خوشکترین..

- رەنگە رۆژێك من تۆ بنووسمەوە، تۆ چیرۆکی..

+ لە چیرۆکی من گەرێ و ئاگاشت لە خۆت بێت، لێی دوورکەوە

بابی ماچ رۆژ دوای رۆژ کز دەبێت، قەت ئەوها بە کزیم نەدیوە، ناوە ناوەش لە کۆمپیتەرەکەیەوە قالەمەڕە هەڵیدەکردە شمشاڵ، بابی ماچ هەر کاتێك خەفەتێکی هەبا بۆ چەند ساتێك گوێی لە شمشاڵ دەگرت، یان لە سێوە، ئەو دووە بۆ بابی ماچ دەرمانی هێور کەرەوە بوون، زۆر جار بە پێکەنینەوەدەیگوت:ئەگەر بریندارى دوو گوللەش بم مادام گوێ لەم دووە لە قاڵە مەڕە و سێوە رابگرم هەست بە ئازار ناکەم، بابی ماچ بە سااڵێکیش هێندەی ئەو چەند رۆژەی نەخواردۆتەوە، لێم بۆتە پیاوە مەستەکە، بەردەوام بوتلێکی بە دەستەوەیە، قسەی پیاوە مەستەکە راست دەرچوو،گوتبووی بە ژنەکەی گوتبوو، چەند جار پێیگوتبوو: ((ئەو حەوشە و بانە، ئەو باخچە و دار و درەختانە، ئەو هەموو گەاڵ و چۆلەکە و باڵندانە هی ئەوەیە شەو رۆژ بە دیاریانەوە بخۆیتەوە، هەر کەسێك لێرە بژیت، فێری خواردنەوە دەبێت، بڕۆ شێخ و دەرۆیشان بێنە، بڕۆ فریشتانی ئاسمان بێنە با وەرزێك لێرە بمێننەوە بزانە لە من پتر دەخۆنەوە یان نا، بەاڵم ژنێ تۆ لە چ تێدەگەیت، ئەگەر هێندەی گەاڵیەك، هێندەی باڵی چۆلەکەیك تێگەیشتبایت دەهاتی لەگەاڵ من دەتخواردەوە، مەست دەبوویت و پێکەوە گۆرانیمان دەگوت سەمامان دەکرد،حەیف! من یەك داوام لە خودا هەبوو، پێش ژنهێنان چەند جار رووم لە خودا کردووە و گوتوومە: خودای من، من هیچم لە تۆ ناوێت، تەنها ژنێکی شەرابخۆر نەبێت، ژنێك لە جیاتی بۆنی بنیشت- تۆ هەر بنیشت بجوو- با هەمیشە بۆنی شەرابی لێبێت..)) ئەوەتە ئەو ژوورە، ئەو دارپرتەقاڵ و درەختانە بابی ماچیشیان وەك پیاوە مەستەکە لێکرد، دەچوومە تەنیشتی ماچێکی چاویم دەکرد، تۆند لە باوەشم دەگرێت:

+ بۆچی هێندە دەخۆیتەوە؟

- زۆر نیە، ها تۆش پێکێك بخۆوە، دەی بخۆوە، وەك من بخۆوە، با پێکەوە مەست بین، با بە مەستی سەمابکەین، بە مەستی بچینە باوەشی یەکترەوە، دەی..

+ لە من گەڕێ، ناتوانم بخۆمەوە، تۆش هێندە مەخۆوە، ئەگەر منت خۆشدەوێت، هێندە مەخۆوە

- هێندەی من تۆم خۆشدەوێت، هیچ پیاوێك هێندە ژنی خۆی خۆشنەویستووە، بزانە لە کاتی مەستیش پترم خۆشدەوێیت، بۆیە لێمگەڕێ با مەست مەست بم..

سەری بە سینەم کرد و کپ کەوت، خەوی لێکەوت، ئەو چەند رۆژە زۆر جار بە مەستی لە سەر سینەم دەخەوت و خەونی دەدیت، رادەپەڕی، بەڵام خەونەکانی نەدەگێڕایەوە..

پێدەچێت شتی نوێی زانیبێت، رەنگە دوانەکەیترپشی بینیبێت، دوور نیە ئەوەی زیندانیشی بینیبێت، خودایە زیندانیەکە کێیە! ماچیش شتی زانیوە، لێمدەشارێتەوە، بۆ دەبێت لێمبشارنەوە! بۆ لێم نەشارنەوە،من کەمم شاردەوە، کەمم لە بابی ماچ شاردەوە، نەدەبوو خۆم فێری هونەری شاردنەوە بکەم، لەگەڵ کێش، بابی ماچ، ئای، رۆژگار بگەڕێوە دواوە، سااڵ سااڵ بگەڕێوە، تا دەگەیتەوە بن درەختی گوڵاوی بگەڕێوە، لەوێ لەو دەمەی درەختەکە یەکەم دەستگوشینی من و کوڕی درەختی گوڵاویی بینی، لەوێ هەموو رابردووی خۆم بۆ کوڕی درەختی گوڵاوی بۆ بابی ماچ دەگێڕمەوە، هەمووی دەگێڕمەوە بێ پەراندنی یەك ماچ یەك دەستلێدان، یەك پاڵخستن، حەیف چوو ئەوەی چوو، چوو..

بابی ماچ بابی ماچی جاران نیە، نە لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە چیا، نە پیاسەی ناو فریزی ماوە، نە بە بەژن و باڵای درەختەکان یەکە یەکەی درەختەکان دەڕوانێت، تەنها تی چاوێکی دوژمنانە دەداتە دار پرتەقاڵەکەی گۆرین، تەماشای ئەوانیتر ناکات، نە لەگەڵ جریوەی چۆلەکەکان سەما تایبەتیەکەی خۆی دەکات کە هەر خۆی دەیزانی، هەر لە خۆی دەهات، بابی ماچ، هەمیشە مەستە، یان لە سەر سینەی من دەخەوێت، یان دەچێتە سەر کۆمپیوتەرەکەی و دەنووسێت نایەوێت من ببینم، بزانم چی دەنووسێت، بابی ماچ قەت شتی نەنووسیوە، دنیایەك کتێبی خوێندۆتەوە بەڵام هەرگیز دێڕێکی نەنووسیوە، خۆیشی چەند جار گوتوویەتی جگە لە نامە بۆ تۆ هەرگیز شتێکم نەنووسیوە، ئیدی بابی ماچ دەنووسێت، بە سەرخۆشیش دەنووسێت، بابی ماچ زوو زوو لە ئامێزم دەگرێ، کاتێ لێوی دەخاتە سەر لێوم ناسك دەمژێ، دەیخاتە سەر گۆی مەمکم، ناسك دەمژێ، هەموو جێگەیەکی لەشم ناسك دەمژێ، وەك جاران ناسك دەمژێ، بەڵام لە پڕدا لێوی هەڵدەگرێ هەر وەك ئەوەی هێڵنجی بێتێ، هەر وەك چۆن منداڵ کخ دەکاتەوە، هەستدەکەم ئەوها کخ دەکاتەوە، منداڵ تا پێینەڵێی (کخ، کخ) کخ ناکاتەوە، بەڵام بابی ماچ بێ کخ لێکردن کخ دەکاتەوە، هەبێ نەبێ کەسێ هەیە، من گوێم لێنیە کە کخ لە بابی ماچ دەکاتەوە، بابی ماچ کەم زۆر کەم دەچێتە دەرەوە، کە دەڕواتیش زوو دەگەڕێتەوە،هەر لە سەر دەرگاوە بانگمدەکات، هەر کاتێك گوێی لە دەنگم بوو، ئیدی قسەناکات، من بە ئەنقەست، وەڵامی نادەمەوە بۆئەوەی پتر بانگم بکات((پەری، پەری، پەری)) دەزانن ناوی پەری لە زاری بابی ماچ چەند ناسك دێت، لە زاری کەس ئەوها ناسك نیە، بابم نااڵێم..

رۆژێك بە دۆاڵبێکی گچکەوە گەڕایەوە، هەر هێندەی باولەکەی ژنە کەسکپۆشەکە ئەو باولەی هەموو شتە بە بەهاکانی خۆی تێدا پاراستبوو، خەناوکە و رەفتە و کیسەی خەنەو.. دۆاڵبەکەی بابی ماچ پتەو بوو، قاسەی پارەش هێندە پتەو نەبوو، لەگەڵی بردمەوە ژوورەکەی، چەندی پرسیم بۆ چیتە؟ چی نەگوت، تومەز بۆ کۆمپیوتەرەکەی بوو، خستیە ناویەوەو کلیلی دا، ئیدی کۆمپیوتەرەکە بووە نهێنیەکی گەورە، گوتم:

+ تۆ چیت لە بن سەرە، چی دەنووسیت، ناتەوێت من ببینم، تۆ نابێت لەگەڵ من بگۆڕێیت، من جگە لە تۆ کەسم خۆشناوێت، لە سەر رابردوو لێپرسینەوەم لەگەڵ مەکە..

- من هەرگیز لە سەر رابردوو لە تۆ دڵگران نیم، تۆ هەموو شتی منی، من هیچت لێناشارمەوە، بەڵام هەندێك شتی تایبەتی خۆمە دەینووسمەوە، جارێ نامەوێت کەس ببینێت، چونکە رەنگە لێیان پەشیمانببمەوە و بیانسڕمەوە، بۆیە دڵگران مەبە

+ ئەگەر وایە..

- لەوە زیاتر چیدی نیە

لە ئامێزمی گرت و هەستم بە گەرمایی فرمێسکەکانی کرد، سڕیەوە فرمێسکەکانیم سڕیەوە، سەری بە سینەم کرد، هێندەی نەمابوو بخەوێت، راچلەکی، چووە سەر کۆمپیوتەرەکەی، لەو دەمە ماچ هاتەوە، رووی لە بابی کرد:

- چما ئەو دۆڵابە کلیلدارەت بۆ کۆمپیتەرەکەت بوو؟

+ ئا، جوان نیە!

- جوانە، بەڵام خۆ خۆشت دەزانی بۆ شاردنەوەی نووسین یان هەر شتێك لە کۆمپیوتەر رێگەی تر هەیە، رێگای کلیل لە ناو کۆمپیوتەرەکە خۆی..

+ وایە، بەڵام من ئەو رێگەیەم پێ باشترە، رەنگە کلیلی ناو کۆمپیوتەر بزربکەم لە ناو سەرم بکەوێت، بەڵام هی دەرەوەی کۆمپیوتەر بە ملمەوەیە و لێمناکەوێت..

- تۆ.....

لە کۆمپوتەرکەوە گۆرانیەکی تازە، پێشتر لە کۆمپیوتەرەکەی بابی ماچەوە گوێم لێ نەبووبوو، چریکاندی:

هەر کەسێ هات و گوتی من عاشقم باوەڕ مەکە

تا لە سەر گۆنای نیشانەی زەخمی ماران گەز...

دەی جانی جانانم وەرە...

...ماهی تابانم وەرە

دوا رۆژی ساڵ بوو،هیشتا هەر سپێدە بوو تیشکی رۆژ بەر چلە هەرە بەرزەکەی داربیەکەش نەکەوتبوو، بابی ماچ لە ماڵ دەرچوو:

+ بۆ کوێ؟ قەت تۆ نەبوویت ئەوها زوو بچیتە دەرەوە

- هیچ نیە، ئەورۆ دەبێت چەند کەسێك ببینم

+ کێن ئەوکەسانە؟ خۆ...

- پەری، جارێ نازانم، هەتا نەیانبینم، نازانم کێن و..

+ بۆچی منیش لەگەڵت نەیەم

- بە تکا تکات لێدەکەم، لێمگەڕێ، حەزدەکەم بە تەنیا بچم، ئەورۆ رەنگە دڕەنگ بێمەوە..

چاوەکانمی ماچ کرد و رۆیشت، ماچ لە دەنگی ئێمە بە ئاگا هات و گوتی:

+ چیرۆکی ئێوە، چ چیرۆکێکە!

- خودایە چیرۆکی کەس لە چیرۆکی من نەچێت..

رۆژ لە سەر ئاوابوونە هێشتا بابی ماچ نەگەڕاوەتەوە، مۆبایلەکەشی لەبیرکردووە، نا، رەنگە بە ئەنقەست نەیبردبێت، دەمویست تەلەفۆن بۆ چەند برادەرێکی بکەم بزانم نەیاندیتووە، لەو دەمە لە پەنجەرەی دنیاوە چاوم لە کۆڵان بوو، دیتم گەیشتە سەر دەرگای حەوشە، گوێم هەڵخست بۆ(پەری، پەری) بەڵام دەنگ نەبوو، بابی ماچ بێ دەنگ هاتە ژوورەوە، چوومە بەردەمی، رەنگی پەڕی بوو، ئەوە چ بە بابی ماچ ناچێت:

+ چیە، بۆ وات لێهاتووە؟

- .....

+ قسە بکە..

- هیچ، دەبێت بخەوم..

+ وەرە، لە باوەشی من بخەوە

- خەوێکم دەوێت لە تەنیایی..

سێوە دەنگی هەڵبڕی:

ئەرێ گورێ

ئامان گور لە خەوێ هەڵدەستی

شەنگ و شۆڕێ، بەژن بڵندێ

پشتی دەبەستی

ئەرێ برادەرینە

ئەگەر هەنیێ گورە جوانێ لە بۆ من بمێنێ

بەوێ مانگی لە چواردەی

کە ئەوەتانێ لە مابەینی هەور و ساماڵی

جۆخینی دەبەستی..

داد گورێ

لە باخانم نەماوی...

دیتم دوو دنکە حەبی قووتداو راکشا، خەوت، ئەو شەوە لە تەنیایی خەوت و من بە دیاریەوە تێکەڵی دەنگی سێوە بووم و تێر گریام..

بابی ماچ:

نازانم بۆچی بەو سپێدە زووە لە مانۆ دەرچووم، خۆ بەندیخانەی مەحەتە وەها زوو دەرگا بۆ کەسوکاری بەندیان ناکاتەوە، رەنگە من پێمواببووبێت ئەو رۆژە چەندی زووتر لەمانۆ بێمە دەرێ هێندە زووتر ئەو یادگارە دەبینم کە بە شووشەیەك بەرزۆی رەوانەی خەستەخانە کردو خۆیشی تووشی بەندیخانە، بەرزۆ خەستخانەی بەجێهێشت، ئەو بەرزۆیەی کە بەندیخانە جێگەی ئەوە، بەڵام یادگار جارێ هەر لە بەندیخانەیە، ئەو بەیانیە چووم لە چواررِیانی کۆترەکە نیسکێنەم خوارد، کات نەدەرِۆیشت، چەند کەرِەتێ لە فلکەی بە تەمای خوای بە دەوری ئاوەکە و خۆمدا خولامەوە، چوومە باخی منارەی چۆلی وەرزشم کرد، وەك بڵێی خۆم ئامادە دەکەم بۆ شەرِی زۆرانبازی، بۆ شەرِی مستەکۆلّە ئەوها خۆم ئامادەکرد، کات نەدەرِۆیشت، چووم لە پێش دەرگای بەندیخانە رِیزم گرت، چەند کەسێکم لە پێش بوو، هێشتا زوو بوو، من هەر دوعام دەخوێند کە ئەو یادگارە هیچ کام لەو یادگارانە نەبێت کە دەیانناسم، من هەر سێ یادگاری ئاوزەی خۆمم دەناسی، دوعام دەخوێند ئەو یادگارەی من بۆ دیدەنیی دەچم هیچ کام لەو یادگارانە نەبێت کە من دەناسن، هیچ کام لەو یادگارانە نەبێت کە رۆژێك لە رۆژان لە جێگەیەك دیومن، ئەگەر هەر یادگارێکی ناسیاریش دەردەچێت ئەوە نەبێت کە لە کۆلیژ پێکەوەبووین، دوعام دەخوێند ئەو یادگارە شووشە وەشێنە ئەو یادگارە نەبێت کە وێنەکانی ژوورەکەی نەخشاندووە، کە حەفت پایز لەگەلّ پەریەکەی من عەشقیان کردووە، هەموو شتیان کردووە، ئەو یادگارە دەبێت کێ بێت!..

ئێستا من لە ناو بەندیخانەم لەو دیوەی شیەشەکانەوە چاو دەگێرِم، چاو لە یادگاری شووشەوەشێن دەگێرِم، دلّواری برادەرەکەی ماچیش دوا کەوت، وا برِیارە ئەو نیشانبدات، هێشتا دلّوار دیار نیە، ئەها،دەلّێی ئەو کورِە دەناسم، ئا، دەیناسم، وەختی خۆی چوار سالّ لە کۆلیژ پێکەوە بووین، هەوە یادگارە، ئەوە چی دەکات لێرە! ئەوە شووشە وەشێن نەبێت، ئەوتا بەرانبەری راوەستاوم، لە بن چاوەوە تەماشام دەکات، دەلّێی دەمناسێتەوە، دوای ئەو هەموو سالّە یەکتر دەناسینەوە، خودایە، ئەوەم لەگەلّ مەکە، ئەو یادگارە پەیوەندی بەو شەرِو کێشەو عەشقەوە نەبێت، من بەرگەی ئەو کورِە ناگرم، قیروسیا با سلاوێکی لێبکەم:

+ باشی، من دەناسیەوە؟ چۆنە کەوتوویەتیە ئێرە

- سوپاس، دەتناسمەوە، ئیدی...

+ بۆچی لێرەی؟

- تۆ بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

+ بە دوای پیاوێك دەگەرِێم لە یانەدا شووشە رادەوەشێنێت؟ خۆ نالّێیت منم!

- بە هەلّە نەهاتوویت، لە من پتر کێ هەیە کەرایەتی وا بکات..

ئای! لەو دەمە ئەگەر دلّوار دەستی نەخستبایەتە بن شانم کەوتبووم، نەمزانی لەکەیەوە لە پشتم راوەستاوە، خۆزگە ئەو یادگارە هەر یادگارێك دەبوو بەلّام یادگارە تالّەکەی چوار سالّی کۆلیژ نەدەبوو، تالّترین یادگاریم لە کۆلیژ، لە بەشە ناوخۆیی، لە بەغدا لەگەلّ ئەو کورِە بوو، هەر لە هەفتەی یەکەمی سالّی یەکەمی کۆلیژ من و یادگار لە خۆرِا بووینە ناحەزی یەکتر، لە بیرمە لە یەکەم پێکەوە دانیشتن لە یانەی کۆلیژ ، چەند قوتابییەك کەوتینە سەر میزێك، کەس کەسی نەدەناسی، هەر بەیانی باشەکە لە نێوانمان بوو، هێشتا دەموچاوی یەکتریشمان باش لێکدی نەدەکردەوە، من و ئەو کورِە لەو دانیشتنە بەرانبەری یەکتر دانیشتبووین، لەوێ لەو

دانیشتنه هەستمکرد ئەو کوڕە دوژمنکارانە تەماشامدەکات، ئەویش هەر دەبێت وا هەستی کردبێت، نازانم بۆچی نەك هەر نەکەوتە دڵمەوە بەڵکو وەك ناحەزێك خۆی نیشانی من دا یان من وا نیشانی خۆمم دا، ئیدی لە ماوەی ئەو چوار ساڵە هەر کاتێك چاومان دەچەقیە چاوی یەکترەوە وەك ناحەز تەماشای یەکترمان دەکرد، بەبێ ئەوەی شتێك، ناخۆشیەك، هیچ لە نێوانمان هەبێت، هەر ساڵی یەکەم هەموو پۆڵ هەستیان بەو دوژمنکاریەی نێوان من و یادگار کرد، زۆر هەوڵیان دا پێکبێینەوە، بەڵام خۆ ئێمە شەڕێکمان نەکردووە چ شەڕی قسە چ هیچ جۆرە شەڕێك تا ناوبژیوانێك بێت و ئاشتمان بکاتەوە، بێ کەڵك بوو، هەرچیان کرد هیچ نەکرا، من و یادگار هەر بە ناحەزی ماینەوە.. ئەو کوڕە هەموو پێنجشەموانێك لە بەغداوە دەهاتەوە هەولێر، شەموانیش بە وانەی یەکەم رادەگەیشت، چوار ساڵ ئەو هاتوچۆ هەفتانەییەی دەکرد، بێ ئەوەی هەفتەیەك لەبیربکات، دەمبیست لێیاندەپرسی:

+ بۆچی هەموو هەفتەیەك ئەو ڕێیە دوورە دەبڕی؟

- بیری دایکم دەکەم،ناتوانم نەیبینم..

لە بیرمە زۆر جار پەنجەکانی بە شێوەیەك دەخستە جوولەوە وەك ئەوەی شتێك لە ناو لەپی بێت و بیانگوشێت، زۆر لێیانپرسیبوو بۆچی وا لە پەنجەکانی دەکات، هیچی نەگوتبوو، بەڵام جارێك وەك لە زمانی دەرچووبێت، گوتبووی: ((من هەموو هەفتەیەك کە دەچمەوە بۆ گوشینی دوو مەمکی هەناریە)) ئێستا زانیم بیری کێی دەکرد، ئێستا زانیم پەنجەکانی بۆچی لە جوولەی گوشینی بوون، ئێستا زانیم بۆچی چارەی یەکترمان نەدەویست و هەمیشە مۆڕەمان لە یەکتر دەکرد، من خەریکە باوەڕ بە ناڕاگایی و نادیاریەکی سەیر بێنم، ئەو هەموو دوژمنکاریە بێدەنگیەی نێوان من و یادگار لە خۆوە نەبوو، هەردووکمان ئایندەزان بووین، ئایندەی یەکترمان خۆێندبۆوە، دەبێت خوێندبێتمانەوە دەنا بۆچی لە هیچ و خۆڕا چاومان بە یەکتر هەڵنەدەهات، دوژمنایەتی یەکترمان دەکرد، زۆر جار دەهاتە سەر ئەوەی پەلاماری یەکتر بدەین، وەك بڵێی زانیبێتم خۆشەویستی حەفت پایزەی ئەو دەبێتە ژنی من، ئەو کچەی لە بن درەختی گوڵاوی دەستەکانیم گوشی و لە شەوێکی بەفراوی لە نهۆمی سەرەوەی مێوانخانەیەك یەکەم ماچم لە لێوەکانی تۆمار کرد، ماچێك تا دنیا دنیایە تامی لە لێوم دەمێنێ و نەمرە، پێشتر لە بن ئەو دار پرتەقاڵە ماچی یەکەمی لە لێوی ئەو یادگارە تۆمار کردووە، ئای ماچی یەکەم! بە چی لە بیردەچیەوە! نا وەك من لە ماچی یەکەم تێگەیشتبم هەرگیز لە بیرناچێتەوە، ماچی یەکەم بۆ من پەریە، بەڵام بۆ پەری یادگارە، ئای لەو یادگارە! لە هیچ شتێك خۆزگەی پێناخوازم لەوە نەبێت، خۆزگەم بە یادگار کە ماچی یەکەمی پەریی برد و بەر من نەکەوت..هێی ئەو یادگارە تاڵە باخەوانی سینەو مەمی پەری بووە،هەنارە فەریکەکانی پەری لە ناو دەستی یادگار گەیون و گەورە بوون، خۆزگەم بەو حەفت پایزە مەمکاویە، ئەو حەفت پایزە حەفت پایزی ناسك لە تەمەن، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئای ماچی یەکەم! من هەرگیز ماچی یەکەمم لە بیرناچێتەوە، دڵنیام پەریش هەروا، یادگاریش هەروا، خۆزی دەخوازم ماچی یەکەمی پەری لە یادگار نەبێت، هەر کێ بێت تەنها یادگاری هەمیشە تاڵ نەبێت، ماچی یەکەمی یادگاریش لە پەری نەبێت، بەڵام داری خۆزگە کەی بەری داوە، بۆ کێ بەری گرتووە تا بۆ من بگرێ، ئەو دارپرتەقاڵە دڵنیام بۆ هەردووکیان ماچی یەکەم بووە، بە نەفرەت بێت ئەو دارپرتەقاڵە، بە نەفرەت بێت ئەو ژوورە نیگاریە، ئەو حەوشەو بانە هەمووی بە نەفرەت بێت، تۆش پەری، نا، نابێت تۆ بە نەفرەت بیت تۆ هەمیشە دڵی منی، من ئەگەر عەشقی تۆ نەبا بەرگەم نەدەگرت، پێدەچێت زۆر مەست بم بۆیە وا قسە ناگێڕمەوە، وشە ناگێڕمەوە، هەرچی دێتە سەر زمانم بە پەنجەکانم دەینووسم، نەدەبوو ئەو رستانە بنووسم، بەڵام تازە نووسیم و ڕەشنابنەوە، نابێت ڕەشبنەوە، سوێندم بە عەشق خواردووە هەر بە

سەرخۆشی رۆژانەی خۆم بنووسمەوە، هەرچیشم نووسی رەشینەکەمەوە، ئای پەری! لە هەموو پەریان پەریتر، پەری جوانترین،گولێترین، ژنترین، کچترین، شیرینترین، ژنی دنیایێ، بە من بڵێ تۆ عەشقی چی ئەو یادگارە تاڵە بوویت! ئەو یادگارەی لە سیمایدا هەوەسبازیم دەخوێندەوە نەك عەشق، پەری دوای ئەو هەموو ساڵە چیە ئەو هەموو دەردەسەریە سەردەکەن و دێنە سەرمەوە و دەمکرۆژن! پەری وەرە فریام بکەوە، نا لێمگەڕێ، با بە دەردی خۆم بتلێمەوە، ئەو یادگارە تاڵە منی کوشت پەری، چی دەبوو تۆ نەك حەفت پایز حەفدە پایزیش عەشقی کوڕێکییدی بای تەنها یادگار نەبا، تۆ نازانیت من چەند بە دەستی ئەو یادگارەوە ئازاری گیانیم کێشاوە، پەری تۆ هەڵەت کرد، دەبوو زوو هەر لە بن درەختی گوڵاوی بتگوتبا: من دولبەری حەفت پایزەی یادگارم ئەو یادگارەی چوار ساڵ لە زانکۆی بەغدا بوو، هەموو پێنجشەمووان لەبەر خاتری من دەهاتەوە، ژوانی ئێمە حەفت پایزی ڕێك حەفتەی جارێك، هەموو شتێکیشی لەگەڵم کردووە، دەبوو بڵێی من بەرماوەی یادگارم، ئای! چیم گوت، خۆ کچ خواردن نیە تا ببێتە بەرماوە! پەری هەستدەکەم لێوەکانت بە دەمی یادگار پیس بوونە، گۆی مەمکەکانت، سێگۆشەی خاڵان، هەموو لەشت یادگار پیسی کردوون.... پەری ئەگەر واتگوتبا، من دەمگوت: باش بوو ئەو نهێنیەت درکاند، ببووڕە چیدی ناتوانم بتبینم... نا، ببووڕە، پەری ببووڕە، باش بوو وات نەگوت دەنا لە دەستمدەچووی، جوانترین و میهرەبانترین ژنم لە دەستدەچوو، نا، ئەگەر بشمزانیایە من هەر خۆشمدەویستی، هەر دەمخواستیت، ببووڕە پەری ژنە هەمیشە جوانەکەم هەمیشە لە دڵەکەم، هەمیشە عاشقەکەم، نە یادگاری تاڵ و نە کەسیدی تۆ لە من ناکات، باش بوو وات نەگوت، دەنا دوور نەبوو بۆ من نەبیت، من هەمیشە قەرداری تۆم، ئەو چێژەی من لە تۆم بینیوە، کەس لە کەسی نەبینیوە، یادگار نالێیم!!..

ئای پەری لە ڕۆژی دوا ڕۆژی ساڵ من چیم بە چاوی خۆم دیت، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە گیانی منی هاڕی، وێران بووم، ئێستا لە کەلاوەیەك پتر چیتر نیم، تێکیشکاندم، ئەو ڕۆژە چیم دیت، چیم بیست، پەری من لە دەستچووم، پەری من گوناهم کرد کەوتمە داوی عەشقەوە داوی تۆوە! پەری، تۆ ئەو هەموو سەرهاتەت لە کوێ بوو، تەمەن چیە هێندە سەرهاتە سەیرە بگرێت! خۆزگە ئەو سپێدەیە لە ماڵ دەرنەدەچووم، خۆزگە لە باوەشی تۆ دەمامەوە، خۆزگە لە ئێستادا دەمامەوەو نەدەکەوتمە دوای ڕابردوو، خۆزگە ئێستا بە داوێکیش بە ڕابردووەوە نەدەبەسترا، ئەو ڕابردووە چ ڕابردوویەکی ئێستاییە، ئایندەییە، ئەو ڕابردووە ترسناکە، تارماییەکی ترسناکە ڕاومدەنێ.. یادگاری تاڵ تۆ بۆم هەر تاڵاو بوویت، یادگار کاتێ کۆلیژم تەواوکرد من جیا لە هەمووان ئاهەنگی لە تۆ دوورکەوتنەوەم گێڕا، تۆش ڕەنگە ئاهەنگێکی وات گێڕابێت، ئا، ئەو ڕۆژەی دوا ڕۆژی کۆلیژ بوو، من ئاهەنگم گێڕا و سەد جار گوتم: ئۆخەیش، خۆ چیدی ئەو چڕو چاوە نابینم، چیدی نەکەس مۆڕەم لێدەکات و نە مۆڕە لە کەس، ئۆخەیش، یادگار وەك یادگاریەکی تاڵ بە جێدێڵم و چیدی تووشی نامەوە، چ بزانم، دوای ئەو هەموو ساڵە تاڵتر سەد هێندەی ئەودەمانێ تاڵتر دێتە ناو ژیانمەوە، ئەو پیاوە تاڵیی ژیانی منە، ئەو تاڵییەی لە ژیانی منذا هەیە چ ئێستاو چ پێشتر ئەو یادگارەیە، ئەو یادگارەی ژووری نووستنمی پڕ لە وێنەی خۆی و پەری کردووە، وێنەی ڕووت، ئەو یادگارەی تارماییەکی ترسناکە و بینابیمی گرتووە، ئەو یادگارەی یەکەم ماچی داگیرکرد، ئەو ماچەی دەبوو بۆ من بێت بۆ ئەو بوو، ماچی پەری..

ئەو ئێوارەیە چ ئێوارەیەکی تاڵ بوو، ئێوارەی یانە، خۆزگە ئەو ئێوارەیە لە جادە ماشێنێك لێی دەدام ڕانێکم ورد دەبوو و لە جیاتی یانە دەچوومە خەستەخانە، چی دەبوو ئەگەر چەند مێزێك دوور لە ئەوان لە بەرزۆ و یادگار دادەنیشتم گوێم لە هیچ نەدەبوو، وەك خەڵکەکەیدی شەڕێکم دەدی و تەواو، چی دەبوو ئەگەر ئەو بەرزۆیە

کەمێك هێواشتر قسەیدەکرد و من گوێم لە وشەی پەری و خاڵ لەگەردن نەدەبوو، چ ئێوارەیەکی تاڵ بوو تاڵتر لە یادگاری تاڵ، ئای ماچ تۆ ئەو برادەرەت لە کوێ پەیدا کرد، ئەگەر ئەو نەبا، دوور نەبوو نە بەرزۆ ببینمەوە نە یادگار و نە ئەویش، ئەو منی تێکشکاندووە ئەو، ئەو رۆژەی دوا رۆژی ساڵ بوو ئەوەی من بیستم و دیتم کەس نەیبینێ و نەیبیستێ و بە سەر کەس نەیە، من نەبم کێ بەرگە دەگرێ، بەرگەی یادگار، بەرگەی ئەو، خۆزگە پەری پەیوەندی لەگەڵ حەفت کەس دەبوو بەس یادگار نا، خۆزگە حەفت بەرزۆ دەستدرێژیان دەکردە سەر پەری، بەس ئەویان لە گەڵ نەبا..

دوای چوونە بەندیخانە دوای دیتنی یادگاری تاڵ، لەگەڵ دڵوار رۆیشتین، لە چایخانەی قەرداران سەرو چایەمان خواردەوە، گوتی:

+ پاش کەمێکیتر دوو پیاو ئەها لەو بەرانبەرە روو لە ئێمە رادەوەستن، یەکیان لە تەمەنی تۆیە شتێك گچکەتر، ئەویان ئارامە..

- خۆ ئەو نازانێت ئێمە بۆ دیتنی ئەوان لێرەین..

+ نا، نا ئەو هیچ نازانێت..

- بەڵام من حەزناکەم ئەو کوڕەی لەگەڵ ئەویشە من ببینێت..

+ باشە، خۆت بدە ئەو پەنایە

دەبێت ئەو ئارامە کێ بێت، من دنیایەك ئارام دەناسم و ناسیارن، نا بڕواناکەم هیچ ئارامێك لەو ئارامانەی من دەیانناسم شتی وایان کردبێت، نا، دڵنیام ئەوەشیان کەسێکی نەناسراوە لای من، وەك بەرزۆ نەناسراو، مرۆڤی نەناسراو هەر شتێکت بەرانبەر بکات، ناگاتە ئەوەی ناسیارێك شتت لێبکات، من وا چاوەڕێی بە دیار کەوتنی پیاوێك دەکەم وەختی خۆی لەگەڵ بەرزۆ پەریان رفاندووە و بە زۆر لاقەیان کردووە..

+ ئەها، ئەوە هاتن

- کوا؟

+ ئەوەتا لە بەرانبەرمان راوەستاون، ئەوەی کڵاوەکەی لە سەرە

- تۆ گاڵتە بە من دەکەیت!

+ نا، بۆچی گاڵتەت پێدەکەم

- بڕوات پێناکەم، بابت دەیەوێت من..

+ من تێتناگەم، بۆچی باوەڕناکەیت!....

چۆن باوەڕبکەم، ئەو ئارامە دەزانن کام ئارامە! کوڕی زڕدایکمە، کوڕی بابمە، هەتا پەریشم گواستەوە برای من بوو، ڕێی تێدەچێت، ئەو برایە ئەو کارەی کردبێت! ئارام لەو کوڕانە نەبوو، کچی خەڵکی برفێنێ و لاقەی بکات،نا، ڕەنگە هەڵەیەك هەبێت، ڕەنگە بەرزۆ بیەوێت، باری من قورستر بکات، وێرانترم بکات، بە پیشاندانی ئارام خۆی تێدا بزربکات..

نازانم چۆن و بە کام ڕێگادا گەیشتمەوە ماڵ، بەڵام دەبێت زۆر جێگەم کردبێت، لە زۆر جێگە دانیشتبم و مابمەوە، یان هەر تێسووڕابم و هەموو شارم کردبێت ئەوجا گەڕابمەوە ماڵ، بەڵام لەو نێوانە، لە چایخانەوە تا ماڵ، هەر خەریکی هەڵدانەوەی ئارام بووم، هەڵسوکەوتی ئارام، قسەکانی ئارام، تێڕوانینی ئارام، ئارامی پێش گواستنەوەی پەری، ئارامی دوای گواستنەوەی پەری، ئارامی ئەو چەند ساڵەی دوایی کە ڕۆیشتە هەندەران و

ماوەیەکی زۆر بێ هەواڵ مایەوە، دواتریش خۆی لە من نەدەگەیاند و وەك ئەوەی لێمهەڵبێت، منیش کە دیتم لالووتە رووم نەدەدایێ، من رۆژی زەماوەندەکەم لەبیرە، ئەو دەمەی یەکەم جاری بوو پەری ببینێت، من بە چ بزانم پێشتر پەریی دیوە! دیتم چاوی لە پەری بڕیبوو، بە واقوڕماوی تەماشایدەکرد، لام سەیر بوو ئەوها لێی دەڕوانێت، من بە هەندم هەڵنەگرت، گوتم وەك هەر کەسێکیدی جوانی پەری سەرنجی راکێشاوە و تەماشای دەکات، بەڵام ئەو تەماشاکردنە زۆری نەبرد، سەری داخست هەر ئەو سەرداخستنە بوو، لە دوای تەوابوونی زەماوەندەکەش ئیدی نەهاتەوە..هەر لە زەماوەندەکە پەری بە چرپە گوتی:

- براکەت لە جیاتی تۆش تەماشام دەکات، سیمای غەریب نیە..

+ کێ هەیە بتوانێت تەماشای جوانیی تۆ نەکات..

دڵوار:

من دڵوارم شەرم دەکەم کوڕی بەرزۆم، من بە هەڵە کوڕی ئەو پیاوەم، من رووم نیە ماچ ببینم، چاوم بەرانبەر دایکی ماچ هەڵنایە، نازانم چی بە بابی ماچ بڵێم، خۆزی دەمتوانی واز لە ماچ بێنم، ماچ، ماچ گرتوومی و بەرمنادا، دەنا هەتا پێم تێدابوو هەڵدەهاتم، لەو شارە و لە دنیا هەڵدەهاتم، ئیدی ماچ لێرەی هێشتمەوە، بە تەنیشت چیرۆکی یەکەم ماچەوە هێشتمیەوە، ماچ منی خستە تۆڕی هەوالگریەوە، ئا من کاری هەوالگریم کرد، ئەوەی من کردم لە دەستی هەوالگریی هیچ دەوڵەتێك نایە، نە ئەمریکا نە ئیسرایل و روسیا، من بۆ نووسینەوەی چیرۆکی ماچی یەکەم کە ماچ بە نیازە بینووسێتەوە کەوتمە ئەو تۆڕەوە، خۆشم نازانم لەو ماوە کورتە چۆن دەستم گەیشتە ئەو پیاوانە و چۆن بوونە ئاشنام و بوومە جێی متمانەیان، ماچ نەبا من نهێنیی عەرەقم نەدەزانی، ماچیش لە بابی ماچەوە ئەو نهێنیەی دیتبۆوە، پیاوە مەستەکانی ئەو شارە رەنگە لە پیاوی هیچ جێگەیەك نەچن، مەستەکانی ئێرە دەڵێی بەلووعەی ئاون هەر هێندە کرانەوە دەڕژێ دەڕژێ نهێنی دەڕژێ، ئەگەر عەرەق نەبا نەخشەسازی گەرماو کە بە دارشەقیش ناتوانێت بڕوات، ئەوها بۆ چیرۆکی یەکەم ماچ دەهاتە قسە! عەرەق نەبا ئەو پیاوەی شووشەی عەرەقی لە سەری بابم شکاند و ماوەیەك لە زیندان مایەوە و سوێندیشی خواردبوو لە بارەی ماچی یەکەمەوە یەك وشە نەلێت، ئەوها حەفت پایزی خۆی بە گۆڕێ وەردەکرد! عەرەق نەبا پیاوە مەستەکە ئەوەی هەمیشە مەستە، ئەوەی بە تەمەنترین و مەست و مەستترین پیاوە ئەو هەموو نهێنیەی لە دەم دەردەچوو! عەرەق هەندێك قسەی بە کوڕی نەفتفرۆشیش کرد، عەرەق نەبا کۆمپیوتەرەکەی بابی ماچ ئەو هەموو نهێنیەی بۆ چیرۆکی ماچی یەکەم دەپاراست! عەرەق عەرەق کێ ناهێنێتە قسە! دڵی کێ بە گۆڕێ وەرناکات، پیاوە مەستەکە دەڵێ: ((حکومەتی ئەو کات و ئێستاش گەمژەن، لە جیاتی قامچی و کارەبا ئەگەر لەگەڵ بەندیان عەرەق بەکاربێنن، هەموو شت دەڵێن)) حەیف ئەتککار لە تەقینەوە گەورەکەی سەر لەسبەینێی جەژنەکەی ئەو ساڵە سەری پەڕی دەنا عەرەق بە قسەی دەهێنا و دوورنەبوو لە سەرێکەوە لە چیرۆکی ماچی یەکەم بکاتەوە، پاکانەنووسیش هەر بەو تەقینەوەیە چوو، دەنا ئەویش لە رێی عەرەقەوە ماچی یەکەمی تیشکاویتر دەکرد..

پەری

بابی ماچ گوتی:

+ وا چاکە بە دوای پیاوی سێیەمی شەوی گەشتەکەدا نەگەڕێین، وا چاکە لە ناوەکەشی نەپرسین، دەترسم کەسێکی زۆر نزیك دەرچێت، بۆ تۆ لە بەرزۆ نزیکتر، بۆ من لە ئارام نزیکتر، دوایی مادام چەند ساڵە کەس نەیدیتووە، کەس نازانێت چی بە سەرهاتووە، دوایش هەر شوفێریەکەی کردووە، باشترە سۆراخی نەکەین..

منیش رەنگە لەبەر دڵی وی بووبێت، گوتم:

- باشە، با بە دڵی تۆ بێت..

من سات دوای سات بۆ بابی ماچ عەشقاویتر دەبووم و لەگەڵ ئەوەش تامەزرۆی دیدەنیی کوڕی پیاوە مەستەکە بووم، لەو رۆژەوەی زانیم ئەوەی لە یانەکە بەرزۆی لە خوێن وەرداو کەوتە زیندانەوە ئەو بوو، پتر دڵم بۆ دیدارێکی لێبڕاوی لێبڕاوی لێبڕاو

ئەدی کوڕە لوقمفرۆشەکە، ئەو کوڕەی تا ئێستاش هەر لوقمفرۆشە و تا ئێستاش هەر شەرمنترین کوڕە و ژنیشی نەهێناوە، رۆژ نیە بە بەر دەرگادا رانەبووڕێ، قەتیش سەر بڵند ناکات، نەمدیتووە تەماشاشم بکات، جارێك خوشکەکەی یەخەی گرتم:

+ تۆ ژیانی براکەمت وێرانکرد

- بەڵام من هەرگیز هیچم لەگەڵ ئەو نەبووە

+ دەزانم، بەڵام ئەو لە مێژە سوێندی خواردووە یان پەری یان کەس

- گوناهم هەیە؟

+ بەڵێ، خاڵەکەت، پێکەنینەکەت، ئەوانە بێئەوەی بە خۆت بزانیت، گوناهت بۆ تۆماردەکەن..

چەند جارێك کوڕە چەقۆکێشەکەشم لە کۆڵانێ دیت، ئەوی بەر تەقینەوە گەورەکەی نزیك باخی گلکەند کەوت، دەیانگوت تەرمەکەی بە چەقۆکەی ناسرایەوە، جارێك لە پەنجەرەی دنیاوە گۆتمە بابی ماچ:

+ ئەها، تەماشای کۆڵان بکە، ببینە، ئەو چەقۆکێشەش سەردەمانێك بە تەمام بوو

- رەنگە هەر ئەوەش بووبێت کە چەقۆکەی لە من دا

لەو دەمە بابی ماچ خاڵەکەی ماچ کردو گوتی: وەرە هەر بۆ خۆشی گوێ لەو کۆپلەیەی سێوە بگرە:

وە من بوارەکم ئەوە گەیوەتێ

گەلی برادەرینە سەرێ من دەیێشی

دڵێ منی غەریبە ماڵی دەترسی

.....

ئەی داد..

بەرێ سەد حەیف و مخابن دەمکوژیتن

ئەوێ کۆنە دنیایێ

هەر ناکەسبەچەیە ئەو عەیامەی هەڵدەستی

بە بەر دەرکێ مەحبووبە گچکەلانەکەی من رادەبری

ئەویش لە کۆنە گراویەکەی من دەپرسی..

چیرۆکنووسەکەش ئەوەی ئێستا لە هەر دەروازەیەك لە حەفت دەروازە سەرەکیەکەی شار خانووێکی هەیە ودەڵێن گوتوویەتی: ((ئیسلام ئەگەر رێگەی حەفت ژنی بدایە رۆژی حەفت نوێژم دەکرد و سااڵی حەفت حەفتە بە رۆژوو دەبووم و حەفت جاریش دەچوومە حەجێ)) پێش ماوەیەك لە چیرۆکنووسەکەوە، نازانم لە کێ ژمارەکەمی زانیبوو، نامەیەکی مۆباییلیم پێگەیشت: ((پەری، ئێستاش بە تەماتم، ئەگەر بەڵێنی شووکردنم بدەیتێ هەر ئێستا سێ بەردە دەخەمە دەستی هەر سێ ژنەکەم..)) بۆیم نووسیەوە: میێردێکم هەیە پێاڵوەکەی سەری هەموو ئەو پیاوانە دێنێ کە سێ ژنیان هەیە..

دکتۆرەکەش ناوە ناوە بە کۆڵانێدا رادەبرێ، چاو دەبڕێتە پەنجەرەی دنیا، لەو سااڵنە ئێوارەیەك لە جادەی دکتۆران بە قسە دیتم، بە پێکەنین و گاڵتەوە گوتی: ((ئەگەر ئەو جارەش وەك نەخۆشێك بکەویەوە بەردەستم هەمان رستەی پێشوو دەنووسمەوە)) بەڵام وەهام وەڵام نەدایەوە کە جارێکیتر لە بەر خۆشیەوە زاتی گوتنەوەی قسەی وا بکات..

جگە لە کوڕی پیاوە مەستەکە کێ ما سۆراخم نەکات، کۆڵان کۆڵان بە دوامدا نەگەڕێ، ئەوەتا مەلاحەفتاو پێنج سالێیەکە کە بە دوو گۆپاڵەوە لە رۆخی گۆڕ کوور بۆتەوە، چاویلکەیەکی لە چاوە ماشێن و درەخت لێکدی جیا نەکاتەوە بەڵام دەڵێن گوتوویەتی: ئێستاش خاڵەکەی گەردنی پەری لە دووری حەفتاو پێنج ماڵەوە دەبینم..

جگە لە کوڕی پیاوە مەستەکە کێ لە بیری کردووم، پێشمەرگە قەندیلیەکە ئەوەی ویستبووی بۆ ئاپۆ ئاگر لە خۆی بەردا، دوای دیتنی من، نازانم لە کوێ منی دیتبوو، دەڵێن، دەڵێت: ئەگەر ئەوجارە ویستم ئاگر لە خۆم بەردەم، لە داخی خاڵی گەردنی دایکی ماچە..

بیستمەوە، ئێستاش ئەو وێنەیەی کاتی خۆی بە جلکی پێشمەرگایەتیەوە لە بناری سەفینێ گرتم و جەمەدانیم پێچاوە و هەر کونی چاوم دیارە، ئەو وێنەیە بە گەورەکراوی لە ژوورە تایبەتیەکەی نەخشەسازی گەرماو هەڵواسراوە..ئەو کوڕەی پێشان مالێیان لەو کۆڵانە بوو، دەرگەیان بە دەرگای پیاوە مەستەکەوە بوو، باشە ئێستا لێرە نەماون، دراوسێکانی مالێ پیاوە مەستەکە یەك دوانێکیان نەبێت کەسیان لەو دەورو بەرە نەماون، ئەو کوڕە وەختی خۆی پێش ماچی یەکەمیش، لە دووم نەدەبۆوە، تا ئێستا چوار ژنی تەلاقداوە، دەڵێن هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوڕە لە خەوێ هەر(پەری، پەری)یەتی ئیدی دەبێتە ئاژاوە و بە دەستلێکبەردان کۆتایی..

جگە لە کوڕی پیاوە مەستەکە هەموو ئەو کوڕ و پیاوانەی منیان خۆشویستووە، خۆشەویستیەکەیان ماوە، پێیانەوە دیارە، خوایە گیان منت بۆچی وا بە بەدبەختی هێنا دنیاوە، ئەو هەموو خەڵکە بۆچی بە تەمای من بوون، ئێستاش وازم لێناهێنن، من گوناهم چیە ئەوەی جارێك دیتوومی حەزی لێمکردووە، بابی ماچ جارێك لە کاتی سەرجێیی و زۆر بە ناسکی گوتی: وا بزانم جگە لە کوڕی نەفتفرۆش هەرچی کوڕی ئەو شارەیە بە دوای خاڵەکەتەوە بوونە..

بابی ماچ، لە باوەشی منەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر و لەوێشەوە بۆ باوەشی من، بێدەنگ بێدەنگ، هەرچی لێدەپرسی وەڵامێکی ئەوتۆت ناداتەوە، جارو باریش بە تووڕەیی ئاوڕێك لە دارپرتەقاڵەکە دەداتەوە، بە تووڕەیی تیچاوێکی دەداتێ.. سپێدەیەك خەونێك بە ئاگای هێنام، لەو خەونە بابی ماچ چووبووە سەر درەختێکی زۆر بەرز لە داربیەکەش بەرزتر، من لە خوارەوە بووم، دەترسام بکەوێت، بانگم دەکرد کە بێتە خوارەوە نەدەهات، لە بانگکردنی خۆم بە ئاگاهاتم، ویستم باوەش بە بابی ماچدا بکەم، لە سەر جێ نەمابوو، ترسام، بانگیم کرد، وەڵام نەبوو، غارمدا حەوشە، دەبینم دووەوێکی لە دەستەو خەریکی هەڵکەندنی بن دار پرتەقاڵەکەیە، گوتم:

+ تۆ بەو سبەینێیە خەریکی چیت؟ بۆچی ئێرە هەڵدەکەنیت؟

- ئەو دار پرتەقاڵە بە هەڵە لێرە رواوە

+ ئەو لە شوێنی خۆی رواوە، ئێمە بە هەڵە هاتووینەتە ئێرە..

- نەخێر نەدەبوو لێرە بڕوێت

سەری هەڵبڕی و بزەیەکی بۆ کردم، بزەیەك ئەگەر بیکەیتەوە وشە دەبووە (تۆ تێنەگەیشتی چیم گوت)، هەڵیکەند دەوری دارپرتەقاڵەکەی نزیکەی چۆکێك هەڵکەند و خۆڵەکەشی بە دەوریدا خڕکردەوە، پرتەقاڵەکە کەوتە چاڵێکی چکۆلەوە، گوتی:

+ ئەوەی من دەیکەم حەزناکەم بە بەرچاوی تۆوە بێت، بۆیە تکات لێدەکەم بڕۆ ژوورەوە

- بۆ دەتەوێت چی بکەیت؟

+ تۆ بڕۆ دەیبینی

چ تێنەگەیشتم، چوومە ژوورەوەو لە پەنجەرەوە تەماشایم کرد، دیتم جلیکانەیەك نەفتی هێنا، من ترسام هێندەی نەما بوو بقیژێنم، خۆی دەسووتێنێت؟ خۆم گرت، دیتم ویستی نەفتەکە رووبکاتە بن دارپرتەقاڵەکە، یەك دوو جار جلیکانەکەی هەندێك خواردەکردەوە نازانم چی پەژیوانی دەکردەوە و نەفتەکەی نەدەڕژاندە قۆرتەکەوە، من هەر وا تەماشای دەکەم، رەنگە چارەگە دەمژمێرێك دەستی بە جلیکانەی نەفتەوە بووبێت، لە نێوان رژان و نەڕژان تێدا مابوو، چوومە لای و گوتم:

+ بیدە من با رووبیکەمە بنی

- نا، پێویست ناکات، با بژیت، با زیندوو بمێنێتەوە..

دوای پەشیمانبوونەوە لە وشککردنی دارپرتەقاڵەکە بابی ماچ لە رۆژان ئاساییتر دەهاتە بەر چاو، لە باوەشمی گرت، بەو سبەینێیە سەرجێییەکمان کرد لە بیرناچێتەوە، هەر من و ئەو بووین و بەس نە تارمایی کوڕی پیاوە مەستەکە دیارکەوت، نە سەری خەیاڵی من گەیشتە ئەو، خۆزگە هەموو رۆژێك دووبارە دەبۆوە، ئەو سەرجێییە لە سەرجێیی یەکەم لە هی چلەمین شەو لەوەی ماچ کەوتە زگم دەچوو، ئەو سەرجێییە چ سەرجێییەك بوو!دڵم گوتی سەفین دەکەوێتە زگم، ئەو سەفینەی سااڵنێکە من و بابی ماچ و ماچ چاوەڕێی هاتنی دەکەین.. ئەو رۆژە پێش نیوەڕۆکەی بە ئیشێکی ماچ، بابی ماچ و ماچ چوونە دەرەوە، دوای رۆیشتنی ئەوان بە چەند خولەکێك زەنگی تەلەفۆنەکەی ماڵەوە لێیدا:

+ ئەلۆ

- بێ زەحمەت ماڵی پەریە؟

+ بەڵێ، ئێوە کێن؟

- دەزانم بە تەنیا لە ماڵی بۆیە، دەڵێم، لە بن دەرگای حەوشەتان کاغەزێك هەیە، تا زووە هەڵیگرە، با دەست کەسیتر نەکەوێت..

+ بە من بڵێ تۆ کێیت؟

- ئێستا دەزانیت

دایخست، دەنگیم نەناسی، بە شێوەیەك قسەی دەکرد وەك بڵێی دەنگی خۆی گۆڕیبێت،ژمارەکەیشم نەزانی، دەرنەچوو..بە پارێزەوە رووەو دەرگای حەوشە چووم، وا بوو کاخەزێك لە بن دەرگا بوو، خێرا دەرگام کردەوە، کەس لە کۆڵان نەبوو، لە سەری کۆڵان لە سووڕانەوەدا پیاوێکی سەر سپیم دیت، نیوە ئاوڕێکی دایەوە، هەر لە سەر دەرگا هەڵمپچڕی، نە لە لای سەرەوە نە خوارەوە ناوی کەسی بە سەرەوە نەبوو:

((لەوێ رۆژێوە کە هەر من دەزانم چ رۆژێکە و چەند پایزە خەریکی نووسینی نامەیەکم بۆت، نووسیم، بەاڵم پەشیمانبوومەوە لە ناردنی، ئێستا هەر ئەو چەند دێرەت بۆ دەنووسم و تەواو، من زۆر لەو پیاوە تاوانبارترم کە رەوانەی خەستەخانەم کرد، ئێستا لە خۆم تێگەیشتم کە من لە ئاست تۆ چەند گچکە و بوودەلەم، تۆ بە هەڵە حەفت پایز منت خۆشویست، تۆ شایانی پیاوێکی گەورە بوویت نەك من، دڵپیسترین پیاوی دنیام، تۆ پیاوە گەورەکەت دیتەوە، من تیا چووم، من ناچار بووم ئەو چەند دێرەت بۆ بنووسم، ماچی یەکەم بە زۆر پێی نووسیم، بمبوورە ئەگەر دەتوانیت بمبوورە.))

رەنگە سەد جار پتر خوێندبێتمەوە نامەکەی کوڕی پیاوە مەستەکەم خوێندبێتەوە ئەو نامەی نە ناوی منی تێکردبوو نە هی خۆی، هەو بوو ئەوە دەنگی کوڕی پیاوە مەستەکە بوو، بەڵام گۆڕابوو، رەنگە نەشگۆڕابێت، بەڵام یەکەم جارە لە تەلەفۆنەوە گوێم لە دەنگی ئەو بێت، هەو بوو ئەو پیاوە رەقەلە سەرسپیەی لە سەری کۆڵان سووڕایەوەو ئاوڕی لێمدایەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە بوو، حەیف ئەو قژە رەشە قەترانیەی چی لێهاتووە، ئای کوڕی پیاوە مەستەکە خۆزگە هەر نەمناسیبای، کە ناسیم بە دڵی خۆم بای، ئای کوڕی پیاوە مەستەکە دوای ئەو هەموو ساڵە بەو چەند دێرە، بەو دەنگە گۆڕاوە، بەو قژە سپیەت، بە ئاوڕدانەوەکەت، چیت لە من کرد! کوڕی پیاوە مەستەکە کوڕی ماچی یەکەم..لەو دەمە گۆرانیی تەیرەکەی گەرمێنم بیرکەوتەوەو گوتمەوە:

هاتەوە هاتەوە

تەیرەکەی گەرمێنێ

بەو تەیرەم دەڵێن رەژدالە

بال، تیژ باڵی لێداو

لە شوێن یاری ئەودالّە

هەزار سات هەزار خۆزگەم بەو کەسەی

لەگەڵ ناسکۆل هاوماڵە...

نەدەبوو تەلەفۆن و نامە و لە دوورەوە دیتنی کوڕی پیاوە مەستەکە لە بابی ماچ بشارمەوە، ئەوەی تا ئێرە بە سەرم هاتووە زۆری بە هۆی شاردنەوەی شتەکان بووە، ئیدی هیچ لە بابی ماچ ناشارمەوە.. ماچ و بابی ماچ هاتنەوە، یەکسەر چووە سەر کۆمپیتەرەکەی گوتم:

+ کۆمپیوتەرەکەت داخە، کەمێك ئیشم پێتە

- باشە، بەڵام زوو، چونکێ هەندێك شت لە مێشکمە دەبێت بیاننووسمەوە..

چیم بیست و دیتم بۆیم گێڕایەوە و نامەکەیشم دایە دەستی، وەرینەگرت، سیمای تێکچوو، دەستم خستە سەر شانی:

+ بەڵام نابێت تووڕە بیت، با بۆت بخوێنمەوە

- من لە تۆ تووڕە نابم، جگە لە خۆم لە کەس تووڕەنیم

دەستم بە خوێندنەوەی نامەکەی کوڕی پیاوە مەستەکە کرد

- مەیخوێنەوە، نامەوێت گوێم لێی بێت..

نازانم هەموویم بۆی خوێندەوە یان نا..

ئەو سێ رۆژەی دوایی بابی ماچ لە باریّك بوو، ناتوانم نیشانی بدەمەوە، نەدەچووە سەر کۆمپیتەرەکەی، گوێی لە شمشاڵ و گۆرانیش رانەدەگرت، جار جارە دەچووە بن ئەو دارپرتەقاڵ و دار هەنارەی کە کاتی خۆی بە دەستی خۆی چاندبوونی، ناوە ناوە تێر تێمڕادەما، لە پڕ سەری دادەخست و رووی لێموەردەگێڕا، دەگەڕایەوەو ماچێکی قوولّی دەکردم و پشتی تێمدەکرد، دەچووە لای ماچ و ماچی دەکرد، ئەو سێ شەوەی دوایی چ خەوی نەبوو، هەر جارێك بە ئاگادەهاتم بە ئاگا بوو، بەڵام وا خۆی نیشاندەدا کە

خەوتووە، منیش ئەو سێ رۆژەی دوایی ئەو سێ شەوەی دوایی، لە باریٚکی وەها نەبووم، ئاگام لەو بێت و یارمەتی بدەم، ماچیش پێدەچوو تاقیکردنەوەیان هەبووبێت، سەرقاڵی دەورکردنەوە بوو..

دوای ئەو سێ رۆژە، سەری چوارەی چێشتانێکی درەنگ بابی ماچ چووە دەرێ ویستم لەگەڵی بڕۆم، نەیهێشت، گوتی:

+ پیاسەیەك دەکەم، دێمەوە، ئاگات لە ماچ بێت

- زوو وەرەوە..

بابی ماچ هێشتا هەر لە سەر دەرگا بوو هێواشی هێنا، ئەویش گوێی لێبوو، بەڵام رۆیشت و بە هەندی وەرنەگرت، ئای بابی ماچ ئەوە جاری یەکەمت بوو من هێواش بێنم و تۆ هێواشی نەکەیتەوە، منیش زمانم بەستراو هیچم نەگوت، بابی ماچ رۆیشت، تا لە سەری کۆڵان سووڕایەوە چەند ئاوڕێکی دایەوە، لە ناو پرووشەی بەفرێ ئاوڕی دایەوە، من لە سەر دەرگای حەوشە وشکبووم، نازانم بۆچی حەزم بە گوتنەوەی ئەو گۆرانیە کرد:

سەفەر مەکە

دڵم دەڵێ ناتبینمەوە..

پێش نیوەڕۆ تەلەفۆنم بۆی کرد، کەچی لە ژوورەکەی خۆی مۆبایلەکەی زەنگی لێدا، نەیبردبوو، بووە نیوەڕۆ هەر نەهاتەوە، عەسرانێکی درەنگە بابی ماچ نەگەڕایەوە، زەنگی تەلەفۆنەکەی مالێ هات:

+ ئەلۆ

- پەری، لە بن کۆمپیتەرەکە دووکاغەز هەیە بۆ تۆ و بۆ ماچ

+ تۆ لە کوێیت، کەنگی دێیتەوە؟

- پیاسەیەك دەکەم

+ تۆ..

دایخست، یەکسەر غارمدایە کۆمپیوتەرەکە، دۆڵابەکەی دانەخستبوو، کاخەزەکە لەوێ بوو:

((پەری شیرنترین ژنی دنیا، ئەوەی منی بە ژیان بەستۆتەوە عەشقی تۆیە، من لە عەشقی تۆ چاو هەڵدێنم و دایدەخەم، لە عەشقی تۆ هەناسە وەردەگرم و دەیدەمەوە، عەشقی تۆ ئای لە عەشقی تۆ، ئەو عەشقەی رۆژ دوای رۆژ دەورم دەداو دەمتوێنێتەوە، چ دەبوو عەشقی تۆش بۆ من ئەوها با، دەزانم خۆشت دەوێت زۆریش بەڵام ناگاتە هی من، عەشقی تۆ بۆ من ناگاتە عەشقی من بۆ تۆ، من بە دوای رێگەیەك دەگەڕێم بۆ هاوسەنگکردنی ئەو دوو عەشقە، بەڵام کام رێگا! گەیشتمە ئەوەی جگە لە رێگای دوورکەوتنەوە چ رێگایەك نیە، رەنگە ئەگەر ماوەیەك لێت دوورم، عەشقت بۆ من پتر بێت، من بۆ پیاسەیەکی درێژ رۆیشتم، نازانم چەندم پێدەچێت، بەڵام دڵنیابە دێمەوە لات، دێمەوە لای ماچی یەکەم، هیچ کەسێك نیە ماچی یەکەمی لە یادبچێت، دێمەوە پیاسەیەك دەکەم و دێمەوە بۆ باوەشی تۆ، بۆ لای ماچی یەکەم دێمەوە..))

بۆ ماچیشی وا نووسیوە: ((ماچ، جوانترین زادەی ماچ، وریای ماچی یەکەم بە، ئەگەر درەنگم پێچوو، بە زەماوەندەکەت رانەگەیشتم بمبوورە، خەمی هیچیشتان نەبێت لە ئێستاوە تا پیاسەکەم تەواو

دەکەم، خەرجیتان هەر لە سەر منە، ناوە ناوە لە رێی دەستێکی نادیارەوە بڕێك پارەتان دەگاتە دەست، بەڵام بە دوایدا مەگەڕێن نایبینەوە، ماچ دڵنیابە دێمەوە، بۆ ماچی یەکەم و ماچ دێمەوە..))

چوار وەرزی رێك بە سەر تۆرانی بابی ماچدا تێدەپەڕێت، سەفین سێ مانگانە، لەو رۆژەوەی لە سەری کۆڵان ئاودیو بوو، ئەو شوێنەی سێ رۆژ پێشتر کوڕی پیاوە مەستەکەشی ئاودیوکرد، هەردووکیشیان بە سەری سپیەوە، بابی ماچ لە دوای خۆی پرووشەی بەفری بە منداا کرد، ئەو سەری کۆڵانە لە من بۆتە کەلی ئاوابوونی پیاوە سەر سپیەکان، پیاوی گەرمیانی، پیاوی کوێستانی، لەو رۆژەوە لە رۆژی ئاوابوونی بابی ماچەوە، ناوە ناوە نیشانەیەك لە بابی ماچ بە دیاردەکەوێت و خۆی پیشانمان نادا، دەزانم بابی ماچ بە دەوری منداا بە دەوری ماچ خولی عەشق دەخوات، ئای بابی ماچ! وەرە سەفین ببینە..من لە پەنجەرەی چاوەڕوانیەوە سەفینی چاو رەش نیشانی سەفینی قژ سپی دەدەم، تۆرانی بابی ماچ منی کردە کانیی فرمێسك، کانیەك بە تەمەنێك وشکەسالێش وشك ناکات، فرمێسکەکانی من ئەوەتا خوشکترینیشی لە ژوورەکەی هێنایە خوارەوە و بە دارشەقەکەیەوە لە تەنیشتم دادەنیشێ و دەست لە ملم دەکا و دەڵێ:

فرمێسك بەسە، پەری، فرمێسك بەسە، بابی ماچ دێتەوە، تۆ ماچت هەیە، تۆ سەفینشت لە پشتە، فرمێسك بەسە..

چوارشەموانیش دەچم دەستی ژنە کەسکپۆشەکە دەگرم، ئێستاش هەر کەسکپۆشە، هەردووکمان بۆ پاڕانەوە دەچین، بۆ گەڕانەوەی بابی ماچ دەچین، ژنە کەسکپۆشەکە دەگەیەنمە سەر دەرگای سوڵتان مزەفەر و خۆشم بە فلکەی بە تەمای خوای دەگەمەوە درەختە گوڵاویەکە..

ناونیشانێك، بابی ماچ، ناونیشانێك! لەو رۆژەوەی تۆ ئاوابوویت هەموو شەوێك دێرێکم بۆت نووسیوە، ناونیشانێك بنێرە و درێژترین نامەی عەشق بخوێنەوە.. لە رۆژی ئاوابوونی بابی ماچەوە حەفتانە دارپرتەقاڵی بابی ماچ بە فرمێسك ئاودەدەم و دارپرتەقاڵی کوڕی پیاوە مەستەکەش بە نەفت،کەچی گەڵاکان گەڵای دارپرتەقاڵەکان وەرز وەرز کەسکتر دەچنەوە، خۆزگە ماچی یەکەم بۆ بابی ماچ دەبوو!